# شاری ئەوین

# شاری ئەوین

شانۆنامە

تەڵعەت سامان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

تەڵعەت سامان
شاری ئەوین – شانۆنامە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١١١
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٠١ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆکان نووری سەعید

# قەڵای دمدم

## کاراکتەرەکان

کۆرسی١- لە چوار کەس پێک دێن، دوو ئافرەت و دوو پیاو. ڕای گەل دەردەبڕن.
دەنگ١: تەنیا دەنگە. ئەندامی دەستەی باڵای دادگەیە.
دەنگ٢: تەنیا دەنگە. ئەندامی دەستەی باڵای دادگەیە.
دەنگ٣: تەنیا دەنگە. ئەندامی دەستەی باڵای دادگەیە.
خانی لەپ زێڕین- میری قەڵای دمدم.
کۆرسی٢: لە چوار کەس پێک دێن بیروڕای دوژمن دەردەبڕن.
حەمەد بەگ- لە سەرکردەکانی خانییە.
کاکە خان- لە سەرکردەکانی خانییە.
کرێکار١- دمدمییەکی ئاساییە پاشان دەبێت بە شەڕوان١.
شاعەباس- شای ئێرانە.
ئیعتماد ئەلدەولە- وەزیری شا عەباسە.
دەرگەوان: دەرگەوانی بارەگای خانی.
خاچۆ: وەستایەکی ئەرمەنییە.. بەردەوام دەخواتەوە..
نێردراو- نێردراوی پیر بۆداقخان.
حەسەن خان- سەرکردەیەکی شا عەباسە.
محەمەد پاشا: سەرکردەیەکی شا عەباسە.
مامۆستا: مەلایەکی دمدمی سادەیە.
ئافرەت: هەمان ئافرەتی ١ کۆرسی١. سێ کوڕی هەیە.
کچێک - هەمان ئافرەتی ٢ کۆرس ١.
محەمەد: لاوێکی دمدمییە. یاریدەدەری خاچۆیە.
خان ئەبدال - میرێکی موکرییە.
قزڵباش١: سەربازی شا عەباسە.

قزڵباش٢: سەربازی شا عەباسە.
دیلێک: سەربازێکی شایە دمدمییەکان بە دیلیان گرتووە.
ڕێباز: کوڕی بچووکی ئافرەتەکەیە.
چەندان سەرباز و کرێکار و رادیۆ و تەلەڤزیۆن و ماسک و... هتد.

***

کات- ساڵی ١٠٨٠ی کۆچی
شوێن- قەڵای دمدم و کۆشکی شا عەباس و خێوەتگای لەشکری شا.

سەرچاوەکان:

١- عالەم ئارای عەباسی. نووسینی ئەسکندەر بەگی تورکمان.
لە کتێبی (تحفە مظفریە)ی ئۆسکارمان بەشی یەکەم چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٥.
٢- داستانی قەڵای دمدم. ڕۆمانی عەرەبی شاملیۆف چاپخانەی کۆڕ- ١٩٧٥.
٣- شەرەفنامە. شەرەفخانی بدلیسی.

(شـانۆ تاریکه، دەنگی دەهۆڵ لەگـەڵ دم دمی کـۆرسـدا لـەسـەر ئاوازێکی تایبـەتی دەبیسترێ.
بە هێمنی رووناکی دەکەوێتە سەر کۆرس١)

کۆرس١: دم، دم، دم.. له جەرگی خۆم دا هەزار ڕم، لەتاو دمدم..
ئەی قەڵایەکەی سەربەستی.. ئەی سەبەرستی..
گەرچی دوژمن تۆی دایە بەر تۆپ و ئاگر.. تۆی شڵەژاند..
گەر دوژمن تۆی داوەتە بەر تۆپ و ئاگر.. بورجی رووخاند..
شوێنەوارت مەزارێکە لە یاد ناچێ.. تا گەل مابێ..
ئەو خوێنەی ئەوسا ڕژان.. دڵۆپ، دڵۆپ بووە نەمام، لە ناخ ڕوان..
ئەو بەردانەی بورجەکانت، دانە دانە بۆ پردی ئایندەت چەقاند..
دم، دم، دم.. له جەرگی خۆم دا هەزار ڕم.. لەتاو دمدم
سوێندم بەو خوێنەی ڕژاوە.. سوێندم بەو بورجەی رووخاوە..
سوێندم بەو ڕازەی نێژراوە.. دووبارە دیسان..
دووبارە هۆش و بازوو بخەمە کار، وەچنگ بهێنم ئەو بەهارە..
پەلە مەکەن ئەم جارەیان بۆ دوا جار دوژمن داولێە دەربارەی خم..
پەلە مەکەن ئەو لافاوەی شاخان دەبا، ورده ورده سەر هەڵدەدا..
دڵۆپێک لەوێ، لەولا نم، نم.. دم، دم، دم...
(تاریکی)

دەنگ١: (لەگەڵ رووناکی) مەحکەمە..

(رووناکی دەکـەوێتـە سـەر دادگـە. مـێـزێک و سێ کـورسـی دانراون. دەرگەیەکی نادیار دەکرێتەوە.
دەنگی هاتنی سێ کەس.. دەنگی هاتنی چەندان کەس دەبیسترێ.
لەگەڵ دانیشتنی سێ کەسە نادیارەکە، هێمنی پەیدا دەبێ)

دەنگ٢: – تاوانبار خانی لەپ زێڕین..

دەنگ١: تاوانبار خانی لەپ زێڕین..

(خانی لەپ زێڕین دێ، مشتومڕ پەیدا دەبێ: هاوار.. بیکوژن.. گورگە.. هتد، خانی دەگاتە بەردەم دادگە، بە سەربەرزی دەوەستێ)

دەنگ ٢: (چەکوشێک بە مێزێک دەکەوێ) بێدەنگی. (هێمنی) ناوت؟

خانی: خانی لەپ زێڕین.

دەنگ٣: تەمەنت؟

خانی: داگیرکەرانی کوردستان.

دەنگ١: ئیشت؟

خانی: میری قەڵای دمدم.

دەنگ٢: ئایا دەزانی بۆ گیراوی، یا تاوانەکەت چییە؟

خانی: نەخێر...( دەبێتە ئاژاوە...)

دەنگ: چۆن نازانێ؟، خۆی گێل دەکات. هەی تاوانبار

دەنگ٣: (دەنگی چەکوشەکە) بێدەنگی تکایە بێدەنگی. چۆن تاوانەکەت نازانی؟ تکا لە داواکاری گشتی دەکەم ڕاپۆرتەکەی بۆ دادگە بخوێنێتەوە.

دەنگ١: گەورەکان.. شا و سوڵتان و سەرۆکەکان.. دادپەروەرانی بەڕێز. ئەم تاوانبارەی لە بەردەمتان وەستاوە، دڕندەیەکە، لە هیچ چەرخێک، لە هیچ زەوییەکدا نموونەی نەبووە و نابێ.

ئەو تاونبارەی کە ناوی لە خۆی ناوە خانی لەپ زێڕین، دەبا ناوی خانی لەپ ئاگرین، خوێنین، ئاسنین بووایە.. (چەپڵە) من ئەوەندەی بۆ ئەم دادگە پیرۆزە ئاخ هەڵدەکێشم کە تاوانبارێکی ئاوا گلاوی دەکا..

ئەوەندە بۆ خۆم دڵگیر نیم کە دەبێ چەندان جار. ناوی ئەم بەدکارە بێنمە سەر زارم..

مرۆڤ کاتێ لە پرێکەوە دەبێ بە کوڕێ، کاتێ لە هیچەوە دەبێ بە شتێ، کاتێ لە شوانکارەیەکی نەزانی دڕندە دەبێ بە میر، کاتێ میرێکی دڕندە میرایەتی گەلێکی دڕندە دەکات.

هەڵبەت ئەم جۆرە کارەساتانە روو دەدەن. (بە چەپڵە).

دەنگ٢: (دەبێتە ئاژاوە، دەنگی چەکوشەکە) بێدەنگی. (هێمنی) فەرموو داواکاری گشتی..

دەنگ٣: یەکەم تاوانی لیستە درێژەکەی ئەم دڕندەیە..

(تاریکی)

کۆرس٢: (لەگەڵ ڕووناکیدا) بازرگانی دەکەی یا نۆکەری.. ئەتۆ ئازادی، سەربەستی.

بیر لە ژیان دەکەیتەوە یا مردن، ئەتۆ ئازادی، سەربەستی.. چیت لە بیر دایە.

چی دەڵێی، هەرچی دەکەی... ئەتۆ ئازادی سەربەستی.. بەڵام تەنیا، بەڵێ تەنیا..

تەنیا سێ شت نەبێ.. تەنیا سێ شت..

دژی ئێمە قسە نەکەی..

لەگەڵ چەکدا یاری نەکەی..

هیچ بیر لە یاخیبوون نەکەی..

بۆ ئەو سێیە، نە ئازادی.. نە سەربەستی..

گەر لەم فەرمانە لابدەی بەرەو تاریکی قۆڵبەستی..

(تاریکی)

(دیمەن. ناو قەڵا. خانی، کاکە خان، حەمەد بەگ و چەندان کرێکار دار و بەردو خۆڵ دەگوازنەوە)

خانی: دەی کوڕگەل. تا زستان نەهاتووە، بەڵکو خێرا دەست هەڵدەگرن..

حەمەد: خانی بەڕێز، قوربان، من نەمدیوە میر ئاوا لەگەڵ ئەم چەشنە جڕوجانەوەرانە هاموشۆ بکا؟

کاکە خان: حەمەد بەگ واز لەو قسانە بهێنە، یارمەتی کرێکارێ بدە.

حەمەد: کاکە.. من وەنەبێ حەزم لە ئیش نەبێ.. بەڵام لەگەڵ ئەوانە..!

خانی: (بە حەمەد) دیارە ماندوو بووی.. بڕۆ بحەسێوە..

حەمەد: قوربان.. ماندوویی لە پێناو تۆ..

خانی: لە پێناو من! نامەوێ کەس لە پێناو من ماندوو بێ.

حەمەد: دەنا قوربان گەر بۆ تۆ نەبێ باوەڕ ناکەم کەس هەبێ ئاوا خۆی تووشی ئەم کێوە سەختە بکا..

خانی: سەهووی حەمەد بەگ.. بڕۆ لە کام کرێکار دەپرسی، لە کام دانیشتووی ئەم کۆنە قەڵایە دەپرسی،

لە کام شوانکارە و کام دووکاندار دەپرسی، ئەگەر گۆتی ئەم ڕەنج ئارەقەیە لە پێناو ئارەزووی خانییە،

ئەوە هەر لە ئێستاوە زووتر نییە، ناهێڵم کەس دڵۆپێ ئارەقە بڕێژێت.

حەمەد: باشە قوربان.. ئەم قەڵا کۆنەی دمدم چۆن دووبارە دادەمەزرێتەوە..! ئاخر لە دێرینەوە بووەتە کەلاوە؟

خانی: ئەگەر نیاز و مەبەست یەکتر بگرن، ئەگەر دەست و بازوو بکەونە کار،

ئەگەر میللەت شاڵاو بهێنێ.. کەلاوەی وڵات گشتی دەکەن بە بەهەشت.

حەمەد: ئێ باشە لە پێناو چی! ورمێی پایتەخت پڕە لە قەڵا.. برادۆست گشتی چیا و قەڵایە..

پێم ناڵێی چ سوودێ لەم دمدمە کەلاوەیە وەردەگری؟ لەو هەموو شارە خنجیلانەیە..

لەو هەموو گوندە جوانانە چیت لە قەڵای دمدم دەوێ..؟

خانی: حەمەد بەگ من تۆم بە پیاوێکی زانا و وریا ناسیوە.

حەمەد: قوربان هەر واشم.

خانی: خۆزیا..

کاکە: خۆزیا سەد خۆزیا، نازانم حەمەد بەگ خۆت تێ ناگەی یان خۆت سالۆز دەکەی.

حەمەد: لە چی بگەم؟

کرێکار١: (محەمەد) – حەمەد بەگی بەڕێز، خانەدانی خانەدانان.. من بەگیش نیم.. بەڵام دەزانم بۆ ئیش دەکەم..

بەگیش نیم، بەڵام دەزانم چی لە کەللەی لەپ زێڕیندایە.. بەگیش نیم.. بەڵام دەزانم لە دوارۆژدا چی روو دەدات..

کاکە: بەکورتی، تا لەسەر ئەو بەگایەتییە دانەبەزی لە هیچ ناگەی.

کرێکار٢(نەبەز): ئەی ئەو زاتانەی لە خانەکانی سەرەوەدا دەخەونێن، دابەزن،
وەرنە سەر ئەم خاکە پیرۆزە،
ئەگینا بچووکترین بومەلەزرە لەناوتان دەبات..
دابەزن وەرنە سەر ئەم خاکە رەقێنە دوور نییە.. پەنا کێوێک رزگارتان بکات.
کاکە: دەمخۆش ئافەرین..
حەمەد: ئەوە یەک ببینم خانەدان و ئۆجاخزادە لەگەڵ هەرچیوپەرچییاندا ئاوا دۆست بن.
کاکە: کاتێ مەسەلەکە دەگاتە دمدم پەتی چینایەتی و هەرێمایەتی و مەزهەبگیری دەپچڕێ..
حەمەد بەگی بەڕێز... بە ڕای من دەکەی لە قەڵا دەرچۆ و خۆت دەرباز بکە یا وەکو ئەو هەموو خەڵکە دەست بدە قازمەیەک و دمدم خۆش کە...
حەمەد: قوربان "بۆ خانی" گوێت لێیە؟
خانی: حەمەد بەگ من تۆم بە پیاوێکی دانا و وریا ناسیوە.
حەمەد: قوربان هەر واشم..
خانی: (قازمەیەکی دەداتێ) کەواتە فەرموو...
(تاریکی)
کۆرس١: (نەبەز شمشێر تیژ دەکات) هەر کە میللەت ڕوو دەکاتە ڕاپەڕین... تا کۆتی بپچڕێنێ..
بەندیخانە بشکێنێ.. سێدارە بسووتێنێ.. دەبێ هەر کەسێ.. لە هەرلا، لە هەر چینێ.. لە هەر گوندێ، هەر دینێ.. لە کام هەست، بیروڕا.. نرخی هیوا بزانێ.. هەموو ئارەزووەکانی بخاتە سەر بنکەیەک..
لە جیاتی ململانێ دەغەز و خۆپەرستی.. لە پێناو سەرکەوتندا لەسەر خاکی یەکیەتیی خونچە گوڵان بچێنێ...
"تاریکی"
(دیمەن – بارەگای شا عەباس، ئیعتماد ئەلدەولە و حەسەن خانی ئوستاجلو و محەمەد)

(شا و چەند سەرکردەیەکی تر دانیشتوون.)

دەنگ: خاوەن شکۆ شای عالەم پەنا دەفەرمووێ.

(دانیشتووەکان تێکڕا هەڵدەستن، شا دێت، خۆیان نزم دەکەنەوە) (شا دادەنیشێ ئەمانیش)

شا: لە ڕاستیدا، نازانم ئێوە چۆن وەزیرێکن، دەڵێی لە کات و شوێن نازانن... جارێکی تر ئەگەر لە کۆشکی سێیەمدا بووم... ئێران گشتی، نغرۆ بێ، بانگم مەکەن.

ئیعتماد: قوربان شای...

شا: دزێکە، ئاژاوەگێڕێکە، میرێکە.. هەڵەیێ دەکا.. پەروەردەی کەن، گەر بە قسە ڕانەهات، بە شمشێر..

به ڕاستی شاهەنشاهی ئەرکێکی قورسە... کاتێ وەزیرەکان دەسەڵات بەکار ناهێنن.

ئیعتماد: قوربان شای...

شا: هەر یەک لە ئێوە چەند زمانی هەیە...؟

هەموو: قوربان یەک..

شا: چەند دەستی هەیە؟

هەموو: قوربان دوو...

شا: تەواو.. کە شتێ قەوما.. لە سەرەتادا بە قسەی خۆش لایەنەکان قایل کەن گەر سەری نەگرت دەستی چەپە بەکار بێنن، ئەوەی پارەی لەناوە هەر سوودی نەبوو، دەستە ڕاستی لێ بەکار بێنن ئەوەی شمشێری گرتووە..

ئیعتماد: قوربان شای...

شا: هەمووی چاونووقانێکە.. کوڕم پیاو بە، پیاو نەبوو، پارەی بدێ کەڵکی نەبوو بە شمشێر سەری لە لەشی جیا بکەوە..

بەو جۆرە هەرسێ لا، من و ئێوە و ئەو دەحەسێینەوە.. نامەی یەکەم....

ئیعتماد: قوربان خاوەن شکۆ شای عالەم پەنا... نامەی یەکەم لە تەورێزەوە

شا: دیسان ئەو زۆربڵێیە... ئێستا من نازانم بە ژنەکانی خۆم خەریک بم یا بە بوداقخان، سەیرە هەر ڕۆژێ و نامەیەک...

ئەی ئەو چی دەکات، لەوێ ها! تەواو... بڕیارم دا.... لای دەبەم.... تەواو

ئیعتماد: قوربان بیخوێنمەوە؟

شا: نەخێر مادامەکی لە میرایەتیم خست بۆ دەیخوێنییەوە؟

ئیعتماد: بەڵام قوربان نامەکە گرینگە.

شا: کەی بوداق نامەی گرینگی ناردووە؟

ئیعتماد: ئەم نامەیەی زۆر گرینگە...

شا: چۆنت زانی کردووتتەوە؟

ئیعتماد: قوربان (ئەستەغفیروڵلا) چۆن دەستم ئەو کارە ناڕەوایە دەکات.

شا: ئەی چۆنت زانی گرینگە؟

ئیعتماد: قوربان نێردراوەکە هۆی نامەکەی پێ ڕاگەیاندم.

شا: نامە بێ لە بۆداقەوە، دەبێ چی تێدابێ؟ قسەی فش و سەریەشان.

ئیعتماد: قوربان چی دەفەرمووی بیخوێنمەوە..؟

شا: نەخێر پێویست ناکات.

ئیعتماد: ئاخر قوربان لەبارەی... لەبارەی کوردە.

شا: کورد؟

ئیعتماد: بەڵێ، لەبارەی خانی لەپ زێڕین، میری برادۆست.

شا: کورد، خێرا..

ئیعتماد: (نامەکە دەکاتەوە و دەیخوێنێتەوە) بۆ خاوەن شکۆی شای عالەم پەنا... پاش دەست ماچکردن و لە خوای گەورە و بەخشندە دەپاڕێمەوە تەمەن درێژ و دڵشادترت بکا... قوربان خانی لەپ زێڕین لە ڕێگەی ڕاستی لاداوە و هەوای سەرپێچی و لاساری کەوتۆتە سەر و بناخەی ئەو قەڵا بەرزو قایمەی بۆیە داڕشتووە کە لە ڕۆژی پێویستدا بە کاری بهێنێ، من دروستکردنی ئەو قەڵایە هیچ بە قازانجی دەوڵەت نازانم"*

لە کتێبەکەی ئەسکەندەر بەگی تورکمان وەرگیراوە.

شا: بەسە. کاتم نەما.. دەبێ بچمە کۆشکی چوارەم.

---

(*) لە کتێبەکەی ئەسکەندەر بەگی تورکمان وەرگیراوە.

ئیعتماد: قوربان ڕات دەرنەبڕی؟
شا: ها.. ئا... لە سەری دەن.
ئیعتماد: بوداقخان؟
شا: نەء، ئەو میرە گۆجە... خانی لەپ...
ئیعتماد: قوربان شای عالەم پەنا... تازە خۆت فەرمووت کە هەریەکەو زمانێک و دوو دەستمان هەیە....
شا: کەواتە لە زمانەوە دەست پێ بکەن (خەریکە بڕوا)
ئیعتماد: قوربان ئەی لەبارەی بوداقخان بڕیارەکەت ڕاپەڕێنین؟
شا: نەء.. نا با مەسەلەی میرە گۆجە تەواو نەبێ...
ئیعتماد: بەڵێ قوربان کەواتە وەڵامی بوداقخان دەدەیتەوە؟
شا: ناچارم، بنووسە بۆ پیر بوداقخان میری میرانی تەورێز...
"بۆ خۆت میری میرانی ئەو سنوورەی ئەگەر ئەو قەڵات دروستکردنە بە قازانجی دەوڵەت نازانی پێشگری لێ بکە"
تەواو.
(تاریکی)
کۆرس ٢: دڵڕەق نییە وەکو شا گەر لە یەکێک نەترسێ
دڵڕەق نییە وەکو شا گەر لە یەکێک بترسێ
بەڵام تا سەر نەگەیی، شمشێری لێ ناسوێ
تا دوژمن چاک نەناسێ، پیلانی بۆ نادوورێ.
دەست نەڕوا دڵی نەرمە.. دەست بڕوا ئاگر گەرمە
ئەی خەڵکینە گوێ بگرن، دەست لە کڵاوتان هەڵمەگرن
تا شا هەر شاهەنشا بێ، نابێ هیچ کەس پاشا بێ
(تاریکی)
"ئەم– ئاگادارییەک لە نەتەوە یەکگرتووەکان ـ سێ جار دەبیسترێ پێش ئەوەی ڕووناکی بکەوێتە سەر ئافرەتی ژمارە یەک "
ئافرەت ١: پێش ٣٣ ساڵ، واتە لە ١٠ی کانونی یەکەمی (١٩٤٨) دا نەتەوە

یەکگرتووەکان ئەم بانگەوازەی بڵاو کردەوە

پیاو ١: بۆ ئەوەی ڕێ لە شەڕی جیهانی سێیەم بگیرێ.

ئافرەت ٢: ئەو شەڕەی ئەگەر قەوما.

پیاو ٢: تەڕ و وشک

ئافرەت ١: منداڵ و پیر

پیاو ٢: چاک و خراپ

کۆرس ١: بە یەکسانی لەناو دەبات، ئەو جیهانە ئەو شارستانیەتە جوانە بە چرکەیەک لەناو دەبات.

ئافرەت ١: جا لە پێناو ڕێگرتن لە شەڕی جیهانی سێیەم (لە هەمان سەرچاوە وەرگیراوە).

پیاو٢: پێش سی و سێ ساڵ واتە لە (١٠)ی کانونی یەکەمی ١٩٤٨دا، نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم بانگەوازەی بڵاو کردەوە. (لافیتەیەک نووسراوە، بانگەوازی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ)

تەلەفزیۆن: (بە چەپڵە و ئاژاوە) بینەرە خۆشەویستەکان.. ئێستا دەقی بانگەوازەکەتان بۆ دەخوێنمەوە.. بانگەوازەکە. لەبەرئەوەی دانان بە سەربەرزی گشت ئەندامانی خێزانی مرۆڤایەتی و مافە یەکسانییە چەسپاوەکان بناخەی ئازادی و داد و ئاشتییە لە جیهاندا.. لەبەرئەوەی مافی خۆگێلکردن لە مافی مرۆڤایەتی گاڵتە پێکردن بووەتە هۆی چەندان کرداری دڕندانە و دەروونی مرۆڤایەتیی ئازارداوە. لەبەرئەوەی دەبێ مافی یاسا بپارێزێ تاکو مرۆڤ لەتاو ستەم و چەوساندنەوە روو لە یاخیبوون نەکا. لەبە ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتی و سەربەرزیی چارەنووسی مرۆڤ دووپات دەکاتەوە و لەبەرئەوەی وڵاتە ئەندامەکان پەیمانیان داوە بە هاوکاری لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناو پاراستنی مافی مرۆڤ و ڕێزلێنانی ئازادییە بنەڕەتییەکان و لەبەرئەوەی هەست پێکردنی گشتی بە ماف و ئازادی بایەخێکی زۆری هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم پەیمانە. ئەوە کۆمەڵەی گشتی جاڕی ئەم بانگەوازە جیهانییە دەدات لە پێناو مافی ئادەمیزاد.

کۆرس١: جوانە، بەڕاستی شتی چاکە.. بریا.. قسە. هەزارە یەکی بەکارە با بزانین چ دەڵێ.

تەلەڤزیۆن: بەندی دووەم هەر مرۆڤێک سوود لە گشت ئەو ماف و ئازادییانەوە وەربگرێت کە لەم بانگەوازەدا دیاری کراوە بەبێ جیایی. وەک جیایی بەهۆی رەگەز، زمان، ئاین، بڕوای سیاسی وڵات چینایەتی، دارایی، بە هەر هۆیەکی تر. (تەلەفزیۆن ون دەبێ)

کۆرس١: (پێ دەکەنن) ئای کەوا.. نییە و نییە

ئافرەت: پاش سی و سێ ساڵ لە دەرچوونی ئەم بانگەوازە.

پیاو١: پاش سی و سێ ساڵ لە گەشەپێدانی دیموکراتی.

ئافرەت٢: پاش سی و سێ ساڵ لە پەرەسەندنی تەکنەلۆجیا.

پیاو٢: پاش سی و سێ ساڵ لە پێشکەوتنی رۆشنبیریی.

ئافرەت١: با بزانین ئەنجام چۆن هاتووەتەوە..

پیاو١: (نەخشەیەک دەکەنەوە) لە ئەمەریکای هەموو کات گریاوە بۆ مافی ئادەمیزادو خوارووی ئەفریقیا تا ئێستاش هاووڵاتییە رەشپێستەکان لەبەر جیاوازیی رەنگ و رەگەز ناڵە ناڵیانە.

ئافرەت٢: لە میسری سەیدی سادات لە چیلییەکەی بینۆشیتدا بۆ هەژار و ئاژەڵان بۆ کرێکار و مەکینە هەمان حسێب دەکرێ.

پیاو٢: لە تەلئەبیبی رووگەی رۆئاوای پەرلەمانیدا، هەتا ئێستا ئەگەر جوو نەبی.. ئەگەر لە بنەڕەت دانیشتووی رۆئاوایی نەبی، دەربەدەری لەژێر خیوەت پاڵ دەکەوی.

ئافرەت١: لە ئێراندا، بەچاو یاسایی مەلایاندا.. نییە بڕوا، نا ئازادی بێ وڵاتی.. تەنیا ئەگەر لە مەزهەب و لە رەگەزدا، لەگەڵ مەلایاندا جووتی..

(تاریکی)

(دیمەن بارەگای خانییە)

خانی: گەورەکان.. سەرکردە و دانایان قەڵای دمدم.. وا سەرلەنوێ بە هێزی بڕوا و بازووی رۆڵە نەبەردەکان، قەڵامان دامەزراندووە. لە راستیدا هەرچەندە قەڵای توند و پتەو چەکی هەمەجۆری هاوچەرخ مەرجێکی گرینگە بۆ

خۆپاراستن و سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، بەڵام مەرجی گرینگتر بیر و بڕوایە.. ئەگەر بیروڕا و ماف و ڕاستی لەنێو میللەتدا بڵاو نەبێتەوە. ئەگەر شەڕوان نەزانێ لە پێناو چی دەجەنگێ هەرگیزاو هەرگیز بە هیوا ناگەن، چونکە دڵسۆزی و نیاز پاکی و ئازایی بەس نییە بۆ ئەوەی شەڕوانێکی لێهاتووی ناقۆڵا دروست ببێ، بە بڕوای من ترسنۆکێکی هۆشیار و پاڵەوانێکی نەزان وەک یەکن.. هیچیان سوود ناگەیێنن، پێویستە لەوەولا پتر لە جاران هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی شەڕوانێکی بڕوا پۆڵایین و چاونەترسی هۆشیار دروست بکەین.

چەند پەلە بکەین کەمە، چونکە دڵنیاتان دەکەم دوژمن هەرگیز وچانی ئەوەمان نادا، بە تەواوی خۆمان گورج کەین.

ڕژێمی شایان خاوەن ئەزموونن. زۆر چاک دەزانن ئێمە چی دەکەین و نیازمان چییە، بۆیە ئێستا هەوڵی ئەوە دەدەین تا بە چ شێوەیەک ئەم هیوا پیرۆزەمان لە سێدارە بدەن، ئێمەش دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین بە چ شێوەیەک ئەو هیوا گڵاوەیان سەرەونگوم بکەین. گەورەکانم، دەبێ لەو ڕوانگەوە سەیری دوارۆژ بکەین ئێوەش ئەگەر ڕایەکتان هەیە با قسەی لەسەر بکەین.

حەمەد: شا چۆن دەزانی ئێمە مەبەستمان چییە؟.

خانی: سەدان ساڵە شا و سوڵتان بە ئارەزووی خۆیان دەستکاری بیرو ئاوات و ویژدانی ئەم گەلە دەکەن.

سەدان ساڵە خەڵکی دەکڕن و دەفرۆشن.. ورە ورد دەکەن لەسەر شان و گوندمان، قاشوانێ بە ناموس و جوامێریمان دەکەن، سەدان ساڵە ڕۆڵە مەرد و هەڵکەوتووەکانمان دەخەنە زیندان و لە سێدارەیان دەدەن حەمەد بەگ، پاش ئەو هەموو دەستکارییە دڕندانەیە بیرت ناچێ بۆ ئەوەی ئێستا شا هەتا لەنێو دمدم خێرەومەندی نەبێ.. نا حەمەد بەگ من زۆر دڵنیام کە شا هەتا لەنێو دمدەمیش سیخوڕی هەیە..

دەرگاوان: (دێتە ژوور) قوربان ئەرمەنییەکە گەیشت.

خانی: (دەگەشێتەوە) با بێ.

خاچۆ: کوا لە کوێ؟ خانی.. ئەتۆ نەء.. ئەی کێ خانی؟ ئەتۆش نە.. سەیرە. من سەهوو کردی.

خانی: من هەوم..

خاچۆ: (دەیەوێ دەستی ماچ بکا) قوربان دەستم ماچ بکردی..

خانی: ئەمە چۆن دەبێ قوربان..

خاچۆ: چۆن ئەی تۆ خانی لەپ زێڕین میر نییە؟

خانی: بەڵێ، من خانی لەپ زێڕینم.

خاچۆ: ئەی چۆن دەست میر نەکردی.

خانی: لە دمدمدا میر ئەو کەسەیە کە لە هەمووان ئازاتر و هۆشیارتر و دڵسۆزترە.

خاچۆ: ئە، ئا، ئە ئاوا...

خانی: بەڵێ گەورەم!

خاچۆ: ئەمن گەورەم کردی!

خانی: (پێدەکەنی) بەڵێ ئەتۆ گەورەم کردی. ناوت چی؟

خاچۆ: خاچۆ.. ئەی تۆ؟ ها زانیم.. ببوورە کردی..

خانی: باشە کاک خاچۆ، ئەو تۆپەی من دەمەوێ دەتوانی دروستی بکەی؟

خاچۆ: کاکە گیان من لە هەموو ئەو دنیا ئەگەر دوو هەبی وەک من وەستا.. من تۆپ هەتا بۆ قەیسەر کردی.
بۆ فەرەنگ کردی..

خانی: باشە تۆ ئەرمەنی دوور نییە بکوژرێی، بۆ لە پێناو کورد خۆت بەکوشت دەدەی؟

خاچۆ: (پێدەکەنی) ئەمن ناڵێم ئازا.. نا، بەڵام پارە دەوێتم. ئیش بە پارە کردی.. کەی مردم، مردم.. خاچۆ چی.. ئادەمیش مردیش..

خانی: هەر چۆنێ بێ.. باشە کەرستەت تەواوە؟

خاچۆ: بەڵێ. (لە باخەڵی قەرابەیەک مەی دەردێنێ و لەگەڵ نەختێک زەیتوون) ئا ئەوە کەرستەی من.

خانی: بە ئارەق و زەیتوون تۆپ دروست دەکەی.

خاچۆ: نا قوربان.. ئەوە کەرستەی من. کەرستەی تۆپ، مز، ئاسن، باروت، ئاگر...

خانی: باشە ئامادەت کردوون؟

خاچۆ: هەموو.. بەس ئەتو پارە بدە.

خانی: سەرچاو.. کاکە خان.. کاک خاچۆ چی فەرموو بۆی ڕاپەڕێنە.

کاکە: بەڵێ گەورەم.. (هەڵدەستێ)

خاچۆ: (نەختێ دەڕوا و دەگەڕێتەوە) بەڵێ گەورەم..

خانی: بانگم نەکردووی.

خاچۆ: دەزانم. بەڵام، من عەیبێک هەی.

خانی: هەر عەیبێک!

خاچۆ: بەڵێ هەر عەیبێک. من ئەوە (مەبەستی ئارەقەکەیە) زۆر دەخۆم، بەڵام ئەوە (زەیتوونەکە) کەم..

خانی: جا بۆ ئەوە کەم ناخۆیتەوە ئەوە زۆر..

خاچۆ: (ئاخێک هەڵدەکێشێ) ئاخر قوربان خاچۆ ئاشق، سووتاوم، خەم زۆر..

خانی: وەستا خاچۆ ئێمەش وەک تۆ ئاشقین.. سووتاوین.

خاچۆ: ئێوە میرم ئاشق کێ؟

خانی: قەڵای دمدم.

خاچۆ: دمدم! (پێدەکەنی) ئەمنیش ئاشق باڵای سم سم..بۆیە ئارەق زۆر دەخوا کردی..

خانی: ئارەزووی خۆتە، بەڵام وەستای چاک بە.

خاچۆ: خەم نەکردی. هەر مانگێک ١٠ تۆپ دروست کردی. ئەگەر شەڕ بوو، پێویست ٢٠ تۆپ کردی..

خانی: با بزانین.

خاچۆ: بەڵام ئەمن تکایەک کردی..

خانی: فەرمان بدە.

خاچۆ: ببوورە کردی. ئێوە کورد، ئیسلام ئەوە ناخۆن، ئەمن.. حەز ناکات کەس گاڵتە بە من کردی.. ئەتۆ تۆپ ناوێ؟

ئەمن دروست کردی..

خانی: سەرچاو ناهێڵم، ناهێڵم کەس بە خراپە تەماشات بکا.

خاچۆ: سوپاس کردی.. زۆر سوپاس کردی.. (لەگەڵ کاکە خاندا دەڕوا) فەرموو گەورەم.

دەرگەوان: نێرراوێک لەلایەن پیر بوداقخان سڵاوێکی دۆستانەت لێ دەکات و چاوەنوارە بە زووترین کات وەڵامی نامەکەی بدەیتەوە.

خانی: کوا نامەکە؟

نێرراو: فەرموو قوربان. (نامەیەک دەدا بە لەپ زێڕین.)

خانی: (بە دەرگەوان) با مێوانداریيەکی گەرمی بکەن.

دەرگاوان: بەڵێ گەورەم (بە نێرراوەکە) فەرموو کاکە. (هەردوو دەردەچن)

خانی: (نامەکە دەدا بە میرزاخان) میرزاخان بیخوێنەوە.

میرزا: (دەیکاتەوە و دەیخوێنێتەوە) لە پیر بوداقخان میری میرانی تەورێز بۆ خانی لەپ زێڕین میری برادۆست... سڵاوێکی دۆستانە. بێگومان جەنابت "لە ڕیزی ئەمیرە مەزنەکانی شادا حسێب دەکرێی و پەروەردەی دەستی خاوەن شکۆی و هەر بەهۆی ئەویشەوە لافی پاکی بەندەیی لێ دەدەی. هەرچەند شای عالەم پەنا ئەوپەڕی متمانەی پێت هەیە، بەڵام بەو قەڵا دروستکردنەت زمانی زمان پیسان دەکرێتەوە. ئەگەر ئەو قەڵایە لە ترسی پەلاماری ڕۆمییان دروست دەکەی..." ئەوە دڵنیا بە تا شا عەباسی مەزن مابێ هێز نییە تخوونی هیچ هەرێمێکی وڵاتی ئێران بکەوێ.
جا بە بڕوای من لە قەڵا دابەزە و خۆت میری برادۆستی کام شار هەڵدەبژێری سەربەستی. تەواو..

خانی: ئاگرەکەیە و هەڵگیرسایەوە.

حەمەد: جارێ خێرا نێرراوەکە سەربڕین.

خانی: حەمەد بەگ!

میرزا: کاری ناڕەوا لە ڕەوشتی ئێمەدا نییە.

کاکە: دەستیان بە جوولە کرد.

خانی: با ئێمەش دەست پێ بکەین.

میرزا: بەڵام بە توندی.

خانی: نەخێر.. بە هێمنی. وردە وردە.. منداڵی ناوەخت بوو تەمەنی درێژ نابێ. با

جارێ ئاگرەکە کز بێ.

حەمەد: مەبەستت ئەوەیە کڕنوش بۆ شا بەرین؟

خانی: نەخێر..

کاکە: بە ڕای من شا عەباسیش وا خێرا نایەوێ هێرش بەرێ.

خانی: بێگومان. ئەگینا بوداقخانی نەدەکردە پێناو.

میرزا: بەتایبەتی شا زۆر لە بوداقخان بە دەغەزە.

خانی: کەواتە. با وابکەین ئەو دەغەزە پتر تەشەنە بکا.

کاکە: جوانە.

خانی: تا لەم سەین و بەینە قازانج لە کات وەربگرین. میرزا خان بنووسە.. (میرزا دەنووسێ) بۆ خاوەن شکۆ، شای عالەم پەنا.. سڵاو و ڕێزگرتنێکی بێ پایان لە خوا دەخوازم هەموو کات لە کامەرانی دابیت گەورەم ئاشکرایە "نێوانی من و پیر بوداقخان خۆش نییە و قسەی خراپ لەبارەی منەوە بە عەرز دەگەیەنێ. جا تکا وایە خۆت سەرپشک بە" تەواو. ئینجا میرزاخان نێردراوێکی چالاک پەیداکە تا نامەکە بەگورجی بگەیەنینە شار.

حەمەد: ئەی لەبارەی بوداقخان؟

خانی: پاشان نامەیەکی بۆ دەنێرین. جا ئێستا بیر لەوە بکەینەوە. کام میر لەو هەموو میرە کوردانە لە تەنگانەدا بەفریامان دەکەون.

میرزا: گەورەم تەنیا ئەگەر قوبادخانی میری موکریان و خان ئەبدالی موکری و عەلی بەگی میری سۆران.

کاکە: ئەی زەکەریا و برایم بەگی میرانی هەکاری.

حەمەد: ئەو دووە پیاوی عوسمانیانن.. بێ فەرمانی سوڵتان هەنگاوێک نانێن. چەلاوخۆرن. بەڕای من شاوێردی میری لوڕستان تەخسیر ناکات.

خانی: ئەم شاوێردە نارەسەنە ئارەزوویەکی شاعەباس بە هەموو لوڕستان ناگۆڕێتەوە. خۆی شاوێردە.. واتە دەسکردی شا.

حەمەد: ئەی خان ئەحمەدی میری ئەردەڵان؟

خانی: گەورەترین نارەسەن و ناپاک ئەو میرەیە. باوکی ئەو خان ئەحمەدە ویستی قەوارەیەکی سەربەخۆ دامەزرێنێ.

که هەواڵ گەیشتە شاعەباس، ترسی لێ نیشت. هەستا خوشکێکی خۆی لە خان ئەحمەد مارە کرد و لەشکرێکی گەورەشی دایە دەست. خان ئەحمەدی زاواشی بیری کردەوە چۆن پاداشتی شاعەباس بداتەوە هەستا سەری باوکی بڕی و پێشکێشی شای کرد. ئەمەیە ناوەڕۆکی ئەو خان ئەحمەدە.. ئەو میرە بیژییە ئەگەر وا بەباوکی بکا لە پێناو شادا، چی بەئێمە دەکات.

میرزا: گەورەم با نامەیەک بۆ گشتیان بنووسین هەر نەبێ قەوما.. لە دژمان نەوەستن

خانی: چی دەڵێن؟

(تاریکی)

کۆرس١: بینەرانی خۆشەویست.

پێشینان گوتوویانە.

شیوێک چوار کابان بیکەن هەڵبەت تامی دەگۆڕێ

مێگەلێک چوار شوانی بێ

گورگ مەڕەکان دەخوا.

ئەو میرە کۆن و نوێی مێژوومان

بەردەوام کۆسپی گەورەن، لە ڕێی ئازادیی دمدم

نە بەهێزن سەرکەون، نە بە مێشک نەدەتوانن یەک بگرن.

لە باتی هاریکاری، یاریدەی دوژمن دەدەن.

دەی هەستە هەڵمەت بەرن. کام میر دژی دمدمە پەلی بگرن و دەری کەن.

(تاریکی)

(دیمەن- دادگەیە)

دەنگی١: ها، دان بەو تاوانە دەنێی یا وەکو ئەوانی تر لاساری لێ دەکەی؟

خانی: گەورەکان. دادپەروەرانی بەڕێز. من وەکو زانیومە ئەم چەرخە بە دیموکراتییەت و سەربەخۆیی و ئازادیی گەلان ناوبانگی دەرکردووە ئێمەش وەکو ئەو هەموو نەتەوەی جیهانە تێدەکۆشین لە پێناو ئەم هیوایە پیرۆزە...

دەنگ٢: ئێوە شایانی ئازادی نین..

خانی: لەبەرچی!

دەنگ٣: لەبەرئەوەی میللەتێکی دڕندەن. ئەگەر دەستتان بڕوا گشت خاکی گەلە هاوسێکانتان داگیر دەکەن و نەتەوەکان دەچەوسێننەوە.

خانی: گەورەکان، خاکی ئێمە داگیر کراوە، نەتەوەی ئێمە چەوسێنراوەتەوە.

دەنگ١: لەبەرئەوەی میللەتێکی تەمبەڵ و نەزانن، بایەخ بە زانست و هونەر نادەن.

خانی: بەڕێزان ئەگەر ئاوڕێ لە مێژوو بدەنەوە، ئەو کارەساتانەتان بەرچاو دەکەوێ کە شا و سوڵتان بە گەلی ئێمەی کردووە. زۆر لاتان سەیر دەبێ کە ئێمە چۆن تا ئێستا ماوین. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیری کورد، جار جارە کە هێمنی و ئاسایشێکی کەم لە وڵاتدا پەیدا دەبێ، گورجی خۆی دەوەشێنێ کەلێنێکی فراوان بە ماوەیەکی کەم پڕ دەکاتەوە. خانی و نالی و مەولەوی و گۆران بخوێننەوە.

دەنگ٢: کافرن تا ئێستا خوێنی ئاگرپەرستی لە دەمارەکانتان هاتوچۆ دەکات.

خانی: ئەگەر بفەرموون، سەرێ لە مزگەوتەکانمان بدەن، ئەگەر بەراوردێکی بچووک بکەن لە نێوان ئێمە و خەڵکی کە.. بۆتان ئاشکرا دەبێ کە ئێمە پێچەوانەی ڕاکەتان لە هەموو کەس ئاییندارتر و خواپەرستترین.

دەنگ٣: ئێوە بەرەڵان توانای یەکگرتنتان نییە.

خانی: وا نییە. کەس نییە بەقەد ئێمە تامەزرۆی یاسا و هێمنی بێ. کەس نییە بە قەد ئێمە تامەزرۆی یەکگرتن بێ، بەڵام دوژمن سەدان ساڵە چ بە پارە، چ بە پیلان، چ شمشێر، هەردەم ڕێگەی هێمنی و یەکگرتنمان لێ قەدەخە دەکەن.

ئەو هەموو شۆڕشانەی ڕابردوو، ئەو هەموو شۆڕشانەی هاوچەرخ شاهێدن. وا بزانم کۆماری کوردستانتان لە مەهاباد لە یادە. چۆن ماوەی ساڵێک جوانترین نموونەی یاسا و دیموکراتیمان چەسپاند. کەچی دوژمنە دوور و نێزیکەکان، لە باکور و باشوور لە چەپ و ڕاست ئابڵوقەی کۆمارە ساواکەیان دا و بە مۆری هەمووان، لە پێش چاوی ئەم چەرخە ناسراوە بە دیموکراتییەت سەربڕا و لەناو چوو.

دەنگی١: ئێوە ساویلکەن نرخی سەرکردە و گەورەکانتان نازانن.

خانی: ساویلکەینە بەڵێ، چونکە سەربەستین، گرێ و قینی داگیرکردنی مافی خەڵک لە دڵماندا نییە، هەروەها نرخی گەورە و سەرکردەکانیشمان بەتەواوی نازانین. بەڵێ.. چونکە دوژمن پێش ئەوەی سەرکردەکانمان پێ ڕابگەن و وەستایی فێربن خێرا بەهەر شێوەیەک بێ لەناوی دەبەن.

دەنگ۲: دیلن، نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ سەربەستی بکەن.

خانی: بەپێچەوانەوە، ئەوەی ئێمە شانازی پێوە دەکەین ئەوەیە کە هەموو کات سەربەستین. ئێمە گەورەکانمان لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئێستا سەرمان بۆ هیچ داگیرکەرێک شۆڕ نەکردووە.. بۆ هەر ئەژدەهایەک و کادەیەکمان بۆ هەڵبژاردووە.

دەنگ۳: ئێستا دان بە تاوانەکەت دەنێی یا نا؟

خانی: تاوان ئەوەیە پیاو سەربەستی خۆی بدۆڕێنێ، تاوان ئەوەیە سەربەستی خەڵک زەوت بکەی.. بۆیە من تاوانبار نیم.

دەنگ۱: دووەم تاوانی لیستە درێژەکەی ئەم دڕندەیە.

(تاریکی)

(دیمەن- بارەگای شا عەباسە. ئیعتماد ئەلدەولە و حەسەن ئوستاجلو)

(محەمەد پاشا دانیشتووە)

ئیعتماد: (نامەیەکی بە دەستەوەیە) ئەوە هات.

دەنگ: خاوەن شکۆ شای عالەم پەنا دەفەرمووێ.

شا: (بە گورجی دێ) نازانم ئێوە چۆن وەزیرێکن! دەڵێی لە وەخت و شوێن نازانن. جارێکی تر ئەگەر لە کۆشکی بیستەمدا بووم ئێران گشتی نغرۆ بێ، بانگم مەکەن.

ئیعتماد: قوربان نامەی خانی لەپ....

شا: میرە گۆجە؟ چ دەڵێ؟

ئیعتماد: (نامەکە دەکاتەوە، بەبێدەنگی دەخوێنێتەوە) قوربان بە دەنگ

شا: (نامەکەی لێ وەردەگرێ) دە بیدە.. پاش.. سڵاو.. ڕێز.. کامەرانی.. تا ئێرەی عەیبی نییە.. چ.! چ !؟ پیر بوداقخان! نێوانیان تێک چووە. هم.. تکایە خۆت سەرپشک بە.. (نامەکە فرێ دەدا) هەڵبەت خۆم سەرپشک دەبم.

حەسەن: بەڵێ قوربان..
شا: هەر ئێستا بە لەشکرێکی مەزن بەرەو تەوریز لێخوڕە، بڕیارەکەشم بە بوداق ڕابگەیەنە.
حەسەن: قوربان کام بڕیار؟
شا: لابردنی بوداقخان دامەزراندنی تۆ.. محەمەد پاشا.
محەمەد: بەڵێ قوربان..
شا: تۆش بە لەشکرێکی تر، بە قۆڵێکی تر، لێخوڕە بۆ تەوریز.
محەمەد: فەرمانت قوربان.
شا: بۆ ئەوەی لە تەنگانەدا یاریدەی حەسەن خانی ئوستاجلو بدەی فەرموون." حەسەن خانی ئوستاجلو و محەمەد پاشا ئامادە بن" بە ئەسپایی بەرەو دمدم بڕۆن.. لە نێزیک قەڵا، سوپاگەیەک هەڵبژێرین.
حەسەن: بەڵام قوربان..
شا: خواتان لەگەڵ. (حەسەن خان و محەمەد پاشا دەردەچن) وا من سەعاتی بۆ ئاین، سەعاتێ بۆ دنیا.. سەعاتێ بۆ دەوڵەت.. سەعاتێ بۆ دڵ (حەسەن خان و محەمەد پاشا دەڕۆن)
ئیعتماد: قوربان.. خاوەن شکۆ.. شای عالەم پەنا.. ڕێگە هەیە چەند پرسیارێ بکەم؟
شا: (لە ڕۆیشتندا دەوەستێ) فەرموو وەزیر..
ئیعتماد: قوربان ئاخۆ بە ڕای خاوەن شکۆ شای عالەم پەنا. چۆن دەگونجێ بۆ لەناوبردنی میرێکی کورد، سەرکردەیەکی کورد بەکار بێ.
شا: مەبەستت حەسەن خانە. ها.. (پێدەکەنێ) جەنابی وەزیر بە گوێرەی ئەرشیفی شاهەنشایەکی..

بەگوێرەی ئەزموون و زانیاری لەبارەی چۆنیەتیی لەناوبردنی دەسەڵاتە کوردییەکان ئەوەمان بۆ سەلمێنراوە، کە یەکێ لە هۆیە بنەڕەتییەکانی سەرکەوتن بەسەر ئەو کوردە، کورد خۆیەتی... مەبەستم بەکارهێنانی کورد دژی کورد. دۆزینەوەی کوردە لە دۆخی شلەکان، ئەوانەی لەبەر هەر هۆیەک لە کۆمەڵگەی خۆیاندا دابڕاون و ئامادەن سوود بە ئێمە بگەیێنن،

ئێمە لە ناخ و دەروونی ئەم دابڕاوانە شارەزاین.

ئیعتماد: واتە دووبارە یاسای کورد بە داوان بەکار بێنین.

شا: لە سەرەتادا، بەڵام کە زانیم میرە گۆجە ئازاری ناگاتێ.. ئەوسا تۆ بە لەشکرێکی گەورەتر دەنێرم، بێ ئەوەی واز بێنم لە حەسەن خان و میرە کوردەکانی تر.

ئیعتماد: بەڵێ قوربان، ئەوان لە ڕێگاوبان و ناخ و دەروونی گەل و خاکی خۆیان شارەزاترن.

شا: تەواو.. (دەیەوێ بڕوا)

ئیعتماد: قوربان ئەگەر ڕێگە هەیە.. پرسیارێک..

شا: دوا پرسیار.

ئیعتماد: بەڵێ قوربان.. خاوەن شکۆ ئاخۆ بڕیارەکەت خێرایی تێدا نەبوو؟

شا: کام بڕیار؟

ئیعتماد: لابردنی پیر بوداقخان.. بە قسەی میر گۆجە؟

شا: (پێدەکەنی) نەخێر، بڕیارەکە لە شوێنی خۆیەتی من لە نیازی میرە گۆجە دەگەم.. دەیەوێ سوود لە وەخت وەرگرێ.

بەڵام خەیاڵی خاوە، میرە گۆجە سەرکردەیەکی ئازا و دانایە. من ئەوە دەزانم، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێ ئاڵای سەربەخۆیی هەڵکا، پێویستی بە دە ساڵە. ئەگەر ئێمە دە ساڵێک چاو بپۆشین لە بزووتنەکانی ئەو گۆجەیە، ئەوە هەتا دنیا ماوە دەسەڵاتمان پێ ناشکێ و کوردە چیایی دەبن بە شت، دوور نییە هەڕەشەمان لێ بکەن. دوور نییە گشت ئێران داگیر بکەن.

من ئەو قسەیە بۆ مێژوو دەکەم. بۆ ئەو شا و سوڵتانانەی کە پاش ئێمە دێن ئەگەر ئەو چیایانە دەستیان بڕوا و سەربەخۆیی وەرگرن.. مەترسی یەکجار مەزن تووشی ئێمەو سوڵتان دەبێ. بۆیە ئێمە، من و سوڵتان بەردەوام، بۆ جاری وا، واز لە رکابەرییە مێژووییەکەمان دێنین و بە جووتە ڕوو لە کوردە چیاییەکان دەکەین. کاکەی وەزیر، من لەوە دەگەم میرە گۆجە چی لە کەللەدایە، بەڵام هێواش.. بزانە چۆن کەللەی دەکەمە گوڵدان. کاکەی وەزیر من لە پێناو ڕێژیمی شاهەنشایەتی، لە پێناو ڕەگەزی فارس،

هـەردوو چـاوی دوو کـــــوڕی خــــۆمم دەرهـێـنـا ، مـن لـه پـێـنـاو ڕێـژیـمـی شـاهـەنشـایی، له پێناو ڕەگەزی فارسـی کوڕێکی خۆمم سـەربڕی.. وا نییه؟

ئیعتماد: بەڵێ خاوەن شکۆ.

شـا: کەواته.. بڕیارەکه له شـوێنی خۆیـەتی. بەو بڕیارە وا له میرە گۆجه دەگەیەنم کە بڕوا بە قسەی ئەو دەکەین. تا نەختێ سارد دەبێتەوە، بەڵام بوداقخان جگە لـەوەی ئێـسک قـورس و ڕەزاگـرانـه، ئەو سـەرکـردەش نیـیـه بـتـوانـێ بەرامبەر لێوەشاوەیی و بەهرەمەندی میرە گۆجه سەر هەڵبڕێ. من میرە گۆجـه دەناسـم چ ئازا و پاڵەوانێکه، جـا ئەگەر خـێرا دەسـتـپـێـشـخـەری نەکەین لە سـیـاسـەتیشدا ئەزمـوون و تاقیکردنەوە پەیدا دەکات. ئەوسا.. تاوانێکی مێژوویی دەکەوێتە سەر ئەستۆی شا عەباس.. ئەو شـایانەی کە دێن، نەفرەتم لێ دەکەن.. لە سـەردەمێکی شا عەباسێکی لاواز و ترسنۆک میرە گۆجەیەکی کورد دەسەڵاتی وەرگرت.. ئاخۆ ئەوەتان دەوێ.؟

ئیعتماد: نەخێر شای عالەم پەنا....

شـا: کـەواته بڕیارەکەم لـه شـوێن خـۆیـەتی (بەرەو دەرگه دەڕوا) وا بەرەو کـۆشکی بیست و یەکەم دەڕۆم. وازم لێ بێنن.

کات بـەنرخـه، سـەعـاتێ بۆ ئاین سـەعـاتێ بۆ دنیـا، سـەعـاتێ بۆ دەوڵەت، سەعاتێ بۆ دڵ.

(تاریکی)

کۆرس٢: یاخیبوونه، یاخیبوونه، یاخیبوونه.. یەک لەو سـووچانەی کە کیسرا و نەوەکانی هەرگیز چاوی لێ ناپۆشن، یاخیبوونه.

ئەی هاووڵاتیی نمرە سێیەکە.. دە بەسی کە..

تاکەی لە بیری یاخیبوون واز ناهێنێ؟

تۆ نازانی تا شا مابێ، سوڵتان مابێ، تۆ هاووڵاتییەکی نمرە سێی!

تۆ نازانی سوڵتان و شا زۆر لەمێژه، بە جووته بڕیاریان داوە..

نەهێڵن تۆ ببی بە هیچ.

تۆ نازانی لەم چەرخەشدا نابی بە هیچ. بڕیارێکه مۆر کراوە.. بە خـوێنی یاخیبووی وەک تۆ، لەسەر پێستی هەڵقرچاوی خۆت نووسراوە..

یاخیبوونە، یاخیبوونە، یاخیبوونە....

هەرکەس لە بڕیار لابدا... چارەسەری لەناوچوونە..

(تاریکی)

(چەپڵە و ئاژاوە.. هێمنی)

تەلەفزیۆن: بینەرانی خۆشەویست پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل و خەستی بەندی دووەممان کرد..

ئێستا دەچینە سەر بەندی چوارەم لە بانگەوازی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ.. نابێ هیچ کەس دیل و کۆیلە بکرێ، کۆیلەیەتی و بازرگانی کۆیلە، بەهەموو شێوەکانی قەدەخەیە.

کۆرس١: ئای کەوا.. نییە و نییە..

ئافرەت١: لە چەرخی ئەپۆلۆو ئۆتۆم..

پیاو١: لە چەرخی پەرەسەندنی سەرمایەداری.

ئافرەت٢: لە چەرخی هەموو جۆرەکانی پەرلەمان.

پیاو٢: پاش سی و سێ ساڵ لە دەرچوونی ئەم بانگەوازە

ئافرەت٢: پسپۆڕانی پنتاگۆن و سی، ئای، ئەی بە هاریکاری لەگەڵ کۆمپیوتەرە تایبەتییەکانی گەیشتنە ئەم بڕیارە.

ئافرەت١: لەمەولا لە پێناو پەرەسەندنی تەکنەلۆجیا و شارستانیەتی هاوچەرخ

پیاو١: پێویستە چاو لە بازرگانیەتی کۆیلە و بازرگانی سەربەست، چی دەکرێ و چی دەفرۆشی، چونکە بازاڕ بۆ هەموو کەس کراوەتەوە.

ئافرەت١: بەرامبەر ئەوە لە پێناو پەیداکردنی بازاڕ.

پیاو٢: لە پێناو فرۆشتنی ئەو هەموو کەرستە ئەلیکترۆنی و ئۆتۆماتیکانەی.

ئافرەت٢: لە پێناو سوود وەرگرتن لە گەلە نەزانەکان لە پیشەسازی هاوچەرخ

پیاو١: پسپۆڕانی پنتاگۆن سی، ئای، ئەی..

ئافرەت١: بە هاریکاری کۆمپیوتەرە تایبەتەکان

ئافرەت٢: گەیشتینە ئەم بڕیارە.

پیاو١: پێویستە گشت گەلە نەزانەکان ئەوانەی هێشتا سەربەخۆ نین دیل و کۆیلە بکرێن.

پیاو٢: بەڵام ئەو گەلانەی لە دەست دەرچوون، خێرا بە هەر شێوەیەک ئازادییان لێ بسەندرێتەوە بێنە سەر هێڵی دیلی کۆیلەتی...

(تاریکی)

(دیمەن بارەگای لەپ زێڕین)

خانی: واتە گشت سەرکردەو لێپرسراوان دەستیان پێ کرد.

میرزا: بەڵێ گەورەم شەڕوانەکانیش بە ڕێکوپێکی مەشق دەکەن و فێری شێوازی شەڕی هاوچەرخ دەکرێن.

خانی: جوانە. پاش کۆبوونەوە سەرێکیان لێ دەدەین.

میرزا: جێی خۆیەتی.

خانی: ئێ کاکە خان ڕای تۆ چۆنە؟

کاکە: گەورەم.. دەربارەی چەک و تفاق تا ئێستا، بەو ماوەیە کورتە خاچۆی کارامە بیست تۆپی دروست کردووە.

خانی: زۆر باشە... دابەش کران.؟

کاکە: نەخێر گەورەم هێشتا لە کارگەن. چاوەڕێی دەستەی باڵای سوپا دەکەن.

خانی: ئەمڕۆ دابەشیان دەکەینە سەر بورجەکان.

کاکە: بەڵێ گەورەم.. لەبارەی تفەنگ و تیر و شمشێر. جگە لەوانەی خۆمان هەمان بوو.. تا ئێستا سێ کاروان گەیشتووە هەر کاروانێ هەزار تفەنگ و پەنجا باتمان بارووتی هێنابوو. ئەوانی تریش بێ ژمار.

خانی: ئەی لەبارەی بازرگانە بەغداییەکە.

کاکە: گەورەم بەگوێرەی دوا نامە، دوور نییە سێ رۆژی تر بگاتە دمدم.

خانی: دەمخۆش. ئێی حەمەد بەگ کاروباری تۆ چۆنە؟

حەمەد: قوربان بازاڕم گەرمە. تا ئێستا دە هەزار فەردە گەنم و پێنج هەزار جۆ و چوار هەزار ساوار و هەزار فەردە نیسک و دووهەزار نۆک لە عەمباردا حەشار دراوە دوا ژمارەی مەڕومالات گەییوەتە دە هەزار سەر، بەڵام لەبارەی ئاو. سەهۆڵخانەکە پڕ کراوە لە سەهۆڵ و ئاو خانەش لە سای سەری کانییەکەی باکوری دمدم هاژەی دێ. قوربان بە مەزندەی من خواردن و ئاو بەشی ساڵێکی رەبەقمان دەکا.

خانی: ئافەرین حەمەد بەگ، ئەی باوکم نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب. ئەگەر کارێکی وا نەدەی بە بازرگانێکی خاوەن ئەزموونی وەک حەمەد بەگ، قەڵانشینەکان لە تەنگانەدا لە برسان و بێ ئاوی دەمرن.
ئافەرین حەمەد بەگ.

حەمەد: سوپاستان دەکەم قوربان.

خانی: حەمەد بەگ بە هاریکاری لەگەڵ میرزا خاندا بە زووترین کات دوو گومبەت دروست کەن بۆ سەهۆڵخانەکە و ئاوخانەکە. تا لەبەرچاو بزربن.. هەر لە تەک هەر یەکێکیان بورجێک دروست کەن بۆ ئەوەی لەشکر بیانپارێزێ.
تا دەشتوانن مەهێڵن بێگانە و لایەدە بە شوێنی ئاوەکە بزانن.

میرزا: ڕایەکی زۆر بەجێیە (هات و هاوار)

خانی: ئەم هات و هاوارە چییە؟ "دەرگەوان"

دەرگەوان: (دێتە ژوور) فەرموو گەورەم..

خانی: چی قەوماوە؟

دەرگەوان: گەورەم خاچۆ هاتووە، دەڵێ ئیلا و بیلا میرم دەوێ..

خانی: خاچۆ! با بفەرمووێ.. (دەرگەوان خاچۆ دێت)

خاچۆ: (ڕووی لە دەرگەیە) بە مەلایەکە بڵێ نەڕوا.. ئەمن دەوێ.. ها گەورەم ئەمن چ گۆتی ئەمن نەگۆتی مەی هەر دەخوا کردی؟. ئەمن نەگۆتی خاچۆ ئاشق.. ه..

خانی: فەرموون خاچۆ، تۆ هەر چی بڵێی فەرمانە.

خاچۆ: ئەگەر تۆپ نەکردی هەقە، ئەگەر سەرخۆش کردی هەقە ئەگەر ئیشێک خراپ کرد هەقە.. ئەگەر..

خانی: باشە چی بووە، کێ دڵی شکاندووی؟

خاچۆ: نا ببوور.. مەلایەک.. ئەمن نازانی لەدەست ئەم دنیایە بۆ کوێ بچێ، سەر هەڵگرتی..

خانی: کامە مەلا؟

خاچۆ: ئەوە لە پشت دەرگە رادەست کردی.

خانی: با مامۆستا بفەرمووێ.

مامۆستا: (دێتە ژوور) السلام عليكم يا امير الامراء ئەی ئەو زاتەی خوای تەبارەک و تعالی بۆ ئێمەی پەرستی نارد تا رزگارمان کا لە فیعلی شەیتان و..

خانی: فەرموو مامۆستا، بەخێر بێی

مامۆستا: خوا مونتەسیرت کا.. خوا «جنة المأوي» بە قسمەتت بکا.. خوا..

خانی: ئینجا مەسەلە چییە؟

خاچۆ و مامۆستا: قوربان. گەورەم.. گەورەم.. قوربان..

خانی: خاچۆ بوەستە با قسە بکا..

مامۆستا: قوربان

خاچۆ: گەورەم..

خانی: خاچۆ.. (بە گلەیی)

خاچۆ: نە، میر ئەمن یەکەم جار قسە کردی..

خانی: ئاخر ئەو مەلایە..

خاچۆ: (پێدەکەنی) ئەو مەلایە.. ئەمن سەرخۆش..

مامۆستا: اعوذ بالله من الشيطان الرجيم.. قوربان لایجوز، کافر دەبێت. چۆن دەبێ سەرخۆش بەر لە مامۆستایەکی موحتەرەم قسە بکا

خانی: خاچۆ چی دەڵێی..؟

خاچۆ: لایجوز. ئەمن خاچۆ، سەرخۆش، دوژمن لەگەڵ ئەوە

خانی: فێری لایجوزیش بوو.. باشە چۆنە شێر و خەت هەڵناوێن؟

مامۆستا: قوربان لا.. (خاچۆ یجوزی بۆ تەواو دەکا) شێر و خەت قومارە.. قوماریش..

خاچۆ: لایجوز.. هەی نەزەن. دنیا خەونە.. رابوێر کردی.. ها نجۆ، پێ بکەنە.. ها هەی..

خانی: (نەختێ بەتوندی) خاچۆ.. ئەو ئامۆژگارییە بۆ خۆت هەڵبگرە..

مامۆستا: اعوذبالله من الشيطان الرجيم.. استغفرالله.. کورە مەلعون ئەم بۆگەنە لابەن.. قوربان.

خانی: خاچۆ راوەستە. مامۆستا با قسە بکا.. لە کۆڵت دەبێتەوە.

مامۆستا: لایجوز..

خانی: ئەی تۆ خاچۆ..

خاچۆ: لا.. لا.. لا.. لایجوز.. (پێدەکەنن)

خانی: ئەی چارە.! ها، بزانە خاچۆ، تۆ دەخۆیتەوە ها؟ ئارەزووی خۆتە، بەڵام بەهێمنی، سەری مامۆستا مەیەشیینە..

خاچۆ: ئەو سەری من دەیەشین کردی: ئەمن هەق لەو نی کردی.

خانی: باشە.. مامۆستا گیان تۆش واز بێنە لە خاچۆ مەڕ بە پێی خۆی بزن بە پێی خۆی.

مامۆستا: باشە، بەڵام بە ئەرمەنی گۆرانی نەڵێ.

خاچۆ: غەشیم.. ئەمن فێرە کوردیش کردی.. خاچۆ حەز دەکا بە هەموو زمانێک گۆرانی کردی.. ئەتۆ حەز لە کوردی دەکا.. ئای..

مامۆستا: لە ڕاهی خوا قوربان.. ڕابگرە..

خاچۆ: ئەمن دەزانی ئێوە قەشە، مەلا.. حەز لە گۆرانی نەکردی. ئێوە بەس سەردوولکە، شیوەن.. (هەندێ قسەی نا ناسراو دەکا).. ئامین.

خانی: تەواو.. لەمەولا کەستان هەقی لەوی تر نەبێ.. تۆ گۆرانی خۆت بڵێ و مامۆستاش کاری خۆی. مادامەکی هەردوو دڵسۆزن بۆ دمدم.. ئێمە ڕێز لە هەردووکتان دەگرین، چونکە دمدم پێویستی بە گۆرانی هەیە و بە سەردوولکەش.

خاچۆ: ئەوە ئیسلامی تەواوە.. فەرموو مامۆستا (دەستی دەگرێ) خوا حافیزی کردی.. (دەڕوا)

خانی: گەورەکانم مەسەلەی گرینگی ئەم قۆناخەمان پاراستنی سەربەخۆیی دمدمە.. واز لە مەسەلە بچووکەکان بێنن تا دەتوانن ڕێ خۆش کەن بۆ یەکەتی مەبەست. کەی دمدم بووە شت. ئەوسا بە دانایی و بە هێمنی ڕواڵەتە نارەواکان وردە وردە چارەسەر دەکەین.

دەرگەوان: (دێتە ژوور) گەورەم نێرراوی حەسەن خانی ئوستاجلو گەیشت.

خانی: با بفەرمووێ.. (دەرگەوان دەردەچێ)

نێرراو ٢: (دێتە ژوور، نامەیەک دەدا بە لەپ زێڕین و دەگەڕێتەو) قوربان حەسەن خانی ئوستاجلو سەرکردەی لەشکری خاوەن شکۆی شای عالەم پەنا

سـلاوێکی دۆسـتـانەت لـێ دەکـات و چاوەنوارە بە زووترین کـات وەڵامی بدەیتەوە.

خـانی: زۆر چاکـە.. فەرمـوو برۆ بحـەسـێیەوە (نێرراو دەردەچێ نامـەکە بە بێدەنگ دەخوێنێتەوە.. سەر بادەدا). فەرموو میرزا بیخوێنەوە..

مـیـرزا: "نـامـەکـەی لێ وەردەگـرێ بە دەنگ دەیخـوێنێـتـەوە " لە حـەسـەن خـانی ئوستـاجلو سـەرکردەی لەشکری خـاوەن شکۆ شـای عالەم پەنـا بۆ خـانی لەپ زێرینی مـیری برا دۆست.. سڵاوێکی گەرم.. ئەی مـیری خۆشـەویست خاوەن شکۆ فەرمانی پیرۆزی پێ راگەیاندووم کە لە ئەسفەهانی پایتەختدا مێوانداریت بکا.. و ئەگەر جـەنابت ناتوانی با حەمەد بەگ، «چەند پیاوێکی باوەڕ پێکراوی خـاوەن ئەزمـوون لە چاک و خـراپی کـوردسـتـان» بنێرە، بۆ ئەوەی ڕاو و تەگـبـیـر بـکەن لە پێناو بـەرژەوەندی وڵات و رێگە نیـشـاندانی کەژاوەی شـا بدەن، چونکە خاوەن شکۆ دەیەوێ سـەر لە کوێستان بدات.

خانی: بەسە کورد نە نۆکەرە و نە دەلیل. رێگە نیشانی.. کەژاوەی قسەی قۆڕ..

مـیـرزا: دەسـتـیـان بە جـووڵە جـووڵ کـرد... هاتنی حـەسـەن خـانیش هـەر بۆ ئەو مەبەستەیە.

حـەمـەد: (هـەر لەو کـاتەیەوە لە نامـەکـەی حـەسـەن خـاندا ناوی هـاتـووە شـێـواوە) قوربان نامەکە چی تێدا نییە.. زۆر ئاشکرایە.

کاکە: بێگومان زۆر ئاشکرایە. داوا دەکات بچین کڕنوش بۆ عەباس بەرین.

حەمەد: (بە تووڕەیی) جا ئەگەر.. جا ئەگەر..

خانی: جا ئەگەر چی حەمەد بەگ..

کاکە: دڵنیام نیازی وایە بڵێ جا ئەگەر کڕنوشیشمان برد چی تێیدایە..

حەمەد: نا قوربان..

خانی: مەڵێ قوربان، کەس بە قوربانی کەس نابێ.

حەمەد: گەورەم.. من.. قوربان من..

خانی: برۆ بحەسێوە.. سوور هەڵگەڕاوی.. دیارە تات لێیە.

حەمەد: سوپاس قوربان..(بەتاو ڕادەکا)

خـــانی: لە ئێـســتـــاوە تـەپڵـی شـــەڕ لێ دەن، ئـامـــادەیی تەواو ســـاز کـــەن ئەی

قەڵانشینەکان ئەی شەڕوان سەرکردەکانی سوپای دمدم. ماوەیەکی تر کۆڕی پاڵەوانی و جوامێری خۆش دەکریێ.. پێویستە کارێکی وا بکەن.. تا کورد مابێ سروود و شیعرتان بۆ بڵێ.

(تاریکی)

کۆرس١: خۆ دەزانین ئەوان زۆر و ئێمە کەم
خۆ دەزانین چەکیان زۆرە و ئێمە کەم
وان نازانن ئێمە دەمرین بۆ ژیان
هەر ناشزانن ئەوان دەژین بۆ مردن
هەر هەست ناکەن نرخی سەربەستی چییە.
بۆیە بڕوای ئێمە زۆر و ئی وان کەم..
(تاریکی)

دەنگ١: ها دان بەو تاوانە دەنێی یان وەکو ئەوانی تر لاساری دەکەی؟

خانی: گەورەکان.. دادپەروەرانی بەڕێز.. بەگوێرەی چ یاسایەک پاراستنی وڵات لە داگیرکەران بە تاوان دادەنرێت.

دەنگ٢: پاراستنی کام وڵات؟

خانی: وڵاتی من..

دەنگ٢: وڵاتی تۆ.؟ تۆ کەی لە چ زەمانێک وڵاتێکی سەربەخۆت هەبووە کابرا.. ئەگەر خۆتی لێ گێل نەکەی خۆت چاک دەزانی کە وڵاتی تۆ هەموو کات بەشێک بووە لە هەرێمە جۆراوجۆرەکانی شای ئێران و سوڵتانی عوسمانییەکان پاراستنی ئەو هەرێمانەش دەکەوێتە ئەستۆی شا و سوڵتان، نەک تۆ.. ئەوان شا و سوڵتانن.

خانی: منیش میرم... من خانی لەپ زێڕینم، من سەرکردەی نەتەوەیەکم، نێردراوی دڵسۆزترین و ئازاترین پێشڕەوی نەتەوەم، گەورەکان، من یەکێکم لەو هەموو نیشتمانپەروەرە دڵسۆزانەی دمدم کە گیانبازانە تێ دەکۆشن لە پێناو دەرکردنی داگیرکەر و وەدەست هێنانی سەربەخۆیی. (هەر سێ پێدەکەنن)

دەنگ١: سەیرە... تۆ، جاروبار باسی داگیرکەر دەکەی، پێم ناڵێی ئەو داگیرکەرانە

کێن؟ کێ وڵاتی تۆی داگیر کردووه؟

خانی: شا و سوڵتان... گەورەم سەیر ئەوەیە کە دەزگایەک ناوی لە خۆ ناوە دادگە، تا ئێستا کەس نازانێ کێ دمدمی داگیر کردووە. ئێوە یا هەستتان نییە. یا خۆتانی لێ نەزان دەکەن.

دەنگ٢: ئێمە دەزانین مەسەلەکە چۆنە، کابرا ئەو مەسەلەیە بە چاوی ئێمە، بە بڕوای ئێمە داگیرکردن نییە. مەسەلەکە لە مێژووە.

خانی: باشتریش ئەوانە هەر لە کۆنەوە خاکی ئێمەیان داگیر کردووە.

دەنگ٣: کەواتە بووە موڵکی وان....

خانی: بەگوێرەی کام یاسا؟

دەنگ١: بەگوێرەی یاسای عەقاری. هەر کەسێ بۆی هەیە خانوویەک لەسەر زەوییەکی خاوەن نەناسراو دامەزرێنێ..

دەنگ٢: وە ئەگەر خاوەنی زەوییەکە بۆ ماوەیەکی دیارکراو دەرنەکەوت.

دەنگ ٣: زەوییەکەش دەبێتە موڵکی ئەو..

خانی: بەڵام ئێمە دیارین، ئەوەتاین، واین لە بەردەمتان..

دەنگ١: ڕۆڵە ئێوە دیارن، هەن... بەڵام لە لیستی خاوەن زەوییەکاندا تۆمار نەکراون.

دەنگ ٢: هەر کەسێکیش ناوی تۆمار نەکرابێ.. زیندووش بێ مردووە.

دەنگ ٣: هەر کەسێکیش ناوی تۆمار کرابێ مردووش بێ زیندووە.

دەنگ ١: ڕۆڵە ئەمە یاسای شارستانیەت وا دەڵێ.

خانی: نەفرەت لەو شارستانیەتە بدا کاتێ فرمێسکی کۆرپەیەکی پێ ناناسرێتەوە. نەفرەت لەو شارستانیەتە بدا کاتێ بەگوێرەی یاسا میللەتان دەچەوسێنێتەوە.

دەنگ ٢: بەم قسەیە، چەرخی بیستەم تاوانبار دەکەی، ئەوە تاوانێکی تریشت بۆ خۆت زیاد کرد.

خانی: چەرخی بیستەم! کە گوایە بووکی چەرخەکانە... گوایە... چەندان فەلسەفە و بیروباوەڕ هاتن و چوون، ئاڵوگۆڕ کران، نوێ هات کۆن کۆچی کرد، کۆن گەڕایەوە و نوێ هەڵکرووزا... ئاڵوگۆڕ... مارە بە جاش... داهێنان،

تەکنەلۆجیا، شتی سەیروسەمەرەتر هاتە کایەوە.. زۆربەی خەونەکانی مرۆڤ بوونە ڕاستی... یۆتوبیاو ڕێژیمی سەیرتر دروست بوون... زۆربەی زۆری بیرورِا و فەلسەفەکان بەرگێکی هاوچەرخانەیان لەبەر کرد، بەڵێ گەورەکان...

زۆر شت لەم چەرخەدا گۆڕان، تەنیا یەک شت نەبێ، ئەویش ڕاستییە... نەگۆڕا و نەگۆڕا... وەکو جاران، وەکە سەردەمی سپارتاکۆس، حەلاج و مەم، بەڵێ وەکو جاران، ڕاستی مەدالیایەکە لە ملی بەهێز و چەکدارەکان هەڵواسراوە.

دەنگ ١: ئێستا دان بە تاوانەکەت دەنێی یان نا؟

خانی: تاوان ئەوەیە مرۆڤ ڕاستی بزانێ و خۆی لێ نەزان کا؟

دەنگ ٢: سێیەم تاوانی لیستە درێژەکەی ئەم دڕندەیە.

(تاریکی)

(دیمەن بارەگای شایە باسە)

دەنگ: خاوەن شکۆ شای عالەم پەنا دەفەرمووێ...

شا: نازانم ئێوە چۆن دەزگێڕێکن، دەڵێی لە وەخت و شوێن نازانن... جارێکی تر ئەگەر لە کۆشکی سی و یە دا بووم، ئێران گشتی نغرۆ بێ بانگم مەکەن.

ئیعتماد: قوربان شای عالەم پەنا.... دەنگ و باسی میری برادۆست گەیشت.

شا: میرە گۆجە، خانی لەپ.. پیاو بوو... چاوی ترسا؟

ئیعتماد: نەخێر خاوەن شکۆ... بەگوێرەی ئەو نامەیەی حەسەن خان ناردوویەتی، گوایە میری برادۆست، لە جاران گورجتر خۆی ئامادە دەکات... بەتایبەتی پاش ئەوەی کارگەی تۆپی دروست کردووە.

شا: کارگەی تۆپ!؟ ئاوا!؟ واتە... واتە... تەواو.. (هێمنی) هەر چەندە بەرەو زستان دەڕۆین.... زستانیش لە بەرژەوەندیی ئەوە، بەڵام ئەگەر هەموو نەوەی کیسراو گشت میرە کوردەکانی خۆمانی بە گژەوە نێین، هەر کەمە...

ئەگەر میرە گۆجە بگاتە هاوین کار لە کار دەترازێ.... ئیعتماد...

ئیعتماد: بەڵێ خاوەن شکۆ...

شا: هەر ئێستا، بەڵێ ئێستا بەرەو دمدم برۆ. لەشکرێکی یەکجار ئەستوور ببە... خۆت سەرپەرشتی شەڕەکە بکە.
مەگەڕێوە تا ماڵ و منداڵ و چاک و خراپیان لەناو نەبەی، قەڵاکەیان بە سەردا برووخێنە.... ئەگەر بۆت لوا میرە گۆجەم بە زیندوویی بۆ بهێنە... نامە بنێرە بۆ گشت میر و سەرکردەکانمان تا بگەنە فریات. پێش دانانی پلانی شەڕ سوود لە سیخوڕەکانی دمدم وەرگرن... با یەک دووانێک دمدم بەجێ بهێڵن و بگەنە ئۆردووگا... وەزیری خۆشەویست من هیوایەکی تەواوم بە دانایی و ئازایی تۆ هەیە. بە هەرحاڵێ ئەگەر لە ئێمە سەت بکوژرێ و لەوان یەک بیکەن.. گرینگ ئەوەیە میرە گۆجە نەگاتە زستانێکی تر.... تەواو....
(تاریکی)
کۆرس ٢: لە ئەرشیفی شاهەنشایانی ئێراندا، لە لاپەڕە زەردەکانی وێرانکردن... چەندان زانیاری هەیە، لەبارەی چەوساندنەوە... لە هۆیەکانی دەغەزدا... لە دیوانی چاوبرسیەتی، لە بارەگای داگیرکردن... چەندان سەرکردە هەیە... چەندان شارەزا و سیخوڕ... شەو و ڕۆژ پیلان دادەنێن... لە پێناو یەک بستە زەوی... شەو و ڕۆژ ئالوگۆڕ دەکەن، هەتا دمدم سەر نەکەوێ. دەی هەستە لەپ زێڕین وەرە... پەشیمان بە.... هەر پەشیمانییە ئەنجام... هەستە وەرە... تاو نەرمە خێرا کڕنۆشمان بۆ بەرە.
(تاریکی)
(دیمەن ـ بارەگای لەپ زێڕین)
خانی: نەخێر ئێمە کڕنۆش بۆ کەس نابەین، مێژوومان ئاوا دەڵێ، دەشێ ماوەیەک تووشی کزی و نشوستی ببین، دەشێ ماوەیەک دەماری بازرگانیەتی و کڵاوت بگرە با نەیبا زاڵ بێ بە سەرماندا. بەڵام سەرەنجام هەر کەڵێنێک دەدۆزینەوە بۆ ڕاپەڕین، لە کۆتاییدا هەر دەمارە رەسەنە مێژووییەکە زیندوو دەبێتەوە، وەک جاران داوودەزگای پاشاکان لە بنەوەڕا هەڵدەتەکێنین، گەورەکانم کورد کڕنۆش دەبا، بەڵام تەنیا بۆ خوا... دوا دەنگوباس؟

میرزا: گەورەم ئەو میرە کوردانەی نامەمان بۆ نووسین نارەسەن دەرچوون تەنیا ئەبدال خانی موکری نەبێ.

خانی: تەنیا ئەبدال خان؟

میرزا: بەڵێ گەورەم، لە پەنجا میر تەنیا ئەبدال خان بە پیرمانەوە هات، بڕیار وایە هەر ئەمڕۆ سبەی بە چوار سەت شەڕوانەوە بگاتە قەڵا..

خانی: ئەی عەلی بەگی سۆران؟

میرزا: گەورەم عەلی بەگ لە بارودۆخێکی ترسناکدا دەژی، تەنانەت خۆی بە چاکی پێ ناپارێزرێ.

خانی: وەکو گوتمان...

میرزا: میرەکانی تریش.. من دڵنیام، هەر لەگەڵ یەکەم چاوترووکانی شا یەکسەر بە پێش سوپای دوژمن دەکەون.

حەمەد: ناپاکن، نارەسەنن.

خانی: کاکە خان تۆ چۆنی؟

کاکە: وەکە دڵت دەیەوێ... دەوروبەری دمدم پڕن لە شێر و پڵنگ، گەورەم هەتا پیر منداڵیش داوای چەک دەکەن.

خانی: سەرەتایەکی باشە، بەڵام ئاگەدار بن ئەوەی بە ئارەزووی خۆی، بە هەست و نەستی خۆی داوا نەکات...

زۆر لە کەس مەکەن، کاتێ شەڕوان مەسەلەکە تێ نەگات و خۆشی نەوێ هەرگیز نە بە دڵسۆزانە بۆی دەجەنگێ، نە بە ئازایی...

کاکە: گەورەم، چۆنی دەفەرمووی وایە، ئێمە تا ئەو کاتە لە کەسمان داوا نەکردووە، تەنیا مەسەلەمان تێ گەیاندوون، دیارە ماندوو بوونەکەشمان بە فیڕۆ نەچووە، خۆشەویستی گەل و وڵات و لەپ زێڕین بووەتە وێردی سەرزاری گشت هاووڵاتییەک.

(تاریکی)

(دیمەن. نێو قەڵا، شەڕوانان مەشق دەکەن، ژنێک لەگەڵ سێ کوڕدا دێن)

ئافرەت: (شەڕوانەکان ڕادەگرێ) ئەرێ بە قوربان... برا... کاکە.... ڕۆرە تۆ...

شەڕوان١: (بە تەنیا لەلایەکەوە دێت) ها خوشکە فەرموو...

ئافرەت: قوربان لە کوێ ناو دەنووسن..
شەڕوان١: بۆچی خوشکم...؟
ئافرەت: تۆ هەقت نەبێ برام...
شەڕوان١: چۆن هەقم نەبێ... شوێنی گەنم جیایە، برنج جیایە، نیسک جیایە.
ئافرەت: کاکە نیسک و برنجی چی، تەڕەماشی چی! ناوی شەڕوانان...
شەڕوان١: ئاوا !؟ خوشکم لای باشچاوەش...
ئافرەت: دە کەواتە بە قوربان ئەو سێ کوڕەم بەرە بۆ لای باشچاوەش.
شەڕوان ١: تەمەنیان چەندە؟
ئافرەت: گەورەکەیان هەژدە ساڵە و دووەکەی تریش شازدە و چواردەن.
شەڕوان١: فەرموو کاکە... (گەورەکە بەرەو پێش دەکا)
ئافرەت: ڕاوەستە... ئەی دووەکەی تر؟
شەڕوان١: تەنیا گەورەکەت وەردەگیرێ.
ئافرەت: ئەی ئەم دوو لاوە قۆزە..!
شەڕوان١: ناوەنجییەکە پاش دوو ساڵ، بەڵام ئەوە جارێ چوار ساڵی ڕەبەقی ماوە.
ئافرەت: ئێ بە قوربان مادامەکی بە ئارەزووی خۆمان دەمانەوێ بەشداری بکەین تۆ هەقت چییە.
شەڕوان١: چۆن من هەقم چییە!؟ خوشکم ئەوە یاسایە... منیش یاسا دەپارێزم.
ئافرەت: سەیرە... ڕۆرە یاسای چی! ئەوە شەڕە شەڕ... تۆ چۆن شەڕوانێکی! ئەوە لەجیاتی کەیفت بێ...
شەڕوان١: هەڵبەت کەیفم دێ... بگرە بە خۆشم دەنازم کە دایکانی ئەم دمدمە پیرۆزە هەمووی وەک تۆنە.... بەڵام...
ئافرەت: لاکەوە... دەی.... با نەچمە لای میر سکاڵات لێ بکەم...
شەڕوان١: هێواش دایە هێواش... گوایە من..
ئافرەت: وس... نەڵێی شەڕوانم ها... وس.... وس...
کاکە خان: (لە پڕ کاکە خان و چەند شەڕوانێک دێن) ها خوشکە... چی رووی داوە؟

شەڕوان ١: گەورەم...

ئافرەت: وس... نقە نەکەی...

کاکە: دیارە شتێ قەوماوە؟

ئافرەت: ئەی چۆن برام... چۆن نەقەوماوە ! نابینی لای خۆی شەڕوانی خانی لەپ زێڕینە! قەت شەرمت نەکرد؟

شەڕوان١: گەورەم..

ئافرەت: پێت دەڵێم وس..

کاکە: خوشکم دیارە ئیشی ناڕەوای لە هەقت کردووە...

شەڕوان: گەورەم (ئافرەتەکە دەیەوێ قسە بکات) بێدەنگ، ئەو خوشکە دەڵێ ئیلا و بیلا دەبێ هەرسێ کوڕەکەم بۆ شەڕوانی ناو بنووسن..

کاکە: تۆ چیت گوت؟

شەڕوان١: (بە ئافرەتەکە) بێدەنگ، منیش گۆتم گەورەکەیان باشە، بەڵام دووەکەی تر ڕێگەیان پێ نادا..

کاکە: خوشکم ئەو قسانە ڕاستە؟

ئافرەت: بەڵێ گەورەم..

کاکە: قسەی ترت نەگوتووە؟

ئافرەت: نەخێر.

کاکە: (دەچەمێتەوە دەستی ماچ دەکات) زۆر زۆر ئافەرین خوشکی بەڕێز. دیارە کورد دایکی وەکو تۆی هەیە بۆیە هەموو کات سەر بەرز و نەبەزە.

ئافرەت: کەوابوو..

کاکە: خوشکی خۆم ئەوە بڕیاری دەستەی باڵای لەشکرە، بەڵام بەسەری خانی لەپ زێڕین کەی بە پێویستمان زانی، دووەکەی تریش ناو دەنووسین..

(تاریکی)

(دیمەن. چیرۆکوانێک. شەڕوانێکی لاو و کیژۆڵەیەک وەستاون)

گوڵناز: (لە ناخەوە دەگریت بەڵام بە نزمی) دەزانی تۆ یاریم پێ دەکەی..

شەڕوان٢: من یاری بە تۆ دەکەم! حەیفت نییە گوڵناز خان.. من بە قەد ئەو دنیایە قسەیەکم لەگەڵدا بکەی..

خەندەیەکم پێ ببەخشی نا گوڵناز چۆن دڵت هات ئەو قسەیە بکەی.

گوڵناز: لە رەفتارت را دیارە. دەتەوێ بمفرۆشی.. دیارە کچێکی ترت..

شەڕوان٢: گوڵناز گیان.. سەیرە! پێم ناڵێی لە بەرچی ئەو قسانە دەکەی؟ چیت لە من دیوە؟ چیت بیستووە؟

گوڵناز: هیچ.

شەڕوان٢: ئەی ئەم سەردوولکە و شیوەنەت لە پێناو چی؟

گوڵناز: نازانم هەر گریانم دێ..

شەڕوان٢: دە بەسی کە چاوەکەم کە تۆ دەگرییێی، دنیام لە بەرچاو ڕەش دەبێ.. نازە گیان چاوەکەم.. دە بەسە.. خەندە و یەک نازە... هەر هەتا دڵم خۆش بێ.. ئێستا دەڕۆم تا سێ رۆژی تر ناگەڕێمەوە.

گوڵناز: هەر دیتت شەڕ هەڵایسا..

شەڕوان١: ئەو کاتە دوور نییە هەر نەگەڕێمەوە.

گوڵناز: ئاخر. بۆیە.. بۆیە.. (دەگرییێتەوە)

شەڕوان٢: بۆیە چ؟ دە قسە بکە نازە گیان.. بۆ چ؟

گوڵناز: بۆیە حەز دەکەم.. خێرا..

شەڕوان٢: خێرای چی؟ دەی ئاگرم تێ بەربووە.. خێرای چی؟

گوڵناز: ئاخر.. ناتوانم.. تۆ بڵێ..

شەڕوان٢: من چ بڵێم.. دەی قسە بکە..

گوڵناز: شەرمێ دەکەم.. خۆت تێ بگە..

شەڕوان٢: خوای گەورە نازەی من لە چی شەرم دەکا و منیش لە چی تێ بگەم! نازانم.. مەسەلە چییە تێ ناگەم..

نازە گیان مردم.. چیتر توانام نەما.. خوات لەگەڵ.. "دەڕوا"

گوڵناز: ئازاد... بۆ کوێ؟

شەڕوان٢: بۆ سەنگەر.. کاتم نەما..

گوڵناز: ڕاوەستە.. مەڕۆ..

شەڕوان٢: نەختێکی تر لات بم.. خاو دەبمەوە.. توانای هیچم نامێنێ..

گوڵناز: ئازاد.. (بۆی دەڕوا)

شەڕوان٢: هۆی گریانەکەتم پێ دەڵێی؟ (گوڵناز بە سەر وەڵامی دەداتەوە) (ئینجا جەنگاوەرەکە دەچێتە لای)

دەی گیانەکەم بزانم مەسەلە چییە؟

گوڵناز: (بێدەنگی) کەی.. کەی، دەمگوازیتەوە..

شەڕوان٢: (بێدەنگی) گوڵناز گیان.. بە خۆت دەزانی.. ئەوە هیوای منە..

گوڵناز: کەی دەمگوازیتەوە..؟ (بە دەنگێکی بەرز و تووڕە)

شەڕوان٢: پاش کۆتاییی شەڕ.

گوڵناز: ئەگەر کوژرای؟

شەڕوان٢: خوام لێ خۆش بێ...

گوڵناز: نا گیانەکەم وا مەڵێ.. خێرا.. با بە یەک بگەین پێش ئەوەی پێش ئەوەی... (دەگرییێتەوە)

شەڕوان٢: (بێدەنگی فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس ماوە) نازەکەم.. من نامەوێ.. من نامەوێ..

گوڵناز: (سەری بەرز دەکاتەوە) چیت ناوێ..؟

شەڕوان٢: نامەوێ، پاش من.. بە بێوەژنی..

گوڵناز: (بەناڵە) نا.. ئازاد.. وا مەڵێ گیانەکەم لە ڕاهی خوا...

شەڕوان٢: ئەوە شەڕە و.. دوژمن شایە.. نازە گیان... دووری مەگرە بکوژ..

گوڵناز: (دەمی ئازاد دەگرێ) تەواوی مەکە بیکە بۆ خاتری ئەو خوایە.

شەڕوان٢: تەواوی کەم یا نا.. ئەوە راستە..

گوڵناز: ئاخر بۆیە حەز دەکەم زوو بە یەک بگەین..

شەڕوان٢: دوور نییە بکوژرێم..

گوڵناز: ئەوە شەڕە..

جەنگاوەر٢: دەبیتە بێوەژن..

گوڵناز: راستە، وەک ئەو هەموو دڵبەرانە.. دوور نییە ببمە بێوەژن، بەڵام تا دەمێنم شانازی بەوە دەکەم کە مێردم لە پێناو وڵاتدا کوژراوە.

(تاریکی)

(دیمەن، کارگەی خاچۆ. بە مەورەد لوولەی تۆپێک دروست دەکات)

خاچۆ: مەمەد.. کوڕە مەمەد.

محەمەد: (لە ژوورەوە) بەڵێ وەستا خاچۆ..

خاچۆ: ژمار کردی..

محەمەد: (دێت) بەڵێ، ئەگەر ئەوەی دەستیش تەواو بێ دەکاتە ٧٥ تۆپ..

خاچۆ: کوڕە کیوی نەزان. وەحشی ئەمن تۆپ ناڵێ..

محەمەد: ئەی وەستا خاچۆ مەبەستت چییە..

خاچۆ: ئاراق هەیی هەیی، ئاراق چەند قەرابە مایتی؟

محەمەد: وەڵڵا وەستا خاچۆ بە خۆت دەزانی من لەو کارگەیە توخنی دوو شت ناکەوم، یەکەم بارووت دووەم ئارەق.. یەکەمیان دەستم دەسووتێنێ.. دووەمیش هەناوم.

خاچۆ: ها مەمەد ها ئەتو خێر نوکتە کردی... وەرە دانیش کردی هەی وەشخی، نەزان، (قەرابەیەک دێنێ)

هەی نەزان ئەتۆ نرخی ئەوە نازان کردی.

محەمەد: تۆش نرخی (دەست بۆ زگی خاچۆ دەبا)، ئەوە نەزان کردی..

خاچۆ: (پێدەکەنێ) هەی نەزان، وەشخی..(بە توندی) مەمەد ئێمە هەموو دەمری.. نەزان وەشخی، زۆر بژی کەم بژی وەک یەک کردی.. هەر دەمری.. عیسا مردی (بەخاوی) مەمەد.. زەیتوو بێنە.. (محەمەد دەڕوا زەیتوون دێنێ) وەڵا مەمەد ئێوە ئازا.. بەڕاستی کورد ئازا.. ئەتۆ بزان، بزان، خوارێ هەموو قەڵا هەموو قزلباش، سەرباز شا.. ئەها بنۆر کردی.. بژی.. قزلباش زەوی رەش کردی.. چەند تۆپ؟ زۆر، زۆر.. مەمەد.. ئەتۆ ترس نەکردی..

محەمەد: بەڵێ..

خاچۆ: بەڵێ؟ ئەدی چۆن ڕاناکردی؟

محەمەد: وەستا خاچۆ ئەمن دەترسێم، چونکە دوژمن گەلێ زۆرە. بەڵام ڕاناکەم، چونکە عەیبە، لای ئێمە مردن زۆر باشترە لە ڕاکردن... ئەی تۆ وەستا خاچۆ ترس نەکردی؟

خاچۆ: ئەمن.. نەء.. بەس پیچەک بوو.. ترس کردی.. لە شەو.. گوگە، دێو.. بەء
ئێستا نەء.. بەء.. لە یەک شت ترس کردی.

محەمەد: وەستا خاچۆ ئەو شتە چییە!

خاچۆ: ئەمە (قەرابەکەی نیشان دەدا) تەواو کردی.. ئینجا خاچۆ چ دەکەی؟ ها..
وەک منداڵ شیر بخۆی..ها!..

ئەگەر شەڕ بێ.. ئارەق نەبێ.. خاچۆ چ کردی!؟

محەمەد: ئاسانە وەستا خاچۆ، من بۆ تۆ پەیدا کردی؟

خاچۆ: سوپاس کردی مەمەد.. هەر بژی کردی مەمەد.. بەڕاستی ئێوە پیاو مەردن
هەموو وەک خانی لەپ زێڕین ئازا.. ئاقڵ.. (لەپڕ) محەمەد.. مەمەد..
هەستە ئەو سەرباز چی..!؟ سێ سەت.. چوارسەت.. (قەرابەکە لە نێو
دەمی تۆپ دەنێ)

محەمەد: (لە سەرەتادا دەترسێ) ئەوە... ئەوە.. (دەگەشێتەوە) کورد.. موکریانین..
بەو خوایە خان ئەبداڵ هات.

خاچۆ: (محەمەد ڕادەکا) مەمە، ڕا دەست کردی.. خان ئەبداڵ کێ؟ ها.. ئەوەش
ئازاد کردی.. (لە مەیەک دەگەڕێ)

ئارەق؟ ئەتو لە کێ؟ (شاپێک لە تۆپەکە دەدا) هەی زۆڵ ئەتۆ ئارەق خاچۆ
دزی کردی..(ئارەق دەردێنێ)

ئارەق نەخۆر کردی ها. دوایی سەرخۆش کردی.. و (تووشی نزگرە دەبێ)
ئەوهات وەکو خاچۆ تۆپ داوێ کردی..

"تاریکی"

(دیمەن. بارەگای لەپ زێڕین)

خانی: ئەی حەمەد بەگ!

میرزا: گەورەم دیار نییە.. وا چەند کەسانێک بە دوایدا دەگەڕێن..

خانی: ئەوە چۆنە؟ حەمەد بەگ هەرگیز بەو جۆرە لە کۆبوونەوە دوانەکەوتووە؟ هەر
چۆنێ بێ.. با لەبارەی چۆنیەتیی دابەشکردنی سوپا بدوێین.. فەرموو
میرزا خان.

میرزا: بەڕێز میری قەڵای دمدم.. گەورەکانم.. سەرکردە نەبەزەکانی لەشکر.. لە

پێشەکی وام لا چاکە ژمارەی سەربازەکانی شاتان بۆ دیار بکەم... بەگوێرەی نامەی شەڕوانەکانمان، ئەوانەی ناردوومانن بۆ لەشکری دوژمن بۆ ئەو مەبەستە.. ژمارەی دوژمن ئەوانەی ئا لەم کاتەدا ئابلۆقەی دمدمیان داوە. دەگاتە سەد و بیست هەزار چەک هەڵگر.. بڕیار وایە ئەمڕۆش لەشکرێکی ٥٠٠ کەسیش لە تفەنگچییە تایبەتییەکانی شا بگاتە ئۆردووگای دوژمن بە سەرکردایەتی سەفەر قولی یوزباشی.. بێجگە لەوەی گەنج عەلی خان لەم ڕۆژانە بە لەشکرێکی سنووربەدەر لە تەورێزەوە بۆ ئێرە بەڕێ کەوتووە.

خانی: ئەی ژمارەی ئێمە؟

کاکە: ١٠ هەزار کەس.. ٥ هەزار ئافرەت و منداڵ و پەککەوتەی لێ دەربێنە، دەمێنێ ٥ هەزار شەڕوان. واتە ژمارەی تەواوی سوپای ئێمە ٥٤٠٠ چەکهەڵگر..

خانی: بە چوار سەت شەڕوانەکەی خان ئەبداڵیشەوە...

میرزا: بەڵێ گەورەم.

خانی: بێگومان لەشکرەکەی گەنج عەلی خان لە "٢٥" هەزار چەکهەڵگر کەمتر نییە.

میرزا: گەورەم ئەگەر پتریش نەبێ... جا ئەگەر لێکی بدەینەوە، دەبێ هەر شەڕوانێکی کورد بەرامبەر (٣٠) سەربازی شا بوەستێ...

خانی: کەواتە هەر گوللەیەک لە ئێمە (٣٠) گوللە وەڵامی دەداتەوە..

میرزا: بە مەرجێک ئەگەر چیی تر لەشکر بۆ دوژمن نەبەن.. من لەو بڕوایەم شا عەباس پاش کوژرانی هەر سەربازێک دەیانی تر دەنێری..

خانی: بێگومان.. ژمارەی ئێمە لە کەمی دەدا، بەڵام ژمارەی وان نەگۆڕاوە... ئەوان کۆمەکیان بۆ دێ و فریای یەکتری دەکەون، بەڵام ئێمە نەء..میرە کوردەکان لە جیاتی فریای ئێمە بکەون دەچن کڕنوش بۆ دوژمن دەبەن.

میرزا: گەورەم کارەسات ئەوەیە.. زۆربەی زۆری چەکهەڵگر و سەرکردەکانی کوردن.. ئازار و ئەشکەنجە، ئەو نارەسەنانەن.. بگرە حەسەن خانی ئوستاجلو محەمەد پاشا.. نا..

دەرگاوان: (دێتە ژوور) گەورەم، خان ئەبداڵ دەیەوێت بێتە دیدارت.

خانی: با بفەرمووێ.. (دەرگەوان دەردەچێ)

ئەبداڵ- (بە تاو دێت) گەورەکانم.. ئەو کاتەو باش ( یەکە یەکە لە باوەشیان دەکات)

هەموو: زۆر بەخێربێی.. گەورەمانت کرد.. خۆشبی.. هتد..

خانی: برای خۆم خان ئەبداڵی بەڕێز، هاتنی جەنابت بۆ قەڵای دمدم، ئێ لەم کاتە ئاگرینەدا جێی شانازی هەموو نیشتمانپەروەرێکە هاریکاری تۆ و چوار سەد شەڕوان دڵسۆزەکانت نیشانەیەکی دیارە بۆ مێژوو کە دڵسۆزانی کورد هەموو کات لە پێناو سەربەخۆیی نیشتمان هەستی ناوچەگەری و شێوەگەری دەخەنە ژێر پێ.

ئەبداڵ: گەورەم. خانی لەپ زێڕین. کاتێ هۆشیاری و رۆشنبیری لەنێو گەلدا بڵاو دەبێتەوە، کاتێ هەستی نەتەوایەتی زاڵ دەبێت بەسەر هەستە بچووکە نا ئاساییەکان، هەڵبەتە گەل هەموو بە یەک بڕوا، بە یەک دەست، بە یەک ریز، دەبنە سەنگەرێکی پۆڵایین دژ بە هێرش و پەلاماری دوژمنە چاوبرسییەکان. من ئێستا وەکو میرێکی موکریانی نەهاتووم بۆ کۆمەککردن و یاریدەدانی میری برادۆست.. بگرە وەک نیشتمانپەروەرێک هاتووم، ببم بە شەڕوان لە لەشکری کورد کە خانی لەپ زێڕین لەم چەرخەدا شەرەفی سەرکردایەتی پێ سپێردراوە.

میرزا: خۆزیا سەد خۆزیا میر و خان و بەگەکانی تریش ئەو هەستەی تۆیان دەبوو..

خانی: برایان، ئێمە وەکو نەتەوەیەکی چەوساوە بێ بەش کراوە لە ماف و سەربەستی، بێگومان ململانێ و ناپاکی و خۆپەرستی و.. وەک ژەهر لە نێو ریزەکانمان کار دەکات. بەڵام ئەوەتا ئەبدال خان... وا لە بەردەمتایە، ها ئەوەتا نیشانەی لە خۆبوردن، نیشانەی ڕاپەڕین و یاخیبوونە، نیشانەی زاڵبوون بەسەر ئەو ژەهرە... ها ئەوەتا میرێک، بە ئارەزووی خۆی وازی هێناوە لە دەسەڵاتداریەتی خۆی لە پێناو بەرژەوەندیی وڵات، گەورەکانم ژەهر و پیلان و تێکبەردانی سەدان ساڵ بە ڕۆژێک و دووان چارەسەر

ناکرێ. کەچی مادامەکی کوردی وەک خان ئەبداڵ هەبن دەبێ ئێمە شاد و دڵگەش بین، چونکە ڕۆژێک دێ لە هەرچوار لاوە دڵسۆزی وەک خان ئەبداڵ ڕوومان تێ دەکەن و خەبات دەکەن لەژێر یەک ئاڵا لە پێناو یەک هیوا ئەویش سەربەخۆییی نیشتمانە.

دەرگەوان: (دێتە ژوور) گەورەم ئەو نێرراوانەی بە دوای حەمەد بەگدا گەڕابوون هاتنەوە..

خانی: ئەنجام چی بوو خۆ. خۆ دۆزرایەوە؟

دەرگەوان: نەخێر گەورەم. میرم محەمەد بەگ ڕای کردووە...

خانی: ناپاکی..

(تاریکی)

(دیمەن- بنکەی سوپای شایە. " ئیعتماد ئەلدەولە"، حەمە بەگ، حەسەن خان)

ئیعتماد: پاکی، بەڕاستی حەمەد بەگ، ئێرانییەکی پاکی...

محەمەد: سوپاست دەکەم قوربان. من لە پێناو شا بەندەیەکی ملکەچ و پایە نزمم. چۆنی خاوەن شکۆ بفەرمووێ، لای من یاسایە و دەبێ پێڕەوی بکەم.

ئیعتماد: ئافەرین. ئێستا پاش ئەوەی بە هۆشیارانە و دایانە باسی ئازووقە و چەک و سەربازانی میرە گۆجەت بۆ کردوومە، ئێستا بێتە سەر ئاو.

محەمەد: ئاو.. قوربان گوتت ئاو..

ئیعتماد: بەڵێ حەمەد بەگی بەڕێز، ئاو.. خۆت دەزانی شەڕ فرتوفێڵە زۆرجار وابووە، بەتایبەتی لەگەڵ میرە کوردەکان، بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمن... فێڵ کاریگەرتر بووە لە چەک و بازوو.

حەمەد: قوربان منیش هەمان ڕام هەیە..

ئیعتماد: ئافەرین... سەرکردە بەڕێزەکان چۆن نامەیەک بۆ بارەگای خاوەن شکۆ بنێرم بۆ ئەوەی حەمەد بەگ بکا بە بەگ..

حەمەد: قوربان من خۆم بەگم..

ئیعتماد: کەوا بتکا بە خان.. گرینگ ئەوەیە بۆ بارەگای شا دڵسۆز بیت .. چەند ئیش بکەی ئەوەندە پێش دەکەوی... لە تۆ هیمەت لە شا بەرەکەت...

حەمەد: زور سوپاست دەکەم.. یەکجار و.. زۆر...

ئیعتماد: شایانی نییە.. ئێی حەمەد بەگ.. ئەم قەڵا دمدمە بەرزە چۆن ئاوی دەگاتێ...بە چ هۆیەک میرە گۆجە ئاو دەگەیەنێتە قەڵا.. (حەمەد پێ دەکەنێ) بە چی پێ دەکەنی؟

حەمەد: قوربان من خۆم سەرپەرشتی ئاوم دەکرد...

ئیعتماد: توخوا.. برایان.. گوێتان لێیە... (پێدەکەنن)

حەمەد: بەڵێ قوربان. میرە گۆجە لەنێو قەڵا، دوو حەوزی گەورەی دروست کردووە.. یەکەم ناوی ئاوخانەیە دەکەوێتە باکوری قەڵا.. ئەو حەوزە زستانان بە ئاوی باران پڕ دەبێ و هەروا کانییەک هەیە لە باکوردا جۆگەیەکی بۆ کێشراوە هەتا ناو ئاوخانە.

ئیعتماد: کانی؟

حەمەد: بەڵێ قوربان.. لەلای باکوردا. میرە گۆجە گومبەتێکی لەسەر ئاوخانە دروست کردووە هەتا لە بەرچاوان بزر بێ.

ئیعتماد: ئاوا؟ باشە ئەی حەوزی دووەم؟

حەمەد: ناوی سەهۆڵخانەیە.. کەوتووەتە باشووری قەڵا. ئەویش زستانان پڕی دەکەن لە بەفر و سەهۆڵ.. و لە تەک ئەو سەهۆڵخانەیە حەوزێکی تر دروست کراوە بۆ ئەوەی لە هاویندا کە بەفرەکە دەتوێتەوە سوود لە ئاوەکە وەرگرن.

ئیعتماد: میرە گۆجە حسێبی خۆی کردووە.

حەمەد: قوربان شتێکی تر هەیە.

ئیعتماد: دەبێ حەمەد بەگ.

حەمەد: میرە گۆجە دوو بورجی دروست کردووە، یەک لە تەنیشت ئاوخانە و ئەوی تر لە تەک سەهۆڵخانە و پڕی کرد لە پاسەوان و تفەنگچی بۆ پاراستنیان لە..

ئیعتماد: (کیسەیەک دەردێنێ دەیدا بە حەمەد) بگرە.. دە بگرە حەمەد بەگ، ئەمە پێنج سەت تومەن زێڕی شا عەباسی وەکو سەرەتا.. بگرە..

حەمەد: بەڵام قوربان.. ئاخر..(وەری دەگرێ)

ئیعتماد: ئەوە سەرەتایە.. بنەتاش ماوە، شای عالەم پەنا خۆی بە دەستی پیرۆزی

خۆی سەربەرزت دەکات..

حەمەد: بەڕاستی نازانم چ بڵێم زمانم گیراوە..

ئیعتماد: حەمەد جارێ ئیشمان ماوە با زمانت نەگیرێ..

حەمەد: فە.. فەرموو قوربان..

ئیعتماد: ئێستا باسی دەرەوەی قەڵامان بۆ بکە.. مەبەستم، سنووری قەڵا

حەمەد: ئاسانە..

(تاریکی)

کۆرس٢: ئا ئەمەیە هۆشمەندی.. ئەمەیە بەهرەمەندی ئەم بەگە هەرکەسێ وەک ئەم بەگە تا ئەو ڕادە دڵسۆز بێ خاوەن سۆز بێ.. لە پێناو گەورەییی شا.. کف لە یادنامەی بکا.. شا لە ناسنامەی بدا تا ئەو ڕادە دڵسۆز بێ ئامادەی قوربانی بێ بە خێزان و شاری خۆی و نەتەوەو مەڵبەندی خۆی، لە پێناو گەورەییی شا.. ڕێژیمی شا.. هەڵبەتە بە فەرمانێ لە بارەگای شاهەنشا لە بەگەوە وەک حەمەد، یەکسەر دەبێ بە پاشا ئا ئەمەیە هۆشمەندی.. ئەمەیە بەهرەمەندی.

(تاریکی)

شەڕوان١: لە دەرگەی ماڵ ئافرەتەکە دەدات.. دەڕوا (بە تفەنگ و کەلوپەلی کوڕی یەکەمی دەکەوێ تێ دەگا)

ئافرەتەکە: شاباز.. ڕۆڵە شاباز..(کەلوپەلەکە لە شەڕوان ١ وەردەگرێتەوە)

شاباز: "کوڕی دووەمیەتی" بەڵێ دایە..

ئافرەتەکە: جەرگم نۆرەت هات..

شاباز: (بەگورجی) توخوا..

ئافرەتەکە: (کەلوپەلەکە دەداتە شاباز) ها ڕۆڵە.. شیرت حەڵاڵ کە.. (شاباز بەتاو لەگەڵ شەڕوان دەردەچێ).

(دەنگی گوللە و تۆپ و فڕۆکە.. گریان و ناڵە و فیغانە.. بە ئیقاعێکی تایبەتی "لەگەڵ دەنگی هەر تۆپێک "بە سلاید" وێنەیەکی کارەساتی شەڕ نیشانەی دەدرێ.. وێنەیەکی کوژراوەکانی مەهاباد، فەڵەستین، قولەڕەشەکان..)

رادیۆ: (دەنگەکانی پێشوو، تێکەڵ دەبن بە چەپڵەو ئاژاوە..) گوێگرە بەڕێزەکان
خوشک و برایان بەندی پێنجەم، لە بانگەوازی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ..
بەندی پێنجەم.. نابێ هیچ مرۆڤێک ئازار بدرێ یا سزا و کردەوەی
ناڕەوای دڕندانەی دەرحەق بکرێ.
(تاریکی)
(دیمەن.. شەڕوان ٢ بە دیل گیراوە.. دوو قزڵباش ئازاری دەدەن)
شەڕوان١: قسە بکە.. تا ئێستا چەند کورد کوژراون..؟
شەڕوان٢: نازانم.
قزڵباش٢: چەند یاخیبوو ماون..؟
شەڕوان٢: یاخیبوو!
قزڵباش١: بەڵێ یاخیبوو.. چەند ماون؟
شەڕوان٢: (پێدەکەنێ) یاخیبوو!؟ من ناویان لێ نانێنم یاخیبوو..
قزڵباش٢: ئەی چییان ناو لێ دەنێی! چەتە، ڕێگر، پیاوکوژ، دڕندە..
شەڕوان ٢: نەخێر.. ئێوە وان.. بەڵام ئەوان.. ناویان شەڕوان و خەباتگێڕن..
قزڵباش١: وس، بێدەنگ بە، ئێوە چەتەن.. ئێوە.
قزڵباش٢: واز بهێنە، هەر چییان ناو لێ دەنێن با لێیان نێن.. گرینگ ئەوەیە
قسە بکەی... باشە کاکە.. شەڕوان، خەباتگێڕ ئارەزووی خۆتە..
قزڵباش٢: چەند ماون..؟
شەڕوان٢: چەند چی.؟
قزڵباش١: بە ناچاری شەڕ.. وان؟ (شەڕوان٢ پێدەکەنێ) چەند ماون؟
شەڕوان٢: ملیۆنان تا گەل مابێ، ئێوە و چەوسانەوە مابن ملیۆنەها خەباتگێڕ لە
کۆڕی شەڕدایە..
(دوو قزڵباشەکە پەلاماری دەدەن)
(تاریکی)
(دیمەن، بەندیخانەیەکە لەنێو قەلا. قزڵباشییە دەگریت. شەڕوانێک٣)
"لەبەر دەرگا چاوەنواڕی دەکات"
شەڕوان٢: (بەتاودێت) ئەوە لەپ زێڕین بە خۆی هات..

خانی: (بەتاو دێتە ژوورەوە) ئەمەیە.. (لە دیلەکە نێزیک دەبێتەوە) کاکە چۆنی؟..
برام، (دیلەکە سەر بەرز دەکاتەوە) کاکە چۆنی؟

دیلەکە: چۆن بم.. نابینی؟

شەڕوان٣: هەستە، نازانی ئەوە میرە!

دیلەکە: (لە پڕ دەیەوێ هەستێ، بەڵام لێی ناگەڕێ) ببوورە قوربان..

خانی: باشە کاکە، کەس ئازاری داوی؟

دیلەکە: نەخێر قوربان.

خانی: برسیت نییە؟ سەرمات نییە؟

دیلەکە: نەخێر قوربان هیچ کەموکوڕییەکم نییە..

خانی: جشەڕوانانی دمدم زۆر بە پاڵەوانی تۆ هەڵدەڵێن.

دیلەکە: سوپاستان دەکەم. پاڵەوان پاڵەوان دەناسێ.

خانی: باشە، ئەی کەواتە بۆ دەگریت، پاڵەوان و گریانیان نەوتووە دیارە، هۆیەک هەیە؟ دەترسم گاڵتەیان پێ کردووی یا قسەی ناشیرینیان پێ گوتووی؟

دیلەکە: نەخێر قوربان، بەپێچەوانەوە زۆر ڕێزیان لێ ناوم.

خانی: ئەی کەواتە هۆی ئەم گریانە بەجۆشەت چییە؟

دیلەکە: قوربان میری بەڕێز.. (هەڵدەستێ) من، بۆیە دەگریەم، چونکە ئەوە سێ ڕۆژە هەوڵ دەدەم، ناتوانم نامەیەک بۆ دەستگیرانم بنووسم.. من لە ئەسفەهان بووم. جگە لەوەی کە هەموو ڕۆژێ یارەکەمم دەدی ئینجا نامەشم بۆ دەنووسی، بەڵام ئێستا پاش چوار مانگ لە کوشتن و بڕین و وێرانکردن.. هەست دەکەم دڵم بووەتە بەرد.. کە لەم تەنیایە دەنگی تۆپ و تفەنگ و شیر و ناڵە و فیغانی تێدایە.. چاوم تەنیا خوێن و کوژراو و گورگ دەبینێ قوربان من کە لە ئەسفەهان شیعرم دەنووسی.. ئێستا نامەیەکم پێ نانووسرێ.

خانی: خەم مەخۆ کاکە، بەتەمای خوا پاش شەڕ دەگەڕێیتەوە باوەشی دەستگیرانت.

دیلەکە: باشە، قوربان ڕێ هەیە پرسیارێ بکەم؟

خانی: فەرموو..

دیلەکە: نیاز نییە دیلەکان بگۆڕنەوە.

خـــانـی: دیـل بگۆڕینەوە.. مـن بە دەســـتـی خـــۆم سێ نـامـــەم لـەو بـارەیەوە بـۆ سەرکردەکانت ناردووە.

دیلەکە: قوربان ئەنجام..

خانی: سەرکردەکانی شا، نەک دیلەکانمان بگرە نێرراوەکانیشیان سەر بڕی..

دیلەکە: دڕندەن. بێ ویژدانییە.. خۆپەرستی و چاوبرسیەتی دەروونیان کردووەتە دۆزەخ.. میرم لە ڕاهی خوا بمکوژن...

من تـازە بە کـەڵکی هیـچ نایـەم داخـی گـەورەم ئـەوەیە من تـا دیل نـەبووم نەمدەزانی لە پێناو چی دەجەنگم..

جـارێ دەیـانگۆت لـە پێناو ئاینـە.. جـارێ دەیـانگوت لـە پێنـاو پاراســتنی رەگەزی فـارسییە.. جارێ.. لە ڕاهی خوا میر بمکوژن.. وا خەریکە منیش دەبم بە دڕندە.. دڵم بووەتە بەرد و خـەیاڵم تەنیا بۆ دۆزەخ دەچێ.. کەللەم.. شـێت دەبم.. بمکوژن ئەی هـاوار بمکوژن.. منێکی شـاعـیـر کـە نـەتوانم نامـەیەک بنووسم، مـردن باشـترە ئەی هاوار.. بمکوژن لە کۆڵم کـەنەوە.. بوومەتە دڕندە.. هەست و بیر و خـەیاڵم پووچ کراوەتەوە.. ئەی هـاوار کەس نییە بەفریام کەوێ.. دەی رزگارم کەن بمکوژن.. (تووشی هێستریا دەبێ)

خانی: (شەڕوانەکانی) ئازادی کەن.

(تاریکی)

(دیمەن. بەندینخانەی سوپای شایە.. شەڕوان ٢بە تەنێیە)

شەڕوان٢: گوڵنازەکەم.. ئەی بەنازە بێ نازەکەم.. ڕاستە ئێمە لە یەک دوورین.. بە دەست و چاو، ئارەزوو، کاسەی دڵداری نۆش ناکەین، بەڵام خەیاڵ، خـەون و خـەیاڵ.. هەمـوو کـات تۆم نیشـان دەدا.. لە دەمـدەمـدا.. لـە شـەواندا کـاتێ تەپڵی شـەڕ دەوەسـتێ.. کە دەتبینم، ئەو دەسـتـانەت. ئەو دەسـتـانەت ئەو پەنجـە نـەرم و نۆڵانەت، خـوێنی زامی تێکۆشـەرانم دەسـڕنەوە وا دەزانم وەکـو، جـاران، ئـەو دەسـتـانەت.. ئەو پـەنجـە نەرم و نۆڵانەت ئـارەقـەی من دەسڕنەوە.

قزڵباش١: (دێتە ژوور) هەی هەی.. کۆڕی شیعرە! وەڵڵا بابە تەواو.. کورە هەتیو

بۆ ئەوەندە بێ مێشکی! بەدبەخت خێرا پەشیمان بەوە خۆت رزگار بکە..
بە هیوای چی..؟ دڵنیا بە ئەگەر پەشیمان نەبیتەوە کڕنۆش نەبەی هێز نییە رزگارت کا، دمدم ئەوە خەریکە وێران دەبێ.. تەنیا ئەگەر سەت چەکهەڵگری مابێ.. تەواو.. هەر یەک دوو رۆژی تر میرە گۆجە وێڵ دەکرێ لە بەردەم قاچی پیرۆزی خاوەن شکۆ فڕێ دەدرێ.. پەشیمان بەوە یارەکەت تا.. میر گۆجە ئەویش..

شەڕوان٢: بزانە کابرا، بە چی ئازارم دەدەی بدە.. چ قسەیەکی نارەوام پێ دەڵێی بڵێ.. تۆ جەلاد و من دیل.. چ دەکەی سەبەرستی تەنیا ناوی خانی لەپ زێڕین و گوڵناز نەبێ.. ناوی وان پیس نەکەی.

قزڵباس٢: خانی لەپ زێڕین، گوڵناز.. کوڕە تۆ شێتی.. من دڵنیات دەکەم ئەوەی دژ بە فەرمانی خاوەن شکۆ بوەستێ دەکوژرێ. هەر کێ بێ هەتا ئەگەر کوڕی شا خۆی بێ.. ئەمە بڕیاری شایە..

قزڵباش١: ئەگەر نەختێ کەللەت ئیش بکا پەشیمان دەبیتەوە..

قزڵباس٢: تەنیا سەت یاخی ماون.. ئەمڕۆ دووسبەی وێران دەبێ..

شەڕوان٢: دەتوانن.. دەسەڵات پارە و چەک لە دەست ئێوەی بۆگەنە.. بەڵێ دەتوانن گشت سەنگەرەکان بڕووخێنن.. گشت قەڵاکان وێران کەن، بەڵام تەنیا قەڵایەک نەبێ.. سەنگەرێک نەبێ.. هەرگیزاو هەرگیز نایگاتێ..

قزڵباش١: کوا ئەم قەڵایە؟

قزڵباس٢: کوا ئەم سەنگەرە...

شەڕوان٢: ئەوەتا.. وا لەم کەللەدا.. (هەردوو قزڵباش بە شمشێر پەلاماری دەدەن)
(تاریکی)

(دیمە ن، نێو قەڵا. بەردەرگەی ئافرەتەکە)

(شەڕوان١ لە دەرگە دەدا.. ئافرەتەکە دەرگە دەکاتەوە. شەڕوان١ (تفەنگێک و نەختێ کەلوپەل بە ئافرەتەکە دەدا.)

ئافرەت: (شتەکان وەردەگرێ) کوڕی دووەمیش کوژرا؟

شەڕوان١: بە خۆتان خۆش. هەموو هەر دەمرین..

ئافرەت: رێباز...

ڕێباز: (کوڕە بچووکەکەیەتی) ها دایە..

ئافرەت: وەرە ڕۆڵە نۆرەی تۆ هات..

ڕێباز: (دێتە دەر) تفەنگ! بوومە پیاو!

ئافرەت: ئا ڕۆڵە. (تفەنگەکەی دەداتێ) ئێستا بوویتە پیاو..

ڕێباز: ئەی تۆ دەتگوت چوار ساڵی تر دەبێ بە پیاو..

ئافرەت: جا ڕۆڵە خەڵکی دمدم کەی بە ئاسایی تەمەنی خۆمان بڕیوە؟

ڕێباز: بەڵام دایە من نازانم ئەو تفەنگە بتەقێنم.

ئافرەت: ڕۆڵە فێرت دەکەن.

ڕێباز: کێ فێرم دەکات.. خانی لەپ زێڕین؟

ئافرەت: بەڵێ کوڕی خۆم...

شەڕوان١: ئا ڕۆڵە ئەو ئێمەشی فێر کرد..

ئافرەت: دە بڕۆ جەرگم.. خوا پشتیوانت بێ..

ڕێباز: (نەختێ دەڕوا دەگەڕێتەوە) ئاخر دایە تینووم؟

ئافرەت: دەک هەردوو چاوم کوێر بێ..(دەچێتە ژوور و دێتەوە) بگرە بە قوربان هەموو بخۆرەوە..

ڕێباز: ئەی تۆ..؟ ئاوی تر ماوە..

ئافرەت: بخۆ جەرگم.. تێر بخۆوە.. خەمی منت نەبێ...

ڕێباز: باشە دایە گیان.. (دەخواتەوە لە پڕ دەوەستێ) با ئەو قومەش بۆ تۆ بێ.. نا.. هەر دەیخۆیتەوە..

من دەزانم ئاومان نەماوە..

ئافرەت: باشە ڕۆڵە دوایی دەیخۆمەوە.. (هەست دەکا شەڕوانەکەش تینووە) ئەی تۆ..؟

شەڕوان١: دوو ڕۆژی ڕەبەقە دەمم بە ئاو نەکەوتووە..

ئافرەت: دەک کوێراییم داییێ.. فەرموو کاکە.. دەی برام..

شەڕوان: ئەی تۆ.؟ بەڵام...

ئافرەت: بەو خوایە.. مانەوەی ئێوە رزگار بوونی ئێمەیە دەی برام...

جەنگاوەر١: (بە شەرمەزاری قومە ئاوەکە نۆش دەکات) سوپاس خوشکم.. دەی کاکەی شەڕوان..

ئافرەت: ڕێباز. (ڕێباز دەوەستێ، بۆ یەک دێن، ڕێباز لە باوەش دەکات) (وازی لێ دێنێ) دەی ڕۆڵە خوات لەگەڵ.

"ڕێباز و شەڕوان١: دووەم. گۆزەکە بۆ دەمی دەبات، ئاوی تێدا نییە.بێ دەنگی.. ڕێباز دەگرییێت.. (دەگرییێت)

(تاریکی)

(دیمەن. کارگەی خاچۆیە. دەنگی گوللە لە نێزیک و دوور)

خاچۆ: ئەوانە دڕندە.. مرۆڤ نی.. شەڕ بکا، بکا.. بەڵام ئاو ئەو خەڵک ئاو دەوێ.. مرد.. مەمەد.. مەمەد.. ئەتۆ لە کێ..

مەمەد: (زۆر بە خاوی و مەلوولی دێ) فەرموو وەستا خاچۆ.

خاچۆ: بارووت نەهاتی..

مەمەد: وەستا چۆن بێ؟ کوا ڕێگە.. قەڵا لە سێ لایان ئابلۆقە دراوە... گوللەی تۆپ و تفەنگ وەک تەزرە دەبارێ..

خاچۆ: مەمەد، زەیتوون بی.. ئەی خواردن؟

محەمەد: زەیتوون نەما.. خواردنیش.. ساوار زۆرە، بەڵام بەبێ ئاو چۆن لێ بنێم!

خاچۆ: سەیرە، مەمەد ئەتۆ ئاو نەخواردی! (فڕێک لە ئارەقەکە دەدات) چوار ڕۆژ؟ وەڵلا ئەتۆ ئازا.. چاکە من ئەوە هەبێ..

محەمەد: (پاش بیرکردنەوە) وەستا خاچۆ..؟

خاچۆ: ها مەمەد چی دەوێ!

محەمەد: ئارەق..

خاچۆ: (لە پڕ هەڵدەستێ دەشڵەژێ) ئارەق!؟ نا مەمەد.. نا.. هەرچ بڵێی ئا.. ئەمەن ئەتۆم خۆش دەوێ..

بەس ئارەق نا..

محەمەد: وەستا تینوومە.. قورگم.. هەناوم.. وشک بوو..

خاچۆ: وەڵڵا مەمەد دەزانی.. چوار ڕۆژ بەڵام مەمەد.. ئاخر.. ئاخر.. من تۆم خۆش دەوێ.. پاش چوار ڕۆژ بێ ئاو، ئارەق.

مـحـەمـەد: هـەرچۆنێ بێ.. بەلای کـەمـەوە هـەرچۆنـێ بێ دەمم تـەڕ دەبێ.. دەی خـاچۆ گیان..

خـاچۆ: (پاش بـیـرکـردنـەوە فـڕێکی لـێ دەخـواتـەوە، پـێ دەکـەنـێ) فـەرمـوو..(بەتاو ئارەقەکە وەردەگرێ و دەخواتەوە)

هێواش ئەزەم وەشخی.. بەسە.. مەمەد، ئارەق باش نییە..

محەمەد: (هەست بە تاڵی و هەناسە سواری دەکا) وای بابە ئاگرم تێ بەربوو..

خاچۆ: شەڕ پیس مەمەد.. شەڕ پیس.. ئەوها ئارەق لە باتی ئاو ...

محەمەد: دەست خاچۆ فڕێکی تریشی..

خاچۆ: نا مەمەد.. باش نییە.. زگت دێشێ.. سەرخۆش دەبێ..

محەمەد: (بەتاو ئارەقەکەی لێ وەردەگرێ دەخواتەوە) سوپاس..

خـاچۆ: (پێدەکەنێ) دەزانی مـەمـەد.. خـاچۆ ئارەقی نەدایە بە کـەس.. تەنیـا لێرە.. دمدم.. ئەمن ئێوەم خۆش ویست..

وەللا ئێوە گوناهـە.. تاوانە.. وەللا ئێوە هـەژار.. (دەنگی تۆپ زۆرتر دەبێ.. دەنگی تفـەنگ نێزیک دەبێ مـحـەمـەد و خـاچۆ دەشـێوێن.. مـحـەمـەد دەست دەداتە تفـەنگ و خـاچـۆ دوور دەکاتەوە) راوەست مـەمـەد.. ئەمـینش شـەڕ دەکەم.

مـحـەمـەد: نا وەسـتـا خـاچۆ.. ئەوە ئەرکی تۆ نییـە. خێرا بڕۆ پەنایەک.. (مـحـەمـەد دەست بە شەڕ دەکا.. تەقەی زۆر..

(بێدەنگی)

خـاچۆ: (دێت) مـەمـەد ئەتۆ لە کـێی.. مـەمـەد.. مـەمـەد..!؟ (دەدۆزێتـەوە.. راست دەکاتەوە) ئەتۆی کوشت!

ئای برادەر مـخـابـن.. تۆپ، باروت.. نەمـا.. ئەمن نـازانێ چی بکـەم! ئای دڕندە.. شـا، ئەمن نـازانم چۆن یاریدەی ئەو خـەڵکی گونـاهـە بدا.. مـەمـەد، برادەر، ئەتـۆ مـرد، بـا هـەسـتـم.. خـاچۆ.. دمـدم خـۆش ویست، لـەپ زێڕین خۆش ویست..

ئەمن چۆن یاریدەی بدا.. نازانێ..؟

شەڕوان١: لە دەرگەی ئافرەتەکە دەدا کەلوپەلی ڕێبازی پێیە ئافرەتەکە تێ دەگات..

دەچێتە ژوورێ..

خێرا بەرگی پیاوان لەبەر دەکات دێتە دەر (ئافرەت شەڕوان ١ فەرموو).

(تاریکی)

(دیمەن، بارەگای لەپ زێڕین.) (دەنگی تفەنگ و تۆپ)

خانی: (بەدەرگەوان) خێراکە.. ئەوەی ژن و منداڵ و پەککەوتەیە دووری خەنەوە.. هەر نەبێ ئەوان رزگار بن..

دەرگەوان: بەڵام گەورەم.. لە کوێ بیانشارینەوە.. رێگە نییە.. ئاگر دەبارێ.

خانی: خێرا، چەند شەڕوانێک لەگەڵ خۆتدا بەرە.. روو بکەنە باکور ئەولا دوژمنی لێ نییە..

دەرگەوان: بەڵێ گەورەم.. (دەڕوا)

خانی: دوا ژمارەی جەنگاوەران؟

میرزا: ١٠٠ کەس.. هەر دە پانزەیەک گەڕەکێک دەپارێزێ.

خانی: چەند شەڕوان لە بارەگادایە..؟

میرزا: سێ کەس.

خانی: خێرا ئەوانیش بەسەر گەڕەکەکان دابەش کە..

میرزا: بەڵام گەورەم.. بارەگا..

خانی: نەفرەت لە بارەگای بێ میللەت..

میرزا: گەورەم، چۆن دەبێ بارەگا بێ پارێزگار بێ، ئەتۆ؟

خانی: میرزا خان.. ئەو شۆڕشە لە پێناو میللەت داگیرساوە، نەک لە پێناو من و بارەگا.. خێرا پێنج کەسێک بنێرە و ئەوانی تر دابەش بکە.. (میرزا دەڕوا! خانی خۆی گورج دەکا) (تفەنگ و شمشێر لە شان دەکا پێنج شەڕوان دێن

یەکێکیان خاچۆیە) خاچۆ؟

خاچۆ: بەڵێ گەورەم..

خانی: تۆش.

خاچۆ: بەڵێ گەورەم..

خانی: بەڵام، بەڵام خاچۆ تۆ کورد نی، بۆ خۆت بە کوشت دەدەی؟

خاچۆ: گەورەم ئەمن ئێوە خۆش دەوێ.. ئێوە لەسەر راستی.. ئەمنیش راستی خۆش دەوێ.

خانی: بەڵام دەکوژرێی. بێگومان دەکوژرێی.

خاچۆ: گەورەم دەزانی، ئەمن پێش هاتی بۆ دمدم.. وەک دەسمایەک هەم نەبوو.. بەس پارە دەویست.. ئارەق بەڵام ئەمن چاوم کرا راستی دیت.. ئێوە مەرد.. ئازا، ئیدی خاچۆ پارە ناوێ چەک دەوێ.. خاچۆ ئارەق ناخوا شەڕ دەکا.

ئای.. شەڕ نەبوو دوورم خۆشی، بەهشت.. خاچۆ دڵشاد.. شەڕ بوو، دمدم ئاگر وێرانە.. مەمەد برادەر کوشت، ئەمن خەمناک کردییە دوژمن.. خاچۆ ئەو دوو دوژمن دەکوژی..

خانی: دەمخۆش وەستا خاچۆ.. ئافەرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناهێڵم بچیتە کۆڕی شەڕ، چونکە تۆ مەشقت نەکردووە..

خاچۆ: گەورەم ئەمن دەوێ شەڕ بکا.. ئەمن باوەڕ شەڕ دەکا، شەڕ بزانی نەزانی وەک یەک..

خانی: چۆن وایە وەستا.. بەڵام.

خاچۆ: ئەمن نادمە خاچۆ.. ئەگەر تۆپ نەبێ بە پاچۆ.. سەری دوژمن دەکا چۆ.. (دەنگی تۆپێکی نێزیک)

خانی: تەواو.. هەرکەسە و سەنگەرێک پەیدا بکەن.. دابەش بن.. (رێژنەی گوللە.. دووکەڵ هەڵدەستێ.. ئاخ، کوژرام..لێدە)

خاچۆ: (بە برینداری دێت) گەورەم.. خاچۆ

خانی: (بە پەلە دێت) ها خاچۆ!؟ (لە باوەشی دەکات) نەمگوت.. (یەکسەر دەبێتە رێژنەی گوللە خانیش دەکوژرێ)

(تاریکی)

کۆرس١: گەر دەڕوانیتە ئاسۆ، بۆ هیوا شەڕوان دەنێی.. ئەگەر تۆز و گەردی مێژوو، گەر ژان و دەردی مێژوو،

لە ئایندە، لادەبەی،

گەر دەتەوێ زاناکان بەهرەیان وشک نەبێ..

گەر دەتەوێ پیرەکان بە ئۆجاخ کوێری نەمرن..
گەر دەتەوێ دڵداران ئاخی سارد هەڵنەکێشن..
گەر دەتەوێ کۆرپەڵە بە شیری دایکان بژین..
ئەگەر ئەوانەت دەوێ دژ بە نەوەی شایەکان
دەبێ قەڵا دروست کەی.. دوو دمدم.. لە بۆ میللەت
دمدمێ لەسەر چیا.. دمدمێ لەنێو کەللەت..
(تاریکی)
(دیمەن، دادگەیە)

دەنگ١: گەورەکان.. بەڕێزەکان.. پاش لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ و تێروتەسەل، کە پتر لە هەزار ساڵی خایاند..
وەپاش ئەوەی دەستەی باڵای دادگە گوێی گرت لە تاوانبار و داواکاری گشتی و زۆربەی ئەو کەسانەی کە پێوەندییان بە مەسەلەکە هەیە.. دەستەی باڵا بڕیاری دا تاوانبار میری قەڵای دمدم کە ناسراوە بە خانی لەپ زێڕین دووبارە سزا بدرێتەوە تا ببێتە پەند بۆ ئەو کەسانەی دژی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیمپراتۆریەتە پیرۆزەکان جموجۆڵ دەکەن، ئێمە..

خانی: ئێوە دڕندەن.

دەنگ٢: ئێمە..

خانی: فڕ دەماری مرۆڤایەتیتان لە لەشدا نییە..

دەنگ٣: بێدەنگ بە.. ئێمە نوێنەری باڵاترین دەزگای دادپەروەری ئەم چەرخەین..

خانی: ئێوە نوێنەری دڕندەترین دەزگای چەوساندنەوەی چەرخن.

دەنگ١: بێدەنگ بە.. هێمنی..

خانی: ئێوە شەیتانن لە پێستی ئادەمیزاددا.. ئێوە لەگەڵ بەهێز و دەسەڵاتدارەکاندا (ئەفەندییەکی بەساڵاچووی بەڕێز هەڵدەستێ) مامۆستا و فەیلەسووفێکی نەرم و دانا و بەڕێزدان.. بەڵام لەگەڵ بێ هێز و چەوساوەکاندا (ئەفەندییەکە پشت لە بینەران دەکات) (ماسکی گورێلای لەسەرە) دڕندەیکی چنگ پۆڵایینی خوێنمژن.

دەنگ: (لە دوورەوە) ڕاست دەکا ئەمە دڕندەیە، مرۆڤ نییە..

دەنگ٢: هێمنی.. تکایە هێمنی..

خـانی: ئێـوە هـەرسـێکتـان.. (دووەکەی تر واتا خـاوەنـی دەیمەنی دووەم سـێیـەم) (هەڵدەستن، ماسکی گورگ و ڕێوییان لەسەرە)

مـاسکی گـورگ: بزانە کـاکـە من دەزانم مـافی تۆیـە.. ڕاست دەکـەی، بـەڵام.. من خـاوەن ئـەزمـوونم.. شـێت نیم.. چۆن دۆسـتـایـەتی دەوڵەتێکی چەسـپـاو دەگۆڕمەوە بە شۆڕشێکی پچڕ پچڕ.

مـاسکی گـورێلا: هەڵبـەتە.. منیش لەسـەر ئـەو ڕایەم شـێت نیم هـەتا ڕژێمێکی دەوڵەمـەند بە شـۆڕشـێکی هەژار بگۆڕمـەوە چەرخ چەرخـی ئابوورییـە.. بەرژەوەندیی دەوڵەت وا دەخوازێت..

خانی: ئەی ئەو بیر و باوەڕانەی دەهۆڵی بۆ لێ دەدەن..

ماسکی گورێلا: ئەویش هەر لە پێناو ئابوورییە.. "هۆ.. درۆ"

خانی: تکایە هێمنی... (هێمنی)

مـاسکی ڕێوی: ئەگەر ڕاسـتیت دەوێ من یارمـەتیم دەدای، بەڵام نەمـوێرا و گوتم نەبادا لە ژێرەوە لەگەڵ ئەو (گورێلا) پێوەندیت هەبێ...

خانی: واتە هەتا لەگەڵ یەکتریشدا ساغ بین..

هەرسێ: لەم چـەرخـەدا لەم چەرخـە پڕ مـەترسـییـەدا دۆسـتـایەتی و بیـر و بڕوا بە گوێرەی بازاڕ دادەنێن.

غورێلا: من لاوازبم ئەوان دەمخۆن.

گورگ: من لاوازبم ئەوان دەمخۆن.

ڕێوی: من لاوازبم ئەوان دەمخۆن.

هەموو: کێ لاواز بوو ئێمە دەیخۆین.

غورێلا: ناهێڵم کەس لە من بەهێزتر بێ.."دڕندەن"

گورگ: ناهێڵم کەس لە من دەوڵەمەندتر بێت " بێ ویژدانن"

ڕێوی: ناهێڵم کەس لە من پێشکەوتووتر بێت "ئیمپریالیزم"

خانی: هێمنی تکایە بێدەنگی. (هێمنی)

(تاریکی)

سلایدی هیتلەر: خوشک و برا بەڕێزەکان.. کاتێ بەهێزی چەک پاشایە لاوازەکان

لادەبەم بە نیازی ئەوەی ئادەمیزاد گشتی بکەوێتە ژێر یەک ئالاّ ئەوە ئایا ئەگەر لە پێناو یەکەتی ئادەمیزاد چەند دڵۆپە خوێنێک ڕژا! من تاوانم هەیە؟

دەنگ: تاوانە.

سلایدی مام سام: یا کاتێ لە پێناو بڵاوکردنەوەی تەکنەلۆجیای هاوچەرخ چەند پیلانی لێرە و لەوێ دەکەم بۆ تاوانە.. ئەی تاکەی ئەو پاشایە بمێنێ کە نرخی تەکنەلۆجیا و دیموکراتی ڕۆئاوای نازانێ.. بابە لەوە باشتر هەیە ئێمە جوانترین ئۆلۆمپیادا پێشکێش بکەین بەرامبەر بە چەند بەرمیلێکی نەوت. ئاخۆ لەوە باشتر هەیە لە پێناو ڕاگرتنی شەڕێکی جیهانی گەورە دوو بۆمبی ئۆتۆمی بچووک لە دوو شاران بدەین.. با بیست ملیۆن بمرێ نەک هەموو ئادەمیزاد.. ئاخۆ ئەوە تاوانە.."دەنگ تاوانە").

سلایدی پاشا: یا کاتێ بە هێزی ئاینی خوای گەورە و میهرەبان گشت ئایدۆلۆجیا دەهاڕم یا کاتێ ئەو نەتەوانە بەوپەڕی توندوتیژی سزا دەدەم ئەوانەی نیازی یاخیبوونیان هەیە لەو ڕێژیمەی کە پێڕەوی ئاینی خوا دەکا.. بۆ تاوانبارم.

ئەگەر چەند هەزارێک لە پێناو پاراستنی قورئاندا تاوانە..؟ "دەنگ. تاوانە"

خانی: بەڵێ تاوانە.. ئەگەر هەر ڕێیەک بدۆزمەوە بۆ دەسەلاّت هەر تاوانە، ئامێرێک بدۆزمەوە بۆ بازاڕمان گەر هۆیەک بدۆزمەوە بۆ کوشتنمان هەر تاوانە بەلاّم ئەوەشتان لە یاد بێت ئێمە گەلێکین نابەزین، سەر شۆڕ ناکەین بۆ هیچ هێزێ گەر شا بێ، سوڵتان دەڕوا، سوڵتانیش بێ شا دەڕوا لەگەڵ ئەم زەبروزەنگەش پەت و شیر و تفەنگەش بۆ کوێ دەچێ قەلاّیەک تا کورد مابێ ساوایەک.

کۆتایی

# شاری ئەوین

## کاراکتەرەکان

١- بیرلێدەری دانا
٢- شاگردە دڵدارەکان
٣- پاشای دادپەروەر
٤- کچە گوڵفرۆشەکە
٥- کچی پاشا
٦- ئاغا
٧- بازرگان
٨- زانا
٩- شالیار
١٠- دڵدارە ئازایەکە

سەرنج:

١- هەموو کات کۆرس لەو کاراکتەرانە پێک دێ کە لە دیمەنەکەدا بوونی سەرەکییان نییە..

٢- دەگونجێ هەمان ئەکتەر هەردوو رۆڵی کچە گوڵفرۆش و کچی پاشا ببینێ..

٣- دەگونجێ هەمان ئەکتەر هەردوو رۆڵی شاگردە دڵدارەکە و دڵدارە ئازاکە ببینێ..

٤- دەگونجێ هەمان ئەکتەر هەردوو رۆڵی شالیارە دڵدارە ئازاکە ببینێ..

شاگرد: بینەرانی هێژا .. دۆستە بەڕێزەکانی شانۆ.. بەخێرهاتن.. چیرۆکی ئەو شەوەمان بەم جۆرەیە:

دەگێڕنەوە لە سەردەمی دێوی ڕەش و سپیدا لە یەکێ لە شارەکانی ئەودیو سنووری وڵاتی چیای سەرکەش و دەشتی ڕەنگیندا .. ئەژدیهایەکی زۆر بەو کارە پەیدا دەبێ.. بۆ یەکەم جار لە مێژووی گشتی دڕندەکاندا فێڵبازانە هەنگاو دەنێ.

نە بە ئاگر و فووی دەمی خانووی خەڵک دەسووتێنێ.. نە بەچنگە پۆڵاییەکەی ڕەز و بێستان دەفەوتێنێ. نە بە نینۆک و بە دانی مەڕوماڵات دەخنکێنێ، ئەژدیهایەکە، وەکو گوتمان فێڵبازانە هەنگاو دەنێ.. زۆر بە وریایی و ئاسانی سەرچاوەی شاری نەفرەت لێکراو داگیر دەکا. کەرتە شاخێ بە پەنجەکان هەڵدەگرێ و لەسەر تاکە رووبارەکەی شاردا دەیچەقێنێ. بەربەستێکی توند و قایم دروست دەکا.. بەهەوەس و بەدڵشادی خۆی پێ لەسەر پێ دادەنیشێ. ئەژدیهاکە وەکو گوتمان زیرەکانە هەنگاو دەنێ. بێ یەک و دوو، سەرچاوەی ژیان داگیر دەکا.. دانیشتوان تەنگاو بوون و ناچار کران.. نێردراو بەدوای نێردراویان نارد. بەڵام زۆردار بێزی لەقسەی خۆش و نەستەقی دانایان دەبووەوە.. لەقەی لە دیاری و خاوەی زەنگینان هەڵدەدایەوە.

شاری ئەوین و نەفرەت گەمارۆ دراوە، گاڵتەی بە تیرو ڕم و شمشێری ئازایان دەکرد.. مەرجی ئەژدیهای بەدفەڕ و بەدفەساڵ، لە پێناو نیوکاتژمێر ئاو، یەکجار قورس و خوێناوی بوو. دەبا ئێواران، لەگەڵ ئاوابوونی خۆرەتاو، کچێکی خنجیلانەی لاو، تەمەن چواردە ساڵی تەواو، پێشکێش بکرێت. شارێکە نەفرەت گەمارۆی داوە چونکە کارەسات،

نەڕۆژێکە و نەدووان. ڕۆژ بەدوای ڕۆژ، ئاوا ئافـرەت، بەرەو جـیـهـانی نەبوونی دەڕۆیشتن.. سەرچاوەی بوونیانی سیس دەکرد.

تا وای لێ هات گۆرانیبێژی شارەکە پڕ بەناخی چریکاندی: تاکەی، تاکەی، تاکەی؟

(دیمەن: – زۆر سادەیە، چەند سەکۆیەک و بەرزاییـیەک و تەواو.. لە زۆربەی دیمەنەکاندا ناگۆڕێ، تەنیا ئەگەر یەک دوو پارچەی "بخرێتە سەر، یا کەم بکرێتەوە. چەند کەسانێکی لات بە پەرتی دانیشتوون خەم و ئازار و تێنوویەتی بە سیمایانەوە دیارن، بیر لێدەر، تاکەی، تاکەی، تاکەی.. ئەژدیهای بەدکار دڕندەی زۆردار.. کانگای ئاو بگرێ.. ڕێ لە ژین بگرێ..)

هەموو: تاکەی، تاکەی، تاکەی؟

شاگرد: با لە وەستام بپرسم.

هەموو: با بپرسم..

یەکەم: تاکەی ئەی بیر لێدەرە کوێرەکە؟

دووەم: تاکەی ئەی کوێرە دانایەکە.؟

سێیەم: تاکەی ئەی دەنگ خۆشە پڕ هەستەکە؟

هەموو: تاکەی، تاکەی، تاکەی؟

بیر: لە ناخی هەر یەکێکماندا، ڕۆڵەکانم، فریشتەیەک و شەیتانێک ڕاکشاون.. مرۆڤ ئاوا دروست بووە. ڕۆڵەکانم، ئەگەر ڕزگاریتان دەوێ، با لەگەڵ فریشتەی ناخماندا تێ بکۆشین، بۆ کوشتنی ئەهریمەنەکەی نێو ناخمان. ڕۆڵەکانم.. ئێمە نەفرەتلێکراوین، بەڵام ئێمە نە شایتانین وەکو تەلەسم و جادوو، دەڵێن نەفریشتەیە، وەکو شیعر و گۆرانی دەڵێن.. ئێمە مرۆڤین. لە ناخی هەر یەکێماندا فریشتەیەک و ئەهریمەنێک ڕاکشاون.. بەو شێوە لە گیانلەبەران جیا دەکرێینەوە. ئەگەر سەرکەوتین بەسەر ئەهریمەنی ناخماندا، پیرۆزترە گیانلەبەریان. ئەگەر فریشتەی نێوناخمان لە دەست دەرچوو.. وەکو جاران مرۆڤێکی زۆر ساویلکەیە...

یەکەم: (بەدووەم) تێگەیشتی؟

دووەم: وشەیەکیش ئەی تۆ؟

سێیەم: من!.. ئا.. باسی، ئاوی، دەکرد.

شاگرد: با دووبارە لێی بپرسین، چونکە پرسیار شەرم نییە، تێ نەگەیشتن شوورەییە.

هەموو: ئەی بیرلێدەرە داناکە.. ئەی کوێرە دەنگ پڕ هەستەکە.. لە مەبەستت نەگەیشتین.. بە دەنگ پەندی سازەکەت هۆشیاریمان فراوان بکە.

بیرلێدەر: رۆڵەکانم.. دە بڕواننە ئەم دیمەنە، بەڵکو مەبەستمان بۆ روون دەبێ.. وەرن با لێیان نێزیک بین.. (رۆناکی دەکەوێتە سەر ئاغا و بازرگان، کەچی ئەوان لە رووناکییەکی کزدا دیارن.)

بازرگان: لە دوو هەزار لیرە، قرانێک کەمتری نادەم.

ئاغا: دوو هەزار لیرە ! بەڵام نابێ بازرگان، دوێنێ، دوێنێ کەس هەزار و پێنج سەتی پێ نەدا؟

بازرگان: دوێنێ، بوو.. ئاغا، بازاڕ حسێبی دوێنێ ناکا.. تەنیا پلان بۆ ئەمڕۆ و بەیانی دادەنێ.

ئاغا: کەوابوو دەدۆڕێنم، زیانم پێ دەگات.

بازرگان: نەخێر.. ئەگەر کەرستەکە بکڕێ، وا بزانە بازاڕت هەمووی کڕی. ئەوسا بەگوێرەی ویژدانی خۆت نرخ دانێ.

ئاغا: ئاوا ! (بۆ خۆی) باشە چۆن ئەم کەلەشە لەژێر پێمدا بگەوزێنم !؟ هتد.. (بەدەنگ) قایلم بەڵام پارەم لا نییە.. دەبێ بچمەوە ماڵ.

بازرگان: ئاسانە.. لەگەڵت دێم.

ئاغا: نا، لە راهی خوا نەکەی، خێزانەکەم نەزەری حەرام ناکا..

بازرگان: باشە، برۆ پارەکە بێنە، من لێرە چاوەڕوانتم..

ئاغا: نەخێر گەورەی بازرگانان. بچنە ماڵ نایەمەوە ماڵ.

بازرگان: بۆ؟

ئاغا: گەر بێمەوە دەرێ، خێزانە ناسکۆڵەکەم زویر دەبێ..

بازرگان: بۆ، زویر دەبێ.

ئاغا: بە شەو دڵی نایە جێم بهێڵێ..

بازرگان: کەواتە..

ئاغا: تۆ خێزانەکەت بنێرە.. پارەکە دەدەم بە ئەو.

بازرگان: خێزانی من ! (بۆ خۆی) راست دەکا، یا،؟ گرینگ نییە.. گرینگ ئەوەیە، قۆڵی لە بنرا هەڵتەکێنم. (بە دەنگ) باشە برام، تۆ برۆ، ئێستا خێزانەکەم دەنێرم.

بازرگان: خوا حافیز.. ها ئێستا.. (ئاغا دەڕوا.. بازرگان بە قاقا) دەیەوێ رکابەری لەگەڵ مندا بکا! ئاوا پشتت دەشکێنم.

شاگرد: (لە بازرگان نێزیک دەبێتەوە) ببوورە گەورەم، گەورەی بازرگانان.. من گوێم لە قسەکانتان راگرتبوو.

بازرگان: ئاسانە، من... پارەی گوێ گرتن وەرناگرم.

شاگرد: بەڵام گەورەم من دەمەوێ..

بازرگان: تازە فرۆشتم.. بەڵام ئەگەر گرانتر..

شاگرد: گەورەم.. گەورەم تۆ چۆن خێزانی خۆت دەنێری

بازرگان: بە تۆ چی؟ خێزانی خۆمە و بۆ چیای قافی دەینێرم.

شاگرد: گەورەم، ئەو کابرایە سەڵتە و زوگرتییە.

بازرگان: چی، چۆنە؟

شاگرد: من دەیناسم، تا ئێستا ژنی نەهێناوە.

بازرگان: ئاوا، هەی فێڵبازی درۆزن. کاکە سوپاس، پارەی ئەو هەواڵەت چەندە؟

شاگرد: گەورەم پارەی پیاوەتی وەرناگرم.

بازرگان: کەواتە زۆر سوپاس.

شاگرد: ئەوجا..؟

بازرگان: من ئەو نێچیرە قەڵەوە بۆ خوێرییەک لەدەست نادەم. دوو هەزار لیرە گاڵتە نازانێ..

شاگرد: چی دەکەی؟

بازرگان: چی دەکەم، یەکێ لەو ئافرەتانەی، ئەوانەی خۆمان دەیزانن، بەکرێ دەگرم و..

شاگرد: بەناوی خێزانت رەوانی ماڵی ئاغای دەکەیت و..

بازرگان: ئافەرین. وا بیر بکەیتەوە، بازرگانێکی هەڵکەوتووت لێ دەردەچێ..

شاگرد: (بۆخۆی) بە تەمای خوا بەو شەرەفە ناگەم.
بازرگان: کوڕی خۆم، بازرگانی هەر بازرگانییە.. جا چ بە کوتاڵ و دار و ئاسن، یا بە کەرستەی تر.. یا چ بە.. ئەوانەی خۆمان دەیزانین، با بڕۆم.. بەڵکو ئافرەتێ دەدۆزمەوە... (بە پەلە ڕادەکات)
شاگرد: (دەگەڕێتەوە لای بیرلێدەر) وەستا وام دەزانی یەکسەر دەڕوا ئاغاکە دەکوژێ؟
بیرلێدەر: بینیتان؟ شتێ لەم دیمەنە فێر بوون؟
هەموو: بەڵێ.. بەڵێ.. داناکە..
بیرلێدەر: یەکێ لە هۆیە بنەڕەتییەکانی پەیدابوونی ئەژدیهاکە ئەم نموونە نەگریسانەن.
یەکەم: چارەسەر... ئەی بیرلێدەرە داناکە؟
بیرلێدەر: تا ئەم ئەندامانە لە لەشی ئەم شارەدا بن ئەژدیها پتر زاڵ دەبێ.
دووەم: چارەسەر ئەی کوێرە دەنگ خۆشەکە؟
بیرلێدەر: لە ڕاستیدا لەم ئەژدیها بچووکانەوە ئەژدیهایی گەورە خوێن وەردەگرێ..
هەموو: تاکەی، تاکەی، تاکەی ئەژدیهای بەدکار.
دڕندەی زۆردار، کانگای ئاو بگرێ.. ڕێ لە ئاو بگرێ.
(تاریکی)
(دیمەن: بارەگای پاشایە. کات بەرەو ڕۆئاوابوونە)
پاشا: دوا ئەنجام؟
شالیار: پاشای دادپەروەر، بە داخەوە.. ئەو جارەش سوپا دۆڕا.
پاشا: ئەژدیهاش وەکو جاران.
شالیار: بەداخەوە، پاشای دادپەروەر.
پاشا: ئەی دوو بیرەکە ! خۆ ئاویان تێدا ماوە؟
شالیار: پاشای دادپەروەر، تەنیا بیرێک.. ئەویش وا لە کورتی دەدا.
پاشا: خوای گەورە، ئەم نەفرەتییە چی بوو! وا بڕوا قڕانمان لێ دەکەوێ، قڕان.. گەلە خۆشەویستەکەم دەفەوتێ.. (بێدەنگی) قوربانی ئەم شەو کێیە؟ کچی کام بەدبەختە؟

شالیار: پاشای دادپەروەر.. بە خۆت.. چاک..
پاشا: بڵێ کچی کێیە خێرا؟
شالیار: تۆ، پاشا..
پاشا: ئاخ.. کچی دووەمیش.! خوای گەورە بۆ چۆڕێ ئاو جەرگم ئاوا لەت لەت بکرێ!
شالیار: پاشای دادپەروەر، چ دەڵێی، بیبەین؟
پاشا: (بێدەنگی) کچی دووەمیش !؟ بیبەن (بەبێدەنگی و دڵشکاوی و تووڕەیی وا لە شالیار دەگەیەنێ کە ناچارە بڕیاری کچی دووەمیش بدا.)

(تاریکی)
(دیمەن: کچی پاشا دەڕازێننەوە.. مۆسیقایەکی هێمن، لەپڕ دووجاندار بە شێوەیەکی ترسێنەر لە بەردەمی دەوەستێت).
کچی پاشا: (بە شێواوی) (هەڵدەستێ) من.. ئۆی.. من.. (دەقیژێنێ و دەبووڕێتەوە)
دڵداری ئازا: نا، نا شازادە ناسکۆڵەکەم.. ناهێڵم ئەژدیها بتخوا.. ئەها شمشێری نێو دەستم.. ئەها قەڵغانی سەر سنگم.. مەبووڕێوە.. هیچ مەترسێ.. خۆشەویستیت لەنێو دڵم لە هەموو شتێک گەورەترە.. لە پێناو ژیانی تۆ، مانەوەی تۆ، مل لە دێو و درنج دەنێم.. خەونی ئەژدیها دەبەزێنم.. دە هەستە ئەی نازدارەکەم.. ئەی شازادە پڕ سۆزەکەم.
(شازادە هەڵدەستێ و دەست دەخەنە ناو دەستی یەکتر)
(پاشان، دڵدارە ئازاکە، گورج بە پێش دەکەوێ)
(پاڵەوانانە بەرەو ئەژدیها دەڕوا، شازادە و دوو جانەوەرەکەی بە دوایەوە..)
(دیمەن: هەمان دیمەنی یەکەم رۆناوا نێزیکتر بووە)
بیرلێدەر: من دەڵێم کاکی دڵدار بیر بکەوە، مەڵێ ئەزم
ئەو دەڵێ خاڵۆ ڕێبوار من پاڵەوانم نابەزم،
(دڵداری ئازا و شازادە دوو جاندارەکە دێن)
من دەڵێم کوڕی ئازا ئەژدیها شەڕی دەست نییە

ئەو دەڵێ مامەی دانا    من دڵدارم باکم نییە

هەموو: ئەو دەڵێ مامەی دانا  من دڵدارم باکم نییە

بیرلێدەر: کوڕی خۆم، جەرگم، ئازایەتی بێ هۆشمەندی بایەخی نییە، خۆکوشتنە.

دڵداری ئازا: خالۆ چی بکەم؟ چۆن دڵم دێ، لە پێش چاوم دڵبەرم بخرێتە سکی ئەژدیهاوە، چۆن؟

بیرلێدەر: تۆ یەکەم کەس نیت ئەژدیها زەوت دەکا.

دڵداری ئازا: هەقم بە کەسەوە نییە.. من ناهێڵم..

بیرلێدەر: رۆڵەکەم، بەرخەکەم، بەزەییت بە خۆت بێتەوە، ئەژدیها بەو جۆرە چارەسەر ناکرێ.

دڵداری ئازا: دەیکوژم..

بیرلێدەر: دە توخوا.

دڵداری ئازا: با بخوا..

بیرلێدەر: ئەوە هۆشمەندی نییە.. بە خۆڕایی، لە پێناو هیچدا دەمری..

دڵداری ئازا: چۆن خالۆ... چۆن.. لە پێناو دڵبەرەکەم.

بیرلێدەر: ڕۆڵە دڵبەرەکەشت پێ رزگار ناکرێ.

دڵداری ئازا: بەڵام، بەڵام ئەی چارە، چی بکەم خالۆ، چی بکەم؟

بیرلێدەر: بگەڕێوە، واز بێنە با دڵبەرەکەت ببەن.

دڵداری ئازا: ئەژدیها قووتی دەدا..

بیرلێدەر: بێگومان..

دڵداری ئازا: کەواتە ناهێڵم..

بیرلێدەر: تۆش قووت دەدا..

دڵداری ئازا: ناهێڵم.. ناهێڵم..

بیرلێدەر: بەو هەڵوێستە هەرزەکارانەیە ئەژدیها لەناو ناچێ..

دڵداری ئازا: (شمشێرەکەی ئامادە کا) دەڕۆم ناهێڵم..ناهێڵم..

بیرلێدەر: من دەڵێم کاکی دڵدار    بیرکەوە قەت مەڵێ ئەزم

ئەو دەڵێ خالۆی ڕێبوار    من پاڵەوانم نابەزم

من دەڵێم کوڕی ئازا ئەژدیها شەڕی دەست نییە
ئەو دەڵێ مامەی دانا مـن دڵـدارم بـاکـم نیـیە

(تاریکی)

(دیمەن: بارەگای پاشایە..)

شالیار: پاشای دادپەروەر.. گەورەم.. پاشای..

پاشا: (بە تاودێت) ها، خێرە..!

شالیار: بە داخەوە، پاشای دادپەروەر، بیرەکەی تریش..

پاشا: وشکی کرد..!

شالیار: بەداخەوە.. چار نەما.. خەڵکە وا..

پاشا: (ئەژنۆی دەشکێ.. بێدەنگی) شالیاری بەڕێز.. چارەسەرێ؟ (لەپڕ) بیر لێدەن..

(تاریکی)

(دیمەن: هەمان دیمەنی یەکەم.)

بیرلێدەر: لە خـەودا پیـاوەتـی درۆیـە
لـە ئاشتـیدا ئـازایەتی درۆیە
لـە رۆژی سپی دڵی سپی دیـارە
بەڵام داخم هەلپەرست بێ ژمارە

ئاغا: (لە سووچێکی تری شانۆدا بۆ کۆمەڵێک وتار دەدا)

ئەی دانیشتووانی شارە دێرینەکەی ئەوین، خۆشەویستەکانم.. من وەکو خۆشتان چاک دڵنیام، بەردەوام لە پێناو بەرژەوەندی و سەرفرازی ئێوەی بەڕێز درێغیم نەکردووە. چەند جار پێی گوتوومە.. ئەوەی هەژارە شەرم نەکا.. بێ یەک و دوو، پارەم لێ داوا کات، گەر ئێوە نەبوونایە، هەرگیز نەدەبوومە ئەو پیاوەی..

هەموو: ئاومان دەوێ..

ئاغا: ئاومان دەوێ، بێگومان ئاومان دەوێ.. با پێکەوە بڕیار بدەین، وشەی ئاومان دەوێ بکەین بە دروشمی ئەمساڵ.

هەموو: ئاومان دەوێ، ئاومان دەوێ..

ئاغا: دەنگی لە تەک دەنگتانایە، ئاومان دەوێ..

هەموو: منداڵ لە تێنوودا خنکان..

ئاغا: ئاومان دەوێ..

هەموو: مەڕوماڵات قڕانی هات.

ئاغا: ئاومان دەوێ..

هەموو: ڕەز و بێستانمان وشک بوون..

ئاغا: ئاومان دەوێ، ئاومان دەوێ..

یەکەم: چارەسەر گەورەم.. چارەسەر.

ئاغا: دەبێ ئەژدیها بکوژم..

بیرلێدەر: (کاغەزێکی پڕی باکردووە دەیتەقێنێ، ئاغا دەبووریتەوە)

هەستە گەورەم هەستە، هیچ نەبووە...

ئاغا: (بەخۆ دێتەوە) ئەژ.. ئەژ.. دیها...؟

بیرلێدەر: نەخێر گەورەم، کاغەز بوو.. ئەها.. ئەمەتا.. هەستە، ئاومان دەوێ...

ئاغا: دەبێ بیر لێدەم. (هەست بە بیرلێدەر دەکا)

ئەی بیرلێدەرە کوێرەکە..، ئەی دانا

دەنگ خۆشەکە....

گەورەم، ئاواتی گشت دانیشتووانی شارە خامۆشەکەمان... بەناوی خۆم و خنکاوەکانی ئەم شارە.. داوات لێ دەکەم بە ناوی خۆم و خنکاوەکانی ئەم شارە.. داوات لێ دەکەم بەڵکو تکات لێ دەکەم، لەسەر زەوییەکەی من بیرێک لێ دەیت.. چەندت پارە دەوێ، هەرچەند داوا بکە.. جگە لەمە.. بە نامووسم هەر کە بیرەکەت لێدا.. ئاو فرۆشرا، لە هەر لیرەیەک قرانێ بۆ تۆ..

بیرلێدەر: نایکەم..

ئاغا: لە پێناو.. لە پێناو..

بیرلێدەر: گەورەم واز لەم قسانە بێنە. من بە مەرج بیر لێ دەدەم.

ئاغا: هەزار مەرج.

بیرلێدەر: یەکەم، دەستحەق وەرناگرم.

ئاغا: مەرجێکی ئاسانە.

بیرلێدەر: دووەم، کە ئاوەکە فرۆشرا ئەوساش هیچم ناوێ..

ئاغا: ئاسانتریش..

بیرلێدەر: سێیەم، من نرخی ئاوەکە دادەنێم.

ئاغا: ق ق.. قا.. بلە...

بیرلێدەر: چوارەم. دەبێ دوو یاساوڵ لە دەوری بیرەکە دابنێیت، هەتا بە دادوەری ئاوەکە بە سەر خەڵکدا دابەش بکرێ.

ئاغا: تەواو. مەرجەکانت گشتی فەرمانن. باشە ئێستا چی بکەم.

بیرلێدەر: زەوییەکەم نیشان دە..

ئاغا: سەرچاو.

(تاریکی)

(دیمەن: لە سووچێکدا شاگرد و کچەگوڵفرۆش بە خەمناکی دانیشتوون)

شاگرد: ئەم جارە بۆ دەگرییێت چی بووە؟

گوڵفرۆش: ئەم شەو.. دوا گوڵی باخچەکەم وشک بوو...

شاگرد: دڵبەرەکەم، گوێ مەدێ.. گرینگ نییە، خۆمان وشک نەبووین.

گوڵفرۆش: خۆشمان وشک دەبین. کارەسات بەردەوامە، ئێمەش وا، یەکە یەکە... وەکو ئەم گوڵە سیسبووانە هەڵدەوەرێین.

شاگرد: هەر دەبێ چارەسەرێک بدۆزرێتەوە.. هەر دەبێ.

گوڵفرۆش: جگە لەمە منێکی بێ کەس، لەمەودوا، بە چ بژیم؟ بە هەر جۆرێک گوڵفرۆشتنەکە نیمچە گوزەرانێکی بۆ دەڕەخساندم.. کەچی ئێستا.

شاگرد: نازدارەکەم، بەسە، مەگری..

بیر: (دێتە ناو ڕووناکییەکە) با بگریەت.

شاگرد: بگریەت!

بیرلێدەر: بەڵێ، گریانەکە لە چەوتیمان دوور دەکاتەوە.

شاگرد: وەستا، چۆن؟ چۆن گریان لە چەوتیمان دوور دەکاتەوە؟

بیرلێدەر: ڕۆڵەکەم.. شاگردە دڵدارەکەم.. دڵی مرۆڤ (مستی خۆی نیشان دەدا)

ئەوەندەیە، توانای بەرگریکردنی ئەو هەموو کارەساتانەی نییە، جا ئەگەر ئەم دڵە بەستەزمانە بە گریان شل نەکرێتەوە، دەگونجێ ئۆقرە نەگرێ ئەوسا یا خاوەنەکەی تووشی هەڵچوون و چەوتی دەکات یان لە ژیان بەخشین دەوەستێ..

شاگرد: نا نا.. بگرییێ گیانەکەم.. بگرییێ..

بیرلێدەر: هەستە.

شاگرد: بۆ کوێ؟

بیرلێدەر: بیر لێدەین.

شاگرد: بیر لێدەین!

گوڵفرۆش: (بە خەمباری) بیر لێ دەدەن؟ گوڵەکانم دەڕوێنەوە ژیانم دابین دەبێ، ئارەزووم دێتە دی؟

شاگرد: (گوڵفرۆش دەداتە قا قا) نازدارەکەم.. بەسە.. پێ مەکەنە، دوایێ ژان دەتگرێ..

بیرلێدەر: با پێ بکەنێ.

شاگرد: پێ بکەنێ !

بیرلێدەر: بەڵێ.. پێکەنین لە ڕاستیمان نێزیک دەکاتەوە..

شاگرد: چۆن وەستا، چۆن پێکەنین لە ڕاستیمان بە نێزیک دەکاتەوە؟

بیرلێدەر: ڕۆڵەکەم، شاگردە دڵدارەکەم.. دڵی مرۆڤ، ئەوەندەیە توانای بەرگریکردنی ئەو هەموو کارەساتانەی نییە.. جا بەپێکەنینەوە سارد دەکرێتەوە و و دادەمرکێ.. ئەوسا، خاوەنەکەی بەکاوەخۆ، بەشێنەیی بیر لەو شتانە دەکاتەوە،.. بابڕۆین.

شاگرد: (لەگەڵ ڕۆیشتندا) پێ بکەنە گیانەکەم.. پێ بکەنە.

(تاریکی)

(دیمەن: لە سووچێکی شانۆدا لاشەکان وەکو مردوو کەوتوون)

هەموو: (بە ئاوازێکی بێ چارەیی دەناڵێنن) ئاو.. ئاو.. ئاومان دەوێ..

یەکەم: (دەنگی سازی شاگرد هەڵدەستێ) ئاو.. خەڵکینە کەوچکێ ئاو.. خنکام... (ڕووناکی دەکەوێتە سەر شاگردیش)

دووەم: شاگردە دڵدارەکە ئاو.. منداڵم..

سێیەم: دانای بیرلێدەر ئاو.. مەڕوماڵاتم..

بیرلێدەر: (لە قووڵاییەکەوە بانگ دەکات) راکێشە..

شاگرد: (سازەکە دادەنێ و گوریسەکە رادەکێشێ تا جۆڕکەکی پر لە خۆڵ دەردێنی و دەیرێژێ و شۆڕی دەکاتەوە، پاشان دەست بە ساز لێدان دەکا) هات..

چوارەم: کوێرە دەنگ خۆشە ئاو.. زەویوزارم..

یەکەم: (هەڵدەستێ).. ئاو.. خنکام.. خنکام (دەکەوێ)

هەموو: مرد.. ئەوە مرد.. ئەرێ، چنگە. چنگە. ڕاناگرێ؟

شاگرد: نەخێر.

دووەم: برالە بە مۆسیقا بە مراز ناگەین.

شاگرد: بەگریان و داد و فیغانیش بە مراز ناگەین.

بیرلێدەر: ڕاکێشە.

شاگرد (هەمان کردار دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە باتی) خۆڵ ئاو دەڕژێ" ئا.. ئاو...

هەموو: "باشە بە شاگەشکەیی" ئاو.. خەڵکینە ئاو...

بیرلێدەر: (لەناو بیرێک دەردەچێ ڕووناکی دەکەوێتە سەر ئەو) برادەران بازرگانی ڕەوایە بە دار، بە گۆشت، بە ئاسن بەهێلکە و شیر.. بە گەنم.. هەر ڕەوایە. چونکە هەر شت لە ئاڵوگۆڕکردنیدا بەسوود بێ، بەگوێرەی بازاڕ و ویژدان.. بازرگان سەربەستە لە رفاندنی..

برادەران تەنیا دوو شت نەبێ ناشێ.. تاوانێکە و ناسڕێتەوە.. ناپاکییەکی مەزنە.. کەرستەیەکە ناکڕێ، نافرۆشرێ..

برادەران ئەم دوو شتە.. نە هێلکەیە، نە هەنگوینە، نە بەڕووە، برادەران ئەم دوو شتەی فرۆشتیان نارەوایە یەکەم ئابروو.. دووەم، ها ئەم خاکەیە....

ئاغا: (لەسەر بیرەکە وەستاوە ئاو دەفرۆشێ) هێواش، مەیکەن بە هەڵڵا.. یەک، یەک.. سرە بگرن..(بە یەکێ) بێنە..

یەکەم: (پارەی دەداتێ) فەرموو گەورەم.

ئاغا: (پارەکە وەردەگرێ و فڕێی دەدا) هەتیو ئەمە پارەی ئاو کڕینە.. ئەوە هەوای پێ ناکڕێ..

یەکەم: گەورەم، هەژارم، لە ڕاهی خوا، تینووم..

ئاغا: (دوور پاڵی دەدا) دەفن بە لە ڕاهی خوا ! هەژارخانەمان داناوە ! جامێ ئاو بە لیرەیەک، دەکڕن فەرموون دەنا، دەفن بە.

دووەم: فەرموو گەورەم.. ئەمە دوو لیرە.

ئاغا: دوو لیرە، کەواتە دوو.. جام.. ئا (فڕێ ئاو لە جامی دووەم دەخواتەوە) و خێرا، یەکی تر.

یەکەم: (دێتەوە سڕە) فەرموو برای گەورەم، ئەمە نیو لیرە.. نیو جام..

ئاغا: (بە تووڕەیی و نازەوە) خوای گەورەم.. جا وەرە بۆ ئەم خەڵکە چاوچنۆک و سپڵەیە تێ بکۆشە! کوڕە نەختێ ویژدانتان هەبێ، نەختێ بەزەییتان پێم بێتەوە.. ئەم بیرەم بۆ کێ لێ داوە؟ بۆ ئێوە نییە؟ ئێ کوڕە باوکم هەر نەبێ پارەکەتان نیوەی ماندووبوونەکەم بێ..

یەکەم: بە قوربان.. نیوە..

ئاغا: نایفرۆشم.. تەواو.. ئاوی خۆمە و نایفرۆشم.

بازرگان: (دەمێکە بە دەغەزو چاوبرسیەتی دەڕوانێتە ئەم دیمەنە) فەرموو ئەوە پێنج لیرە..

ئاغا: ئەوە کڕیارە! دەبینن، ئاوکڕ ئەمەیە.. فەرموو ئەمە سێ جام ئاو..

بازرگان: پێنج لیرە بوو.

ئاغا: ببوورە گەورەم. وەڵلا، شێواندوویانم.. ها ئەوە چوار..

بازرگان: پێنج لیرە بوو..

ئاغا: ئۆهۆ.. دە بگرە.. چەند چیرەت درێژە! (قومێ لە جامی پێنجەم دەخواتەوە)

بازرگان: گەورەم، ئەگەر جامێ بە لیرەیەک بێ.. ئەی بیرەکە گشتی بە چەندە؟

ئاغا: گشتی ئاوی بیرەکە؟

بازرگان: بەڵێ.. گشت ئاوی بیرەکە.

ئاغا: (هێمنی) نازانم. ناتوانم نرخ دابنێم.

بازرگان: بۆ..؟ تۆ بازرگانێکی لێهاتووی.

ئاغا: ڕاسته.. بەڵام.. هەرگیز بازرگانییەتی ئاوم نەکردووه.. پاشان..

بازرگان: پاشان چی؟

ئاغـــا: پاشـــان، ئاو، لەناو بیـــر، وەک مـــاسـی ناو دەریا.. نە دەژمـــێـــردرێ، نە دەکێشرێ.. بۆیە...

بازرگان: فەرموو دە هەزار لیرەی زێڕ ؟

ئاغا: (بە حەپەساوی) دە هەزار لیرە زێڕ؟ (هێمنی)

لەگەڵ ئەوەشدا، هەر نایفرۆشم.

بازرگان: دە هەزار لیرەی زێڕ بۆ بیرێک ئاو..!

ئاغا: جەناب تۆ سەرۆکی بازرگانانی، چل ساڵە بازاڕ دەکڕی و دەفرۆشی و ئەگەر لە قازانج دڵنیا نەبی،.. چۆن..

بازرگان: پازدە هەزار..

ئاغا: نایدەم..

بازرگان: سی هەزار لیرەی زێڕ..

ئاغا: ئۆهۆ، چەند چیرەت درێژە.. دە بڕۆ (دوور پاڵی دەدا)

بازرگان: (چۆڕێ ئاوی لێ دەڕژێ، بۆ خۆی) زۆر باشە.. بەڵام ئەگەر من سەرۆکی بازرگانان بم دەبێ تەپڵی سەرت لە زەوی ڕاکەم.. (بە توندی دەری دەکا)

یەکەم: لە ڕاهی خوا خنکام..

ئاغا: دیسانەکە هاتی.. دەفن بە.. لیرە، کێ لیرەی پێیە؟ ئەو بێتە پێش..

بیرلێدەر: من دێمە پێش..

ئاغا: تۆ!؟

بیرلێدەر: دە جام ئاو بدە ئەم کابرایە..

ئاغا: دەکاتە دە لیرە

بیرلێدەر: تۆ ئاوەکەی بدێ..

ئاغا: بەیانی بۆ تەرو وەرەوە..

بیرلێدەر: دیارە نامناسی؟

ئاغا: چۆن ناتناسم.. تۆ بیرلێدەرە کوێرەکەی..
بیرلێدەر: کەواتە، مافی ئەوەم هەیە چۆڕێ ئاو بۆ خۆم ببەم.
ئاغا: بە پارە، بەڵێ.. بێ پارە، بەیانی وەرەوە...
بیرلێدەر: گەورەم بیرەکە خۆم لێم داوە..
ئاغا: بەڵێ، بەڵام زەوییەکە زەوی خۆمە.
بیرلێدەر: قرووشێکی قەڵپم لێ وەرنەگرتی..
ئاغا: تۆ بێ مێشکی من چی بکەم!
بیرلێدەر: تەواو. بەڵام، هەرنەبێ.. مەرجەکان، بابە هەر نەبێ مەرجی چوارەم.. کە دەڵێ دوو یاساوڵ لە دەوری بیرەکە دانێ، هەتا بە دادپەروەری و نرخێکی کەم ئاوەکە بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێ..
ئاغا: ئەرێ ئەو مەرجە لە کوێ نووسراوە... سەنەدێکم بدێ؟ شاهێدێکم بۆ بێنە... لەتە کاغەزێ بێنە ئەو قسە پڕوپووچانەی تێدا نووسرابێ و منیش مۆرم کردبێ.
بیرلێدەر: ئاوا؟
ئاغا: دوورکەوە پیری ئاخر شەڕ، هەتا.. بەڵام خەتای خۆمە گوێ لە خەڵەفاوێکی وەک تۆ دەگرم. دەی، ئاو..
جامێ ئاو (بە بایەخ پێدان) بە یەک لیرە (بە بچووککردنەوە)
بیرلێدەر: (بۆخۆی) شار لە چیدایە و کاکەش لە چی!؟ (بەدەنگ)
توخوا ئەمە بێ ویژدانی نییە..؟ دەبێ ئەم ناپاکە بە چەوساندنەوەی ئەم خەڵکە نەزانێ، شارەکە پتر نائومێد دەبێ؟ ئاسانتر دەکەوێتە چنگی ئەژدیها...!!! برادەران.. دوو شت نەبێ ناشێ.... ئاواتێکە ناسڕێتەوە.. ناپاکییەکی مەزنە.. کەرستەیەکە ناکرێ، نافرۆشرێ.. برادەران ئەم دوو شتە نە هێلکەیە، نە هەنگوینە، نە بەڕوو.. برادەران ئەم دوو شتەی فرۆشتیان ناڕەوایە.. یەکەم ئابڕوو... دووەمیان ئەم خاکەیە.
(تاریکی)
(دیمەن: ئەزموونگەی زانایەک)
زانا: (بە کاری خۆی خەریکە) کەوچکێکی بچووک لەمە، دووی گەورە لەمە.. چوار

قل لەمە.. بیست مسقاڵ لەمە.. لەگەڵ پەرداخێک دۆشاوی تەماتە، جوان تێکەڵ بکرێ.. پاشان بخرێتە سەر ئاگرێکی کز بۆ ماوەی چل ڕۆژ..

بازرگان: (لە پڕ دیار دەکەوێ) نیو مسقاڵ زیومان دەست دەکەوێ..

زانا: (ڕادەچەنێ) ڕاستە.بە (شادمانی) نیو مسقاڵ زیو!؟

بازرگان: بەڕاستی زانایەکی لێهاتووی.

زانا: بێگومان.. بەڵام دەڵێی دەنگێکم بیست.

(ئاوڕ دەداتەوەو بازرگان دەبینێ، پێ دەکەنن) ئەوە تۆی!

بازرگان: بە گۆشت و ئێسقانەوە..

زانا: (یەکتر لە باوەش دەکەن) ئەی برادەری منداڵیم.

بازرگان: ئەی مامۆستای گەورەییم...

زانا: بازرگانیت، زەوی و زارت، پارەت، تەندروستیت؟

بازرگان: (بەگلەیی) ئەی زانای گەورەی شارە لێقەوماوەکەم ئەی دواترووسکەی هیوا.. (دەگریەت)

زانا: ئەوە چییە! ئەوە دەگریت؟ نا دیارە کارەساتێکی گەورەت لێ قەوماوە.. ئەگینا، تۆی جەزرەبە و پۆڵایین گریان ناناسی..

بازرگان: زانای گەورە، خۆ هەر لە من نەقەوماوە... دانیشتووان هەموو..

زانا: ها، مەبەستت ئەژدیهاکەیە؟ ئێی گەیشتە کوێ؟

بازرگان: گەیشتە گیانمان..

زانا: سەیرە، بەو هەموو چەک و پاڵەوانە چارەسەر نەکرا! هەر ماوە؟

بازرگان: هەر ماوە، بەڵام ئێمە خەریکە نامێنین..

زانا: نا، دیارە چاک بیرتان لێ نەکردووەتەوە.. با سەرکردەکان پلانی گونجاوتر..

بازرگان: گەورەم سوودی نییە.. تەنیا ئەگەر تۆ..

زانا: من! نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب.. من زانام...لە زانست بەولاوە سەرم لە هیچ شتێ دەرناچێ.. زانستی من لە پێناو خەڵکدایە.

بازرگان: بەڵام ئەو خەڵکەی باسی دەکەی بەرەو نەمان دەڕوا...

زانا: نا برادەر نا، دیارە لە پلانی سەرکردەکان کەموکورتی هەیە.. پێویستە پلانەکان لەسەر بناخەی زانستی دابڕێژرێن.. چونکە پلانی زانستی

ئەنجامی دیارکراو و نەگۆڕاوە.. ئەم شووشەیە دەبینی، ئەوە چییە؟
بازرگان: شووشەیە.
زانا: ئافەرین.. بڕوانە ئێستا بەم دارە گەورەیە لەم شووشە ناسکە دەدەم، بەڵام درز نابا.. کەچی بەم قلە زیخە هەپڕوون هەپڕوون دەبێ.. ئەژدیهاش ئاوا، دیارە چەکی کوشندەتان بۆ نەدۆزیوەتەوە.
بازرگان: (بێزار دەبێ) زانای گەورە.. ئەژدیها شووشە نییە..
زانا: بێگومان.. ئاشکرایە.. شووشەش ئەژدیها نییە.. هەڵبەتە ئێستاش ماڵاوا.. بمبوورە دەبێ مەسەلە زانستییەکانم چارەسەر بکەم.. چونکە خۆت دەزانی من لە پێناو شادمانی خەڵکدا دەزانستێنم،
بازرگان: بەڵام زانای گەورە، خەڵکەکە بەتایبەتی ئەمڕۆ پتر پێویستی بە ئاوە نەک بە زانست.
زانا: زۆر چاکە، با هەر ئاو بخۆنەوە، تا وەڕەس دەبن.
بازرگان: بەڵام کە ئاو نەبێ..
زانا: با ماستاو بخۆنەوە..
بازرگان: کە ئاو نەبێ گەورەم.. ئاو نییە..!
زانا: با شەربەت بخۆنەوە سەیرە! ئەی ئەژدیها ڕۆژێ نیو کاتژمێر ئاو بەرنادات‌ەوە؟
بازرگان: بەڵێ.. بەڵام بەش ناکات.. منداڵ و ئافرەت و پیر و پەککەوتە قڕانیان تێ کەوت.
زانا: باشە چارە؟
بازرگان: تۆ زانای نەک من؟
زانا: لە ڕاستیدا، پرسیارەکەت شیاوە (بەشێوەیەکی دروستکراو) بەڵام خۆت دەزانی بایەخ پێدانی من تەنیا خەڵکی ئەم شارە نییە. زانستی من لە پێناو گشت مرۆڤایەتییە... زانستی من تەنیا بۆ یەک و دووان و هەزاران نییە.. بگرە بۆ گشت گیانلەبەرێکە لەسەر ئەم زەوییە. زانستی من تەنیا بۆ ئەم شار و ئەو وڵات نییە.. یا گەر ڕاستیت دەوێ، من خەریکە لە ئاستی سنوورەکانی زەوی دەردەچم.. بیرم خەیاڵم بە ئەستێرە کز و سیسەکانەوە خەریکە.. من لە زانست دەگەڕێم، زانستیش مەڵبەندی دیارکراوی نییە.

زەوی، مانگ، ئەستێرە، خۆر.. بە لای منەوە وەکو یەکە کامیان پتر سوودی گەیاند بە زانست لەو دەکۆڵمەوە... من... بیر، خەیاڵ.. ئاسمان.. شەو... من.. من.. من...

بازرگان: چارەکێک ژەهرم بدەرێ.

زانا: دەکاتە سەت لیرە.

بازرگان: (پارەی دەداتێ) فەرموو گەورەم.

زانا: (ژەهری دەداتێ) فەرموو گەورەم.

(تاریکی)

بیر: (لە نێو چەپکێ ڕووناکیدا)

لە خەوتندا پیاوەتی درۆیە
لە ئاشتیدا ئازایەتی درۆیە
لە ڕۆژی ڕەش دڵی سپی دیارن
بەڵام داخم هەلپەرست بێ ژمارن

***

(دیمەن: هەمان دیمەنی یەکەم.. ئاغا پاسەوانی بیرەکە دەکا. خەواڵووە.. بیرلێدەر خەوتووە.. شاگرد ئاوازێکی دڵڕفێن لێ دەدا.. بازرگان پەیدا دەبێ.. کە زانی ئاغا خەوت، هێواش دەخزێتە نیوەی، ژەهرەکەی ڕوو دەکاتە ناو بیرەکە..)

بازرگان: (بە ئاغای خەوتوو) ئینجا ئاو بفرۆشە. گەمژە، دەتەوێ بازاڕی من داگیر کەی!؟

بیر: (لەنێو چەپکێ ڕووناکیدا) برادەران بازرگانی ڕەوایە. بە هەر چۆنێ، بەهەر شێوە قازانج کەی.. بازاڕ کراوە و ئازادە.. کەسیش ناڵێ بۆ وا دەکەی.! خەڵک ناچارە شت بخوا، بخواتەوە.. بە نادڵی، بێچارەیی تا پەسەندمان کردە ڕەوا ..کەچی ئەی بازرگانی خۆپەرست.. ئەی بێچووە ئەژدیهاکە.. ئەوە ئیشە ئەتۆ دەیکەی؟ بەهۆی لێدانی دوژمنێک چۆن بازاڕی خۆت چۆڵ دەکەی؟ هەی خۆپەرست، ئەی بێچووە ئەژدیهاکە، بەهۆی لێدانی دوژمنێک ئەم خەڵکەت کوشت.

(شانۆ ڕووناک دەبێتەوە، خەڵکەکە لە خەو هەڵدەستن)

بازرگان: (نۆرەبڕی دەکا و دەچێتە پێشەوە) جامێ ئاو..

ئاغا: یەک لیرە.

بازرگان: (لیرەکەی دەداتێ) فەرموو گەورەم.

ئاغا: (جامێکی ئاو دەداتێ) فەرموو گەورەم.

بازرگان: کە تینوومە (خێرا بە ساختە فرێ لە جامە ئاوەکە دەدا) ئەی، ئای ئەمە چییە؟ (گوایە خواردوویەتیەوە) ئای باوکە مردم.. ئای ئەم ئاوە لابەن.. کوڕە نەیخۆیتەوە.

یەکەم: (گورج هێرش دەبا و جامە ئاوەکە لە بازرگان وەردەگرێ وەک شێت دەیخواتەوە) ئای دەمم..گەرووم..(دەمرێ)..

بازرگان: خەڵکینە، بیرەکە ژەهراو کراوە.. کەس نەیکڕێ..

شاگرد: بیرەکە ژەهراوی کراوە

هەموو: تاکەی، تاکەی، تاکەی.. ئەژدیهای بەدکاری دڕندەی زۆردار. کانگاوی ئاو بگرێ.. ڕێ لە پەرژین بگرێ..

ئاغا: وەی ڕۆ لە خۆم ڕۆ.. وەی لە بەختی ڕەشم.. ئاواتم..خەونم داهاتووم.. ڕما.. گشت ڕما.. کوا، کوا بیرلێدەرە کوێرەکە؟ (دەیدۆزێتەوە) بە قوربان، ئەی بیر لێدەرە داناکە.. ئەی کوێرە دەنگ پڕ هەستەکە..

بیرلێدەر: فەرموو..

ئاغا: بیرێکی تر، هەر مشتە خۆڵ و لەپێ زێڕت دەدەمێ..

بیر: خوابدا..

ئاغا: بە مەرج.. چ مەرجێکت هەیە فەرموو.. بە دە پەنجان مۆری دەکەم.. لە بەرچاوی ئەم زاتە پیرۆزانە...

بیرلێدەر: یەک مەرجم هەیە.

ئاغا: بێنە دەستت ماچ کەم.. باشە، فەرموو بخوازە لە ماڵی دنیا..

بیرلێدەر: سەری ئەژدیهاکەم بۆ بێنە.

ئاغا: من پاڵەوان نیم.. بازرگانم..

بیرلێدەر: منیش لەگەڵ بازرگان بێنەوبەردە ناکەم.

ئاغا: بەڵام.. من..

بیرلێدەر: خوات لەگەڵ.. (ئاغا بە داماوی دەڕوا).

بازرگان: گەورەم..

بیرلێدەر: لەگەڵ منتە؟

بازرگان: بەڵێ ئەی بیرلێدەرە داناکە.. ئەی کوێرە دەنگ پڕ هەستەکە..

بیرلێدەر: فەرموو..

بازرگان: دەمەوێ یا ڕاستییەکەی لێت دەپاڕێمەوە، تکای برایانەت لێ دەکەم..

بیرلێدەر: فەرموو سەرەکی بازرگانان..

بازرگان: لە پێناو ڕزگارکردنی دانیشتووانی ئەم شارە نەفرەت لێکراوە، لە پێناو پاراستنی شار لە ئەژدیها چاوبرسییەکە، لەسەر زەوی مندا، بیرێک لێدە.. بەڵام ئەم جارە من مەرجم هەیە..

بیرلێدەر: تۆ! فەرموو سەرەکی بازرگانان.

بازرگان: بەخۆت دەزانی من ئەوا چل ساڵە بازاڕ دەکڕم و دەفرۆشم.. هۆی بنەڕەتی مانەوەم، سەرکەوتنم، تەنیا ڕاستی و ڕەوانییە.. ئاڵوگۆڕەکانم لەسەر بناخەی بیرکاری و زامنکردن دادەمەزرێنم.

بیرلێدەر: ئینجا..

بازرگان: دەمەوێ پێش ئەوەی دەست بە ئیش بکەیت.. لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە پێک بێین، تا لای لێپرسراوی دادگەدا مۆری بکەین.

بیرلێدەر: خراپ نییە.. خاڵەکان چییە؟

بازرگان: یەکەم. لە سەت کوندە ئاو، پەنجای بە خۆڕایی دابەش دەکرێ بەسەر هەژار و لێقەوماواندا، قایلی؟

بیرلێدەر: دەمخۆش..

بازرگان: لە هەر پەنجا کوندە ئاو، بیست و پێنجی بەر تۆ دەکەوێ، ئینجا دەیفرۆشی، دەیرێژی، بە خۆڕایی دابەشی دەکەی، ئارەزووی خۆتە. قایلی؟

بیرلێدەر: دەمخۆش.

بازرگان: لەو بیست و پێنج کوندەیەی بەر من دەکەوێ، سەربەستم لە دابەشکردنی پازدە کوندە بەسەر هەژار و لێقەوماوانی شارە خۆشەویستەکەم.. کەس

مافی ئەوەی نەبێ ڕێم لێ بگرێ.. قایلی؟

بیرلێدەر: بەڵام تەنیا دە کوندەت بۆ دەمێنێتەوە..!

بازرگان: لە سەتان دە گەورەم.. لە سەتان دە..

بیرلێدەر: بەڵێ ڕاستە.. لە سەتا دە..

بازرگان: ئەویش بۆ پێداویستی خۆم.

بیرلێدەر: دەمخۆش، بەڵام، دەترسم پەشیمان ببیتەوە؟

بازرگان: ئەوە لێپرسراوی دادگە.. با بچین مۆری بکەین.

بیرلێدەر: (بۆ خۆی) ئەم هەڵوێستە مرۆڤایەتییە لەم بێچووە ئەژدیهایە ناوەشێتەوە...

بازرگان: (بۆخوی) ئەگەر وا بۆی نەچم کوێرەی ناپەسەند بە زێڕی قاروونیش بیرم بۆ لێ نادا.

بیرلێدەر: (بە دەنگ) قایلم.. تەنیا بەو شێوەیە قایلم.. ئەگەر بەو مەرجانە نەبووایە هەرگیز قایل نەدەبووم.

بازرگان: دەزانم گەورەم دەزانم....

شاگرد: وەستا چۆن بڕوا بەوانە دەکەیتەوە؟

بیرلێدەر: ڕۆڵە چار نییە.. هەتا ڕاست دەڵێن.. ڕاست بڵێ.. هەتا داوای کرداری باش دەکەن بۆیان بکە..

شاگرد: وەستا، با بیر بۆ خۆمان لێدەین.

بیرلێدەر: لەسەر زەوی کێ؟ زەوی تۆ یا زەوی من؟ بەهەردووکمان بایی گۆڕێکمان نییە... وانییە..

شاگرد: بەڵێ وەستا... وایە..

بازرگان: با بڕۆین..

بیرلێدەر: فەرموو..

(تاریکی)

(دیمەن: ئەزموونگەی زاناکە، وەکو جاران خەریکی کاری خۆیەتی) زانا ٤٤٤ ٤٤٤ کۆ ٤٤٤ ٤٤٤ پاشان ٨٨٨ ٨٨٨ ی لێ دەرچێ.. یەکسانە بە.. (دەرگە لێ دەدرێ) ئۆهۆ.. لێم ناگەڕێن نا.. ئەوە چ گیانلەبەرێکە. (دەڕوا

بۆ دەرگەکردنەوە) بابە واز بێنن خزمەت بکەین.. ئێمە بۆ کێ شەو و ڕۆژ چاوی خۆمان کوێر کردووە..؟ بۆ کێ؟ (دەرگە دەکاتەوە) چیت دەوێ..؟

ئاغا: (بە پەلە دێتە ژوور) چارێگێک ژەهر..

زانا: دەکاتە دوو سەت لیرە.

ئاغا: دوێنێ چارێکی بە سەت لیرە بوو.

زانا: دوێنێ ئاو لەمڕۆ پتربوو..

ئاغا: ئاو.. ئاو.! ئاو پێوەندی چییە بە نرخی ژەهر..؟

زانا: زۆر.. چەند ئاو زۆر بێ نرخی ژەهر دەشکێ.. بەپێچەوانەوە چەند ئاو کەم بێ نرخی ژەهر هەڵدەستێ.. تێگەیشتی؟

ئاغا: نەخێر..

زانا: دەمـزانی.. چەند ژەهر زۆر بێ نرخی ئاو هەڵدەستێ.. چەند ژەهر کەم بێ نرخی ئاو دەشکێ.. تێگەیشتی..

ئاغا: حەرام...

زانا: دەمزانی.. برالە.. چەند ئاو بە نرخ بێ ژەهر کەم دەبێ.. ژەهر بە ئاو چەند بێ نرخ دەبێ.. ئەم جارە تێگەیشتی.؟

ئاغا: بەڵێ..

زانا: کەواتە

ئاغا: فەرموو ئەوە دووسەت لیرە..(پارەی دەداتێ)

زانا: (ژەهری دەداتێ) فەرموو ئەوە چارێگێک ژەهر.. (ئاغا بە پەلە دەردەچێ) ئەرێ وابزانم، دوێنێش یەکێ داوای ژەهری لێ کردم.. خۆ تۆ نەبوویت..؟ ئا، دوێنێ بوو.. باشە ئەوە ئەم هەموو ژەهرەیان بۆ چییە؟ سەیرە، یەکەم جارە لە شتێ تێ ناگەم.! (دەیداتە قاقا)ها، دۆزیمەوە، یا ژنی خۆیان پێ لەناو دەبەن.. یاخۆ. یاخۆ.. (دەیداتەوە قاقا) جرج زۆر بووە..(هێمنی) بەڵام ئەم هەموو ژەهرە سێ شاری پێ ژەهراوی دەکرێ.. دەی.. کەیفی خۆیانە..٤٤٤, ٤٤٤ کۆ ٤٤٤ ٤٤٤ پاشان...

(تاریکی)

(مۆسیقا)

(دیمەن- بیرلێدەر لە خوارەوە بە بیرلێدان خەریکە. شاگرد و بازرگان دەمەقاڵێیانە، خەڵکەکەش بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکەن)

بازرگان: کەر لە کوێ کەوتووە کورتان لە کوێ دڕاوە.!

شاگرد: (دیارە بازرگان سازەکەی لێ زەوت کردووە) بیدەوە..

بازرگان: کاکە ئیش و مۆسیقایان نەوتووە.. خەڵکەکە لە تێنوویاندا..

بیرلێدەر: ڕاکێشە.

شاگرد: (وەکو جاران خۆڵەکە فڕێ دەدا و ئینجا گوریسەکە شۆڕ دەکاتەوە) بیدەوە ئەگینا بە وەستام دەڵێم...

بازرگان: نا لە ڕێی خوا.. فەرموو (سازەکەی دەداتەوە) بەڵام..

شاگرد: (بە ئاوازی سازەکەوە) ئۆخەی ئۆخەی گوڵفرۆش جوانیت ئاوازە بۆ هۆش.. لە پێناو ژیان یەکگرتن لەناو دەبەم هۆی مردن..

هەموو: ئۆخەی ئۆخەی گوڵفرۆش... جوانیت ئاوازە بۆ هۆش

بیرلێدەر: ڕاکێشە... (شاگرد کارەکە دووبارە دەکاتەوە)

هەموو: لە پێناو ژیان یەکگرتن لەناو دەبەم هۆی مردن.

شاگرد: بۆ هەرکرداری بەسوود گۆرانی خۆشەویستی

بۆ کرداری نالەبار توووک و نەفرەت دەبیستی

هەموو: ئۆخەی ئۆخەی گوڵفرۆش..

بیرلێدەر: ڕاکێشە..(شاگرد کارەکە دووبارە دەکاتەوە)

هەموو: لە پێناو یەکگرتن لەناو دەبەم هۆی مردن.

شاگرد: ئاو.. ئاو..

هەموو: ئاو.. (ئاغا پەیدا دەبێ.. خۆی حەشار دەدا).

بازرگان: دەی، جامی ئاو بە دوو لیرە..

شاگرد: چی! ئاو بە دوو لیرە.! (هێمنی بە گوریسەکە بیرلێدەر دەردێنێ)

یەکەم: چۆن چۆن! (هێرش بۆ بازرگان دەبا)

دووەم: پەشیمان بووەتەوە..

شاگرد: پەلە مەکەن با بیرلێدەرە داناکە دەربچێ..

هەموو: (هەر بیرلێدەر بە دیار کەوت) دەبینی خاڵۆ؟ جامی بە دوو لیرە دەدا! پەشیمان بووەتەوە..

شاگرد: گەورەم جامێ ئاو بە چەند دەفرۆشی؟

بازرگان: بە دوو لیرەی ڕەبەق.

بیرلێدەر: ئاسانە.. جەناب بیست و پێنج کوندەی بەردەکەوێ، حەز دەکا با جامی بە دە لیرە بدا.

بازرگان: سەهووی بیرلێدەرە کوێرەکە.

بیرلێدەر: باشە گەورەم، با لە سەتا پەنجای بۆ تۆ بێ..

بازرگان: خەیاڵیت خاوە.

بیرلێدەر: لە سەتا حەفتا و پێنج.

بازرگان: لە گوێی گادا خەوتووی.

بیرلێدەر: ئەوەتا سەنەد. لە بەردەم جەنابی لێپرسراوی دادگادا مۆرت کردووە.

بازرگان: بێنە بزانم وانووسراوە..؟

بیرلێدەر: (کاغەزەکەی دەداتێ) فەرموو.. چاک بیخوێنەوە.

بازرگان: (کاغەزەکە پارچە پارچە دەکا) ئینجا ئەو ناوە چۆڵ کەن. دەی هەتا جاندارم بانگ نەکردووە.. خێرا..

هەموو: (پەلاماری بازرگان دەدەن) تۆزێ ناموووست هەبێ.

شاگرد: ئەمانە تاوانن دەیکەی، خوا قبووڵ ناکات.

بازرگان: جاندار، جاندار.. ئەم شەقامەم لێ پاس کەن.

بیرلێدەر: ڕاوەستە ڕۆڵەکانم.. دادگە ماوە.. پەلە مەکەن.

ئاغا: (خەریک بوو گشتیان بە وچان دەزانێ، بەدزی نیوەی ژەهرەکە ڕوو دەکاتە ناو بیرەکە) باوکە ئەم هەڵلایەتان لە چییە؟ جارێ بابزانین ئاوەکە دەخورێتەوە، نا ئاو وا نییە؟

بازرگان: نەخێر وانییە.. بیری من.. ئاوی من سازگارە.. دڵنیام.

ئاغا: دە تاقی بکەرەوە.

بازرگان: (گوریسەکە شۆڕ دەکاتە ناو بیرەکە، پاشان ڕای دەکێشێ، دۆلکەکە پڕ دەبێ لە ئاو..) فەرموو تاقی بکەرەوە..

ئاغا: نەخێر من ئەوەندە گەوج و کەودەن نیم.
بازرگان: دەی، کێ دەیەوێ تاقی بکاتەوە؟
یەکەم: بە خۆڕایی؟
بازرگان: (بەناچاری) با.. وابێ..
یەکەم: بێنە.. (جامە ئاوەکە لە بازرگان وەردەگرێ)
بیرلێدەر: ڕۆڵە بوەستە.. من گومان لەو ئاوە دەکەم..
بازرگان: بڕوا بکەن، ئاوی بیری من، زەوی من، من شارەزای ئاوی بیری خۆمم.. سازگارە.. دەی، بە خۆڕایی کێ دەیخواتەوە..؟ کەس! (ناچارە لە جامەکە چۆڕێ دەخواتەوە) ئەی.. ئای..
ئاغا: (بۆ خۆی) بیری من ژەهراو دەکەی!؟ دە جامی بە دوو لیرە بدە.. ئاوات لێ دەکەم.
بازرگان: (بە خۆلێدان دوور دەکەوێتەوە) دە بڕۆ لەخۆم ڕۆ.. وەی لە بەختی رەشم رۆ، ئاواتم.. خەونم.. هیوام، داهاتووم.. ڕما..
ئاغا: (بەقاقاوە دەچێتە لای بازرگان) ها، دەبینم داد و فیغانتە..!
بازرگان: ئەوەی بەسەر من هات بەسەر کێ هات؟
ئاغا: بەسەر من. (هەموو تەماشای دەکەن).
بازرگان: بەسەر تۆش..! ها، ئەوە تۆی؟
ئاغا: بەگۆشت و ئێسقانەوە. وات دەزانی هەرتۆ گورزوەشێنەری ها؟ چۆن دەمزانی خوا یەکە ئاواش دەمزانی تۆ بیرەکەت لێ ژەهراوی کردووم...
بازرگان: واتە.. تۆ.. تۆ..
ئاغا: تۆڵەی خۆم کردەوە..
بازرگان: بەڵام خەڵکەکە دانیشتوون..
ئاغا: دەبووایە پێشتر تۆ ئەم پرسیارە بکەی..
بازرگان: قازانجێکی باشت لە کیس دام..
ئاغا: قازانجێکی باشت لە کیس دام..
هەموو: ئێستا چی بکەین؟
بازرگان: بەڵکو بیرلێدەری کوێر.. بیرێکی ترم بۆ لێدا..

بەڵکو کوێرەی بیرلێدەر.. بیرێکی ترم بۆ لێدا..

بازرگان: ڕاوەست.. من ڕایەکم هەیە.

ئاغا: فەرموو گەورەم..

بازرگان: بۆ ئەوەی چیی تر ئاوی بیران ژەهراو نەکەین و لەقە لە قازانجێکی یەکتر نەدەین..

ئاغا: با شەریک بین..

بازرگان: بەڵێ.. قازانجی بیرەکانمان، بەسەر یەکدا وەکو برا دابەش دەکەین..

ئاغا: وەکو برا..

بازرگان: دابەشی دەکەین..

ئاغا: دەمخۆش..

بازرگان: دەمخۆش کەواتە کوێرەکە بدۆزینەوە...

هەردووکیان: ئەی بیرلێدەرە داناکە ئەی دەنگ خۆشە پڕهەستەکە .

شاگرد: ئاوا رۆیی..

هەردووکیان: کێ.!

شاگرد: نازانم..

هەردووکیان: بیرمان دەوێ.. بیرمان دەوێ..

شاگرد: تا ژەهراوی کەن..؟

بیر: تا ئەو بایە لەو کونە بێ، ژیانمان پتر بەرەو نقومبوون دەڕوا .

هەموو: ئاومان دەوێ.. ئاومان دەوێ..

بیرلێدەر: (بەئاغا و بازرگان)

برادەران.. بازرگانی ڕەوایە.

بەهەرچۆنێ، بەهەر شێوە قازانج کەن، بازاڕ کراوە و ئازادە کەسیش ناڵێ بۆ وا دەکەن. خەڵک ناچارە شت بخوا، بخواتەوە.. بە نادڵی، بێچارەیی ناپەسەندمان کردە ڕەوا.. کەچی ئەی خۆپەرستەکان، ئەی بێچووە ئەژدیهاکان، بەهۆی لێدانی یەکتری.. هەی لە ڕێی خوا خەڵکتان کوشت.. ئەوە ئیشە ئێوە دەیکەن.؟ بەهۆی لێدانی یەکتری بەبێ ئاگا بازاڕی خۆتان چۆڵ دەکەن! (لە ئاغا و بازرگان دوور دەکەوێتەوە)

شـاگـرد: (ئاغـا و بازرگـان ئەژنۆیان شکاوە) دەی خـەڵکینـە، با جـارێ لەم دوو ئەژدیهـا بچـووکەوە دەست پێ بکەین. (هەمـوو پەلامـاری ئاغـا و بازرگـان دەدەن).

یەکەم: لەسێدارەیان دەین..

دووەم: بیانسووتێنین..

سێیەم: زیندەبەچاڵیان بکەین..

شـاگرد: نەخێـر.. نە وا، نە ئاوا.. لەبەرئەوەی ئەم دوو زاتە.. حـەز لە بیـر دەکـەن.. بۆیە.. فڕێیاندەینە ناو بیرەکانیان.. جا هەر ئاو بخۆنەوە..

بازرگان: بەڵام ژەهراوی کراون.. لە رێی خوا منداڵم وردن زۆرن..

شاگرد: دیارە ئەم خەڵکە نەزۆک بوون ها؟

ئاغا: هێشتا دنیام نەدیوە، گەنجم..

یەکەم: لەو تەمەنە وا دەکەی دەبێ گەورەتر بیت چی بکەی

شـاگرد: خێراکەن (ئاغا لەسـەر بیری خۆی دەوەسـتێن، بازرگانیش لەسەر بیری خۆی..)

بیرلێدەر: راوەستن..

شاگرد: وەستا!

بیرلێدەر: ئەوە چی دەکەن؟

شـاگرد: وەسـتـا، ئەی بیـرلـێدەری دانا.. پەندەکانت، بیـرە ڕووناکەکـانت، کردەوە سوود بـەخشـەکانت شێـوەی پەروەردەکردنت، فێری کردووین چۆن مامـەڵە لەگەڵ ئەم جانەوەرانە بکەین..

بیرلێدەر: کوڕی خۆم پەلە مەکەن، هێشتا بیربکەنەوە.

شــاگـرد: بوەســتــە، خــۆت فــەرمــووت... تەنیــا دوو شت نەبێ نـاشێ.. تاوانێکە ناسڕێتەوە، ناپاکییەکی مەزنە، کەرستەیەکە ناکڕێ، نافرۆشرێ.. ئەم دوو شتەی فرۆشتیان ناڕەوایە، یەکەم ئابڕوو.. دووەمیان ها ئەم خاکەیە..

بیرلێدەر: ڕاستە، وام گوت.

شـاگرد: کەواتە ئەم دوو زاتە ناپیـرۆزە، بەڵام ئێـمە مـافی ئەوەمـان نییە تاوانبـاران سزا بدەین.. ئێرەش دادگە نییە.

شاگرد: من تاوانبار سزا دەدەم.. پێویستە بە هەر شێوەیەک بێ چارەسەرێکی ئەم کـــارەســـاتانە بکەین.. لەلایەک ئەژدیهـــا دەیەوێ بمانخنکێنێت دەمانچەوسێنێتەوە.. لەم لاشەوە ئەم بازرگانە بێویژدانانە.

بیرلێدەر: ڕۆڵە ڕاست دەکەی، بەڵام ڕاستی هیچ کاتێ مافی ئەوەمان نادا گیانی مرۆڤێک هەڵقاچین، مادامەکی دادگە هەیە.

شاگرد: لەو کاتەی ئەوانە، ڕۆژێ چەندەها گیان تەفروتوونا دەکەن.

بیرلێدەر: ئەوانە، ئەوانەن، ئێوەش، ئێوەن، ئەگەر ئەم جودایەتەتان لە نێواندا نەبێ بۆ ماوەیەکی کەم لە تەکیاندا، یەکسان دەبین.

شاگرد: بەڵام وەستا..

بیرلێدەر: (بە تووڕەیی) وا نییە.؟

شاگرد: بەڵێ وەستا، بەڵام دەبێ چارەسەرێک بدۆزینەوە.

بیرلێدەر: هەڵبەتە دەبێ چارەسەرێک بدۆزینەوە..

شاگرد: کەواتە..

بیرلێدەر: واز بێنن لەم دەعبایانە..

شاگرد: ئینجا..

بیرلێدەر: بیر بکەنەوە..(تەپڵ لێ دەدرێ)

دەنگ: خاوەن شکۆ پاشایی دادپەروەر..

پاشا: (دێت. خەڵکی تریش دێن، هەتا زاناکەش) دانیشتووانی شاری ئەوین. براکانم.. ئەو کارەساتەی بەسەر ئێمەدا هاتووە ئەگەر بە دەگمەن لە مێژوودا رووی دابێ.. من وەکو دەیزانن.. ئەوەی لە بارەگامدا هەبووە درا بەم ئەژدیهایە بەکارم هێناوە. لە ئەنجامدا نە ڕا و تەکبیری ئاشتییانە نە قسەی چاکی دانایان سوودی نەداوە.. ئەژدیهای بەدفەڕ غەزریوە دەیەوێ پەرژینی شاری ئەوین بشکێنێ، نە سوپا نە خاوە و بەرتیل. نە قسەی خۆش، نە ڕامیاری سوودی نەداوە.. ئەژدیهای بەدفەڕ غەزریوە پێی لە خاکمان چەقاندووە و بەهیچ شێوەیەک نایەتە ڕایێ.. من وەکو ڕۆڵەیەکی ئەم شارە لە هەمووتان پتر هەست بە ژان و چەوسانەوە دەکەم، چونکە هەر بە لای کەمەوە، سێ کچی خۆم هەڵبژێردراون بۆ خۆراکی ئەژدیهای

بەدفەڕ، سێ لەت لە جەرگم کراوەتەوە. ئێستاش وەکو دەبینن.. تەنیا کچێکم ماوە.. بۆیە، پەنا بۆ ئێوە دەبەم ئەی دانیشتووانی شاری ئەوین پەنا بۆ ئێوە دەبەم.. ئەگەر چی هەندێ کەس پەنابردن بۆ شارە بێگانەکان بە چاک دەزانن، بەڵام من ئەم کردارەم لا ناپاکییە، چونکە هێشتا، دانا و پاڵەوانانی شاری ئەوین پەکیان نەکەوتووە. بۆیە سەربڵندی و شانازی لەناوبردنی ئەژدیهای بەدفەڕ بە دانیشتووانی شاری ئەوین دەسپێرم.. (هێمنی) کەس رایەکی هەیە؟

بیرلێدەر: بەڵێ پاشای دادپەروەر.. فەرمودەکانت نموونەی راستی و ماف و دڵسۆزییە.

پاشا: فەرموو دانایی بیرلێدەر.

بیرلێدەر: پاشام.. گەر دەتانەوێ بپرسن، ئەژدیها چۆن لەناو دەچێ؟ ژەهری دەروونمان فڕێ دەین، لابەرین بێ هێز و چڵکن.. گەر دەتانەوێ بپرسن ئەژدیها چۆن لەناو دەچێ؟ با مرۆڤ ئامانجمان بێ، خەندەی ساوا ڕابەرمان بێ. گەر دەتانەوێ بپرسن ئەژدیها چۆن لەناو دەچێ؟ واز لە دەنگ و ڕەنگ و ڕەگەز بێنن، زیاترکەین یەکتری بگرین.. گەر دەتانەوێ بپرسن ئەژدیها چۆن لەناو دەچێت؟ واز لە کووچە و کۆڵان بێنن تەنیا بۆ شار تێ بکۆشن.

پاشا: دەستخۆش دانایی بیرلێدەر.. ئافەرین.. فەرموو پتر ڕووناکی چاومان بگەشێنەوە.

بیرلێدەر: پاشای دادپەروەر.. ئا لەم شوێنەدا، زۆربەی نموونەکانی شاری نەفرەت ئامادەن. دەبا هەر زاتێک و لە ئاست خۆیدا بیر لە چارەسەرێک بکاتەوە.

پاشا: بڕیار.. هەر کەسێ، هەرکێ بێ. سەرکەوتن بەسەر ئەژدیهای بەدفەڕدا وەدی بێنێ.. سەربەستی دەکەم لە پێداویستییەکانی.. هەرچی ئارەزووی کرد بۆی ڕادەپەڕێنم.

کۆ١: (لە ئاغا و بازرگان و زانا پێک هاتووە) ئا ئەمەیە هەڵکەوتەکە..

کۆ٢: (لە شاگرد و وڵاتە پێک هاتووە) ئا ئەمەیە هەڵکەوتەکە.

ئاغا: پاشای دادپەروەر.. ئەگەر سەرکەوتم کچەکەتم پێشکێش دەکەیت؟

پاشا: پێشکێش..

بازرگان: پاشای دادپەروەر.. ئەگەر سەرکەوتم دەمکەیت بە شالیار؟

پاشا: سەرەکی شالیاران..

زانا: پاشای دادپەروەر.. گەر سەرکەوتم تاجەکەتم پێ دەدەی؟

پاشا: بە کورسییەوە..

کۆ١: ئا ئەمەیە هەڵکەوتەکە..

پاشا: فەرموون ئەمەتا ڕێگەی سەرکەوتن.

کۆ١: (ئاغا و زانا و بازرگان بەشێوەیەکی ئازایانە ملی ڕێ دەگرن) ئا ئەمەیە.. زاوای پاشا.. سەرەکی شالیاران.. تاج و کورسی.. (ون دەبن.. هێمنی.. مۆسیقایەکی ترسێنەر، پاشان هەر سێ بە تاو و شێواوی دەگەڕێنەوە.)

پاشا: بۆ گەڕانەوە..؟

ئاغا: ئەژ.. ئەژ..

بازرگان: دی..دی..

زانا: ها. ها..

بیرلێدەر: بە هەر سێ پاڵەوان ئینجا توانییان تەنیا ناوی ئەژدیها بێنن..

پاشا: (هێمنی) واتە هیچ دەبێ چاوەڕوانی چارەنووسی ڕەش بین... با بڕۆم...

شاگرد: پاشای دادپەروەر...

پاشا: ها ڕۆڵە تۆ چیت دەوێ!

شاگرد: ئێمە ئەژدیها لەناو دەبەین.

پاشا: ئێوە؟

شاگرد: بەڵێ پاشای دادپەروەر...

پاشا: "بێ بایەخ پێدان" داواکاریتان؟

شاگرد: نەختێ ژەهر..

پاشا: ژەهر!

شاگرد: بەڵێ پاشای دادپەروەر..

پاشا: (بەیاوەر) بڕۆ لە بارەگا، ژەهر بێنە..

شاگرد: پێویست ناکا.. ئا لێرە ژەهر هەیە...
بیرلێدەر: لە کوێ؟
شاگرد: لە بەرگی ئەم سێ زاتە.
پاشا: ئەمانە، بۆ!؟ دەترسم.. ئەوانە.. بیرەکانیان ژەهراو کردبێ..!
شاگرد: پاشای دادپەروەر..
پاشا: (بە هەڕەشە لە کۆی١) زۆر چاکە..
شاگرد: پاشای دادپەروەر، فەرمان بدە ژەهرەکانم بدەنێ...
پاشا: (بە کۆی١) بیستتان؟ خێرا..
کۆ١: (هەریەکەو جۆرێک دەدا بە شاگرد)ب بب.. ژ.. ژە.. ق.. قو..
بیرلێدەر: پاشان.. شاگردەکەم پاشان..؟
شاگرد: گوریسێکی درێژمان دەوێ..
پاشا: (بە یەکێ) گوریسێکی درێژ بێنە.. ڕۆڵە نیازتان چییە؟
شاگرد: پاشای دادپەروەر.. پلانەکەمان بەو جۆرەیە.. سەرەتا لە چەند لایەک بە گوریس خۆم دەبەستم.. دوایێ ئەو ژەهرانە توند ئاوا بەو دەستەم دەگرم..
بیرلێدەر: پاشان. شاگردەکەم پاشان..
شاگرد: با ئەژدیها قووتم بدا..
پاشا: بەڵام.. ڕۆڵە..
شاگرد: کە گەیشتمە سکی.. بەو (خەنجەری ئاغا دەبا) خەنجەرە.. هێواش هێواش سکی ئەژدیها بریندار دەکەم..
بیرلێدەر: پاشان..
شاگرد: پاشان ئەو ژەهرانە بە برینەکانی دادەکەم..
پاشا: تۆ چۆن، چۆن!؟
کە ئەژدیها قۆڕاندی..
بیرلێدەر: بە گوریسەکە خێرا ڕات دەکێشین.
شاگرد: بەڵێ وەستا پلانێکی چۆنە؟
بیرلێدەر: ئافەرین ڕۆڵە.. ئا ئەمەیە هۆشمەندی..

پاشا: بەڵام دانای بیرلێدەر.. ئەم گەنجە..

بیرلێدەر: پەروەردەی دەستی خۆمە پاشای دادپەروەر.. ئەم پلانە تاکە ڕێگەیە دژ بە ئەژدیهایە.

پاشا: (بەوەی گوریسەکەی هێناوە) بیدە بەم گەنجە.

شاگرد: (گوریسەکە دەکا بە دوو بەش، لە ناوەڕاستا لەناو قەدی دەبەستێ، ئینجا سەرێکی دەدا بە پاشا و بیرلێدەر.. سەرەکەی تریش دەدا بە لاتەکان) توند بیگرن..

شاگرد: (کۆی١- دەیانەوێ هاوبەشی بکەن) دوورکەون.. شەرەفی ئەم کارەتان نادرێتێ..

پاشا: ڕۆڵە تۆ دەزانی چی دەکەی؟

شاگرد: زۆر چاک دەزانم..

پاشا: (بە بیر لێدەر) تۆ ڕات چییە؟

بیرلێدەر: کارێکی پاڵەوانانە و هۆشمەندانەیە.

پاشا: بێگومان.. بەڵام، بڕوا ناکەم، سەرکەوێ.. ئەژدیها بەو ئاسانییە..

شاگرد: جا سەرکەوتن کەی ئاسان بووە؟

پاشا: ئافەرین ڕۆڵەکەم، بەڵام تۆ داوای هیچت لێ نەکردم؟

شاگرد: پاشای دادپەروەر، سەرکەوتن بەسەر ئەژیهادا بەنرخترین داواکاریمە؟

پاشا: لە پێناو چی؟ لە پێناو چی وا دەکەی؟

شاگرد: لە پێناو ئەم وڵاتانە.. لە پێناو وەستام.. لە پێناو تۆ. لە پێناو کچە گوڵفرۆش.. لەپێناو شار.. لە پێناو خونچە سیسبووەکان.

پاشا: دوور نییە بکوژرێی..؟

شاگرد: پاشام، لەوە مەزنتر هەیە پیاو لە پێناو ژیانیدا بمرێ.؟ وادەڕۆم.. (دەڕوا)

پاشا: هەزار ئافەرین بیرلێدەر.. کە شاگردێکی ئاوا پەروەردە کردووە.. من هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم، کە لەم شارە نەفرەت لێکراوەدا پاڵەوان و زیرەکی ئاوا هەڵکەوتبێ.

بیرلێدەر: هەڵکەوتووی زۆر هەیە پاشای دادپەروەر، بەڵام پێویستە بە دوایان بگەڕێی.

پاشا: بۆ خۆ ون نەبوون؟

بیرلێدەر: ببوورە پاشای دادپەروەر، ئێمە ون بووین.. ئێمە خۆمان شاردووەتەوە..

(مۆسیقایەکی ترسێنەر.. نەڕینی ئەژدیها.. شاگرد گوریسەکە بەداوی خۆی ڕادەکێشێ.. ترس دیمەنەکەی داپۆشیوە)

گوڵفرۆش: (بە حەپەساوی دێت) بیرلێدەر ئەی شاگردە..

بیرلێدەر: ها ئێستا دێتەوە.. تۆش گوریسەکە بگرە....

(نەڕینی ئەژدیها.. بە گوریسەکەوە دەوەستێ) هەموو ئامادە بن. بۆ گوریس راکێشان.. (قۆڕە قۆڕی ئەژدیهای بریندار) هێی (بە هەموو هێزیانەوە گوریسەکە ڕادەکێشن.. تەنیا قۆڕەی ئەدیها و هەناسەی خەڵکە دەبیسترێ.. سوورن لەسەر گوریس کێشان تا شاگردەکە دەهێننە سەر شانۆ)

گوڵفرۆش: (گوڵفرۆش کە شاگردەکە دەبینێ دەقیژێنێ) دڵدارەکەم..(بە بەرگی خۆی دەم و چاوی دڵدارەکە خاوێن دەکاتەوە) گیانەکەم..

پاشا: (دەنگی لافاوێکی گەورە) ئاو..!

بیرلێدەر: شاگردەکەم سەرکەوت؟

هەموو: ئاو.. رووبار..

گوڵفرۆش: (بە خەمناکی) دڵدارەکەم..

شاگرد: (بە ماندوویی هەڵدەستێ) گوڵفرۆشە نازدارەکەم..

پاشا: خەڵکینە سەرکەوتین..

هەموو: ئاو رووبار..

بیرلێدەر: ئەژدیهامان کوشت..

هەموو: ئاو.. ڕووبار..

کۆ١: کە تا ئێستا جووڵەیان نەکردبوو.. بەرەو ڕووبارەکە دەڕۆن) ئاو..!

پاشا: راوەستن.. جوڵەی نەکەن.. (دەچێتە لای شاگرد و دەیهێنێتە ناوەڕاستی شانۆ)

ڕۆڵە پاڵەوانەکەم.. کوڕە ڕەسەنەکەی شاری خۆشەویست.. هیچ گوتەیەک توانای دەربڕینی مەبەستەکانمی نییە.. بۆیە.. هەر ئەوەندەی پێ

دەگوترێ.. فەرموو ئەی پاڵەوان.. ئەم تانجە شایانی تۆیە..

شاگرد: ببوورە پاشای دادپەروەر.. شەرمەزارم مەکە. من چۆن بیر لەو پێدرێژییە دەکەمەوە.

پاشا: کەواتە. ڕۆڵەکەم.. بڕیار دەدەم بکرێی بە سەرەکی شالیاران.

شاگرد: پاشای دادپەروەر.. من لە ئیشی خۆم بەو لاوە.. دڵم بەهیچ پیشەیەکی تر خۆش نابێ.. بمبوورە..

پاشا: زۆر باشە ڕۆڵەکەم.. کەواتە بە لای کەمەوە مادامەکی ئەوەندە ئازا و هۆشمەندی ڕەوشت بەرزی من بەوپەڕی شانازییەوە کچی خۆمت پێشکێش دەکەم.

شاگرد: بمبوورە پاشایی دادپەروەر. لە ڕاستیدا خزمایەتی مرۆڤێکی وەک تۆ ئاواتی هەموو گەنجێکی ئەم شارەیە، بەڵام دەبێ بمبووری، چونکە دەستگیرانم هەیە..

پاشا: (بیرلێدەر) ئەم شاگردەی تۆ گەلێک مەزنترە لەوەی بیرم لێ دەکردەوە..

بیرلێدەر: پاشای دادپەروەر لە ناخی هەر یەکێکماندا فریشتەیەک و شەیتانێک ڕاکشاون. سەرکەوتین بەسەر شەیتانی ناخماندا.. پیرۆزترە گیانلەبەرین..

پاشا: بێگومان شاگردەکەت بەسەر شەیتانی ناخیدا سەرکەوتووە.

بیرلێدەر: هەر بۆیەشە بەرژەوەندیی گشتی لا گرینگترە لە ئارەزووە دنیاییەکان.

پاشا: باشە چۆن بە چ شێوەیەک پاداشتی بدەینەوە.

بیر: سەربەستی کە... سەربەستی کە لە داهاتووی..

پاشا: هەڵبەتە سەربەستە، بەڵام دەترسم بگەڕێتەوە سەر پیشەی جارانی..

بیرلێدەر: بێگومان وا دەکا..

پاشا: شاگردی بیرلێدەر!

بیرلێدەر: نەخێر پاشای دادپەروەر.. وەستای بیرلێدەر، چونکە وا دیارە، پێڕاگەشت.. منیش خەریکە پەکم دەکەوێت، بۆیە وەستاییەکە شایەنی ئەوە.. (کەرستەی بیرلێدان بە شاگردەکە دەدا) فەرموو وەستای بیرلێدەر..

شاگرد: سوپاس دانای دەنگ پڕ هەستەکە.. (بە گوڵفرۆش) ئەمە گەورەترین پاداشتە.

پاشا: ڕۆڵەکەم.. بۆ دواجار.. بخوازە لە ماڵی دنیا...
شاگرد: (هێمنی) پاشای دادپەروەر.. ئەم سێ زاتە... (مەبەستی زانا و ئاغا و بازرگانە) سزای ڕەوایان پێ بدە.
گوڵفرۆش: (لە وانی تری دوور دەکاتەوە) گوڵەکانم هەموو مردن..!
شاگرد: گوێ مەدەرێ، مادامەکێ ئەژدیها تۆپی، هەزار گوڵی تر دەپشکوتێن..
گوڵفرۆش: کەواتە..
شاگرد: با زەوی بکێڵین، سەرتاپای شار بە گوڵ بڕازێنینەوە دانی دەنگ خۆش بڕوێنین.؟
بیرلێدەر: بەڵێ وەستای بیرلێدەر، بەڵام ئەوەتان لە بیر نەچێ لە تەک هەر پارچە زەوییەکی کێڵدراو بیرێ لێدەن، نە بادا..
شاگرد: نەبادا ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەژدیهایەکی تر بیر لە هەمان کارەسات بکاتەوە..
بیرلێدەر: دە بڕۆن ڕۆڵەکانم.. بڕۆن تۆی ژیانێکی نوێ بەسەر زەوییەکانی شاردا وەرکەن.
شاگرد: (بە گۆرانی لە تەک گوڵفرۆشدا بە کامەرانی دەردەچێ) ئۆخەی ئۆخەی گوڵفرۆش.. جوانیت ئاوازە بۆ هۆش.. (ون دەبن)
هەموو: لە پێناو زیاتر یەکگرتن لەناو دەبەم هۆی مردن (پاش کۆتایی گۆرانییەکە تەنیا هاژەی ئاو دەبیستین)
(بە هێمنی ڕووناکی کز دەبێتەوە.. پاشان هاژەی ئاویش دێ)

کۆتایی

١٩٨٤/٩/٢١ هەولێر

# حەمەدۆک

رۆمانی: یەشار کەمال

وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا حەسەن زادە

ئامادەکردنی شانۆیی: تەڵعەت سامان

کارەکتەرەکان

١- عاسم ئەفەندی
٢- حەمەدۆک لە تەمەنی (١١)ساڵیدا
٣- ڕەعنا
٤- زەینەب.
٥- عەبدی خان.
٦- وەسمان.
٧- خدە.
٨- عەلە.
٩- سەلمان.
١٠- حەسۆ شێلم.
١١- حەمەدۆک لە تەمەنی (١٨)ساڵی و بەرەو دواوە.
١٢- مچە.
١٣- خەجیج
١٤- ئەحمەدە زلە
١٥- بلە
١٦- وەلیە شەل.
١٧- جەبار
١٨- پیرەمێردێک.
١٩- دوو ڕێبوار.
٢٠- چوار دێهاتی
٢١- چەندەها جەندرمە.

٢٢- چەندەها رێگر.

٢٣- چەندەها دێهاتی؟

سەرنج: ئەم شانۆگەرییە لە ساڵی ١٩٨٧ لەسەر شانۆی هۆڵی رۆشنبیری هەولێر بۆ ماوەی (٢٥) رۆژ پێشکێش کرا.. جەماوەرێکی یەکجار زۆر نمایشەکەیان بینی.

عاسم: گەورەکانم.. بەخێربێن. من عاسم ئەفەندیم. ئەفسەرێکی پسپۆڕ بە دز و جەردە و ڕێگر و پیاوکوژان. دەفتەری بیرەوەریم.. ئەرشیفی سەردەمی مووچەخۆریم پڕن لە ڕووداوی سەیروسەمەرە و پێشکەوتن و بێهوودەییم. بۆ ماوەی چل ساڵی ڕەبەق بەدووی تاوانباران عەوداڵ بووم، ئەمە نەک لە پێناو ئەستێرە و بەخشیش یا هەرشتێکی تر، نەخێر، بگرە ڕاستییەکەی، دێوانەی پیشەکەی خۆم بووم. بەگرتن و نەهێشتنی تاوانباران تام و چێژێکی ئەفسوناوی دەکەوتە دڵ و دەروونمەوە. لەو لیستەی کە هەردەم شانازی پێوە دەکەم و پێویستە نەوەی نەوەکانیشم شانازی پێوە بکەن، چەندەها خوێنڕێژی قۆڵبڕی بەناوبانگ و ناقوولا بەکەلەبچە و زنجیری من، بەدیاری خراونەتە ناو قەفەزی یاساوە. بەڵێ گەورەکانم.. من عاسم ئەفەندیم.. زۆر بەسەرهاتم بینی و زۆر جەردە و ڕێگر و چەتەم بینی.. زۆر تاڵی و شیرینیم بینی، زۆر سەرکەوتن و ژێرکەوتنم بینی.. زۆر تاوانبار و لێقەوماوم بینی. بەڵام.. تا من ماوم.. تا ئەرشیفە تایبەتییەکەم دەمێنێ، هەرگیزاو هەرگیز، ناوێک هەیە ناسرێتەوە نەلەمێشکم، نە لە دەروونم.. نە لە ئەرشیفم.. ئەویش حەمەد ئیبراهیم. ناسراو بە حەمەدۆک.. ئاخ بۆ حەمەدۆک.. (بێدەنگی. دەڕوانێتە دەفتەرەکەی. سەر هەڵدەبڕێ).. گەورەکانم.. حەز دەکەم پێش ئەوەی بێمە سەر ئەو قۆناخەی ژیانی حەمەدۆک کە لەو دەفتەرەدا تۆمار کراوە.. دەمەوێ بەکورتی و خێرایی چەند دیمەنێکی هەڵبژاردەی چۆنیەتیی گەورەبوونی ئەم مرۆڤەتان پێشکێش بکەم، چونکە، هەڵبەتە سەرەتا و کۆتایی دەستنیشان دەکات.. سەرەتای حەمەدۆکیش بەو جۆرە بوو..

## دیمەنی یەکەم

(بەردەم ماڵی حەمەدۆک ڕەعنای دایکی پڕ بە ناخی دەقیژێنێ)

ڕەعنا: هەیرۆ لە خۆم ڕۆ.. ماڵم وێران بوو.. هەیرۆ نەوەی برایمە جوانەمەرگی.

زەینەب: (بە گورجی دێت) ڕەعنا هێشتا نەگەڕاوەتەوە؟

ڕەعنا: نەوەڵا زەینەب.. ئەو جـــارە بە تەواوی مـــاڵم وێران بوو. پاش برایمە جوانەمەرگی دڵم بەو هەتیوە خۆش بوو.. ئەویش.. ئەویشم..

زەینەب: ڕەعنا نەخشەی دامەنێ.. ناوی خوا بێنە. هەستە، با لە ماڵاندا بگەڕێین.

ڕەعنا: کیژێ ماڵ نەما نەگەڕێم.. ئەوسەر و ئەمسـەری گوندم کرد. چوومە ئاقاری سەر کانی. لە برادەرەکانم پرسی..

زەینەب: بەشکی عەبدی خان.

ڕەعنا: (لەپڕ) عەبدی خان!؟.. بێگومان شتێ دەزانێ.

زەینەب: جووتی عەبدی خانی دەکرد..

ڕەعنا: ئا بەڵکو عەبدی شتێکی لێ....

زەینەب: گیر مەبە خوشکم.. هەستە بە پێیەکی سەرێکی ماڵی عەبدی خان بدە.. ڕەنگە لە وێ بێ.. هەستە.

ڕەعنا: کیژێ زەینەب.. کوڕەکەم چی بەسەر هاتووە.. کە دەگەڕایەوە، ڕاستە ڕێ ڕووی لە ماڵێ دەکرد. هەتیوەکەی من پێ لە ماڵی عەبدی خان نانێ، بەڵام هەر ئێستا گیر نابم. دەچمە ماڵی عـەبدی خان، بەڵکو لەوێ بوو، بەڵام دەشزانم دڵنیام.. ئەگەر کوڕەکەم لە جووتێ گەڕابایەوە، لە هیچ شوێنێک گیر نەدەبوو یەکسـەر دەهاتەوە ماڵێ.. ئەوەندە ماندوو دەبوو یەکسـەر دەخەوت، بەڵام ئێستا دەچم.. سەرێکی وێش دەدەم.. بەڵکو خوایە..

عەبدی: (لەتەک سێ زەلامەوە دێت) ڕەعنا؟

ڕەعنا: خان، عەبدی خان.. لەبەر پێیانت مرم.. بگە فریام..

عەبدی: ڕاستە حەمەدۆک..

ڕەعنا: لە دەورت گەڕێم.. حەمەدۆکم هێشتا نەگەڕاوەتەوە.. خەبەری نییە..

عەبدی: ئاوا! ئەی حەرامزادە.. داخوا ئەم حەمەدۆکە دمۆرە گایەکانمی لە کوێ

بەڕەڵا کردووە..

ڕەعنا: خان گیان.. قەزات لە گیانم.. حەمەدۆک هێشتا منداڵە.. رەنگە، دەبێ....

عەبدی: وەسمان.. عەلە.. خدە..

هەرسێک: ئەمرکە خان.. فەرموو.

عەبدی: زوو بگەنە ئاقاری، بزانن ئەم بیژووە لە کوێیە؟ بزانن گاجووتەکانی لە کوێ بەرەڵا کردوون.. هەتا گایەکان نەبیننەوە.. نەیەنەوە..

وەسمان: خان ئێمەش بیرمان لەوە دەکردەوە..

خدە: (گەنجە و لە وەسمان زۆر بچووکترە) دەمانگوت دەبێ ئەم حەمەدۆکە تا ئێستا لە کوێ ماوەتەوە.

عەلە: دەمانگوت، بەچاوان خان.. هەر ئێستا..

ڕەعنا: قەزاتان لە من کەوێ.. حەمەدم لە ئێوە دەوێتەوە.. بەدەوروگەڕێم.. خان، قوربان.

عەبدی: بیبڕەوە بێدەنگ، بزانین لە دەست ئەو بیژەوەی تۆ فرێت داوە چیمان بەسەر دێ.

ڕەعنا: بەڵام قوربان..

عەبدی: بەو خوایە کەڵە موویەک لە کلکی گاجووتەکانم کەم بێتەوە، کەوڵی دەکەم ئێسقانی بە باگوردان ورد و هەراش دەکەم.

ڕەعنا: هەیرۆ لە خۆم بێ کەس و بەخت ڕەشێ.. خوایە حەمەدۆکم چی بەسەر هاتووە؟

عەبدی: دەبێ گاجووتەکانم چییان بە سەر هاتبێ..

ڕەعنا: جگەرگۆشەکەم..

عەبدی: گاجووتەکانم..

دیمەنی دووەم

(شەوەزەنگە. تەنیا دەنگی بۆق و سیسرکە دێت.. حەمەدۆک تەنیا منداڵێکی دە، یازدە ساڵانە. بەترس و لەرزەوە دەڕوا.. و دەوەستێ، ڕادەکا.. دەوەستێ)

حەمەد: دە وەڵڵا عەبدی ریش بزنانی.. دەبێ ئەو جارە نەیەمەوە.. با گورگ گایەکانت بخۆن.. دەچم ئەو گوندە هەر دەبینمەوە.. قابیلە لەو دنیایە هەر تۆ گوندت هەیە؟ هێندە دەگەڕێم.. هەتا دەیدۆزمەوە ئیدی لەوێ دەبمە شوان.. بزنان دەدۆشم.. با دایکیشم هەتا شل دەبێت لێم بگەڕێ، ریش بزنانیش ئەگەر پیاوە.. با بمدۆزێتەوە.. باشە.. ئەگەر گوندەکەم نەدۆزییەوە.. چی دەکەم؟ خۆ لە برسان دەمرم؟ با بمرم. خۆ لە چەنگ ئەو ڕیش بزنانییە.. دەرباز دەبم.. (لەپڕ هەست بەشتێ دەکا و هەڵدێ)

وەسمان: (لە تەک خدە و عەلەدا دێت) سەیرە! ئەم هەتیوە چی بەسەرهات؟

عەلە: خوا دەزانێ..

خدە: ناکا حەمەدۆک.. ناکا.. گاجووتەکانی فرۆشتبێ و..

عەلە: بەخوا برا کەرە..

خدە: قەلەموون من کەرم؟

وەسمان: کوڕە بەم شەوە درەنگەش واز نایەنن؟ ها خدە.. دەڵێی شتێکت لایە؟

خدە: من؟ ئا.. مام وەسمان.. حەمەدۆک هەندێ شتی لام درکاند و هەر دەیگوت دەچمە گوندەکەی.. گوندەکەی..

وەسمان: کام گوند؟

خدە: نازانم.. دەیگوت ئەگەر دەگەمە ئەو گوندە.. سەریشم ببڕن.. ناگەڕێمەوە.

وەسمان: ناکا هەڵاتبێ و..

خدە: گایەکانیشی فرۆشتبێ و.. بازۆ..

عەلە: منیش وای بۆ دەچم..

وەسمان: ئەگەر هەڵاتبێ کارێکی چاکی کردووە..

عەلە: زۆر پیاوانەش..

وەسمان: ئەگەر ژیان ئەوەیە کە ئێمە هەمانە.. مردن باشترە..

خدە: وای ئەگەر ئێمەش دەمانتوانی خۆ بگەیەنینە ئەوێ..

وەسمان: خۆ زۆر ئاسانیشە.. ئاوا وەکو حەمەدۆکی..

عەلە: باشە ئەی بۆ وا ناکەین؟

خدە: نازانم..

وەسمان: من دەزانم

هەردوو: دە بڵێ

وەسمان: غیرەتمان نییە..

عەلە: غیرەتی حەمەدۆکیشمان نییە!

خدە: غیرەتی هەڵاتنیشمان نییە!

وەسمان: سەیرە!.. دەڵێم.. دەترسم.. ئەم منداڵە تووشی بەڵایەک هاتبێ.

خدە: خەفەتی بۆ مەخۆ.. شەیتانیش لە حەمەدۆک ناباتەوە.

وەسمان: بریا وا بێت.. منداڵێکی هەتیوە.

عەلە: مام وەسمان.. ئێوە سەیری چاویتان کردبوو.. وای کە تووڕە دەبوو.

خدە: ئافەرین منداڵ.. بەو بێ کەسی و هەژارییە چۆن هێندە گورج و زیرەکی.

عەلە: هەموو کات لەنێو منداڵانی گوندی..

وەسمان: هەستن.. واز لە حەمەدۆکی بێنن.. با مشوورێکی گایەکان بخۆین.

خدە: بەو خوایە بەدەست بەتاڵی بگەڕێینەوە خان بە زیندوویی دەمانێژێ.

عەلە: ماڵ خراپەی هەر خەمی گایەکانی بوو.

وەسمان: هەڵبەتە.. قابیلە بۆ چاوی ڕەشی حەمەدۆک تەنگاو بوو..

عەلە: سەیر ئەوەیە، من.. منێکی وا.. غیرەتی حەمەدۆکیشم نەبێ.

خدە: سەیرە! ئەمە.. ئەمەیەکی وا.. غیرەتی هەڵاتنیشتمان نەبێ.

دیمەنی سێیەم

(ژوورێکی تاریک تەنیا سۆبەیەکی لادێییانە رووناکی داوەتێ. مام سەلمان کورتانێ دەدوورێتەوە. دەرگە لێ دەدرێت. هەڵدەستێ)

سەلمان: کێیە.. (دەرگە هەر لێ دەدرێ.. ناچار دەیکاتەوە) هات.. هات.. ها بزانم کارێکت هەبوو.؟ فەرموو.. وەرە.. ژوورێ (مام وەسمان و حەمەدۆک دێنە ژوورێ) سەیرە.. دەبێ ئەم منداڵە کوڕی کێ بێ. خەڵکی ئەم گوندە نییە، رۆڵە تۆ کێی، چیت دەوێ؟

حەمەد: مامە.. من.. مامە شوانتان ناوێ؟ من، من وەردیش دەبرم، هەر چیت بوێ دەیکەم.. مامە.. من (لەسەرمان هەڵدەلەرزێ..)

سەلمان: دانیشە رۆڵە.. خۆت گەرم کەوە.. (دەیباتە نێزیک سۆبەکە)

حەمەد: (پاش خۆ گەرمکردنەوە) ئەگەر ئەم پیاوە باش بێ.. دەرم ناکا.. رام دەگرێ.

سەلمان: (مەنجەڵێک دێنێ) رۆڵە ئێستا زۆر برسیتە، بەڵام بۆ ئەم سەرمایە هەر شتێک باشە (مەنجەڵەکە دەخاتە سەر سۆباکە) بەختت هەبوو.. ئەمە بەشی کوڕە گەورەکەم بوو.. لە ماڵی دراوسێکەمان میوان بوو.. دەی رۆڵە دەی.. وای دانێ ماڵی خۆتە، رۆڵە شەرم مەکە.. ئەم نیسکە گەرمە ئێستا هەناوت گەرم دەکاتەوە. دەی بابە.. ئافەرین.

حەمەد: (بە کەوچکە دارەکە بنی مەنجەڵەکەشی دەلێستەوە) مامە..

سەلمان: ناوم.. سەلمان..

ئینجا تۆش.. ناوی خۆت بە مامە سەلمانت بڵێ..

حەمەد: (بۆ خۆی) ناوی خۆمی پێ بڵێم؟ نە.. دەڵێم ناوم مچەیە.. ئا.. دەترسم ئەگەر ناوی خۆمی پێ بڵێم.. نە.. بڕوا ناکەم.. با ناوی خۆم بڵێم.. (بەسەلمان) مامە ناوم حەمەدۆکە.

سەلمان: زۆر باشە کوڕی خۆم ئەوجا پاڵدەوە.. بخەوە.. خەوت نایە؟

حەمەد: نەخێر مامە سەلمان.. من لە ماڵی خۆشمان هەر درەنگ دەخەوم.

سەلمان: کەواتە.. دانیشە. باسی خۆتمان بۆ بکە. لە کوێ هاتووی. دەتەوێ بچیتە کوێ؟

حەمەد: (دەشێوێ) من.. مامە سەلمان.. خەڵکی گوندی عەبدی خانم.. بە ترس بۆ خۆی (ئای) ئەوە چم گوت؟

سەلمان: ها.. جا کامە گوندی؟ خان پێنج گوندی هەن..

حەمەد: ئەو گوندەی خۆی کە.. ماڵی..

سەلمان: هە.. جا گوتت بۆ کوێ دەچی؟

حەمەد: بۆ ئەو گوندەی کەوا.. کەوا..

سەلمان: کام گوند رۆڵە کام گوند؟

حەمەد: ئەو گوندەی کەوا.. کەوا.. نازانم.. هەر گوندێک بێت دەستی ڕیش بزنانی نەگاتێ. ئەو گوندەی کەوا.. بە زۆر جووتێ بەمنداڵان ناکەن.. لێشیان نادەن.

سەلمان: هە.. باشە حەمەدۆک باشە.. تێ گەیشتم، بەڵام نەتگوت چیت لێ قەوماوە؟ کوڕی کێی؟ بۆچی ماڵ و حاڵی خۆت جێ هێشتووە؟ بۆ ڕووت کردووەتە ئەم کێو و دەشتە؟

حەمەد: (بۆخۆی) وا دیارە.. ئەم پیرەمێردە.. منی خۆش دەوێت.. واچاکە راست و دروست.. باسی خۆمی بۆ بکەم..

سەلمان: ها حەمەدۆک.. قسەیەک ناکەی..

حەمەد: مام سەلمان.. گوێ بگرە بۆت باس کەم، من باوکم مردووە تەنیا لەم دنیایەدا دایکێکم هەیە و براپەوە.. خزم و کەسوکارم نین.. (بەرەو گریان دەڕوا) ئەمن.. دوو ساڵە جووتێ بۆ عەبدی خان دەکەم.. بەهەموو هێزی خۆم ئیشم دەکرد، بەڵام ڕیش بزنانی لەخۆڕا هەموو جارێ.. بەقەستی کوشتن دارکاری دەکردم.. دوێنێ.. دیسان دارکاری کردم.. ئەها.. هەموو لەشم، شین و مۆر هەڵگەڕاوە.. ئەها منیش ئەم بەیانییە.. ناچارم کرد.. ئەگەر نا.. ڕۆژێک هەر دەمکوژێ.. دەڵێن.. گوندەکە.. لێرەڕا پازدە ڕۆژ ڕێیە، بەڵام.. هەر دەبێ بیدۆزمەوە. هەر دەبێ.. خۆ عەبدی لەوێش نامدۆزێتەوە. دەچمە ئەوێ جووتێ دەکەم.. شوانی.. ئەگەر پێشیان خۆشبێت.. دەبم بە کوڕیان.. مام سەلمان.. بۆ، بۆ نامکەی بە کوڕی خۆت.. بەو خوایە چیت بوێت بۆتی دەکەم.

سەلمان: (لە باوەشی دەکات) حەمەد گیان.. مادامەکی گوندەکەی پێ نازانی لای ئێمە بمێنەوە.. ببە بە کوڕی ئێمە.

حەمەد: (بەگریانەوە) بەڕاست، دەمکەی بە کوڕی خۆت؟

سەلمان: بەم چاوانە.. سێ کوڕم هەن.. با تۆش چوارەم بیت.

حەمەد: ئاخر مام سەلمان ئەو عەبدی خانە بەقەستی کوشتن لێی دەدام.. بە پێ خواسی لەنێو دڕک و چقڵدا جووتم دەکرد. بە برسیەتی.. جارێکیان. بەفر و تۆف و سەرما.. دنیایان هەراسان کردبوو.. خۆم پێ نەگیرا.. جووتم بۆ نەکرا. خستمیە پەنایەک.. ئێوارە.. بەهەرحاڵ.. خۆم گەیاندەوە گوندی.. ڕیش بزنانی لە جیاتی بە دڵدانەوە و بە هاتنەوەم دڵشاد بێ.. ئەوەندەی لێ دام، ئەوەندەی لێ دام.. تا مانگێکی ڕەبەق لەنێو جێدا کەوتم. ئەها بەو خوایە درۆ ناکەم.

سەلمان: ڕۆڵەکەم.. منیش ئەم ڕیش بزنانییە دەناسم.. بێ ئیمانە.. لە هەموو کەس دەدا.. ئەوەی ڕەعیەتی ئەوە چەند تۆپزێکی هەر پێ کەوتووە..

حەمەد: بەڵێ مامە سەلمان.. وایە.. ڕیش بزنانی لە هەموو کەس دەدات تەنیا لە گاجووت نادات.

سەلمان: هەستە ڕۆڵە.. درەنگ داهات.. بۆ خۆت لە شوێنێکدا بخەوە (دەچێ نوێن دەهێنێ) فەرموو..

حەمەد: (نوێنەکەی لێ وەردەگرێ) بەیانی زوو هەستم بچمە بەر بزنان.. یا.. جووتێ.

سەلمان: جووتکردن هەر نا، بەڵام ئەگەر حەزت لێ بوو قەیدی ناکا برۆ بەر بزنان..

حەمەد: (دەگەشێتەوە) بەڕاست.. دە کەواتە ئێستا دەخەوم.

سەلمان: زۆر باشە، بەڵام ئاگەدار بە زۆر دوور نەکەویتەوە.. نەبادا زەلامەکانی..

حەمەد: دەزانم مامە.. ئەگەر بکەومە بەردەستیان.. عەبدی خان لەت لەتم دەکات.

سلێمان: ئەو کاتە هیچم لەدەست نایەت..

حەمەد: (نوێنەکەی لەدەست بەردەبێتەوە) باشە مام سەلمان چارە، چی بکەم؟

سەلمان: ئاگەداری خۆت بە. لە ئاقاری ئێرە دوور مەکەوە.. (دەڕوا)

حەمەد: (دۆش دادەمێنێ بە خەمگینی نوێنەکەی ڕادەپێچی، دەچێتە ژێر لێفەوە)

ئاخر مام سەلمان.. با بۆت باس کەم.. (بەهێمنی ڕۆناکی لەسەر نامێنێ) کە باوکم مرد.. عەبدی خان.. دار و نەداری لێ سەندین.. ئەگەر دایکیشم قسەیەکی بکردایە.. دارکاری دەکرد.

(سووچێکی شانۆ ڕووناک دەبێ.. عەبدی وەستاوە، سێ زەلامەکەشی ڕەعنا بەگریانەوە دەپارێتەوە. حەمەد ڕەپ ڕاوەستاوە)

عەبدی: بزانە بێوەژنەی دمۆر، سەری برایمۆکی خۆت خوارد.. دەتەوێ سەری ئێمەش بخۆیت؟

ڕەعنا: بەلام قوربان.. من.. تەنیا دەمەوێ..

عەبدی: تۆ دمۆر و سەرەخۆرەی.. دەبایە هەر لە گوندی دەرت کەم، بەلام لەبەر لۆمەی خەڵکی و.. لە ترسی.. لە ترسی خوای.. قەیناکە..

ڕەعنا: باشە خان.. بەدەورت گەڕێم.. بێنە دەستت ماچ کەم.. باشە ئێستا من و ئەم هەتیوە بەچ بژین؟

عەبدی: بە سندان. بە قوزەلقورت. وا تێ دەگات چاوم نییە. بەزەییم نییە بایی شکاتەیەک زەویتان دەدەمەوە.. باشە.. بەلام بەو مەرجەی.. هەتیوە بیژووەکەت.. وەک خەڵکی ئاوایی جووتم بۆ بکا.

ڕەعنا: دەیکا.. بەقوربان، بەلام لەم هەموو زەوییەمان.. بایی شکارتەیەک.

عەبدی: درێژەی مەدێ.. دەفن بە..

ڕەعنا: ئاخر قوربان.. چۆن دەبێ.. ئاخر زەوییەکانمان.. گاجووتەکان..

عەبدی: چەنەی لێ مەدە..

ڕەعنا: ئێ خۆ بەنینۆک زەوی ناکێڵین؟

عەبدی: ئەڵڵاهو ئەکبەر.. کیژێ بۆ ئەوەندە چیرەت درێژە.. دەبرۆ دەی.. دەی..

ڕەعنا: ئۆهـ خوایە هەڵی نەگری.. ئۆهـ خوایە ئەوەی ستەم لە بێ دەسەڵات و لێقەوماوان دەکا..

عەبدی: کیژێ نەڵێی ئافرەتم ها.. من ئافرەت و مافرەت نازانم.. دەفن بە دەی..

ڕەعنا: ناڕۆم.. بمکوژی ناڕۆم.. هەتا..

عەبدی: کەواتە بیخۆ.. کوا ئەم دارەم بدەنێ.. (بەدارێک هەتا شل دەبێ لە ڕەعنا دەدا.. حەمەد دەیەوێ دایکی دوورخاتەوە، عەبدی پیلی ئەویش دەگرێ و

فرێی دەدا) وەسمان.. ئەم هەتیوە بیژووە بەرنە ئاقار پاش کوتانێکی چەور، لە دارێکی ببەستن و وەرنەوە.. بەڵکو ئەمیش گورگ دەیخوات.. دەی خێرا.. (ناڵەناڵی ڕەعنا و قیژەی حەمەدۆکی تێکەڵی مۆسیقا دەبێت)

عاسم: گەورەکانم دوو ڕۆژان حەمەدۆکی منداڵ، لەم دەشت و کێوەدا بەتاقی تەنێ مایەوە.. ئەگەر ڕەعنا نەیدۆزیبایەوە هەر لە برسان و لە ترسان دەمرد.. بەڵێ چەندان کارەساتی تریش لێرەدا تۆمار کراون (مەبەست سەریەتی) یەکجار زۆر.. بەڵام لە ترسی درێژدادڕی ئێستا چەند کورتە دیمەنێکی پوختە کراوتان پێشکێش دەکەم.

وێنەی یەکەم

(وەسمان و عەلە و خدە لە ماڵی خاندا دەردەچن. ڕەعنا وەستاوە)

ڕەعنا: کاک وەسمان.. ئەدی حەمەدۆک؟

وەسمان: خوشکە ڕەعنا.. بڕوا بکە زۆر گەڕاین. هەموو ئاقارمان پشکنی..

ڕەعنا: ئەدی جەرگی من؟

خدە: تەنیا جەرگی خانمان دۆزییەوە..

ڕەعنا: (ناتوانێ بوەستێ) ئەدی نەوەی برایمۆکی؟ وەسمان ئەدی جەرگم؟ عەلە.. خدە.. بۆ قسەیەک ناکەن شتێ نازانن..

وەسمان: خوشکەکەم.. هێمن بە.. لە هەر کوێیەک بێ هەر دەیدۆزینەوە..

ڕەعنا: رۆڵەکەم، تاقانەکەم، هەتیوەکەم (پرچی خۆی دەردێنێ) هەیرۆ لە خۆم ڕۆ.

***

عاسم: ڕەعنای جەرگبڕاو خەڵکە باشەکەی ئاوایی زۆر بەدوای گەڕان لە هەر پێنج گوندەکەی خان گەڕاین. دوورتریش.. کەچی شوێنەواری حەمەدۆک بەدەرنەکەوت.. بۆیە.. لادێییەکان دەیان گوت..

وێنەی دووەم

لادێیی (١): لەوانەیە دوژمنانی باوکی کوشتبێتیان..

لادێیی (٢): برایمی باوکی حەمەدۆک ماری ڕەشی لە ئاو نەدەکرد. کوا دوژمنی..

لادێیی (٣): دەبێ ڕەعنا لەم شوێنانە بگەڕێ کە سیسارک و داڵاشی لێ دادەنیشێ

چونکه داڵاش لەسەر کەلاکی دەژین.

لادێیی (٤): لات وایە حەمەدۆک مردووە؟

عاسم: ڕەعنای کۆسکەوتوو لەم جۆرە شوێنانەش گەڕا سەرەنجام ئومێدبڕاو بوو.. لە تاو خەمی جەرگی و گریان و نەخۆشی لەنێو نوێندا کەوت.. تا و لەرزی هاتێ. چەندان ڕۆژ دەمی بە نان نەکەوت. ئەگەر.. خێرخوازەکانی ئاوایی بەفریای نەکەوتنایە جارێکی تر هەڵنەدەستایەوە.. وەک هەر دایکێکی کۆسکەوتووی لێقەوماو.. ترووسکەی ژیانی لێ کوژابووەوە و کە نەختێ بەخۆ دەهاتەوە.. دەچووە سەربان چاوی لە ئاسمان دەبری، و دەپاڕایەوە.. تەماشای باڵندەکانی دەکرد.. ئاسۆیەکانی.. بەڵکو لە سووچێکدا، لە پەنایەکدا.. هەواڵێ بێ، یا حەمەدۆک بەدەرکەوێ.. سەرەنجام.. خەم و ناکام.. تا چەند مانگێ.. ئەمە بوو ژیانی ڕەعنای هەش بەسەر.. کەچی شوانەکەی مام سەلمان.. نەختێ قەڵەو و هێمن بووبوو.

## دیمەنی چوارەم

حەمەدۆک: (لەسەر بەرزاییەک دانیشتووە تەماشای بۆشایی دەکات) دایە گیان.. دەزانم چەندم بۆ گریاوی.. ئێستا لە نەمانم بێ هیوایت، بەڵام.. ئەگەر دەزانی من.. ئێستا چەند دڵخۆشم.. بێ ترس، بێ لێدان.. شوانی دەکەم.. مام سەلمان پیاوێکی زۆر باشە. هیچ خەفەت مەخۆ، ئەگەر دەزانی مام سەلمان چەندی خۆش دەوێم.. هەرگیز خەفەتان ناخۆی بگرە دڵشاد دەبی.. دەڵێی قیروسیا.. خۆ ڕۆڵەکەم لەژێر زەبروزەنگی عەبدی دەربازی بوو. ئاخ دایەگیان.. کێ گەنمەکەت، شکارتەکەت دەدوورێتەوە؟ دایە گیان ئەگەر من نەبم، کێ یارمەتیت دەدات؟ تۆیەکی بێ کەسوکار.. چۆن دروێنە و جەنجەڕ و.. (زەلامێک بەخۆی و داسەوە پەیدا دەبێت، حەمەد هەڵدەستێ و دەترسێ. زەلامەکە بەتوڕەیی بۆی دەچێ)

حەسۆ: کوڕە بیژووی حەرامزادە خەوتووی؟ ئەو بزنە سەگباب خێوانەت تەواوی دەغڵەکەیان تێک شکاندووم. بۆ خۆشت قیتوقۆز تەماشای ئاسمان دەکەیت! بابیگەمێ تا بەو داسە.. (دەگاتە حەمەد و پیلی دەگرێت) کوڕە تۆ ناترسێی؟ تۆ کێی (بەهێمنی داسەکە دوور دەخاتەوە) تۆ حەمەدۆک نیت

خۆتی؟ حەمەدۆک، کوڕی خۆم. دەنا.. وامان زانی تۆ مردی..

حەمەدۆک: (بۆخۆی) مامە حەسۆ.. حەسۆ شێلم!؟

حەسۆ: ڕۆڵە غاردە بزنەکان دەرکە.. خەریکە گەنمەکەم وێران دەکەن..

حەمەد: (بڕوا بەچاوی خۆی ناکات.. ڕادەکات دەنگی راکردنی بزنان...) مامە حەسۆ؟

حەسۆ: بەخوا مزگێنیم کەوت. بێوەژنەی بەختڕەش قوڕ نەماوە لەسەری خۆی نەنێ کەچی حەمەدۆکیش ئەوەتا قیتوقۆز لە پاڵ گوندی خۆمانە..

حەمەد: (دێتەوە) مامە حەسۆ.. دوورم کردنەوە..

حەسۆ: زۆر باشە کوڕی خۆم.. ئافەرین. ڕۆڵە گیان.. خۆ دایکت دنیای لێت گەڕا.. هەندێ گوتیان لە چۆمێدا خنکاوە.. هەندێ گوتیان.. ئێ باشە ڕۆڵەکەم.. تۆ خەمی ئەم دایکەت نەبوو؟ ئاخر بەستەزمانەی هەندەی نەماوە لە تاوان دیق بکا.. باشە حەمەد ئەم بزنانە هی کێن؟ ڕۆڵە لەگەڵ تۆم نییە؟

حەمەد: هی مام سەلمانی کەسمەیین..

حەسۆ: هەر ئەم کەسمەیە.! کەوا بوو سەلمان دەناسم و پیاوی باشیشە.. ڕۆڵەکەم.. کە نیازی ڕاکردنت هەبوو.. چۆن بەدایکت نەگوت؟

حەمەدۆک: ڕاستە، مام حەسۆ، بەڵام لە ترسی عەبدی ڕیش بزنانی.. نەوێرام..

حەسۆ: ڕۆڵە بەستەزمانەکەم.. دەزانم لە دەستی ئەو زۆردارە کێردت گەیشتبووە سەر ئێسقان، بەڵام هەر هەق وابوو بەدایکت گوتبا.. ئاخر تۆ لەوارەی..

حەمەدۆک: (دەستی حەسۆ دەگرێ) مام حەسۆ بیکە لە ڕاهی ئەو خوایە، بەکەس مەڵێ بوومەتە شوانی مام سەلمانی.

حەسۆ: ئەدی دایکت...

حەمەدۆک: ئاخر عەبدی خان بزانێ بەدووم دادێ و دەمگرێ و لەبن داراندا..

حەسۆ: کەس ناتوانێت هیچت لێ بکا.. شێتە.. تۆ دایکەکەت کوشت.. ڕەعنا بووەتە چنگێک ئێسک و پێست. (هەڵدەستێ)

حەمەدۆک: مام حەسۆ.. چاوەکەم.. بە کەس مەڵێ.

حەسۆ: باشە ڕۆڵەکەم.. باشە.. بەکەس ناڵێم..

(تاریکی)

## دیمەنی پێنجەم

(ماڵی ڕەعنا.. بێژینگ دەدووریتەوە)

دەنگی حەسۆ: ڕەعنا.. خوشکە ڕەعنا..

ڕەعنا: (بە تەمبەڵی هەڵدەستێ و بەرەو دەرگە دەڕوا) فەرموو کاک حەسۆ

حەسۆ: ڕەعنا چۆنی.. باشی؟

ڕەعنا: خوا خۆشت کا.. دە فەرموو، گەورەمان کە..

حەسۆ: (دانانیشێ) ڕەعنا.. مژدەم هێناوە.. مزگێنیم دەوێ..

ڕەعنا: (بە ساردوسڕی) مزگێنیت بەسەر چاوانم..

حەسۆ: ڕەعنا.. ئەمڕۆ.. حەمەدۆکم..

ڕەعنا: (بە شڵەژاوی) تۆ بە ڕاست؟

حەسۆ: ماشاڵڵا.. تەواو.. قەڵەو بووە. (ڕەعنا تێک دەچێت) ڕەعنا کیژێ ڕەعنا.

ڕەعنا: (هەڵدەستێ.. جارێ بۆ چارۆگی، جارێ بۆ پێڵاوی دەڕوا) بڵێ بەخوا.. بەچاوی خۆت.. حەمەدۆکم ماوە.. نەمردووە، چۆن؟

حەسۆ: ئێستا مزگێنیم کەوت یان نا؟

ڕەعنا: وەی لەبەر زارت مرم حەسۆ شێلم.. مزگێنیت بەسەر چاوانم، بەڵام بڵێ بە خوا.. لەبەر من وا ناڵێی.. دەترسم.. گاڵتە..

حەسۆ: "بە تووڕەیی" ڕەعنا.. من کەی گاڵتەم کردووە؟

ڕەعنا: (دەکاتە هەڵڵا) هۆ خەڵکینە.. هۆی..

حەسۆ: ڕەعنا مەیکە بە هەڵڵا.. دانیشە تێت گەیەنم.. ئاخر..

ڕەعنا: (بەبێ ئاگا) خەڵکینە حەمەدۆکم ماوە، خەڵکینە چاوم ڕوون بووەوە ئۆجاغی برایمۆکی بووژایەوە.. (هێدی هێدی خەڵک دێن)

زەینەب: ها ڕەعنا مژدە؟

ڕەعنا: کیژێ زەینەب چاوت ڕوون.. وەی بە خێربێن. ئێستا دەیکەم بە شایی و گۆڤەند.. دەی زەینەب مزگێنی بدە حەسۆی.. حەسۆ.. حەسۆ شێلم دەوەرە بە قوربان زەینەب چایە لێنێ. خەڵکینە، ئەوە بۆ کەس شایی ناکا.. ئەدی نازانن حەمەدۆکم ماوە! بە خوا، بڕوا ناکەن (شایی دەکا و گۆرانی دەڵێ)

خزمـــینه دەستـــم بگـــرن پڕ بـــە دڵان هـــەڵپـــەڕن

شایی و گۆڤەندی ڕەعنای بگاتـە هەمـوو دنـــیـای

حەمـــەدۆکـــم هـــەڵساوە چـــرای مـاڵ هەڵکــاتــەوە

برایــم چــاوت گەش بـــێ گۆڕت لە خەم بێبەش بێ

تا حەمـــەدۆکـــت مـاوە.. ماڵـــت گـەرمە.. نە پساوە

عەبدی: (عەبدی دێت و ڕەعنا و خەڵکەکە بێدەنگ دەبن) ڕەعنا.. ڕاستە، حەمەدۆک

ڕەعنا: بەڵێ خان.. بە دەورت گەڕێم.. ئەدی نابینی.. (دەیەوێ شایی بکا)

عەبدی: زەفت بە.. چۆنت زانی؟

ڕەعنا: حەسۆ شێلم دیویەتی

عەبدی: (بە خاوی) حەسۆ شێلم ! کوا ئەو شێلمە دەی بیهێنن.

زەینەب: حەسۆ لێرە نییە..

یەکەم: کەی حەسۆ دێتە ناو خەڵک؟

دووەم: دنیا خراپ بێ حەسۆ لە ماڵ نایەتە دەر..

عەبدی: وەسمان.. بڕۆن.. لە هەر کوێیەک بێ.. ڕایماڵن.. (سێ زەلامەکە دەردەچن. هێمنی) ها دەبینم زمانتان گیرا؟! زۆر سەیرە، بۆ هەتیوێکی حەمەدۆکە و ئەم هەرایە! وەڵڵا سەیرە..! منداڵێکە دەژی، دەمری.. قیروسیا.. قابیلە دنیا خراپ نابێ.

ڕەعنا: ئاخر قوربان بۆ من.. ڕاست دنیا خراپ دەبێ.. ئەلحەمدولای ماوە و ئۆجاغەکەم بووژایەوە.

عەبدی: ئۆیف.. لای وایە ئۆجاغی پاشایانی لێ تێک دەچێ.

ڕەعنا: عەبدی خان.. بە قوربان.. جەرگ هەر جەرگە.. جا چ جەرگی پاشایان بێ یا جەرگی گەدایان، ئەوە حەسۆ هات.

حەسۆ: (دیارە زەلامەکانی حەسۆیان بەزۆر هێناوە) ئاخر چ سندانێک لە سەری داون بۆ نایەڵن.. بەم ناوەختە بحەسێمەوە.. چیتان دەوێت؟

عەبدی: شێلم.. من داوام کردی.

حەسۆ: (خۆی لە زەلامەکان دەرباز دەکات) ئەدی نا پیاوینە بۆ ناڵێن خان کاری پێتە! (بەعەبدی) تکایە قوربان.. لێم ببوورە..

عەبدی: حەسۆ شێلم، ڕاستە دەڵێن گوایە.. تۆ بیژووەکەی ڕەعنات بینیوە؟

حەسۆ: (بە ڕەعنا و بە چرپە) زمانی خۆت پێ نەگیرا..

عەبدی: ها شێلمۆک.. قسە بکە..

حەسۆ: بەڵێ خان، دیومە..

عەبدی: چۆن و لە کوێ؟

حەسۆ: گەورەم.. ئەم بەیانییە.. بووەتە شوانی مام سەلمانی کەسمەیی.

عەبدی: سەلمانۆک! ئاوا..؟ تۆش وات لێ هات پیاوی من فریو بدەی و بیکەی بە شوانی خۆت؟ تەواو.. زۆر باشە.. ڕەعنا؟

ڕەعنا: بەدەورت گەڕێم.. بەقوربانت بم..

عەبدی: مەترسە لە بەیانی زووتر نییە، کوڕە خانەدانەکەت بۆ دێنمەوە.

عاسم: گەورەکانم.. بۆ بەیانی عەبدی خان چووە گوندی کەسمە و پاش هەرا و گیفێکی زۆر.. حەمەدۆکی لە مام سەلمان وەرگرتەوە.. هەرچەندە مام سەلمان حەمەدۆکی وەک کوڕەکانی خۆی خۆش دەویست، بەڵام دێهاتییەکی ئاسایی لەگەڵ زەبروزەنگی عەبدی خان چی دەکات؟ سەرەنجام.. بێوەژن بەهەتیوەکەی شادبووەوە ئێمەش تا ئێرە باسی چۆنیەتیی ژیانی حەمەدۆکی مێردمنداڵتان بۆ دەگێڕینەوە، چونکە مەبەستی سەرەکیمان.. لەم بەسەرهاتانە، تەنیا یەک خاڵە.. ئەویش، چۆن هەتیوێکی مێردمنداڵی، ناسراو بەحەمەدۆک.. یەکەم گوندەکی بوو توانی بەپێچەوانەی فەرمان و ڕەفتارەکانی عەبدی یەک هەنگاو باوێ.. حەمەدۆکی یازدە ساڵە، بەڕاکردنەکەی، یەکەم گورجی شەرمەزاری لە کەرامەتی عەبدی خان دا. بۆیە خەڵکی بەتایبەتی ڕەعناو حەمەدۆک لەوە نەگەیشتن کە بۆچی و لەبەرچی حەمەدۆکی دارکاریی کرد. ڕەعنا سەری لەوە دەرنەچوو و نەیدەزانی چ لە کەللەی خاندایە.. ئەو هێمنییەی خان زۆری دەترساند نەیدەزانی، ڕۆژێک دێ خان نانیان دەبڕێ.. تاکە مانگاکەشیان لەدەست دەردێنێ. نەیدەزانی چ لە کەللەی خاندایە.. لە بنڕا چ بیرێکیان بۆ لێ دەدا.. نەیدەزانی شەڕی نێوان عەبدی و حەمەدۆک دەبێتە هێمایەکی تایبەتی.. سەرکەوتنی هەرلایەک گۆڕ لێدانی لایەکەی ترە. مردنی

مانایەکی تێدایە.. نە ڕەعنا لەم کپییە پڕ مەترسییە دەگەیشت.. نە سەرە بچووکەکەی حەمەدۆکیش توانای لێکدانەوەی ئەم هێمنییە پڕ لە تەمومژەی هەبوو. حەمەدۆک تاگەیشتە هەرەتی لاوی.. چەندان ئازار و ئەشکەنجە و برسییەتی و ملکەچی تری بینی وەک داری بەخەم بەئاوی خەم ئاو دەدرا، بەڵام ورەی بەرز بوو.. بەهێمنی لە شتەکان دەگەیشت و چارەسەری نوێی بۆ کۆسپەکانی دەدۆزییەوە.. سەرەنجام ئێستا حەمەدۆک بووەتە لاو. ئا لەم ئان و ساتەدا لەگەڵ دەسگیرانەکەیدا لە ژواندایە.. فەرموون.

***

(تاریکی)

## دیمەنی شەشەم

(حەمەدو خەجیج بە تام و بۆی دڵدارانە دەڕواننە یەکتری.. پاشان حەمەد دەیەوێ نیازی خراپ کات)

خەجیج: دەست درێژ نەکەیت.

حەمەد: بۆ قەدەخەیە؟

خەجیج: بەڵێ. ئیتر تەواو.. تەمەنی هەرزەکاریمان بەسەر برد.. حەمەد وا پێ ڕاگەیشتین.

حەمەد: جا لەوە خۆشتر، سێوە کاڵەکانت پێگەیشتوون لێکردنەوەیان گەرەکە..

خەجیج: ڕاستە، بەڵام تەنیا خاوەنەکەی مافی لێکردنەوەی هەیە.

حەمەد: ئەی من خاوەنی تۆ نیم؟

خەجیج: هێشتا نەبووی.

حەمەد: خەجیج دەتەوێ چ بڵێی؟

خەجیج: داخوازیم بکە..

حەمەد: باوکت بەکراسی بەری تۆی پێشکێشی کردووم.

خەجیج: کەواتە مارەم کە...

حەمەد: سەیرە دەڵێی شتێک رووی داوە؟

خەجیج: هەڵبەتە.. دە ساڵی ڕەبەقە، گەورە و بچووک نەمان.. چاک و خراپ نەما

نەزانن ئێمە هۆگری یەکترین.

حەمەد: جا ئەم شێوە دڵدارییە کۆتایی بە چ دێ؟

خەجیج: بە کارەسات.. ئەگەر دەستوبرد نەبین..

حەمەد: هێواش خەجیج هێواش. ئەم قسانەی تۆ بۆنی شتێکی لێ دێ.

خەجیج: هەڵبەتە.. مادامەکی بووینەتە بنێشتە خۆشەی زاری خەڵکی..

حەمەد: ه.. واتە..

خەجیج: حەمەد.. خۆت دەزانی دایکم چەند ئەتۆ و پلکە ڕەعنای خۆش دەوێت.

حەمەد: بزانە گیانەکەم.. ئاخۆ من جگە لە تۆ و دایکم و مامە حەسۆ و پلە زینەب بەولاوە کەسی ترم هەن؟

خەجیج: بەڵێ. عەبدی خان. خدە گزیر و سیخوڕیش هەموو ڕۆژێ نهێنی ئەم و ئەوی بۆ دەبات.

حەمەد: (خدە دێت و دەیانبینێت و خۆی حەشار دەدات) ئێستا خەجە گیان دڵداری ئێمە لەوە ترازاوە خدە و غەیری خدە بڵاوی کەنەوە.

خەجیج: ڕاستە دەمێکە ئەم قۆناخەی بڕیوە.. بۆیە دەڵێم.. دەبێ..

خدە: (بۆ خۆی) کەرە.. کەری کوڕی.. وام دەزانی هەر من وام.. خوا داویەتی نازانی بیخوا.. دە فەرموو.. بۆ ڕاوچییەکی وەک من وا هەڵناکەوێ.. بۆ.. حەمەدۆکی هەڵدەکەوێ.. (پێکەنینی خۆی دەگری) بەڵام خواش قبووڵ ناکا.. ئەگەر لەم گوندە لاو هەبێ هەر ئەم حەمەدە دەم چەمووشەیە، من نازانم تێ ناگەم.. بۆ مارەی ناکا! خۆ حەسۆ شێلم بەکراسی بەری داویەتی.. زەینەبیش.. وەک کوڕی خۆی تەماشای دەکات.. هەرگیز تێ ناگەم، ئێستا.. پێش ئەوەی دەنگوباسی چاک و خراپی، سارد و گەرمی، خۆشی و ناخۆشی گوند.. بەکورتییەکەی پوخت لە بەردەم عەبدی خان دانێم، بەڵام لام وایە دەنگوباسی دڵداری حەمەدۆک و خەجیجۆک لای خان کۆنە و چ بایەخێکی نییە! ئاوایە.. خان زۆر چاک ئاگەداری هەموو ڕەفتار و گفتاری حەمەدۆکە سەیرە ئەوە بووە شەش مانگ هێشتا دارێکی لە برادەر نەداوە، تەشقەڵەیەکیان پێ نەکردووە، تێ ناگەم.. یا ئەمن.. یا.. خان.. نا.. هەر خۆم حەمەدۆکیش چەمووشە.. تەماشا.. هەرگیز حەمەدۆک

وها بەدڵنیایی ژوانی نەکردووە. تەنانەت لە منداڵیش ترسی ئەوەی هەبوو منداڵێکی تر خەجەی لێ سەنی.. هەر چۆنێ بێ.. با بەرەکە بهاوێمە مزگەوتێ و.. بڵێم مام حەسۆ شێلمی بەڕێز، پلکە زەینەبی خانەدان.. خوا هەڵناگرێ ئاخر ئەم کیژەی ئێوە سووتا.. برژا.. بۆ حەمەدۆکی.. نانا.. و ها نا.. دەڵێم.. مام زەینەبی.. ئوهۆ.. مام حەسۆ.. پلە زەینەبەم ئەم جووتە کۆترە سووتاوی یەکترن. مادامەکی کیژەتان پێشکەش کردووە هەر خۆشتان زەماوەندەکەیان بۆ ساز کەن و بڕایەوە.. ئافەرین خدە.. لەوەتی هەی قسەی وا مەردانەت بەدەمدا نەهاتووە. با بخشێم.. نابادا لە بیرم بچێتەوە.. ئەم جووتە کۆترە.. سووتاوی.. یەکتر.. (دەڕوا)

حەمەد: (بەگورجی) بزانە خەجیج زەلام نییە تۆم لە چنگ دەرێنێ. ئەمە یەک و دووی ناوێ.. لای من بڕاوەتەوە.

خەجیج: ئەدی چاوەڕێی چی دەکەی؟

حەمەد: نابێ پارە و پوولێکم بێتەوە دەست. ئەم جۆخینەی..

خەجیج: شیردا بۆ باپیردا.. ئەم جۆخینەش وەک ئەوانی تر.. عەبدی ناپەسەند سێ لە چواری زەفت دەکات.

حەمەد: ناهێڵم..

خەجیج: چۆن ناهێڵی.. چ دەکەی؟

حەمەد: نازانم.. بەڵام لەمەولا..

خەجیج: حەمەد گیان.. با قسەیەک بکەم..

حەمەد: پێویست ناکات.. مەیڵێ..

خەجیج: باوکم لە جێی باوکتە..

حەمەد: زیاتریش..

خەجیج: دایکیشم..

حەمەد: (بەتووڕەیی) بیبڕەوە خەجیج بیبڕەوە.. جارێکی تر دووپاتی نەکەیەوە..

خەجیج: (دەگرێت) ئەدی چارە.! تاکەی ببینە بنێشتە خۆشەی زاری خەڵک.؟ تا کەی.. سەرمان سپی بێ؟

حەمەد: (بەسۆزەوە) گیانەکەم.. خەجیج.. وا دەزانی بیرم لەمە نەکردووەتەوە؟

هەموو کات لە بیرمە.. بەڵام نابێ..
(تاریکی)

عاسم: پیرەمێردەکانی گوندی.. کە باسی عەبدی خان دێ هەزار ڕەحمەت بۆ باوکی رەوان دەکەن.. بەخوا بابە خانی چاک بوو.. کرمانجی خۆی بە ئامۆزا دادەنا. لایان سەیر بوو ئەم کەمتیارە لەو شێرە بێ.. پیرەمێردەکان هەرگیز خراپەی وایان لەو باوکە نەدیبوو.. بەئاخ و ئۆفەوە دەیانگوت تۆ وەرە زەلام رەوشتی چاکت نەبێ. جا یەکێ لە رەوشتە چەوتییەک، لەنگییەکی بکردایە، ئیتر تەواو.. مافی رەوای خۆی دەبینی.. دەبایە دوو رۆژان لەناو جێدا پاڵداتەوە. خەڵکی لە دارکاری خان راهاتبوون.. زۆربەشیان غارابوون. کەچی لەم ئاخر و ئۆخرەدا رەوشتێکی نوێی داهێنابوو.. رەوشتێکی دژبەلێدان یەک دوو جوێن و بڕایەوە.. ئیتر دەکشایەوە و تەواو.. وەکو بڵێی عەبدی خانیش نییە. بۆیە گوندییەکان سەریان سوڕمابوو.. ئی واش هەبوون دەترسان.. دەبێ عەبدی خان بیرێکی خواوخەڵکی کردبێتەوە دەبێ پاش ئەم سروە نەرمە چ گەردەلوولە و رەشەبا هەڵنەدەن؟
(تاریکی)

دیمەنی حەوتەم

(خان دانیشتووە وەسمان و عەلە لە دوورەوە وەستاون. خدە لە بەردەم خان، لە سەر ئەژنۆ دانیشتووە)

عەبدی: (هێمن) ها خدە. دەنگوباسی تەواو؟
خدە: (بەنیگەرانی) بە.. بە.. بەڵێ خان.. بەڵێ..
عەبدی: دوورکەوە.
خدە: (بەهەمان نیگەرانییەوە) ب.. بە.. بەڵێ
عەبدی: ها خدە.. دەڵێی شتێکی ترت لایە..
خدە: بە.. بەڵام کۆنە.. گەورەم بەڵێ کۆنە..
عەبدی: وەکو چی؟

خدە: وەو.. وەکو.. مەسە.. لەی.. حەمەدۆک وەکو.. خەجی.. خەجیج.

عەبدی: کەرە.. داخوا.. گوتم.. (لەپڕ بۆ خۆی) مەسەلەی ئەم حەمەدۆکە هەتا کۆنتر دەبێ خەستر دەبێ.. (بیر دەکاتەوە) وەسمان.

وەسمان: بەڵێ گەورەم..

عەبدی: نا.. تۆ نا.. پیر بوویت.. عەلە.. عەلەشیش..

عەلە: بەڵێ قوربان.. فەرموو

عەبدی: کەی ژن دەهێنیێ؟

عەلە: قوربان.. ئەو کاتەی جەنابت فەرمان دەدەی.

عەبدی: ئەوە فەرمانم دا.. ئامادەی؟

عەلە: نەخێر..

عەبدی: بۆ؟

عەلە: قوربان دەبێ.. ماڵ دابنێم.. خۆت دەزانی.. پارە..

عەبدی: پارە ئاسانە.. بیخە سەرشانی من..

عەلە: (دەگەشێتەوە) گەورەم.. قوربان.. بێنە دەستت ماچ کەم..

عەبدی: دەستی من ماچ مەکە.. دەستی حەسۆ شێلم ماچ کە..

عەلە: ئیللا دەستی تۆ ماچ دەکەم.. حەسۆ شێلم کێیە؟

عەبدی: هەتیو چۆن لەم نێزیکانە دەبێتە مامت.

عەلە: نەخێر قوربان حەسۆ شێلم لە دوورەوەش نابێتە خزمم.

عەبدی: بەخوا برا کەرە..

خدە: (بە خان) عەلەشیشە قوربان عەلەشیش (بەعەلە) عەلە دیارە گەورە بووی؟

عەلە: گەورەم تێ ناگەم..

خدە: بەخوا برا کەرە (خان و وەسمان پێ دەکەنن)

عەلە: (پەلەماری دەدا) هەتیو.. تۆ نابێ..

عەبدی: عەلە.. عەلەشیش..

عەلە: بەڵێ گەورەم. (خدە بە قاقا پێ دەکەنێت)

عەبدی: کەرە بە چ پێ دەکەنی؟

خدە: بەم عەلەشیشە.. عەلە وا دەزانی عەلەشیش لە کەر ئاقڵترە.. کە پێی دەڵێی عەلەشیش قسە ناکات، بەڵام کە دەڵێی کەر.. ئەها.. بە دەنووک.. خواردمی.

عەبدی: بوەستن. با بێینەوە سەر بابەتەکە... عەلە دەتەوێ خەجیجت بۆ بخوازم.

عەلە: (بە شێواوی) نەخ.. نەخێر.. بەڵ.. بەڵێ.. نەخ.. نەخ..

عەبدی: بۆ عەلە؟ خەجیج کیژێکی قشتە و عەیبی نییە..

عەلە: دەزانم گەورەم.. بەڵ.. بەڵام.. بەڵ.. بەڵ.. بەڵام.

عەبدی: بەڵام چی؟

عەلە: راستییەکەی؟

عەبدی: بێ پێچ و پەنا.

عەلە: ناوێرم..

وەسمان: (بەعەلە) لەوەتەی بووی.. وەها ئاقڵ نەبووی..

عەبدی: دەک عەلە.. عەمرت نەمێنی.. لە کێ دەترسی؟

عەلە: لە.. لە.. خ.. خ.. وای.. وای.. خوای..

خدە: ماشاڵڵا، نووری لێ دەبارێ.. گەورەم بە کورتی و بەپوختی بڵێم لە کێ دەترسێ؟

عەبدی: تۆ؟ ئافەرین خدە.. با بۆتی بخوازم..

خدە: (بەشێواوی) بۆ من.! قوربان.. من.. من مەبەستم.. دەڵێم عەلە.

عەبدی: واز لەم عەلەشیشە بهێنە..

خدە: ئێ قوربان منیش جیاوازییەکی وام لەگەڵ ئەودا نییە..

عەبدی: دەزانم خدە.. دەزانم.. بۆیە دەڵێم.. با بۆ تۆی بخوازم..

خدە: نەخ.. نەخێر.. لەب.. لەبێ.. نەخ.. لەب..

عەبدی: خدە.. خەجیج کیژێکی قشتە و عەیبی نییە..

خدە: دەزانم قوربان.. تێ دەگەم.. بەڵام.. نەخ.. نەخ.. ل ب.. لەب

عەبدی: لەب لەبی چی؟

خدە: ڕاستییەکەی؟

عەبدی: بێ پەنا و پێچ..

خدە: ناوێرم.

وەسمان: باوکیشت وەها ئاقڵ نەبووە؟

عەبدی: خدە.. تۆش.. تۆش ناوێری..؟

خدە: بەڵێ قوربان.. خۆ من چ جیاوازییەکی ئەوتۆم لەگەڵ ئەم عەلە.. عەلەدا...

عەبدی: باشە تۆ لە چ دەترسێی؟

خدە: من! لە.. لە.. ویژدانم..

عەبدی: ویژدان.. وای لەم کەرە.. (تەنیا خدە پێ ناکەنێ..) (بە خدە) لووشکە مەهاوێ؟

خدە: ئەی بۆ لە دەنووک دەگری..

عەبدی: دەک عەمرتان نەمێنێ. جا بۆ ناڵێن لە حەمەدۆک دەترسین.. ها وەسمان.. وا نییە؟

وەسمان: بەڵێ قوربان.. عەلە و خدە دەزانن خەجیج هەر لە منداڵییەوە.. لەگەڵ حەمەدۆکی.

عەبدی: ئاخر منیش بۆیە دەمەوێ کارێ بکەم.. با بڕۆین..

وەسمان: بۆ کوێ؟

عەبدی: بەدووم کەون.

(تاریکی)

عاسم: گەورەکانم.. لە کاتی خۆیدا ئەگەر گوندییەک بچووبایە شار بایی حەوت شەو چیرۆک و بەسەرهاتی دەهێنایەوە، باسی کۆشک و کەباب و شەربەت و جەندرمە و پەچە و عەبا دوایی نەدەهات.. وەها بەتام و چێژ دەگێڕانەوە، هەر نەبێ.. لاوان هەموو کات خەونیان بە شارەوە دەبینی ئاواش حەمەدۆکی ئێمەش.. دوو ساڵ بوو لەگەڵ مچەی قالە کەچەڵی برادەری بڕیاری چوونە شاریان دابوو. ئاخری چەند قروشێکیان پێکەوە ناوە و قیروسیا با بە پێ بڕۆن مادامەکی کەر و وڵاخیان پێ پەیدا نەبوو.. چوونە شار بۆ حەمەدۆکی لە چەند سەرێکەوە گران رادەوەستێ، یەکەم خەرجکردنی ئەم قروشە مەردانە لەم رۆژە ناسکەدا.. نیگەرانی و ترسی

ڕەعنا لەم سەفەرە هاتونەهاتەدا، سێیەم پێزانینی عەبدی خان ئەگەر بزانێ حەمەدۆک چووەتە شار هەرگیز بەدەست والآیی دانانیشێ. هەنجەتێکی تریش دەخاتە پاڵ هەنجەتەکانی پێشوو بۆ ئەوەی پتر بیچەوسێنێتەوە، بەڵام مادامەکی حەمەدۆک بڕیاری داوە.. هەر دەچێ.. هەر دەبێ لە ڕاز و نهێنی شار بگات.. جاچ دەبێ با ببێ.
(تاریکی)

دیمەنی هەشتەم

(حەمەدۆک و ڕەعنا بەهاوار دەدوێن. مچە لە دوور ڕاوەستاوە)

حەمەد: چ دەبێ.. با ببێ.. دەبێ شار ببینم.

ڕەعنا: ئاخر ڕۆڵە دڵم بەرایی نادا، دەترسم.

حەمەد: دایە تەمەنم بووەتە هەژدە ساڵ.. منداڵ نیم.

ڕەعنا: مچە، تۆ بۆ قسەیەک ناکەیت؟ ڕۆڵە ئێوە و شاریان وتووە؟ دەزانم. کوڕی قالە کەچەڵ، ئەم سەین و بەینە لەژێر سەری تۆدایە.

مچە: حەمەدۆک ئەمن خواحافیز. دەچمەوە ماڵێ..

حەمەد: ڕاوەستە مچە.. بۆ؟

مچە: ئەدی نابینی! دە وەڵڵا پلە ئەم چوونە شارە هەموو لەبن سەری کوڕی خۆتە..حەمەد: دایکە مچە ڕاست دەکات، بەڵام من لە مەبەستی تۆ دەگەم.

ڕەعنا: ڕۆڵە مەبەستم چییە؟

حەمەد: نەبادا ئەو چەند قروشەی پێمە لە شاری خەرجی بکەم. وا نییە؟

ڕەعنا: (دڵگیر دەبێ) ئاوا ڕۆڵە وام تێ دەگەی؟ پارەم بۆ تۆ بەچاو دێت؟ بزانە حەمەد من ژیانم لەسەر تۆ دانا.. ژیان.. چەند قروشێکم بەچاو دێ..

حەمەد: کەواتە.. واز بێنە با کوڕەکەت دنیا ببینێ.

ڕەعنا: ڕۆڵە حەز دەکەم، بەڵام دەترسم.

حەمەد: دیسان ترسای.. وات لێ هاتووە لە سێبەری خۆت دەترسێی.

ڕەعنا: ڕۆڵە تۆ دەزانی بەیانییان پێش دەرچوونت بۆ سەر کار و کاسبی من چی دەکەم هەتا لە بەرچاوم ون دەبی هەر ئایەتل کورسییان دەخوێنم.. پاشان

تا دەگەڕێیتەوە هەر دەنزێم و لە خوا دەپاڕێمەوە بتپارێزێ.

حەمەد: ئۆ هوە.. دایە بەقوربان. چاوەکەم. نامەوێ بەدڵشکاوی بەجێت بهێڵم.

ڕەعنا: بڕۆ باوکەکەم بە تەمای خوا.

حەمەد: (دەستی دایکی ماچ دەکات) دوعامان بۆ بکە..

ڕەعنا: دوعای پیر و چاکان بێت.. دە بڕۆ (لەپڕ) حەمەد.. حەمەد..

حەمەد: خێر دیسان..

ڕەعنا: ئەگەر عەبدی خان پێ بزانێ.؟

حەمەد: دایکە..

ڕەعنا: بەو خوایە لە گوندیمان دەردەکات.

حەمەد: ناتوانێ. پاشان بێجگە لە تۆ کەس بە چوونمان نازانێ..

ڕەعنا: نا ڕۆڵە نا.. ناوی خوا بێنە..

حەمەد: دایکە.. چاوەکەم.. بەقوربان دەتەوێ بە عەزرەتی شاری..

ڕەعنا: واتە هەر دەڕۆن؟ بڕۆن ڕۆڵە.. خوا و پێغەمبەر پشتیوانتان بێت (دەڕۆن)

خەجیج: پلە.. پلە ڕەعنا..

ڕەعنا: ها بووکە جوانەکەم.. چی قەوماوە؟

خەجیج: کوا حەمەد؟ لە ڕاهی خوا خێرا..

ڕەعنا: بۆ ڕۆڵە؟ قسە بکە..

خەجیج: عەبدی خان پلە ڕەعنا.. عەبدی خان..

ڕەعنا: ئەعوزوبیلا، چی قەوماندووە؟

خەجیج: (دەگریەت) جەرگی بریم.. پلە، جەرگ.. هیوای.

ڕەعنا: خێر بڵێ بووکەکەم.. خێر بڵێ..

خەجیج: پلە خێر ما.. خان و خێر!! جارێ پێم بڵێ کوا حەمەد؟

ڕەعنا: ئەتو واز لە حەمەد بهێنە.. پێم بڵێ مەسەلە چییە؟

خەجیج: (بەهەمان گریانەوە) عەبدی خان ئەمشەو لەپڕ هات.. بۆ خوشکەزا کەچەڵەکەی داخواز کردم.

ڕەعنا: (بەهەردوو دەستی لە رووی خۆی دەدا) هەیرۆ لە بەختی حەمەدۆکێ.. لە

بەختی بووکی خۆم.. لە بەختی ئاشقە رووتان.

خەجیج: ئەوجا پێم بڵێ کوا حەمەد.. لە کوێیە؟ پلە چارەیەک.. دە وەڵڵا خۆم دەکوژم.

ڕەعنا: ئەدی باوکت.. زەینەب.. قسەیەکیان نەکرد؟ پلە قسەی چ بکەن! خۆت عەبدی ناناسی؟ قسەی ئێمە؟ قسەی ئێمە لای ئەو پوولێک ناکات.. تکا و ناڵە و فیغانی ئێمە مانای لای ئەو..

ڕەعنا: ئای لەم شەیتانی نەفرەتییە.. دەمزانی ئەم بێدەنگییەت لەخۆڕا نییە.

خەجیج: دەیەوێ دڵمان لێک بترازێنێ..

ڕەعنا: هەر دڵ بووکەکەم هەر دڵ.. دە وەڵڵا گورجێکی وای لە حەمەد دا زەحمەت لەژێری هەستێتەوە.

خەجیج: ئەی هاوار.. دە پێم بڵێ کوانێ حەمەد کوانێ؟

ڕەعنا: ئۆهـ خوای گەورە.. ئەوەی دڵی ئاشقە ڕووتان دەسووتێنێ، بکەوێتە ئاگری بەئاوی حەوت دەریایان نەکوژێتەوە.

عاسم: گەورەکانم.. ئەگەر حەمەدۆک نەختێکی تر دواکەوتایە هەتا دنیای مابوو شاری نەدەدی. چونکە ئەم کارەساتەی تووشی خەجیج بووبوو.. یەکسەر بەری چاوی ڕەش دەکرد.. دوور نەبوو.. ڕەوتارێکی هەرزەکارانە بنوێنێ.. وەکو هەزارەها لادێیی.. کە بەچرکەیەک بکوژێتەوە. زۆر چاک بوو دوا نەکەوت. تکا و ترسی دایکانەی ڕەعنا بڕیاری حەمەدۆکیان نەگۆڕی. ڕۆیی.. بڕۆ حەمەدۆک بڕۆ. هەنگاو بنێ.. جیهان تەنیا گوندی کەنگرە نییە.. لە دیتنی هەر شوێنێکی تر.. هەر شتێکی تر.. هەر کەسێکی تر.. چەندەها پەند و زانیاری فێر دەبێت. بۆ نموونە.. ئەها، وا لە ڕۆخی ئەم ڕێگەیەدا.. پیرەمێردێک دانیشتووە بیگرە.. بیدوێنە.. بەڵکو...

## دیمەنی نۆیەم

(لە ڕێگەی شار.. حەمەد و مچە هەنگاو دەنێن "

حەمەد: با سڵاوێ لەم پیرەمێردە بکەین

مچە: واز بێنە حەمەد.. تا زووە بگەینە شار.

حەمە: ئێ باشە.. هەر نەبێ لە نێزیکترین ڕێگەی لێ دەپرسین.
مچە: با لێی بپرسین
حەمەدۆک: سڵاو مامە
پیرەمێرد: (بێ بایەخ پێدان) سڵاو.. (هێمن) فەرموون
حەمەد: نۆشی گیانت بێ..
مچە: (لەمەولا مچە زۆر لە دیالۆگەکانی حەمەد دووبارە دەکاتەوە) نۆشی گیانت بێ..
پیرەمێرد: هەر پارووپەک
حەمەد: ئێمە دەچین، لە شاری دەخۆین..
پیرەمێرد: ئەگەر وابێ هیچ خواردنی شار تامێکی تری هەیە..
حەمەد: وا دەڵێن..
مچە: ئا، وا دەڵێن.. کەباب.. حەلوا.. شەربەت.. شامینۆک.. سەروپێ..
پیرەمێرد: بەڵام جارێ زۆر ماوە بگەنە شار..
حەمەد: قەیناکە.. با چاک برسی بین.
پیرەمێرد: مەسەلەکە.. کەبابە..
مچە: ئەوە چۆنت زانی؟ ئەوانی تریش.. تریش. زارم ئاوی کرد.. حەمەدۆک.. هەتا ئەو پەنایە دەچم..
حەمەد: بارت سووک دەکەی دە بڕۆ..(مچە دەڕوا)
پیرەمێرد: ڕۆڵە خەڵکی کوێیت؟
حەمەد: گوندی کەنگران..
پیرەمێرد: ها.. کەنگرە..؟ ناسیمەوە.. گوندی ڕیش بزنانی خوا نەناس..
حەمەد: ئەوە چۆنت زانی؟
پیرەمێرد: ڕۆڵە ئەم مووانەم لەبەر تاو سپی نەکردوون.. ئەرێ.. ڕاستە دەڵێن.. عەبدی ڕیش بزنانی بووەتە خان و.. گوایە هەر تەواو دەماری گوندییانی دەرهێناوە؟
حەمەد: هەر دەمار.. مامە.. هەر دەمار!

پیرەمێرد: (هێدی هێدی تووڕە دەبێ) ڕۆڵە ڕاستە دەڵێن.. گوندییەکان وەک کۆیلە دەخاتە ژێر بار و کەس ناتوانێ بێ پرسی ئەو پەنجە لە ئاو ڕابکا؟ ڕۆڵە ئەمانە ڕاستن؟ بیستوومە دەڵێن.. عەبدی خەڵکی لەبن داران دەکوژێ و هەموو ساڵێک لە کەنگرەدا چەند کەسانێک لە برسان زەلیل دەبن، ڕۆڵە شتی وا هەیە؟ دەڵێن بووەتە خانی پێنج گوند و هەتا جەنابی قایل نەبێ کەس ناوێرێ ژن بێنێ و کەس ناوێرێ لاق لە گوندی بترازێنێ؟ (قاقای پێکەنین) ئای کە دنیایەکی سەیرە! عەبدی ڕیش بزنانیش بووەتە خان.! سەیر ئەمما سەیر..

مچە: (بە شێواوی دێت) چییە حەمەد، شێتە؟

حەمەد: جارێ نازانم.. تۆ دانیشە..

پیرەمێرد: ڕۆڵە ئەم قسانەی بیستوونت ڕاستن؟

حەمەد: خاڵۆ ڕاستن.. هەموو.. بەڵام چۆنت زانی چۆن؟!

پیرەمێرد: (دیسان پێ دەکەنێ) بەخوا ڕۆڵە دنیایەکی سەیرە.. (بەتوندی) ئاخر ئەم ڕیش بزنانییەی لەسەر ئێوە بووەتە شێر خۆ لە کەروێشک ترسنۆکترە.. سەت حەیف و مخابن.. تازە پیر بووم پەکم کەوت.. وای ئەگەر زوو دەمزانی ئەم کەمتیارەی لێ دەردەچێ! هەر ئەو کاتە مشورم دەخوارد.

حەمەد: خاڵۆ تۆ کێی، ناوت...؟

پیرەمێرد: خاڵۆ، ها؟! پێکەنین بەرم نادا ها! کوڕە ئاخر هەقم نییە؟ ئاخر چۆن ئەم کەمتیارە دەتوانێ ئیدعای پێنج گوند بکا.. چۆن؟ کەمتیارێک خوێنی خەڵکی پێنج گوند بمژێ؟ تف.. تف.. ئەگەر زوو تێ دەگەیشتم.. وای ئەگەر دەمزانی ئەم ناپیاوەی لێ دەردەچێ.. خۆم دەمزانی چیم بەسەر دەهێنا.

مچە: (بە حەمەد) ڕۆستەمی زاڵە..

حەمەد: (بە مچە) وس.. وس.. خاڵۆ.. توخوا ئەگەر نەڵێی تۆ کێی؟

پیرەمێرد: گوتت خەڵکی کەنگرە ها.. ئای زەمان.. وەفات بۆ کەس نییە.. ڕۆیی.. ڕۆیی.. ئەو زەمانەی کە چەندان وەک ڕیش بزنانی خۆیان دەخستە بەر پێیانم..

مچە: "پێدەکەنێ (حەمەد نوقورچێکی لێ دەدا) بۆ ناوەستێ نا..

پیرەمێرد: لێی گەڕێ ڕۆڵە با پێبکەنێ.. ئەوە زەمانە.
مچە: خاڵۆ ببوورە..
پیرەمێرد: ئەرێ.. ئێوە ناوی ئەحمەدە زلەتان بیستووە یان نا؟
حەمەد: بەڵێ من بیستوومە..
پیرەمێرد: (لەپڕ بە مچە) ئەی تۆ؟
مچە: (بە ترسەوە) من.. منیش.. منیش.. بیستوومە..
حەمەد: خاڵۆ.. کەس هەیە ئەم ناوەی نەبیستبێ!!
پیرەمێرد: ڕۆژێکیان عەبدی دەکەوێتە داوی دوو ڕێگران.. پوختە رووتی دەکەنەوە هەتا ژنەکەشی لێ دەستێنن. هات.. خۆی هاوێشتە بەر پێیانم.. پاش تکا و نالە و پاڕانەوەیەکی زۆر.. بەزەییم پێ هاتەوە.. چووم ژنەکەیم وەرگرتەوە. بەڵام تف.. خۆزگە دەمزانی ئەم جانەوەرەی لێ دەردەچێت، خۆزگە. ئەگەر ئەو کات.. ئەو کات دەمزانی.. دەبێتە دوژمنی گیانی هەژاران.. ئەگەر دەمزانی دەبێتە (قاقا) بەخوا برا دنیایەکی سەیرە! سەیر! ها کوڕی قۆز.. دەڵێی شتێکت نەبیستووە لەبارەی ئەحمەدە زلە.؟ دەڵێی نازانی چ جۆرە پیاوێک بووە؟
مچە: نا خاڵۆ چۆن نازانم.. دەزانم.. باوکم دەیگوت.. هەتا ئەمڕۆ پیاوی وەک ئەحمەدە زلە لەنێو پاڵەوانان پەیدا نەبووە دەیگوت ئەحمەدە زلە باوکی هەژاران بووە.
پیرە مێرد: (واز لە مچە دێنێ) باوکت بۆی باس نەکردووی بەژن و باڵای ئەحمەدە زلە چۆن بووە؟ سەروسیمای، شانەکانی؟
مچە: بەڵێ خاڵۆ.. دەیگوت.. ئەحمەدە زلە.. وەک کێو وابوو.. کەڵەگەت ڕەشتاڵە، سمێڵ زل.. باوکم دەیگوت ئەحمەدە زلە خاڵێکی رەشی گەورەی لەنێو چاوانی هەبوو.. دەیگوت بەتفەنگ دەرزی هەڵدەگرت..
پیرەمێرد: (بە مچە) کێ بوو ژنی عەبدی لە ڕێگران سەندەوە؟
مچە: دەتەوێ کێ بێ؟ ئەدی خۆت نەتگوت تۆ بووی؟ ئەحمەدە زلە..
پیرەمێرد: (بەدڵی سارد و دەنگی لەرزۆکەوە) نا ڕۆڵە من لە کوێ.. ئەحمەدە زلە لە کوێ؟ من نەبووم.

حەمەد: خاڵۆ تۆ ئەحمەدە زلەی؟

پیرەمێرد: نا رۆڵە نا.. ئەحمەدە زلە.. مرد.. مرد..

حەمەد: خاڵۆ.. بەڕای تۆ.. عەبدی.. کەروێشکە؟

پیرەمێرد: گەر شێرێک پەیدابێ..

حەمەد: ئەدی ئێستا؟

پیرەمێرد: (بە حەمەدۆک) رۆڵە.. ئێوەش دەتوانن. خۆ ئازایی بە کەڵەگەتی و سمێڵ گەورەیی نییە.. بە غیرەتە.. تۆش ئەگەر غیرەتت هەبێت.. دەتوانی.. ئێوە گەنجن. خۆ وەک من.. پیاو.. چەند پیرتر بێت.. ئەوەندە ترسنۆکتر دەبێت. نازانم بۆ.. رۆڵە.. تۆیەکی رەقە و لاواز گەنجی.. تەنیا غیرەتت هەبێت.. تۆزێکیش ئێرە (سەری نیشان دەدا) بەکار بێنی.. عەبدی کێیە، غەیری عەبدی کێیە؟

عاسم: گەورەکانم... حەمەدۆک راست و رەوان ئەحمەدە زلەی بینی. وای لەم رێکەوتە سەیرە! ئەحمەدە زلەی کۆنە پاڵەوان و دنیادیتە.. ئازایەتی بەکەڵەگەتی و سمێڵ گەورەیی نییە.. بە غیرەت و هۆشە.. وانەیەکە نابێ حەمەدۆک لە یادی بکا هەرگیزاو هەرگیز.. وانەیەکە رۆژێ لە ڕۆژان.. بەکەڵکی دێت.. دە برۆ حەمەدۆک.. برۆ.. هەنگاو بنێ.. جیهان تەنیا کەنگرە نییە. لە دیتنی هەر شوێنێک.. هەر شتێک.. هەر کەسێک.. چەندان پەند و زانیاری فێر دەبی.. بۆ نموونە.. گەیشتیتە شار.. کەباب و شەربەت و حەلوات خوارد.. تێر شەقام و دووکان و چەندرمە و چایەخانەت بینی.. ماندوو بوون.. لە شوێنێ دەگەڕێت تێدا بخەوێ.. ها ئەوەتا خانێک.. شەوی بە قوورشێکە هەرزان و تالان. پاش دەمێکی تر پیرەمێردێکی تر دەبینێ.. دێتە هەمان ژووری ئێوە.. مافی خۆیەتی.. ئەمیش پارەی داوە لێی مەترسن.. شێت نییە.. دەگونجێ سەرخۆش بێ.. دڵنیام تۆ نازانی سەرخۆشی چییە؟ گرینگ نییە.. گرینگ چۆن سوودی لێ وەردەگری.

دیمەنی دەیەم

(ژووری خانێک. حەمەد و مچە پاڵیان داوەتە دیوارەکە)

مچە: بریا زوو بەیانی دادەهات.

حەمەد: بۆ مچە؟

مچە: هەتا دیسان. دەچووینەوە.. کەبابخانەکە و..

حەمەد: هەی ماڵت وێران نەبێ هۆی! ئەم ورگەی تۆ چۆن نەدڕا.. شەقی نەبرد!

مچە: جا بۆ خۆت ناڵێی، ئەی خۆت؟! مادامەکی هاتووینە شار..

حەمەد: دەبێت سەعاتێک جارێک کەبابێ بخۆین!

مچە: نا.. ناڵێم هەر کەباب.. شتی تر هەن.. وەک.. کەباب.. کەباب..

حەمەد: هەستە برام هەستە.. چار نییە..

مچە: کەباب بخۆین؟

حەمەد: نەخێر حەلوا..

مچە: با وابێ.. لەبەر خاتری تۆ.. کەباب نەبێ حەلوا.. حەلوا نەبێ شەربەت.. شەربەت نەبێت ڕەحەتە لوقم و ڕەحەتە لوقم نەبێ.. مژمژە..

خاڵۆ: (پیرەمێردێکی سەرخۆش. لەبەر دەرگە دەوەستێ) بۆ کوێ؟

مچە: دەچین حەلوا دەخۆین..

خاڵۆ: (پاش ئەوەی چاک سەرنجیان دەداتێ) قەدەخەیە..

حەمەد: بۆ مامە؟

خاڵۆ: پێم مەڵێ مامە.. بڵێ خاڵە..

مچە: خاڵە

خاڵۆ: پێم مەڵێ خاڵە.. بڵێ کاکە..

مچە: کاکە

خاڵۆ: پێم مەڵێ کاکە.. بڵێ برا..

مچە: براله..

خاڵۆ: پێم مەڵێ براله.. بڵێ کاله.. قەب قاب.. کەلاش، بەلاش، قەلاش..

حەمەد: ئێستا بە چی ناوت ببەین؟

خالۆ: بلە. بلە و براپەوە. بلە دەم و دڵ و هۆشی کولە..

حەمەد: زۆر چاکە..

مچە: بلە بۆ حەلوا نەخۆین؟

خالۆ: هـ.. ئێوە گوندین وا نییە.. زۆر چاکە.. دڵنیام هەریەکە و پێنج شەش نەفەر کەبابتان خواردووە وا نییە؟ ئەگەر بەو شەوە درەنگە حەلواش لە سەر کەن..

مچە: نیازمان وایە..

خالۆ: کەواتە خەوی ئەو شەوەشم فت.. نەبوو.. (مەی دەخواتەوە)

حەمەد: بۆ بلە؟

خالۆ: بابە تووشی زگ چوون دەبن. زگچوون.. تێ گەیشتن ئینجا هەر دەقەو جارێک تاق دەرگە دەکەنەوە.. شوڕ ئاوی دەرژێنن.. گرم دەرگە دادەخەنەوە.. چڵم..

مچە: حەمەد. خۆ ئەمە شێتە..

حەمەد: با بزانین..

مچە: ئەحمەدە زلە لەچاو ئەم بلەیە دانایەک بوو.. ئەمە قسە و گفتاری بەپیاوی ئاقڵ دەچێ نەڕەفتاری.

حەمەد: پەلە مەکە مچە.. با گوێ بگرین..

خالۆ: ئێی ئێوە گوندین ها؟ دەی بەخێربێن. شار خۆشە.

ها. ئێوە سەهوون زۆریش سەهوون. منێکی بە ڕەسەن لادێیی.. بیست ساڵە لە شار دەژیم، بەڵام بیست ساڵیشە ئۆخەی ئەوەمە.. بۆم بلوێ بگەڕێمەوە ناو کەسوکارم. ناو دەشت و کانی و دارستان و مامر و هەنجیری لادێ.. هەی لادێ، لادێ، لادێ.. بەهەشتمانن لادێ.. جێی شیرین و فەرهادێ تا ڕۆژی مردن دادێ.. بە هیوام دەستی زیادێ بمباتەوە بۆ لادێ.. هەی لادێ، لادێ، لادێ..

مچە: جا کێ ڕێی لێ گرتووی.؟

حەمەد: ئێی.. فەرموو کاک بلە..

بلە: تەنیا بلە و براپەوە.. بلە دەم و هۆشی کولە.. فەرموون..

حەمەد: (بوتلەکە دوور دەخاتەوە) ئەمە چییە..!؟

مچە: (بە حەمەد) دڵنیام دەرمانە.. لە شێتخانە بۆیان نووسیوە.. بلە وانییە؟ دەرمان نییە؟

بلە: (دەیداتە قا قا) راست دەکەیت دەرمان؟! (دەداتە قا قا) ببوورن.. حەفتەیەکی رەبەقە پێ نەکەنیبووم. هەر خۆش بن. کوڕینە ئەمە.. وەکو فەرمووتان فیعلەن دەرمانە. دەرمانی.. داڕماو و دابڕاو.. بێ غیرەتان.. ئەمە شیوی شێرانە.. هەرکەسێ فرێکی لێ دا.. پەرداخێ.. دووان.. تەواو دەبێتە شێر.. پاڵەوان.. دەبێتە (قاقا) دەرمان.. ئا.. هەڵبەتە دەرمانە.. بۆ خەم دەیباتەوە ئەوەی خەم و کەسەر بێ نایهێڵێ بۆ دەم دەیکاتەوە، لاڵ دەبێت، قسەنەزان بێ دەیکات بەڕەوانبێژێکی فەیلەسووف.. (قاقا) و ها فەی لە سووف.. و ها پاڵەوان فشە خان و... ئێ.. گوتت ئەمە دەرمانە ها؟.. براله.. ئەمە ئارەقە.. مەی مەی.. شیری شێرانە.. جادووە.. بەمە.. بەم ئاوە ئەفسووناوییە.. کەسانێکی زۆر... زۆری وەک من.. بە شەو.. لە مەیخانە و سەر گوفەک و گرد و کووچە و کۆڵان.. خۆیان دەکڕنەوە.. لەو ریا و بوختان و بەدکاری و قۆڵبڕین و نانبڕین و جەرگبڕینی رۆژانە.. بەمە پاکانە دەکەنەوە.. بە پەرداخێک و دووان.. هەڵدەگەڕێنەوە.. بۆ مرۆڤێکی تر... راستگۆ، ئازا، مرۆڤ پەروەر.. تێگەیشتن.. ئەی تۆ.؟

مچە: نەخێر..

بلە: دەمزانی. فەرمووون. نەء... نایدەم.. ئێوە گوندین. با ئێوەش تووشی ئەم جادووە نەبن.. هەر لەسەر سادەیی و ئاسایی خۆتان بمێنن. با تووشی نیگەرانی و راڕایی و گومان و خەواڵوویی و بێ ئومێدی و تەمبەڵی شارستان نەبن.. فەرموون.

مچە: (بە حەمەد) سەیرە، تۆ وەرە زەلام ئەوەندەی بڵێی؟

حەمەد: (بەمچە) شووشەکەی دەستی کاری تێ کردووە خەم دەباتەوە دەم دەکاتەوە..

بلە: (دواتر لێ دەدا و بوتلەکە فڕێ دەدا) پێم بڵێ بۆ هاتوونەتە شار؟ بۆ ئیش هەیە.. رابواردن؟ هەیە.. ئیش؟ نییە بەدەگمەن.. تاک تاکە.. یا دەترسم راتان کردبێ..

حەمەد: بلە ئێمە هاتووین..

بلە: ئەگەر راتان کردووە.. ئەمەیان شتێکی ترە.. بلەی دەم و دڵی هۆشی کول.. بلەی کالە و قەب قاب و ملاشی و قەلاش بلەی رابردوو ئێستا و داهاتوو و پاش داهاتوو.. بەلاش و حەلاش.. بلەی بە ڕۆژ ئیبلیس و بە شەو باش.. بلەی..

مچە: دەزانی خەومان دێ..

بلە: (ئاگای لە کەس نییە، بەڵام حەمەد زەینی دەداتێ) ئەگەر مەسەلەکە لەچنگ گیروگرفتی هەڵهاتوون.. خاکی خوا زۆر و زەوەندە.. بەیانی دەتانبەم.. کۆنە برادەرم زۆرن.. کام ئیشتان ویست بیکەن. گرینگ ئەوەیە بەڕووی کۆسپدا مل کەچ نەبن. ئێوە گوندین.. لە تەک هەموو وشکایەتی و نەزانی و سادەیی و، هێشتا لە ئێمە چێترن، بەڵام ئەگەر مەسەلە ژنە هەڵی گرن.. دڵداری هەرگیز قەدەخە ناکرێ..

مچە: (بە حەمەد) من چاوم هەڵنایێ.

حەمەد: (بە مچە) خەوخۆش. (مچە دەخەوێ) ئێی کاک بلە..

بلە: دیارە نایەوێ تێ بگا؟ یان بلە بەهیچ نازانێ. گرینگ نییە. لە کوێ بوون؟

حەمەد: دڵداری قەدەخە ناکرێ؟

بلە: بێگومان. وەرن لە من بپرسن.. لە بلە بپرسن. چۆن دڵداری قەدەخە ناکرێ؟ پرسیارێکی سەیرە ها؟ راستە.. بەڵام.. وەڵامەکەی ئاسانە.. وا لەناو ئەم دڵە پیرەی من دایە ناوت بەخێر.؟

حەمەد: حەمەدۆک

بلە: ناودار بی کاکە حەمەدۆک، ناودار بی.. من.. کە لە تەمەنی تۆدا بووم.. سووتاوی نازەیەک بووم.. ئەوساکە بە شوانی.. خانێک بووم. نازەش.. کچی ئەم خانە بوو.. چەندان کوڕە بەگ و خان و ئاغا ئاشقی بوون.. هاتنە داخوازی.. فت.. بەدبەختی، ئەویش.. بەقەد من سووتابوو.. بۆ کێ.؟ بۆ شوان و بێکەس و دەرەتان و بێدەسەڵات و بێچارە. دەمزانی ئاشقە رووتەم.. نازەم پێ نادەن.. نازەش دەیزانی، دەمانزانی دەسووتێین، بەڵام گڕی ئەوینەکەمان لە گڕی تووڕە و ئازاری خان بلێسەدارتر بوو.. بۆیە بە

گەف و هەڕەشە و لێدان ورەم بەر نەدا.

بەتاقی تەنیا.. بەرامبەر بەخزم و نۆکەر هێزی باوکی نازە وەستام.. داوای نازەم کرد.. گاڵتەیان پێ کردم. (بوتڵەکە هەڵدەگرێتەوە، کە نازانێ تەواو بۆشە فرێی دەدا) سەرەنجام نازەم فڕاند.. هەڵم گرت.. بەدووم کەوت. ئەم گوند بۆ ئەم گوند، ئەم دەشت بۆ ئەو کێو.. تەقە و نەعرەتەی دوژمنان بووە چیرۆکی خەڵکی (دەگریێت. بە هێمنی) نازەیان کوشتم.. خستیانە ژێرگڵ.. بەڵام.. ئاخۆ توانییان دڵدارییەکە بکوژن.. قەدەخەی کەن؟ نەخێر.. ئەوە تا.. نازە.. (دەست لەسەر دڵی) وا لێرەدا دەژی. (دەگریێت) چونکە دڵداری قەدەخە ناکرێ.. ناکرێ.

عاسم: دڵداری قەدەخە ناکرێ. بەڵێ گەورەکانم، ئەم گفتارەی بلە وانەیەکی تر بوو خرایە سەر ئەو وانانەی حەمەدۆک، فێری بوون. جا.. با بێینەوە گوندی کەنگرە و سزا نوێ و بێدەنگەکەی عەبدی خان، کە بە شایەدی هەموو خەڵکی، گەورەترین و قورسترین سزا بوو درایە حەمەدۆک. بەسەزمانە خەجیج.. لەوەتەی حەمەدۆک چووەتە شار.. لەوەتەی خان بۆ خوشکەزاکەی داخواز کردووە دەرگەی حەوت ژووری بەسەر داخراوە. دەبێ بیهەوێ یان نەء... دەبێ ببێتە بووکی خوشکەزا کەچەڵەکەی عەبدی، دەبێ بە دەستی خۆی ئەو هێلانەیە تێک بدات کە لە سەردەمی منداڵییەوە لەگەڵ حەمەدۆک دا بە خەیاڵ دروستیان کردبوو. دەبێ ئەوینی دوازدە ساڵەی بکاتە قوربانی رەزامەندی عەبدی.. دێهاتییەکان کەوتبوونە مشتومڕ.. گفتوگۆ.. بە چاوی خۆیان ئەوینی خەجیج و حەمەدیان بینیبوو چۆن گەورە دەبێ.. پێڕا دەگا.. بۆیە دڵگیر بوون.. وەک دێوانە و سەوداسەر لە وەڵامی دەگەڕان.. بۆ نموونە.. بڕوانن (رووناکی دەکەوێتە سەر چەند کەسانێک، دوو دوو، سێ لەملا و ئەولای شانۆ دەوەستن)

## دیمەنی یازدە

دێهاتی ١: حەمەدۆکم ناسیبێ کیژێ هەڵدەگرێ.. نایەڵێ لە گەرووی خوشکەزا کەچەڵەکەی خان بچێتە خوارێ.

دێهاتی ٢: ناتوانێ.. دەترسێ..

دێهاتی ١: حەمەد ناترسێ. هەرگیز ترس لە چاوی حەمەدۆکدا نەبیندراوە.

دێهاتی ٣: کوڕە ئێوە شێتن تا ئێستا، کەی حەمەدۆک توانیویەتی رووبەڕووی خاندا بوەستێ؟

دێهاتی ٤: هەر مەترەقی خان و پشتی حەمەدۆک بووە..

دێهاتی ١: کوڕە ئاخر.. دڵداری شتی تر نییە. بڕوا ناکەم حەمەد بێدەنگ..

دێهاتی ٢: حەمەدیش گەورە بووە و چاوی کراوەتەوە..

دێهاتی ١: من دەڵێم کیژە هەڵدەگرێ.. دەشبینی..

دێهاتی ٢: ئاخر بۆ کوێی دەبات؟

دێهاتی ١: خۆی دەزانێ، هەر بیرێکی لێ دەکاتەوە.

دێهاتی ٣: قسەی قۆڕ، بۆ کوێ رابکا خانێک هەیە... ناڵێم ئەگەر بیباتە ئەودیوی کێوی قاف.

دێهاتی ٤: بێ سوودە.. رۆڵە دەستی خان وەک دەستی ئێمە نییە. دەگاتە دوورگەی واق واقیش عەبدی پشتی هەیە پشت.

دێهاتی ٣: بابە وەڵڵا وایە، خان و ئاغای گوند و بەگ و پاشای شار و...

دێهاتی ١: داخ.. مخابن..

دێهاتی ٢: ئەمن دوێنێ دیتم. رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو.

دێهاتی ١: هەژاریش بیت و لێشت بقەومێ؟ دەک، دەن..

دێهاتی ٢: دەزانی لە چاوی دەترسام، ئاگری لێ هەڵدەستا....

دێهاتی ١: بەوانە دەڵێن ئاشقە رووتە.. یاخوا کەس گرفتاری دەردی وا نەبێ..

دێهاتی ٣: دەڵێن هەموو شەوێ دەست و لاقی خەجیج دەبەستێ..

دێهاتی ٤: کوڕە دەرگەشی لەسەر قوفڵ دەداو کلیلەکەی دەخاتە بەرکی

دێهاتی ١: خەم ئەو خەمەیە، خوشکەزا کەچەڵەکەی خانیش بەفیزەوە لەنێو گوندی پیاسە دەکات.

دێهاتی ٢: توخوا حەسەنە کەچەڵ لە کوێ و حەمەدۆک..

دێهاتی ١: لام وایە حەمەدۆک بەزگ دەدا.

دێهاتی ٢: نەء... ئەگەر چارەیەک نەکرێ.. خەجیج پێش ئەو بە زگ دەدا..

دێهاتی ١: (بەیەکەم) بە ئەسپایی.. ئەها.. وا هاتن، با ئێمە. بڕۆین. (دەردەچن) (حەمەد و خەجیج دێن. خەم و نائومێدی و ترس لە رەفتاریاندا ئاشکرا دیارە بەبێ دەنگی دادەنیشن، حەمەدۆک کیسەیەک دەداتە خەجیج)

خەجیج: ئەمە چییە؟

حەمەد: دیاری شار. (بەدڵشادی.. ئەم ئاوێنە و مۆری و کلدانێ)

خەجیج: (بەگریانەوە) بەچی دەچێ تازە.. بەهیوا ناگەین.. تەواو..

خدە: (دێت و دیمەنەکە دەبینێت) سەیرە! بۆ هەر دەبێ من بەم رێیەدا تێپەڕبم ئەم جووتە کۆترەش ببینم؟ بۆ تێ ناگەم.. بە عەبدی خان دەڵێم.. حەمەدۆک دەسووتێ.. ئەگەر بێدەنگ دەبم، زمانم ناوەستێ و زگم دێشێ و خۆم دەسووتێم.. بڵێم یا.. نە.. با شێر و خەتێ هەڵدەم.. (پارەیەک فڕێ دەداتە ئاسمان دەیگرێ، تەماشای دەکا) حەمەدۆک لەمەش بەختت نەبوو.. قسەت نەما.. هیچ گلەییم لێ مەکە.. (دەردەچێ)

حەمەد: بزانە خەجیج تۆ منت دەوێ؟

خەجیج: توخوا ئەمەش بووە پرسیار!! تۆ نەبێ من نیم.. ژیانم ناوێ، تەنانەت ئەو دوو رۆژەی چووبوویتە شار وام دەزانی دنیام بەسەردا رووخاوە..

حەمەد: کەواتە..

خەجیج: چی؟

حەمەد: کە دەچوومە شار.. لە رێگەدا.. ئەحمەدە زلەم بینی.. دەزانی چی دەگوت..

دەنگی زلە: رۆڵە.. ئازایی بە کەڵەگەتی و سمێڵ گەورەیی نییە.. بە غیرەتە.. تۆیەکی رەقەڵە و لاواز، ئەگەر غیرەتت هەبێ تۆزێکیش مێشک بەکار بێنی عەبدی کێیە غەیری عەبدی کێیە.

خەجیج: جا ئەمە مانای چییە؟!

حەمەد: لە شاردا.. لە ژووره بچووکەکەی خان خولە ناوێکم بینی، دەزانی چی دەگوت..

دەنگی خولە: ئێوە دێهاتین. لە تەک هەموو وشکایەتی و نەزانی و سادەییتان هێشتا لە ئێمە چێترن. ئەگەر مەسەلەکە ژنە هەڵی گره.. دڵداری قەدەخە ناکرێ.. ناکرێ..

خەجیج: حەمەد! دەتەوێ چی بڵێی؟

حەمەد: رابکەین.

خەجیج: چۆن؟!

حەمەد: کەنگره بەجێ دەهێڵین. دەچینە شوێنێک، سووچێکی وا کەس نەماندۆزێتەوە.

خەجیج: (دەگەشێتەوە) بەڵام ئەمن لە عەبدی دەترسم. خوشکەزاکەی شەو و رۆژ لە ماڵی ئێمەدایە، لەگەڵ دایکم سرت و فرتیەتی..

حەمەد: مەترسە. هەر چەند رۆژێکی تر و تەواو، خۆم ئامادە دەکەم ناوی خوای لێ دەهێنین..

عەبدی: (خۆی و زەلامەکانی و خوشکەزاکەی دێن) حەمەدۆک

(حەمەد و خەجیج دەشێوێن. خەجیج رادەکات. حەمەد رەپ دەوەستێ)

حەسەن: ئەمەیە حەمەدۆک !

عەبدی: خۆیەتی. هەتیوی بێ نامووس و نمەک. وەک سەگان لە دەرگەی خۆم گەورەم کردی بووی بەمە. کەچی دەبینم مرخت لە دەسگیرانی خوشکەزاکەم خۆش کردووە.

حەمەد: خان.. دەسگیرانی..

حەسەن: خوێڕی ئەوە چ دەڵێی؟

عەبدی: حەسەن تۆ بوەستە.. (زللەیەک لە حەمەد دەدا) هیچوپووچی ناپیاو، باش چاو و گوێی خۆت بکەوە، ئەگەر دەتەوێ لەم گوزەرەدا بژی نان بخۆی.. دەبێ وەڵامی قسەکانم نەدەیتەوە.

حەمەد: بەڵام خان.. چۆن

عەبدی: (پێلەقەیەکی لێ دەدا) لاچۆ لە بەرچاوم. هەرگیز وا ناکەن پیاو چاکەتان

لەگەڵدا بکا بە خۆڕایی نەیانگوتووە گورگی بەخێوکەی لاقت دەگەزێ.. دەی دەفن بە، لاچۆ لە بەرچاوم.. دەی. (هەموو دەردەچن)

حەمەد: (لە تاو شەرمەزاری هەڵناستێتەوە.. خەجیج دێت) خەجیج کار لە کار ترازا.. برۆ خۆت ئامادەکە..

خەجیج: بەڵام گیانەکەم..

حەمەد: دەتەوێ هەموو رۆژێ چینێک وام لێ کەن؟

خەجیج: گشتیان بە قوربانی تۆ دەکەم. ها ئەها.. (دەردەچێت)

مچە: (دێت.. قسەی بۆ ناکری) حەمەد.. من دەڵێم لەگەڵ خاندا..

حەمەد: مچە گیان..

مچە: فەرموو براکەم..

حەمەد: ئەو تفەنگەی هەموو جار دەمانبردە ڕاو یان دەمانچەکە..

مچە: دەتەوێ چ بکەی، حەمەد، نیازت چییە؟

حەمەد: مچە گیان.. لە پێناو برایەتی.. مچە.. بەقوربان ئەم پیاوەتییەم لەگەڵ بکە.

مچە: خۆ کەس.. نا.. دەترسم.. باوکم نەیدا.. نا.. حەمەد.. نا..

حەمەد: (بەتووڕەیی) ئێستا دەیدەی یان نەء؟

مچە: دەیدەم..

حەمەد: سوپاس.. (مچە دەڕوا.. ڕەعنا بە قیژە دێت)

ڕەعنا: هەیڕۆ لە خۆم ڕۆ..

حەمەد: (دەمی دەگرێ) مەیکە هەڵلا.. بابڕۆین. ئامادە بە..

ڕەعنا: رۆڵەکەم، حەمەدۆکەکەم، بۆ چ ئامادەبین؟ مەیشارەوە.. قسە بکە..

حەمەد: (پاش نەختێ) لەگەڵ خەجیج بڕیارمان دا راکەین.

ڕەعنا: رۆڵە شێت بووی؟

حەمەد: دایە. ئێمە هەر دەڕۆین. هەتا ئەگەر تۆش نێیت..

ڕەعنا: خوات لەگەڵ من ماڵ و گوزەرانی خۆم بەجێ ناهێڵم. رۆڵەکەم، کچی خەڵک هەڵدەگری بۆ کوێی دەبەی؟

حەمەد: زەوی زۆر و زەوەندە، دایە گیان وەرە، دوایی خان ئازارت دەدات.. کۆری

من له تۆ. دەردێنێ.

ڕەعنا: ڕۆڵەکەم.. ئەم خەیاڵە خاوە لە مێشکت دەربێنە. تازە بووکەکەمان لەدەست چوو.

حەمەد: من نەک بۆ عەبدی، بۆ لەویش گەورەتر دەست لە خەجیج هەڵناگرم، عەبدی خانی گوندە ئا، بەڵام خانی دڵم نییە.. دایە گیان وەرە، من خەمی تۆمە. دڵنیام ئازارت دەدا..

ڕەعنا: نا ڕۆڵە. من ناتوانم ژیانی گوندی و باو و باپیرانم جێ بهێڵم ڕوو لە کێوان بکەم، ئەگەر تۆ دەتەوێ خەجیجی هەڵگری هەڵی گرە، بەڵام.. وەک دایکێک پێت دەڵێم.. ئەنجامی ئەم کارە باش نابێت.. ڕۆڵە تۆ تەنیای.. کەست نییە، ناتوانی بەرامبەر خانی پێنج گوندان بوەستی.. ڕۆڵەکەم بیر لە ئەنجام بکەرەوە.. کچ بۆ تۆ قاتی نییە.

حەمەد: خەجیج نەبێ هیچ کچێکم ناوێ.

ڕەعنا: ڕۆڵەکەم.. گیانەکەم.. تاقانەکەم..

حەمەد: گەردنم ئازادکە.. (خۆی داوێتە باوەشی دایکی)

عاسم: زەینەب و حەسۆ شێلم حەمەدیان زۆر خۆش دەویست.. بە کراسی بەری خەجیجیان پێشکێش کردبوو، بەڵام ناچارن.. لەگەڵ خاندا هیچ ناکرێ. ناچار هەموو شەوێک.. زەینەب بە دەم گریانەوە دەست و قاچی دەبەستەوە و دەرگەی قفڵ دەدا، بۆ بەیانیش.. دەچوو بە هێمنی دەرگەی دەکردەوە.. خەجیجی لە پەت و زنجیر ڕزگار دەکرد.

## دیمەنی دوازدەم

(بەیانییە باران دەبارێ.. ژووری خەجیج.. لە دەرەوە زەینەب دەرگە دەکاتەوە)

زەینەب: خەجەکەم. کیژە نازدارەکەم.. لە خەو هەڵساتی؟ خەجیج.. گیانەکەم دەهەستەوە ڕۆژ بە تاقی ئاسمانەوەیە.. (دەچێتە ژوورێ. بەهێمنی لێفەکە لادەدات. دەزریکێنێ) کوڕە حەسۆ.. حەسۆ..

حەسۆ: ها زەینەب، چ قەوماوە؟

زەینەب: ئابڕوومان چوو.. ئابڕوو..

حەسۆ: ئەوەی لێی دەترسام قەوما.

زەینەب: حەسۆ چی بکەین.. با ئێمەش رابکەین، دەوەڵڵا عەبدی دەمانکوژێ..

حەسۆ: (هێمن دەیداتە قا قا) خوایە شوکر.. زۆر شوکر.. ئەوەی بە ئێمە نەکرا.. ئەوان کردیان. هەر لە سەرەتاوە نەمدەزانی خەجیج چۆن لەم ئاگرەی عەبدی خان رزگار بکەم.؟ چارم نەبوو.. بێدەسەڵاتی پشتی شکاندبووم.

زەینەب: بەئەسپایی.. لەسەرەخۆ.. با دەنگت دەرنەچێ.. ئەگەر خان بزانێ پێمان خۆشە کەوڵمان دەکات.

حەسۆ: دەک هەزار ئافەرین حەمەدۆک. ئاوا سەری عەبدی کەچ کا..

زەینەب: کوڕە بە ئەسپایی..

حەسۆ: گەر بۆم دەلوا گەنج ببمەوە ئەویندارییم نوێ دەبووەوە دە کیژم لە گوند دەفڕاند، دە خانم لە قوڕ دەگەوزاند.

زەینەب: کوڕە تۆ شێت بووی.. بە ئەسپایی..

حەسۆ: کیژی خۆم نییە؟! چاکی کرد.. ئای ئەگەر بۆم دەلوا..

زەینەب: (بۆ ئەوەی دەنگی حەسۆ بشارێتەوە دەیکا بە فیغانێک) هەیڕۆ ئابڕووم چوو چیت پێ کردم خەجیج.. رەبی خوا هیچی باشت بۆ نەهێنێ. خوایە ئیفلیج و زەلیل بیت وەک ئابڕووی منت لە پێش چاوی دەرودراوسێیان برد. دەک رووت رەش بێ کیژم. دەک حەمەدۆک لە سەت جێیان گەردنت بشکێ.. چاوت..

حەسۆ: ئافرەت. وەرە ژوور.. خەجیج ژیریی کرد، بە دوو ئەو کەسە کەوت کە لە منداڵییەوە ئەویندارى یەکتر بوون. ئێستا چ دەبێ با ببێ.. هەراوهۆریا ساز مەکە. راست بڕۆ ماڵی عەبدی و مەسەلەکەی تێ بگەیەنە. چیی تر تووک و نەفرەتان لە ئاشقەڕووتان مەکە.

عاسم: حەسۆ شێلم دێهاتی و باوک... یەکەم جار بوو ئاوا بە قاقا پێ بکەنێ و بە بەرزی گۆرانی بڵێ.. ئەم رواڵەتە خۆی لەخۆیدا راپەڕینێک بوو لە رووی خان. بەڵام با بزانین زەینەبی دایک کاری چۆنە.. چۆن کارەساتەکە بە عەبدی رادەگەیەنێ.

## دیمەنی سێزدە

زەینەب: کاک وەسمان.. هاتووم بۆ لای خان..

وەسمان: سەرچاو.. هەر ئێستا (دەردەچێ)

زەینەب: (بۆ خۆی) خوایە چی پێ بڵێم.. چۆنی تێ بگەیەنم.. بەهێمنی یان بەهەراوهۆریا. لە خۆم بدەم.. یا نەرمە گریانێک.

عەبدی: وەی بەخێربێی.. ئاوا.. بەجارێ سەرێکمان لێ بدەن. خۆ هەر نابێ ماڵی زاوا بێ.. دە فەرموو زەینەب.. فەرموو..

زەینەب: (لەپڕ لەخۆی دەدا) وەی.. وەی..

عەبدی: ها چ بووە؟ قسە بکە.. بڵێ بزانم چ سندانێکتە؟.. ناکا..بووکەکەم بەڵایەکی بەسەرهاتبێ.

زەینەب: خان.. وەی.. وەی..

عەبدی: بڵێ.. قسە بکە..

زەینەب: خان نازانم چۆن..

عەبدی: کچێ قوزەڵقورت.. قسە بکە خێرا..

زەینەب: (بەهێمنی) خەجیج بەدووکەوت.. حەمەدۆک..

عەبدی: ئاوا.. (هەڵدەچێ) بووکی عەبدی خان لێ دەدا و لەگەڵ گورگە پیسەیەکی بەردەرگەم دەڕوا.. "زەینەب" دەفن بە لە بەرچاوم. ئاگر لەم گوندە بەردەدەم. کارێک دەکەم بە داستان بیگێڕنەوە، حەمەدۆک ها؟ راوەستە بزانە چیت نیشان دەدەم، چ بەڵایەکی بەسەردێنم. دەبێ لەتوپەت بکرێ.. تەواو.. دەبێ لەتوپەت بکرێ و بخرێتە بەردەم سەگ.. وەسمان. برۆ ئەم دێڵە سەگەم بۆ بهێنە.. ڕەعنای دمۆر.. خدە.. خدە.. تۆش وەلییە شەلی بانگ کە خێراکەن.. دەی..

عاسم: گەورەکانم. هەندی بڵێی.. یەک دوو.. ڕەعنای بێ دەستەڵاتیان لەنێو قوڕ و چلپاودا، تا ماڵی عەبدی بەڕاکێش هێنایان و دایانە بەر پێلەقە و قامچی.. حەسەنە کەچەڵی دەسگیران لە هەمووان پتر بەکوڵ لێی دەدا. بارانیش هەر دەباری.. وەک فرمێسکی کۆسکەوتووان.. وەلییە شەل هات.. هەڵوێست کپ بوو، خان هێمن بوو. تا ماوە بدرێ بۆ چارەسەرکردن.

## دیمەنی چواردەم

عەبدی: (هەمان دیمەنی پێشوو) کوا، شەلە هات؟

وەلی: فەرموو قوربان..

عەبدی: لە مەسەلەکەیان گەیاندی.

وەلی: بەڵێ گەورەم. خەفەت مەخۆ. هەر دڵ لە دڵ مەدە. ئەگەر حەمەدۆک پێی لە زەوی نابێ، بۆتی دەگرمەوە.. ئەگەر نەبووبێتە مەل بەئاسماندا نەفڕیبێ بۆتی دەدۆزمەوە.

وەسمان: قوربان.. ئەگەر وەلییە شەل بیەوێ.. باران بێ یان نا.. شوێنی هەڵدەگرێ.. لەسەر گڵی وشک، بەردی رەق ئەگەر وەلییە شەل بیەوێ شوێنی باڵداریش هەڵدەگرێ..

خدە: قوربان وەلیی شوێن هەڵگر، سێ رۆژەرێ بۆنی پیادە دەناسێتەوە.

عەبدی: زۆر باشە. با بڕۆین.. وەسمان. تۆ لەگەڵ دوو زەلامی تر بڕۆنە شار.. نەبادا چووبێتە ئەوێ..(دەردەچن)

حەسۆ: (لەپڕ قۆڵی وەلی دەگرێ) وەلی.. وەلی..

وەلی: (بەشادمانی) حەسۆ بە زاتی خوا ئەمڕۆ دەمویست سەرێکت لێ دەم، بەڵام ئەوە دەبینی.. خەم مەخۆ.. هەر دەیاندۆزمەوە.

حەسۆ: (بەهێمنی) وەرە وەلی وەرە.. با بچینە پەنایەک، با کەس پێمان نەزانێ.. ئە.. ئێرە باشە.. بزانە براله با پێت بڵێم.. ئەتۆ، چۆن دڵت دێ ئەو بەستەزمانانە بدەیتەوە دەست عەبدی خان؟

وەلی: چۆن، گوایە حەز ناکەی کیژەکەت بۆ بێنمەوە؟

حەسۆ: کاکی خۆم.. من خەمی کیژەکەم نییە.. بەقەد حەمەدی.. دەترسم حەمەدۆکی بکوژن. کوڕی برایمی رەحمەتی.. لە بیرتە چەند پیاوی چاک بوو، چەندی خۆش دەویستی؟ ئێستا ئەو برایمە لەنێو گۆڕەکەیدا دەلەرزێ، لە خوا دەپاڕێتەوە کە، تێچووە تاقانەکەی دەرباز بێت..

وەلی: بەڵام ئەدی خان..؟

حەسۆ: کاک وەلی.. ئەگەر بتەوێ بە چاونووقانێک دەیاندۆزیتەوە هەروەک خۆت

حەشاردابیت، بەڵام دەزانی چ بەڵایەکیان بەسەر دێنی. هەر بەڵایەکیش بەسەر ئەو حەمەدۆکە بێت.. خەڵک بەتاوانی تۆی دەزانێ.

وەلی: بەڵام.. کیژەکەت..

حەسۆ: خەجیج لە هەردوو باردا سەلامەت دەردەچێ، بەڵام حەمەدۆک بەستەزمانە.. ئەگەر تەنیا ئەمڕۆ دەرفەتی بدەیتێ.. دەرباز دەبێ.. ئیدی کەس ناتوانێ بیگرێ.. وەلی.. واز بێنە.. با لەم باران و سەرمایەدا رەق نەبێتەوە.. ئێستا خوا دەزانێ لە چ پەنایەک خۆیان شاردووەتەوە.. وەلی با دەربازبن.. لەم قیامەتەدا.. داخوا لەبن کام دار دەلەرزن، چەند دەترسن؟ کاک وەلی.. ئاشقەڕووتەن، بێ یەکتری ناژین، منداڵن. من دەزانم.. کاک وەلی هەر کەسێک ئەم جووتە کۆترە لێک بترازێنێ چاکەی بۆ نایە.. خێر لە خۆی نابینێ. ئەگەر ئەم ئاشقەڕووتانە رزگارکەین لە ئێستاوە کۆشکت لە بەهەشت، بۆ ئامادە دەکرێت. وەلی مەبە چقڵی مەم و زین.. هەر کەسێک هێلانەی خەڵک تێک بدات، هێلانەی خۆشی بەسەردا دەڕووخێ. بزانە. خەڵکی ئاوایی گشتیان دڵشادن، جێژنیان لە دڵدا دەگەرێ.. ئەگەر ببیتە کۆسپی رێگەیان، دەکەویتە بەر تووڕەیی خوا.. گشت ئاوایی دەبنە دوژمنت. تەماشا.. ڕەعنا تا ئێستاش لەنێو خوێن و قوڕدا کەوتووە.

دەنگ: دەی وەلی.. چیت لێ هات؟

وەلی: ها.. ئەوە هاتم.. (دەڕوا)

حەسۆ: ئیدی خۆت و شیرت.. خۆت و خوات.

عاسم: ئەگەر وەلییە شەل نیازی خراپ بووایە لەنێو گوندی نەدەگەڕا وەلی شوێنگرێکی وا نییە سەعاتێک لە شوێنێکدا ئەنجامێکی.. نەء دیارە ئەخلاقی گۆڕاوە، نەء قسەکانی حەسۆ شێلم کاری تێ کردوون.. نەء.. بەزەیی بەئاشقەڕووتان هاتووە، ئەگینا.. دێهاتییەکانی ناوچەکانی هەموو.. دەزانن.. بەوەلی بگوترێ شوێنی باوکت هەڵگرە.. ناڵێ نەء.. ئەگەر دڵنیاش بێت باوکی دەگرن و لەداری دەدەن.. وەلی پیشەکەی خۆی خۆش دەوێت، بەبیر و خەیاڵەوە بەدووی شوێن دەکەوێ.. وەلی دەیەوێ پیاوی چاک بێ حەز دەکات بەزەیی بە عاشقەڕووتان بێتەوە، بەڵام وتی

ناتوانی بەدوای شوێندا نەڕوا.. بەدەست خۆی نییە.. شوێنەکە خۆی وەلی ڕادەکێشێ دەبێ هەر ئەوەتا سەرە بەندەکەی دۆزییەوە تەواو.. کەس ناتوانێ پێشی لێ بگرێ. ئەگەر بشکوژرێ واز ناهێنێ دەڕوا.. هەر سەربەندی بەدەست دەکەوێ.. تاکۆتایی ئۆقرە ناگرێ.. خەڵکەکە دڵشاد بوون.. بەتایبەتی حەسۆ و زەینەب و ڕەعنا.. ئەوە نییە وەلییە شەل خۆی دەخافڵێنێ.. سەعاتێک بەنێو گونددا دێت و دەڕوات، بەڵام.. ڕاوەستا.. کوڕە شەلە ڕۆیشت.. ملی ڕێی گرت، حافیز قەوما درۆ دوورکەوتەوە.. لە گوند دەرچوو.

## دیمەنی پازدەم

(دەرەوەی گوند. برووسکە و تریشقە.. وەلی چەشنی ڕێوی دەڕوا .عەبدی و حەسەن و زەلامەکانیش بەدووی دەڕۆن)

وەلی: لەم ناوەن. بەئەسپایی.. نقەتان لێوە نێت. دەبێ لەبن ئەم شاخەبن.

عەبدی: دەی زاوا.. تۆ ئەم لایە.. تۆش.. بۆ.. ئێرە..

وەلی: بەئەسپایی.. ئەوەتا.. لێرە ئاگریان کردووەتەوە.. جلکیان وشک کردووەتەوە.. (نەختێکی تر دەڕوا) ئەها.. وەرن.. تەماشا.. شوێن کەوشەکەی حەمەدۆک. ئاشکرا دیارە، گەورەم.. لە پەنا ئەم شاخە خۆیان حەشار داوە.

عەبدی: (بەفرمان) ئامادەبن..(قیژەیخەجیج) کوشتارم ناوێ..
هەتا حەمەدۆکیش تەنیا بۆمی بگرن.. وریابن. خوێنم ناوێ.

حەمەد: (لە پەنایەک دەسرێکی سپی بەرز دەکاتەوە) تەسلیم..

عەبدی: ئافەرین حەمەد.. ئاقڵی..

حەمەد: (هەڵدەستێتەوە) خەجیج هیچ مەترسە..

عەبدی: (بەچرپە) ئێوە مەچوونە پێش.. لێرەبن
.. حەسەن.. تۆ وەرە.. (بەرەو حەمەدۆک دەچن) هەتیوە نمەک حەرام.. ئاوام لێ دەکەی، ئەوەیە پاداشتی چاکە و پیاوەتیم.؟ هەی سپڵە و ناکەسبەچەی (حەسەن تەقەی دەکا، حەمەدیش تەقە.. دەکا). ئای مردم.

حەسەن: ئای باوکە کوژرام..

حەمەد: (بەهاوار) گوێ بگرن.. ئەوە خەجیج لێرەیە.. ئەگەر تاڵەموویەک.. لە قژی کەم بێتەوە، هەمان چارەنووستان تووش دەکەم.. (بەخەجیج) خەجیج گیان.. هەستە مەترسە، برۆ گوندی.. پاشان بەدووت دادەنێرم.. بەیەکجاری سەرهەڵدەگرین.

عاسم: گەورەکانم.. ئیدی لاپەڕەیەکی تر لە ژیانی حەمەدۆک هەڵدرایەوە.. ئەو لاپەڕەی کە من و حەمەدۆکی بەیەکتر ناساند. ئێستا لە ئاشقەڕووتەیەکی بێدەسەڵات بووەتە پیاوکوژ.. ئەو پلان و نەخشە سەوزەی دای نابوو.. رەش و سوور هەڵگەڕا.. دنیای لە بەرچاو تاریک بوو. پەنا بۆ کێ بەرێ.. چی بکا و چۆن خۆی و دەسگیرانی بپارێزێ؟ تازە ئیشەکە قەوما، بەڵام چۆن خەجیجی ناردەوە.. ئێ چی بکا.. بۆ کوێی بەرێ.. نابێ جارێ لەم رەوشە تازەیە بگات و شوێن و هەوارگەیەک دابین بکا.. بیری لە زۆر شوێنان کردەوە.. زۆر دۆست و دڵسۆزی هاتنەوە خەیاڵ، بەڵام حەمەدۆک تەنیا مام سەلمانی کەسنەیی دەستنیشان کرد.

## دیمەنی شازدەم

(مام سەلمان خەوتووە. لە دەرگە دەدرێ، هەڵدەستێتەوە)

سەلمان: (پیرتر بووە) کێیە، کێیە؟

دەنگی حەمەد: خۆمانین.. مامە سەلمان خۆمانین.

سەلمان: تۆ کێی ناتناسم؟

دەنگی حەمەد: حەمەدۆکم.. مامە سەلمان.. حەمەدۆک..

سەلمان (دەرگە دەکاتەوە. لەگەڵ حەمەدۆکدا دێت) وەی بەخێر بێیت.. ماشەڵڵا.. بزانە بووەتە چ پاڵەوانێک.. چۆنی کوڕی خۆم؟

حەمەد: دەستت ماچ دەکەم مامە.

سەلمان: ئێی.. باش.. خەبەر..

حەمەد: خراپ.. (هێمنی) بزانە مامە با بۆت باس بکەم، چارەی دەردی من بەدەست تۆیە لەم دنیایە لە تۆ بترازێ کەس شک نابەم دەردی خۆمی لا

بدرکێنم، جگە لە تۆ کەس نییە یارمەتیم بدات.

سەلمان: حەمەدۆک.. ئەم قسانەی تۆ.. بۆنی شتێکیان لێ دێ.

حەمەد: ڕاست دەکەی مامە.. خوشکەزای عەبدیم کوشت و.. خۆشی ئەگەر نەمردبێ باشە.

سەلمان: ڕۆڵە: ئەمەچۆن، کەی؟ تۆ بەڕاستیتە؟ بەهیچ جۆر بەپیاوکوژ ناچیت؟

حەمەد: ناچار بووم.. مامە.. ناچار..

سەلمان: دەستت خۆش بێت، چاکت کرد. ئەتۆ دەزانی چ خێرێکت کردووە؟ دەزانی بەمردنی ڕیش بزنانی چ ئاهەنگێک دەکەوێتە گوندی، بەڵام ڕۆڵە.. ئێستا دەتەوێ چ بکەیت؟.

حەمەد: هاتووم چارەیەکم بکەیت.

سەلمان: هەستە ڕۆڵە هەستە.. جارێ وەرە.. لەم پەنایەدا تۆزێ بخەوە.. بەیانی.. بەتەمای خوا.. دوورت دەکەمەوە.

حەمەد: چۆن، بۆ کوێ؟

سەلمان: بەتەمای خوا.. دەتگەیەنمە نێو کۆمەڵێک.. هەرچەندە بەدڕەفتار و دڕندەن.. بەڵام ناچار.. دەبێ تا ماوەیەک خۆتیان لەگەڵ بگونجێنی. بەڵکو خوایە دەرگەیەک دەکاتەوە.

حەمەد: سوپاست دەکەم مامە، بەڵام.. ئەمانە چ کارەن؟

سەلمان: هەرچی ناپەسند و بیژووی ئەم ناوە هەیە.. هەرچی زنجیرپسێن و بەرەڵڵای ئەم ناوە هەیە.. ئەوانەن..

حەمەد: کەواتە بۆ بچمە ناویان؟

سەلمان: ناچاری ڕۆڵە ناچاری، بەڵام با ئامۆژگارییەکت بکەم.. تۆ هێشتا منداڵی.. من نازانم چەند لەنێو ئەمانەدا دەحەوێیتەوە.. گوێ بگرە ڕۆڵە.. سەرەنجامی یەکەم و دوایی ئەمانە پەتی سێدارەیە.. بۆیە دەبێ ئاگەداری خۆت بی گوریسی خۆتیان مەدە دەست. مەڕ بەپێی خۆی بزن بەپێی خۆی.. تا کاری چاک هەیە خراپەی نەکەی.

حەمەد: بەتەمای خوا.

سەلمان: با ئەوەشت پێ بڵێم.. هەر کە چوویتە نێو ئەم نەفرەت لێکراوانە نەکەی

بێیتە سەردانم و..

حەمەد: (بەگاڵتە) دەبێ پێش هەموو کەس بەسەر تۆی دابدەم..

سەلمان: (پاش پێکەنین) ئیشمان کرد! بزانە رۆڵە.. من ئەگەر دڵنیا نەبام لەوەی کە کارێکی چاکت کردووە.. ئەگەر جگە لە عەبدی هەر زەلامێکی ترت ئازار دابا خۆم رادەستی جەندرمەم دەکردی.

حەمەد: جا من مامە.. جگە لەم درِندەیە دوژمنم هەن.؟

سەلمان: گوێت لێ بێ رۆڵە.. هەر رۆژێ، ببیسم بێگوناهێک یا هەر بێتاوانێکت ئازار داوە.. تا رۆژی قیامەت ئاوا یەخەت دەگرم..

حەمەد: دڵنیا بە مامە سەلمان.. دەستی من دژ بە هەژاران بەکار نایەت.

سەلمان: هەر رۆژێکیش ببیستم تووشی درِندەیەکی وەک ئەم ریش بزنانییە بووی وازت لێ هێناوە، دیسان دەستی من بەو یەخەی تۆ.. ئەگەر سەتی وەک ریش بزنانیت بینی.. دەبێ هەر سەتیان بەردەیتەوە..، ئاوا تا رۆژی قیامەت بەرۆکت بەرنادەم..

عاسم: گەورەکانم.. گوتراوە ئەگەر ویستت یەکێ بناسی .. پێشتر دۆستەکانی هەڵسەنگێنە. لەم جیهانە پان و بەرینەدا.. حەمەدۆک تەنیا سێ برادەری راستەقینەی هەبوو.. ئەحمەدە زلەی پاڵەوانە کۆنەکەی هەژارپەرست، بلەی سەرخۆش و دڵدارە ناکامەکە، مام سەلمانی خانەدان و دەروون پاک، ئەگەر ئەم سێیە نەبووان.. حەمەدۆکی ئێمە.. درِندەیەکی قین لە دڵ و چەتەیەکی چەپەڵی ئەوتۆی لێ دەردەچوو، هەر نەبێتەوە.. تەنیا ئەگەر خوا بۆ خۆی بیزانیایە، بەڵام بەختی هەبوو.. ئەم هەتیوە بێ کەسوکارە.. ئەم زۆرلێکراو و دڵ بریندار و هەژارە.. هەر زوو کەوتە نێو چەند دەستێکی خاوێن. ئەگینا وەی وەی.. وەی.. هەزارانی وەک حەمەدۆک چەشنی مشک و مۆرانە و قرِنە و ئەسپێ.. ژیان تاڵ دەکەن.. هەزارانی وەک ئەم.. ئارەق و خوێن لە یەک کاسەدا هەڵدەلووشن. بەڵام با دووبارە بگەرِێینەوە کەنگرەی.

## دیمەنی حەڤدەم

(عەبدی لەنێو جێگەدا دەناڵێنێ)

عەبدی: وەسمان.. وەسمان.. خوشکەزاکەم چۆنە..؟

وەسمان: قوربان.. حەسەن خۆت خۆش، تەمەنی بۆ تۆ..
خوا سێبەری تۆمان لەسەر بهێڵێ..

عەبدی: بەسەزمانەی.. جوانەمەرگ بوو، ئەی هەتیوەکە؟

وەسمان: قوربان.. حەمەدۆک.. راستییەکەی.. نازانم.؟

عەبدی: رای کرد ها؟ دەک عەمرتان نەمێنێ.. باشە ئەدی کچەتیوە داوێنپیسەکەی..

وەسمان: خەجیج قوربان، خەجیج وا لە گوندییە..

وەسمان: (بە عەلە) خۆ لێتان نەداوە؟

عەلە: نەخێر.. خۆی فەرمانی ئەوەی دا..

وەسمان: نەخێر قوربان.. وەکو خۆت فەرمووبووت..

عەبدی: زۆر باشە. من خۆم خەڵاتێکم بۆ داناوە. وەسمان.. تۆ کەی لە شار گەڕایتەوە؟

وەسمان: قوربان هەر کە خەبەرەکەم بیست خێرا هاتمەوە.

عەبدی: دەست خۆش، وەسمان ئەوانەی لەگەڵمدا بوون بانگت کردن؟

وەسمان: بەڵێ قوربان هەموو لێرەن..

عەبدی: زۆر باشە.. کوا نەختێ بەرزم کەوە.. ئەی بزانن.. گوێ بگرن.. دەمێکی تر جەندرمە و پیاوانی دەوڵەت دێن.

وەسمان: بەڵێ خان بەرێگەوەن..

عەبدی: کەواتە.. چاک گوێڕایەڵ بن.. بزانن چی دەڵێم.. لە پێشدا دەست لە ویژدانی خۆتان دانێن.. داتان نا..

هەموو: بەڵێ دامان نا..

عەبدی: زۆر باشە.. ئێستا هەرچی دەپرسم.. وەڵامم بدەنەوە.. ئەگەر ئەو سەگەی بەئێسک و کەرتە نانی بەر دەرگەی خۆتان رۆژێک هار بوو، پڕی دایە ژن و

ماڵ و منداڵتان چی لێ دەکەن؟

دێهاتی ٣: ئەوەی دەکەین.. کە دەبوو بیکەین..

عەبدی: بەڵام دەستتان لەسەر ویژدانتان دانێن! ها.. باشە برام چیتان دەکرد.؟

دێهاتی ٤: هەر جۆرێک تۆ بفەرمووی خان.. هەر جۆرێک تۆ بتەوێ..

عەبدی: ئافەرین براینە.. سەگی بەردەرگەم خوشکەزای کوشتووم.. ئابڕووی بردووم.. دوو سەگ بوون.. یەکێکیان هەرچەندە رای کردووە، بەڵام بۆ کوێ دەچێ؟ رزگاربوونی نییە، بەڵام دووەمیان لەژێر چنگمانە..

وەسمان: بەڵێ قوربان خەجیج لەژێر دەستمانە..

عەبدی: دەستخۆش. ئەو بەڵایەی بەسەر ئێمەدا هاتووە.. هەموو لەبن سەری ئەم کچەتیوەیە. بۆیە دەبێ، سەرەتا ئەم کوندەبۆیە سزا بدرێ، وا نییە؟ زۆر باشە.. کەواتە.. خەجیجی حەسۆ شێلمی حەسەنی خوشکەزامی کوشتووە، وا نییە؟

هەموو: بەڵێ قوربان وایە..

عەبدی: خۆتان بینیتان چۆن حەمەدۆک نیشانەی لە من گرت و کچەتیوەکەش لە خوشکەزاکەم. خۆ هەموو بینیتان؟

هەموو: بەڵێ هەموو بینیمان..

عەبدی: عەلە، خدە، حاجی.. وەلی..

وەلی: قوربان.. من هیچم نەدی.. هیچ شتێک.. من ئەوەندە دەزانم، کە شوونهەڵگرتنەکە بۆم بوو بە ژانەسەر.. کردوومیەتە دوژمنی گشت ئاوایی.. هەتا ژن و منداڵەکانیشم رووم لێ وەردەگێرن، ژنەکەم کە دەمبینێ بێزی لێم دەبێتەوە.

عەبدی: وەلییە شەل، ئەوە چ دەڵێی؟

وەلی: قوربان من هیچم نەدیوە.. هەتا حەمەدیشم نەدی تەقە لە تۆ بکا..

عەبدی: (دەشڵەژێ) ئاوا شەلەی پیس! زۆر چاکە. دە گوێ بگرە، شەلەی ناپەسند.. ئیدی لەم گوندە جێت نەما.. خێرا بارکە سەروسیمای خۆت تێکنێ.. بەرەو جەهەننەم.. خێرادەنا پیاوەکانم دەنێرم خانووەکەت بەسەردا وێران کەن..

وەلی: باشە گەورەم.. ها ئێستا.."دەڕوا دەوەستێ" ئەوەیە هەقم ها.. ئەگەر هەزار درۆ و ساختە و بەدکارییان بۆ بکەین، بەقسەیەکی راست، کردارێکی باش دەسڕێتەوە.. هەر تووڕە بوون تەواو ئیدی جێمان نامێنێ.. عەبدی خان.. ئەگەر گشت ئاوایی دەرکەی، نابێ من دەرکەی.. خۆت دەزانی چی و چیم بۆ کردووی؟

عەبدی: دەفن بە..

وەلی: فەرمانت عەبدی خان، گەورەم.. قسەیەک هەیە، بۆ خوا بۆتی روون دەکەمەوە.. هەرچەند توندتربی پتر خەڵکەکەت لێ دەڕەوێتەوە.. بەئازارت دڵشاد دەبن (دەڕوا)

عەبدی: بیگرن.. ئەم شەلە نەعلەتییە بگرن..

وەسمان: قوربان، هێمن بە.. جەندرمە هاتن.

عەبدی: نا؟ کەواتە.. با هەستم.. ئای.. وەی..

وەسمان: تۆ مەبزووە.. ئێمە پێشوازییان دەکەین.

عاسم: گەورەکانم کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆی رۆژی شەموو رێکەوتی ١٤-٣-١٩٧٠ گەیشتمە گوندی کەنگرە.. پێشوازیێکی گەرم و نەرم و چەور کراین.. پاش حەسانەوە.. گوێم بۆ سەرتاپای رووداوەکە شل کرد. پاشان یەکەیەکە شایەدەکانم بانگ کردن تا گەیشتمە...

## دیمەنی هەژدەم

(هەمان دیمەنی پێشوو)

جەندرمە: خدە عەولا حەمەد.. ناسراوە بەکێ؟ خدک.. ها خدە ناسراو بە خدە.

خدە: (بەترسەوە)بە.. لێ.. جە.. جە.. ناب..

عاسم: تۆ کێی؟

خدە: خدک.. نا.. خد.. خد.. خدە.. نانا.. خد.. خدر.. عەولا.. عەولا

عاسم: باشە.. خدر عەولا حەمەد.. رۆڵە بۆ دەترسی؟ تۆ شاهێدی..

خدە: وەڵڵا درۆی ناکەم..

عاسم: بڵێ بە تەڵاقم درۆ ناکەم..

خدە: بە ت.. بەت.. لاقم.. درۆی.. نا.. ناکەم..

عاسم: زۆر چاکە.. ڕۆڵە.. چیت دیوە بۆمانی بگێڕەوە..

خدە: باشە.. کاتێ.. حەمەدۆک.. تەقەی لە من.. لە من کرد..

عەبدی: هەتیو تەقەی لە تۆ کرد یان لە من؟

خدە: لە من.. نا نا لە تۆ.. بە بیللا لە تۆ.. لە ئەو جەناب لە ئەو.س

عاسم: کاک عەبدی نابێ قسان بکەی، دەی ڕۆڵە..

خدە: ئا.. کاتێ تەقەی لە عەبدی خان کرد.. من.. لە ناکا و.. چاوم کەوت بە.. کیژە.. کەوت..

عاسم: کام کیژ؟..

خدە: خ، خە.. جیج.. بەڵێ دیتم شیرێکی بە دەستەوە تەقە لە خوشکەزا جوانەمەرگەکەی.. جوانەمەرگی دەکا..

عاسم: لە خوشکەزای کام جوانە مەرگ؟

خدە: عەبدی خان.. ئا..

عەبدی: هەی بە قوربانم بیت.. هەتیو من کەی مردووم؟!

خدە: قوربان تۆ نا.. من.. من مردووم..

عاسم: عەبدی واز بێنە.. بڵێ کاک خدر..

خدە: بەڵێ.. ئا.. ئا.. تا.. نا.. توانیم بیگرم، سێ تەقەی لە جوانەمەرگی کرد و.. کرد و..

عاسم: پاشان..

خدە: مرد.

عاسم: ناوی چی بوو؟.

خدە: خدە.. مەبەست نا.. جوانەمەرگ.. مرد.. کوژ.. کوژ..

عاسم: کێ کوشتی؟

خدە: عەبدی خان (بە چرپە) قوربان سەرم لێ شێواوە.. قسەکانم..

عەبدی: کەرە، مەترسێ.. تۆ شاهێدی شاهێد، ئەوەندە کەر مەبە..

خدە: باشە قوربان.. ناترسم.. من پاڵەوانم.. سەت وەک حەمەدۆکی..

عاسم: ڕۆڵە تۆ شێتی؟
خدە: بەڵێ.. نە... نەخێر من شاهێدم.. جەناب دیارە بە شێتان دەچم؟
عاسم: نا.. بەڵام.. قسەکانت هەلەق و بەلەقن..
خدە: هەلەق و بەلەق! (پتر دەترسێ) خان.. قوربان، ئامان.. ئەگەر.. مەگەر.. جەناب لێم تووڕە بوو.. جوێنی پێ دام..هـ.. پەلەق و مەلەق.. یانی سێدارە.. دەترسم.. تا زووە.. نەگیراوم.. چارەیەک.. خان قوربان چارەیەک ئامان..
عاسم: ڕاوەستە کوڕە. ڕاوەست..
خدە: دەمکوژن؟
عاسم: نەخێر..
خدە: کەواتە..
خدە: دەمگرن. دەمبڕن..
عاسم: نەخێر..
خدە: کەواتە..
عاسم: کێ حەسەن خانی خوشکەزای عەبدی کوشت؟
خدە: خەجیجی حەسۆ شێلم.
عاسم: بە چی کوشتی؟
خدە: (ئیشارەتی قەڵەمەکەی عاسم دەدات) بە مە.. ئا.. بەمە..
عاسم: کابرا.. ئەمە.. قەڵەمە قەڵەم..
خدە: دەزانم.. بۆیە.. دڵنیام بەمە.. نا.. بەمە.. ئا.. بەمە.
عاسم: کەواتە دەفن بە..
خدە: زۆر مەمنوون. (بە عەلە) ئەرێ عەلە.. بە شێتان دەچم..
عەلە: نەوەڵڵا بە کەران دەچی..
خدە: زۆر باشە.. خۆ لە عەلەشیش ئاقڵترم. (ڕادەکات).
عاسم: خەجیج بانگ کەن.
جەندرمە: خەجیج حەسەن ڕەحمان.. و (جەندرمەیەک خەجیج دەهێنێ)
عاسم: ئەتۆ خەجیج حەسەن ڕەحمانی.

خەجیج: بەڵێ..

عاسم: کیژم ڕاستە تۆ حەسەن خانت کوشتووە؟

خەجیج: قوربان من؟!.. تۆ بڕوا دەکەی ئافرەتێک ئەم کارە بکا..؟

عاسم: کیژم من لە تۆ دەپرسم..

خەجیج: نەخێر قوربان.. هەی لە ڕێی خوا ئەم بوختانەم بۆ پێ دەکەن بۆ؟

عاسم: هەڵبەتە بوختانە، بەڵام چار چییە؟ دە گوندیی ڕەبەق شایەدییان دژی خەجیج مۆر کرد، دەمزانی عەبدی کۆلی حەمەدۆکە لەم دەردێنێ.. دەیەوێ بە هەر شێوەیەک جەرگی بسووتێنێ.. لەلایەک دایکی رادەستی مردن کردووە، وا لەملایەش خەجیجی دەسگیرانی رادەستی زیندان دەکا.. هەر چۆنی بێ کەوتووەتە چڵپاوێکی ئاوا.. جەنگەڵێکی ئاوا.. مەگەر خوا.. دەنا حەمەدۆک دۆڕا.. دەبێتە گورگ..

## دیمەنی نۆزدەم

(سەرە ڕێگەیەک پیرەمێردیک بەدەم گۆرانییەکی فۆلکلۆرییەوە دێ)

یەکەم: (لەپڕ هەڵدەستێ) کابرا.. نەبزووی..

پیرەمێردەکە: ئەمە کێ بوو؟

یەکەم: رووتبەوە دەنا دەتکوژم.

پیرەمێرد: من رووت بم، یا.. کوڕە خۆ مەبەستی منە!؟ باشە قوربان چیم لەبەردایە.. هەتا دایکەنم؟

یەکەم: هەر چیت لەبەردایە..

پیرەمێرد: (بەهێمنی پێکەنی) توخوا گاڵتە ناکەی، ئاخر ئەم جلکەی من بەکەڵکی چی دێت؟

(حەمەدۆک و ئەوانی تریش دەردەکەون)

یەکەم: (بەشولاقێکەوە) خێرا دایکەنە.. ئەگینا..

پیرەمێرد: (کە زانی مەسەلەکە تەواوە دەپاڕێتەوە) گەورەم.. بەقوربان ئاخر چی داکەنم.. رووتوقووت دەبمەوە.. بێنە دەستت ماچ کەم.. لاقت ماچ کەم..

گەر دایکەنم سەرمام دەبێت.. خۆم تەواو نیم..

یەکەم: ناپیاو پێت دەڵێم دایکەنە دەنا.. خێرا دەی.. پارەکانت..

پیرەمێرد: بەزەییت پێم بێت.. بەچاوان.. جلەکانم بۆ تۆ، گیانم بۆ خۆم، خاوەن ماڵ و منداڵم.

(کە پیرەمێرد خۆی دادەکەنێ، تەنیا حەمەد نەبێت دەنا هەموو پێ دەکەنن)

یەکەم: ئافەرین پیرەمێرد.. دەی کراسەکەشت.

پیرەمێرد: بەچاوان قوربان تەنیا مەمکوژە..

یەکەم: خێرا.. دەی تەماشا مەکە.. پێویست ناکا.. دەرپێت..

پیرەمێرد: لە راهی خوا..

یەکەم: دایکەنە..(پیرەمێرد رادەکا) بیژوو دەتکوژم.

دەنگ: گەورەم.. گەورەم..

یەکەم: دەنگ باز..

دووەم: (بەدیار دەکەوێ..) گەورەم.. کاروانێکی چەور هات..

عاسم: ئەگەر بەدەست خراپەت پێ ڕانەگیرا.. بە قسە.. بە قسەش بۆت نەلوا.. بە دڵ.. حەمەدۆکی ئێمەش پڕبەدڵ هەوڵی دەدا چارەیەک بۆ ئەم کارەساتە بدۆزێتەوە.. پڕ بەدڵ قینی لەم ڕێگرانە بوو.. چەندان جار نیازی کرد هەموو فیشەکەکانی لە کەلەکەی دڕندەکان بەتاڵ بکاتەوە.. کتومت وەک عەبدی خانی دەهاتە بەرچاو، بەڵام ناچار بوو.

حەمەد: (لە سووچێکدا لەگەڵ یەکەم) گەورەم.. ئێستا تێگەیشتم پارە و چەک و وڵاغەکان پێویستن و دەبێ بژین، بەڵام جلەکانیان بۆ؟ رووتوقووتیان دەکەنەوە؟

یەکەم: بۆ نیشانە.. هەتا خەڵک بزانن ئەم کارە هی خۆمانە. رووتکردنەوە مۆری تایبەتیی خۆمە.

حەمەد: (بۆ خۆی) ئاوام.. بۆ ریش هاتم سمێڵیشم لەسەر دانا.. جا.. چۆن دەرباز بم!؟ (ون دەبن)

عاسم: گەورەکانم.. لە شاردا.. لە دیوانی قازی.. خەجیجیان بانگ کرد. پاش

لێکۆڵینەوە، وەرگێڕ و بنگێڕێکی زۆر.. هەموولا تێگەیشتن هەتا قازیش کە خەجیج بێ تاوانە.. دەبایە بیگرن، چونکە شایەدەکان دووبارە دژی ئەو قسەیان کرد. خرایەوە زیندان سێ ڕۆژی ڕەبەق نان بێ بە زاری نەکەوت.. رەق و بێ جووڵە، لە سووچێکدا واقی وڕمابوو.. پاشان کە دایکی هات.

(خەجیج لە سووچێکدا رەق دانیشتووە. تەماشای بۆشایی دەکا)

زەینەب: (بەگریان دێت) هەی لەخۆم سەر بەهەش.. خەجیج.. کچە پەنجە بەخەنەکەم.. تاقانەکەم.. جەرگ و هەناوم.. خەجیجۆکە نازدارەکەم..

خەجیج: دایکە..

زەینەب: کیژەکەم.. ئەوە چ بەڵایەک بوو بەسەرماندا هات.. خەجیج (بەتووڕەیی) تۆش دایکە تۆش بڕوات کرد؟ لەو بڕوایەی زەلام بە من بکوژرێ؟ دایکە هەتا ئەمڕۆ چەکت بەدەستمەوە دیوە؟ ئاخر ئەی هاوار خۆ هیچ کەس نەزانێ تۆ دەزانی؟

زەینەب: ئەمن چووزانم تاقانەکەم.. چووزانم.. خەڵکی هەموو وا دەڵێن.. بەڵێ.. دەک خوایە.. من دایکم.. ئەم کیژە نازدارە لە من بووە، بەم مەمکانە بەخێوم کردووە، بەو دەستانەم شوشتووە و پرچیم شانە کردووە من دایکم.. خەجیجۆکەی من، نازدارەکەی من هەرگیز کاری وای لێ ناوەشێتەوە، کیژە تاقانەکەم خەفەتان مەخۆ ئێستا دەچمە لای پارێزەری، عەریزەنووس.. با عەریزەیەکم بۆ بنووسێت.. با حکوومەت بخوێنێتەوە بزانی کچە دەست و پێ بەخەنەکەم بێ تاوانە.. حکوومەتیش بنیادەمە، هەڵبەتە ڕەحمی هەیە.. بە خۆڕایی کەس لە زیندان ناکا. دەچم کیژەکەم ئێستا دەچم.

عاسم: پاش ماوەیەکی کەم.. گەورەکانم.. لە کەنگرەدا چرپەیەک کەوتە بەر گوێچکەلان چرپەیەکی کورت، بەڵام لە بەردەم عەبدی خاندا.. وەک گریان تەقییەوە. عەبدی (لە تەک خدەدا لە سووچێکی شانۆدا) چۆن، واتا حەمەدۆک.

خدە: بەڵێ قوربان. حەمەدۆک بووەتە ڕێگر..

عەبدی: واتە حەمەدۆکی خۆمان.. کوڕە هەتیوەکەی ڕەعنا؟

خدە: گەورەم.. کەس نەماوە ئەمە نەزانێ..

عەبدی: ئەدی ڕەعنا لە کوێیە؟

خدە: گەورەم.. لەو ڕۆژەوە کە.. لەنێو جێدا کەوتووە

عەبدی: بابڕۆین..

عاسم: بێگومان لەنێو جێدا دەکەوێ.. چی ئەو ئازارەی بەو ژنە بەستەزمانەی درابوو.. بە گایەک درابا هەڵدەستا، هەر لەو ڕۆژەوە کە لەنێو قوڕ و چڵپاو و خوێندا گەوزاندیان لەو ڕۆژەوەی حەمەدۆک بەکێوان کەوتووە.. ڕەعنای کۆڵەدار لە تاو خەم و خەفەت.. لە تاو ئازار و ئەشکەنجە.. ڕۆژ بەڕۆژ لە کورتی دەدا.. بەرەو جیهانی نەمان دەیناڵاند.

## دیمەنی بیستەم

(ماڵی ڕەعنا. حەسۆ و زەینەب، وەلی دەوریان داوە)

وەلی: ڕەعنا.. خوشکە ڕەعنا.. گوێت لێمە.. من وەلیم.. وەلی..

حەسۆ: وەلی.. واز بێنە.. توانای نەماوە..

وەلی: ئاخر.. کاک حەسۆ.. دەمەوێ! تۆڵەی بکەمەوە.. قسەیەکی خۆشم پێیە.. بەڵکو گەردنم ئازاد دەکات..

زەینەب: بێ سوودە وەلی بێ سوودە.. درەنگ هاتی..

وەلی: خۆم گەیاندە حەمەدی. ئەو لێم خۆش بوو.. مژدەیەکی خۆشیشم بۆ ڕەعنا هێناوە.. بەڵکو ئەویش دەمبوورێ.. خوشکە..

زەینەب: (دەزریکێنێ) وەی لە خۆت سەر بەهەشێ.. نامراد و ماڵ کاولێ.. وەی چاوم کوێر بێ.. حەمەدۆک.. بێ باوک و دایکێ.. بێ کەسێ.. نامرازێ.. دڵ برینداری..

حەسۆ: زەینەب.. واز بێنە.. شیوەنی ناوێ.. بۆ خۆی حەسایەوە..

عەبدی: (بەخۆی و زەلامەکانیەوە دێن) سەلام و.. چی قەوماوە؟

حەسۆ: عەبدی خان.. فاتیحە لێ بدە..

عەبدی: چی، ڕەعنا مرد!!

وەلی: تەمەنی درێژی بۆ حەمەدۆک بێت..

عەبدی: ئاخر هاتبووم.. چۆن.. وەلی.. چاوەکەم.. حەسۆ هاتبووم.. زەینەب، هاتبووم بۆ ئاشتبوونەوە.. پاکانە.. کەس لە کەس کاک وەلی گیان بە حەمەدۆکی کورم بڵێ.. عەبدی خان سارد بووەتەوە هیچی لەبەر دڵ نەماون.. لەم ڕۆژانەش دەچێتە شار و خەجیج بەردەدا.. مەسەلەکە بۆ یەکجاری تەپس دەکەم و کەس لە کەس.. بەتەمای خوا هەر بەیانی ئۆغر دەکەم.. ئینجا.. بەتەمای خوا.. بەخۆم زەماوەندی حەمەد و خەجیجی دەگێڕم.. خەرجی ئاهەنگەکە دەدەم.. حەوت شەو و حەوت ڕۆژ دەهۆڵ و زوڕنا..

وەلی: خان فاتیمە لێرەیە.. مردوومان هەیە..

عەبدی: ئاخر چۆن حەمەدۆک بووەتە.. بڕۆ هەر ئێستا بۆ شار دەچم.. (ون دەبن)

حەسۆ: کاک وەلی.. وا چاکە بگەیتەوە حەمەدی.. با دەنگوباسی ڕەعنا و خەجیج بزانێ..

وەلی: باشە برام.. کاک حەسۆ.. لەو بڕوایەی خوا لەم گوناهەم خۆش دەبێت؟ ئای حەسۆ چۆن بەقسەی تۆم نەکرد. بڕوا ناکەم تاوانی من بە هیچ ئاوێک بشۆرێتەوە. خوای گەورە، چیم کردبوو، خۆ هێلانەی پەڕەسێلکەم تێک نەدابوو.. ئاخر بۆ دەبێت منێکی چارەڕەش لە هەردوو دنیا بسووتێم. بۆ.. بۆ؟ حەسۆ.. بڕوا بکە ڕووم نییە تەماشای خەڵکی بکەم..

حەسۆ: کاک وەلی ئەگەر لەمەولا خەراپە نەکەی.. هێلانەی ئاشقەڕووتان تێک نەدەی خەڵک لێت دەبوورن..

وەلی: ئەدی خوا؟ خوا.. خوا..

حەسۆ: خواش ئەڕحەم و ڕاحمینە..

عاسم: گەورەکانم.. فەرمانێکی تایبەتی بۆ دەرچووە.. دەبێ بۆ ماوەیی بیست و چوار سەعات بگەمە ئەو ناوچەیەی گێرەشێوێنەکان لە سەرووددا تەڕاتێن دەکەن.. چەند جەندرمەیەکی شارەزا و چەک و تفاقێکی تەواوم ئامادە کرد، بە هەر جۆرێک دەبێ ئەم دڕندانە بگرم.. ئەگەر سەریشم لەسەر دانابێت، چونکە ئاواتی من ئەوە بوو زۆرترین نێچیر بخەمە لیستی تایبەتیم.. هێرشی دەکرد.. بریندار دەکرام.. ئازارم دەبوو.. مێشکم

دەشڵـەژا بەڵام چی بکەم.. حـەزم لە پیـشـەکـەی خـۆم بـوو.. گـرتنی دز و جەردە و ڕێگرانم بە راوە کەروێشک دەزانی.. بەیانییەکی زوو، ناوی خوام لێ هێنا.

## دیمەنی بیست و یەکەم

(حەمەد و جەبار.. دانیشتوون)

حـەمـەد: کـاک جـەبار.. من تێ ناگـەم.. ئیـشـەکـە دەکـەن، دەکـەن.. بۆ دەرپێـیـان دادەکەنن؟.

جەبار: گشت خەڵکی ئەم ناوەمان لێ بووەتە دوژمن.

حــەمــەد: لەو ڕۆژەوە مـن هـاتووم. بـە لایەنی کـەم دەرپێی پێنـج ســەد کـەســمــان داکەندووە.

جەبار: زیاتریش حەمەد.. زیاتریش..

حەمەد: ئـەگـەر.. ئەو جلکانەمـان بدایە دێهاتییـە هـەژارەکـان هـەر نەختێ بـاشـتـر دەبوو.

جەبار: هەڵبەتە.. لەوانەبوو.. رزگاریمان بێ.. لەوانە بوو.. یارمەتیمان بدەن..

مـەمـەد: بزانە کـاک جـەبار.. بە ڕای مـن پیاو نابێ لـە رادەبەر توندی بەکـار بێنێ، پیاو بکوژێ باشـترە نەوەک گاڵتـەی پێ بکەی. مردن باشـترە لەوەی پیاو بە رووتی بگەڕێتەوە نێو ماڵ و منداڵی.. جەبار.. دڵی هـەر مرۆڤێک سووچێکی ناسکی هەیە، نابێ بیشکێنی.. نابێ کارێک بکەی ئابڕووی خەڵکی لەکەدار بکەی.. من ئەو قـسـانـە لە رووی تاقـیکردنەوە دەڵێم.. جـەبـار.. عـەبدی خـانیش ئاوای لـە من دەکرد.. بەرۆکی بەرنەدام.. رۆژ نەبوو گاڵتـەیەکم پێ نەکـات. ئازارم نەدا.. پیـاو نـابێ.. خـەڵکی ئەوەندە بەسـووک و چرووک بزانێ..

جەبار: کاک حەمەد راستییەکەی ئێمە تووش بووین..

حەمەد: وا نییە جەبار وا نییە. من.. دام نابوو.. ئەمڕۆ بەجێیان بهێڵم، بەڵام عاسم ئەفەندی تێکی دا.. ئەگەر بڕۆم دەڵێن ئەها لە ترسی جەندرمە رای کرد.

جەبار: ڕێک وایە.. وا دەڵێن.. کاک حەمەد.. ئەگەر لەم شەڕە نەکوژراین.. بەتەمای

خوا.. بەجووتە منیش لەگەڵ تۆ.. پێکەوە خۆمان لێی دەکشێنینەوە..

حەمەد: ئافەرین جەبار.. دەڵێی ناو دڵم دەخوێنیتەوە..

یەکەم: بێدەنگ ئەوە هاتن.. خێرا هەر کەسەو پەنایەک بدۆزێتەوە.. خێرا..

دەنگی عاسم: گوێ بگرن.. ئەوە دەتانبینم.. من عاسم ئەفەندیم.. بەهێزی گەورە و چەک و تفاقێکی زۆر هاتووم ناگەڕێمەوە بەکوژراوی بێ بتانبەمەوە.. بۆیە ئاقڵ بن و رادەستم بن..

یەکەم: (هەڵدەستێتەوە) عاسم ئەفەندی.. تۆ کەی ئەم زەلامە بووی.. لە ئاست مندا دەنگ بەرز کەیەوە؟ دیارە نامناسی؟ (هەرا)

حەمەد: (لە شوێنی عاسم نێزیک دەبێتەوە) تۆی عاسم ئەفەندی؟

عاسم: (دێتە سەر شانۆ) بەڵێ خۆمم.

حەمەد: ئەفەندی جێگەت باش نییە.. گوللە دەتگرێتەوە..

عاسم: وای ئەگەر بەر چنگم دەکەوی.. لە کوێی، دەرچە؟

حەمەد: جەناب.. ئەمن حەمەدۆکم پێ دەڵێن.. بگەڕێوە. ژن و منداڵت هەیە.. جا.. بگەڕێوە.. بەدووی کار و کاسبی خۆت کەوە.

عاسم: ها.. هەر تۆش حەمەدۆکی! ئازایی خۆت نیشان دەدەی..

حەمەد: (دەچێ لە پشتی عاسم رادەوەستێ) ئێستا بتکوژم.. نەء.. خاوەن ماڵ و منداڵی.. بگەڕێوە.. وازمان لێ بێنە.. دوایی ئەوانە دەتکوژن.

عاسم: (کە ئاوڕ دەداتەوە حەمەدۆک نامێنێ) ئەوەی حەمەدۆک! خۆ بەئاسانی دەیتوانی بمکوژێ.. (بە حەمەدۆک) بزانە واز لەم پیاوکوژانە بێنە.. (بۆ جەندرمەکان) بەرەو پێش..

عاسم: گەورەکانم.. لەم شەڕەدا تەنیا دوو گێرەشێوێن کوژران و سێش بریندار بوون.. شەڕەکە تا شەوێکی درەنگی خایاند.. سەرەنجام.. رێگرەکان دەرباز بوون.. لەنێو تاریکیدا ون بوون. گەورەکانم.. من بەشبەحاڵی خۆم هەرگیز لەنێو ئەم جن و جانەوەرانەدا نموونەی وەک حەمەدۆکم نەدیبوو.. سەیرە! کوڕە خۆ بە سووک و سانایی دەیتوانی بمکوژێ.. کەچی نەیکرد! بۆ؟ باشە ئەدی ئەم قسانە چین عەبدی خان دەیکا؟ گوایە حەمەدۆک گورگە و ئاشقی خوێنە، سپڵە و بێ نمەکە.. باوکی خۆی ناناسێ.. بە قەد

تۆزقاڵێک بەزەیی و سۆزی لەنێو دڵدا نییە.. نا عەبدی نا.. سەهووی. گەر وا بووایە ئەمڕۆ دیار دەبوو حەمەدۆک ناچار کراوە. ڕێگەی ڕاستی لێ شێواوە، دەستێکی باوکانە و دڵسۆزانەی گەرەکە. هەر کاتێک بوارێکی مرۆڤانەی بۆ بڕەخسێ لە هیچ گوندییەک کەمتر نییە، بەڵام کەی و چۆن ئەم بوارە دەڕەخسێ.. خۆشم نازانم.. نازانم..

دیمەنی بیست و دووەم

(حەمەد و جەبار بە دڵشادی دانیشتوون)

جەبار: ها.. حەمەد.. دەتبینم بزە لە سمێڵت دێنی؟

حەمەد: دڵشادم جەبار دڵشادم.. خۆ وازمان لەم دڕندانە هێنا..

جەبار: ڕاستە.. وازمان هێنا.. ئینجا چارە.. ئەنجام؟

حەمەد: باش دەبێ جەبار.. باش دەبێ گرینگ ئەوەیە تا چارەسەرێک پەیدا دەبێ.. خۆمان بگرین بەدکاری نەکەین..

جەبار: (هێمن. بە دوورکەوتنەوە) بە تەمای خوا..

حەمەد: (هێمن) دایکە.. خەجیج.. چاوەکانم دەبێ چۆن بن؟ ئای بۆ ئەو کاتەی بە یەکتر شاد دەبووینەوە.. (دەچەمێتەوە دەستی نادیاری دایکی ماچ دەکات) ببوورە دایە گیان.. دە وەڵڵا تاوانی من نەبوو.. چی بکەم، عەبدی وازی لێم نەهێنا.

ئاخیری ئەو داوی بۆ دانامەوە.. دایە مەگریێ، سوپاس دایە.. مادامەکی لێمت بووری ئیدی تەواو دەست هەڵناگرم.. با ئابڕووم ببەن، تفم لێ بکەن.. بمکوژن.. دیارە ئەمەیە چارەنووسی ئێمە با وابێ. خەجە گیان (وەکو بڵێی شۆخێک لە باوەش دەکا. هێمن) گیانەکەم، ئەی گوارە و بازنەکان؟ ئەوەی لە شار بۆم هێنابووی... سەیرە.. ئەوە بۆ زەرد هەڵگەڕاوی.؟ بۆ کلت لە چاوان نەکردووە، دەزانم مەکرۆ.. بیر لە چی دەکەیتەوە. دەزانم.. جارێ دانیشە.. خوا گەورەیە.. با نەختێ، دە وەرە.. توخوا.. ئەوە گرتتم؟

جەبار: (لە پەنایەک هەڵدەستێتەوە) نەبزوون.. وەرنە پێش..

ڕێبواری١: (دوو زەلام بە ترسەوە دێتە سەر شانۆ) ئەجەلمان هات..

ڕێبواری٢: تووش بووین..

ڕێبواری١: با ڕاکەین بریندار بین باشترە لەوەی ڕووت بکرێینەوە.

ڕێبواری٢: پەنا بە خوا یاڵڵا..(ڕادەکەن. تەقەیەک دێ. دەهاوێتە زەوی)

جەبار: ڕاوەستن..

حەمەد: (بە تەمەڵی دەچێتە لایان) لە کوێڕا دێن.؟

ڕێبواری١: لە شاری..

حەمەد: چیتان دەکرد؟

ڕێبواری٢: کار و کاسبی..

جەبار: کەواتە.. پارەیەکی باشتان کۆ کردووەتەوە. (بە پێکەنین) ئەگەر ئێوە نەبن ئێمە لە برسان دەمرین (بە توندی) پارەکەمان.. خێرا..

ڕێبواری١: (بە تکا) بمکوژی باشترە.. چوار ساڵە ئیش دەکەم.. بۆ ئەوەی..

جەبار: دەری بێنە.. گ

ڕێبواری١: بۆ ئەوەی دوو گاجووت و چەند بزنێکی پێ بکڕم.. نا.. بمکوژن مەمنوونم بمکوژن..

ڕێبواری٢: شەش ساڵی تەواوە دەسگیرانەکەم چاوەڕێمە..

ڕێبواری١: ئەرێ وەڵڵا شەش ساڵە...

جەبار: (پارەی یەکەم دەردێنێ) ئەها حەمەد.. چەندی پارە پێیە؟ تۆش (دووەمیش پارەکەی دەداتێ)..

ڕێبواری١: براکە.. لە ڕاهی خوا.. گوللەیەکیشم لێ دە و بمکوژە.. ئاخر بە چ ڕوویەک.. پاش چوار ساڵ.. بەدەست والآیی بگەڕێمەوە نێو ماڵ و منداڵم.. بە چ ڕوویەک؟

ڕێبواری٢: ڕاست شەش ساڵە دەسگیرانەکەم چاوەڕێمە.. ئیشەکە تەواو کەن بشمانکوژن و..

ڕێبواری١: چوار ساڵی ڕەبەق لە شاردا کاسبی دەکەم.. جوێن نەما پێم نەدرێ.. گاڵتە نەماوە پێم نەکرێ.. ئەو وەستایانە خوا بیانگرێ، بەڵام قبووڵم کرد.. هەر بۆ ئەوەی منداڵەکانم لە برسان نەمرن..

ڕێبواری٢: لەبەر پێیانت مرم.. بمکوژە.. پێم خۆشە.. ئاخر خوا..

ڕێبواری١: (دادەنیشێ) یەک هەنگاو ناڕۆم.. دەی بمکوژە..

حەمەد: مەگری براکەم.. مەترسن.. پارەی ئێوەمان ناوێ.. جەبار پارەکەی وێ دەوە.. جەبار

جەبار: (ناچار پارەکەیان وێ دەداتەوە) بەڵام.. چۆن بژین.. ئاخر..

حەمەد: ئیش نییە چاک نەبێ.. هەستە براله.. خواتان لەگەڵ..

ڕێبواری١: هەی خوا دەوامی عەمرتان بدات.. بە مراز بگەن..

ڕێبواری٢: خواچاکەتان بۆ بێنێ.. لە کێو و دەشت ڕزگارتان کا..

حەمەد: بڕۆن، بەڵام بەو ڕێگەیەدا مەڕۆن، سەلامەت نییە بڕۆ بەماڵ و منداڵی خۆت شادبە.. تۆش.. بەتەمای خوا بەدەسگیرانەکەت شاد دەبی.. بڕۆن.. بڕۆن.. خواتان لەگەڵ. (دوو ڕێبوارەکە بەپێکەنین دەردەچن)

جەبار: (بەگلەیی) جا حەمەد ئەوە چۆن دەبێ؟ چۆن بژین؟

حەمەد: (دیارە گریاوە، بۆیە چاوەکانی دەسڕێتەوە) کاک جەبار.. ئێمە وامان گوت؟ دەتەوێ ئێمەش ئەوان ئاسا.. لەسەر خوێنی هەژار و لێقەوماوان بژین؟ ئەگەر ئەوەت دەوێ، فەرموو بگەڕێوە بۆ کۆنە هەڤاڵەکانت.

جەبار: نا حەمەد گیان. مەبەستم ئەوە نییە، بەڵام دەبێ ڕێگەیەک..

حەمەد: (لەپڕ هەست رادەگرێ) ترپەیەک هات.. هۆ کابرا کێی؟

دەنگێ: وەلییە شەل کاک حەمەد.. وەلییە شەل..

حەمەد: (دەگەشێتەوە) وەلی بەخێربێیتەوە.. چاومان روون بوو..

وەلی: (دێتەوە سەر شانۆ.. بوزگرێکی پێیە دەیداتێ. لەگەڵ حەمەد یەکتری مادەکەن) کاک جەبار.. ئەمە بگرە.. نان و پەنیر و پیاز و..

جەبار: سوپاس کاک وەلی زۆر سوپاس..

حەمەد: ها کاک وەلی.. ماندوو دیاری؟..

وەلی: راستییەکەی ماندوو نیم.. بەڵام..

حەمەد: دەنا نەخۆشی..

وەلی: نا شوکر.. ساغ و سەلامەتم..

حەمەد: کەواتە.. شتێکت لێ قەوماوە..

وەلی: وایە.. ڕاستییەکەی.. دوو هەواڵ هەیە یەکی خۆش ئەوی تر. نا.. خۆش..

حەمەد: یا حافیز..

وەلی: با جارێ هەواڵە خۆشەکەی بڵێ.. هەتا..

حەمەد: نا وەلی ناخۆشەکە.. ناخۆشەکە

وەلی: ئازا بە حەمەد.. ڕەعنا.. تۆ خۆش.. لە دنیای خەم و هەژاری ڕزگار بوو.

حەمەد: (هێمن لە پڕ دەگریێ) دایە گیان.. ئاخ.. چۆن بەنامرازی..

وەلی: هەواڵە خۆشەکە..

حەمەد: نامەوێ.. وەلی واز بێنە

وەلی: (پاش بێدەنگی) ئاخر بزانی وا ناڵێی

حەمەد: نامەوێ هیچ ببیستم..

وەلی: هەتا خەبەری خەجیجیش

حەمەد: ئا.. هیچم ناوێ

جەبار: حەمەد.. براکەم.. با وەلی قسە بکا بزانین مەسەلە چییە.

وەلی: لەو ڕۆژانە چوومە شاری بڕیار وایە خەجیجی بگۆزنەوە شارێکی تر.. ئینجا..

حەمەد: (هۆشیار دەبێتەوە هەڵدەستێ) کەی؟

وەلی: شەمووی دادێ. ئەمڕۆ سێشەمەیە ئەگەر بەخۆکەوی.. لە ڕێگە دەیبینی.. تەنیا دوو جەندرمەی لە تەک دەنێرن.

حەمەد: (بە دڵشادی) گوتت کەی؟

وەلی: شەمووی دادێ.

حەمەد: دەی جەبار

جەبار: بۆ کوێ؟

حەمەد: خەجیج ڕزگارکەین.

عاسم: گەورەکانم. دڵی ئەویندار ترس نازانێ لە پێناو ژوانێک ئەگەر بەرز و نشێوی هەزارەها گرد و چیا ببڕێ.. بەلایەوە ئاساییە.. گەورەکانم.. پاش مردنی ڕەعنا.. حەمەدۆک لە خەجیج بترازێ کەسی نەما. وەک منداڵێکی دایک ون کردوو لە خەجیجی دەسگیرانی دەگەڕا.. بەیانی ڕۆژی شەموو..

پاش شەڕێکی کورت خەجیج رزگار کرا. بەرەو ژوانگە نەفرینەکان هەڵخشین.. لە کەنگرەشدا.. گوندییەکان.. بەڕاکردنی عەبدی بۆ شار گەشابوونەوە.. شەڕێکە و خێری وانی تێدایە.

دیمەنی بیست و سێیەم
(مەیدانی گوند. گوندییەکان بە کامەرانی دانیشتوون)

مچە: خزمینە..ئێوە سەرنجتان داوە. لەوەتی ڕیش بزنانی هەڵاتووە بۆ شار، کەنگرە پێ دەکەنێ و خەڵکیش خەنی بوون...

یەکەم: حەمەدۆک خۆش بێ دوعا بۆ ئەو بکەن..

دووەم: ئەشەدوبیلا تا حەمەدۆک مابێت عەبدی نایەتەوە کەنگرە.

حەسۆ: خوا بیکوژێ چارەی نەبینینەوە..

زەینەب: ئاخ کیژە ناسکۆڵەکەم.. داخوا ئێستا..

حەسۆ: ئافرەت خوا گەورەیە، خوا کەسی بێ کەسانە..

مچە: گرینگ ئەوەیە ڕیش بزنانی چاوی شکا.

حەسۆ: با ئێمەش ترسمان بشکێ.. نەختێ بە غیرەت بین.

دەنگ: سڵاوتان لێ بێت (عەبدی دێتە سەر شانۆ)

حەسۆ: عەبدی! ناوی گورگمان هێنا پەیدا بوو. (زۆر دەشێوێن)

چوارەم: وەی بەخێر بێی عەبدی خان.. چاومان ڕوون بووەوە..

سێیەم: دە وەڵڵاهی ئێستا باسمان کردی..

خدە: دەیانگوت دەچینە شار و لێی دەپاڕێنەوە...

چوارەم: دەستی ماچ دەکەین و...

سێیەم: بەڵکو بە یەکجاری دەگەڕێتەوە..

خدە: پشیلە لێرە نەبوو مشکان.. (مەبەستی حەسۆ و مچەیە) ترنینییە..

عەبدی: حەسۆ شێلم.. مچە.. چۆنن.. باشن؟ زەینەب هاتوومەتە سەرەخۆشی..

زەینەب: هەی ڕۆ عەبدی خان خێر بڵێ..

عەبدی: لەمەولا خێر دەبێ.. لەمەولا.. ئەوە هاتمەوە ئەم جارە خێر و حەسەنات

بەسەر هەموو لایەکدا دابەش دەکەم بەتایبەتی بەسەر خەزووری خوا لێ خۆشبووی..

مچە: حەمەدۆک..

عەبدی: خۆتان خۆش..

حەسۆ: چۆن، گوایە حەمەدۆک..

عەبدی: کوژرا حەسۆ.. حەمەدۆک کوژرا.. سەگ تۆپ بوو.. پێرێ جەندرمە کەلەشە بۆگەنەکەیان هێنایە شار..

سێیەم: خزمینە.. دەبووایە بکوژرێ.. کێ ڕکابەری خانی پێ دەکرێ.؟

چوارەم: ئێمە وەک مەڕ و بزن واین ئەگەر شوانێکی وەک عەبدی خانمان نەبێ.. گورگی وەک حەمەدۆکی دەمانخوا وانییە؟ بۆ قسە ناکەن؟

وەلی: (دەنگ) هۆ خزمینە هۆ.. شایی بکەن.. هۆ کەنگرەیی هۆ.. زەماوەند ساز کەن..

عەبدی: بەزاتی خوا وەلییە شەلە.. با بزانین ئەوە چ مژدەیەکی هێناوە..

وەلی: "بێدەنگی. وەلی دێت " کوڕگەل مژدەم پێیە مژدە.. کاک حەسۆ..

عەبدی: ئادەی کاک وەلی.. بەڵکو مزگێنییەکی باشت دەدەمێ..

وەلی: پەلە مەکە خان.. با جارێ.. کوا زەینەب.. زەینەب خان .. وەرە.. هەستە.. هەلهەلە لێ دە.. بەستەی بووک و زاوا بێژە (بە گۆرانی) " زاوا لە بووکێ مەدە.. هێی برا لە بووکێ مەدە ".

حەسۆ: وەلی دەتەوێ چی بڵێیت.؟

وەلی خۆشی، شادی، بەڵام بۆ هەندێک کەس.. خەم، نا مرادی.. پێرێ.. حەمەدۆکی کەنگرەیی.. حەمەدۆکی پاڵەوان.. خەجیجی رزگار کرد..

حەسۆ: (زەینەب هەلهەلەی لێ دەدات) وەلی ڕاست مزگێنیت کەوت..

وەلی: ئێستا وا بەڕێوەیە.. بەرەو گوندی..

عەبدی: (بە چرپە بۆ وەسمان) وەسمان خێرا بمگەێنەوە شاری.. دادەخشێ..

حەسۆ: ئا عەبدی ئا.. ڕاکە.. پشیلە لێرە نییە مشکان ترنینییە.. ها.. خێراتر.. کوڕە هات.. حەمەدۆک هات.. هات.. هات.. (هەموو پێ دەکەنن). لە پڕ بێدەنگ دەبن. حەمەدۆک دێ.

حەمەد: گەلی برادەران.. لام وایە مام حەسۆ.. لە هەموومان بەتەمەنترە..

هەموو: بەڵێ کاک حەمەد وایە.. مام حەسۆ.. دنیا دیتەیە..

حەمەد: کەواتە.. با پرسیارەکە لەو بکەم..

حەسۆ: فەرموو ڕۆڵەم.. فەرموو..

حەمەد: مام حەسۆ.. لە کاتی خۆی.. ئەم زەویوزارە هی کێ بوون؟

حەسۆ: هەمووان ڕۆڵەکەم هەمووان..

حەمەد: ئەدی کە باوکی عەبدی هات؟

حەسۆ: ڕۆڵە خوا لێخۆشبوو، باوکی عەبدی کەی وەک ئەم ڕێوییە چاوچنۆک و زۆردار بوو.. ئەمیش خان بوو، بەڵام وەک ئەم دڕندەیە..

حەمەد: ئێوە ڕاتان چییە؟

سێیەم: قوربان مام حەسۆ ڕاست دەکات..

دێهاتی چوارەم: خۆ عەبدی خان زەوی دروست نەکردووە.

دێهاتی یەک: خۆماڵی باوکی ئەو نین..

دێهاتی دوو: بەڵێ مام حەسۆ ڕاست دەکات..

حەمەد: کەواتە.. گوێ بگرن.. خزمینە.. براکانم.. دیسان وای لێ دێتەوە ڕاست وەک جاران..

مچە: زەوی بۆ خۆمان دەبێت.؟

دێهاتی چوارەم: دەبین بە خاوەنی زەویوزار..

حەمەد: ڕاست وەک جاران.

حەسۆ: خوا بکا وابێت ڕۆڵە.. خوا بکا..

حەمەد: وا دەبێت مامە حەسۆ، جا مامەکەم داوات لێ دەکەم.. ڕیش سپی و پیاو ماقووڵانی هەر چوار گوندەکەم بۆ بێنی.. دەمەوێ.. قسەیان لەگەڵدا بکەم. ڕێگەیەک دابنێین بۆ دابەشکردنی زەوییەکان.. دەبێت لەمەولا.. لەم نۆکەری و ملکەچییە ڕزگاری بێت. هەر کەسەو چ دەچینێت ئەو دەدرووێتەوە و هی خۆی دەبێت.. دار و کانی و ڕووبار و مەڕ و گاجووت.. بۆ هەمووان دەبێت.. بۆ هەمووان..

هەموو: دەم خۆش.. خوا خۆشت بکا.. تەمەن درێژی بۆ حەمەد..

عاسم: گەورەکان.. عەبدی بۆ ئەوەی نەگەڕابووەوە گوندی چەند ساتێک بوەستێ.. بەڵام چ دەکەی، حەمەد نەکوژراوە.. ناچار بە پەلەپەل خۆی گەیاندەوە شار.. یەکسەر بۆ لای عەریزەنووسی.. دووبارە.. سکاڵا لە دووی سکاڵای نووسی.. دادگە نەما، فەرمانبەر نەما سکاڵایەکی خانی لا نەبێت.. چۆن دەبێت نۆکەرێکی خۆی، دێهاتییەکی ڕووتەڵە، هەتیوچەیەکی بەردەرگەی ئەم پاشایانە زەوی و ڕەشەوڵاخ و سامانی دابەش بکا چۆن؟

عەبدی: (لە سووچێکدا لە تەک عەریزەنووسێک وەستاوە) بنووسە کاکە بنووسە.. چۆنت پێ دەڵێم ئەوها بنووسە. لەم ناوچەیە.. ڕێگرێک پەیدا بووە.. تینووی خوێنە.. بنووسە.. منداڵان سەر دەبڕێت.. بنووسە.. کیژان دەفڕێنێ هەتکیان دەکات.. بنووسە.. لەم ناوچەیە بووەتە پاشا و ڕۆژ بەرۆژ دەسەڵاتی زیاد دەکات.. دێهاتییان لە ڕێ دەردەکات.. بنووسە برام بە جۆرێک بچێتە مێشکیانەوە.. بنووسە.. پاش ئەوەی کیژەکان ئەتک دەکات لەتوپەتیان دەکات بە دارانەوە هەڵیان دەواسێ.. براله.. بەجۆرێکی وا بنووسە، باش حاڵی بن هەموو خوێندەوارییەکت بەکار بێنە.. بنووسە قوربان بنووسە.. کەس بێتە دەر.. کاسبی بکا بێتە شار.. بنووسە براله.. وای بنووسە.. یەکسەر سوپای بنێرن..

عاسم: گەورەکانم.. دووبارە.. فەرمانم بۆ دەرچوو ئەم جارە چ بە زیندوویی چ بە مردوویی، دەبێت حەمەدۆک بگیرێت. تەواو.. ژیانی حەمەدۆک بووەتە مردنی یاسا.. زۆر دڵگیر بووم دەمزانی وا نییە، بەڵام چ بکەم بە هیچ جۆر نەمدەتوانی خۆم لەم کارە دوور بکەمەوە. بۆیە چەند ڕۆژێک خۆم دواخست.. هەر نەبێت، درەنگتر حەمەدۆک لەنێو دەچێت تا ئێوارەیەک.. لە دانیشتنێکی تایبەتی چرپەیەکم کەوتە بەرگوێ.. گوایە لەم نێزیکانە.. لێبووردنی گشتی دەردەچێت.. کە لە چرپەکە دڵنیا بووم.. بۆ بەیانی.. بە هێزێکی فرە چەکدارەوە بەرەو گوندی کەنگرە بەڕێ کەوتم.. ئەو کاتە.. هەشت مانگ تێپەڕیبوو بەسەر ڕزگارکردنی خەجیجدا.

## دیمەنی بیست و چوارەم

(مـەیدانی دێ! گـوندی پشـتـیـان لە بینەرانە. دوو جـەندرمـە بەرامبەریان وەستاون. عاسم دێت و لە ناوەندی جەندرمەکانە)

عاسم: کوا، وەلییەشەل هات؟

وەلی: بەڵێ جەناب.. هاتم.

عاسم: فەرموو وەلی.. وەرە پێش..

وەلی: ئەمرکە گەورەم..

عاسم: بزانە کاک وەلی. پاش پرسیارێکی زۆر.. خەڵک دەڵێن.. تەنیا ئەگەر وەلی شوێنی حەمەدۆک پێ بزانێت.

وەلی: گەورەم بۆ خۆیان وا دەڵێن.

عاسم: کەواتە.. وا نییە ها.؟ نازانی حەمەدۆک لە کوێیە؟ قسە بکە..

وەلی: (بە پاڕانەوە) جـەناب.. واز لە مـن بهـێنە.. من جـارێک هـەڵەیەکم کـردووە نایکەم بە دوو.. تـۆبە.. ئەگـەر سـەریشـم ببـڕن.. گـەر من.. نەبوام.. ئەم کارەساتە..

عاسم: بە کورتی وەلییە شەل..

وەلی: گەورەم ئەفەندی.. واز لە حـەمـەدۆک بێنن.. ئێسـتا خـاوەن خـاووخـێزانە.. مـاوەیەکی تر.. منداڵیشـیان دەبێت.. ئەگەر ئێوە لێی گەڕێن کاری حەمەد سـاز.. تـەواو.. ڕەعنا مـرد.. تۆڵە لە حـەمـەدی سـەندراوە.. یەک بـەیەک.. ڕەعنا بەرامبەر حەسەنە کەچەڵ.. ئێ قابیلە عەبدی خان چی دەوێت..

عـاسـم: کـاک وەلی واز لەم قسـانە بێنە.. ئەگەر حـەمـەدم نیشـاندەی گـەورەترین بەخشیشت دەدەمێ..

وەلی: بمبورە قوربان.. تۆبەم کردووە.. وازم.. لە شونهەڵگرتن هێناوە..

عاسم: وەلی.. حەمەدۆک هەر دەگیرێ.. عەبدی هەر دەگەڕێتەوە.

حەسۆ: ئەفەندی ئێمە ئەوە دەزانین هەتا حەمەد مابێت عەبدی ناوێرێ بگەڕێتەوە..

عـاسـم: ئاخـر مـام حـەسـۆ من حـەزم لێـیـە حـەمـەد بگیـرێ.. نـەوەک بکوژرێ.. ڕاسـتییـەکـەی منیش حەمـەدم.. ئەها.. شـتێکی تر.. من دڵنیام لەم زووانە

لێبووردنی گشتی دەردەچێت جا ئەگەر بە سەلامەتی بگیرێ هەر چەند ڕۆژێکە و ئازاد دەکرێ.. وەلییە شەل ئێمە دەزانین لە کام ناوچایە، بەڵام تەنیا ڕێگەکە..

وەلی: قوربان ئەمن لە بەفرێدا باش نابینم..

مچە: جەناب.. وەلی لەسەر بەفردا وەک شەوکوێرە..

عاسم: ئەگەر نەشتوانی هەر دەتبەم..

وەلی: جەناب لەبەر پێیانت مرم.. ئاخر.. لە سەرمان ڕەق دەبمەوە.

عاسم: چار نییە.. دەبێ.. پەلی بگرن. (دەردەچن).

دێهاتی سێیەم: ئەگەر نەگیرێ دەکوژرێ. جا بۆ ئێمە خۆمان بکەینە دوژمنی عەبدی خان؟

دێهاتی چوارەم: چۆن ئێمە بە قسەی حەمەدۆکێک هەڵخەڵەتاین؟

دێهاتی یەکەم: (بە دووەم بە چرپە) با ئێمەش یەک دوو قسان بکەین..

دێهاتی دووەم: هەتیوەکەی برایمۆکی بەدبەختیش بووەتە بنیادەم.

دێهاتی یەکەم: دەربەدەری کێو و دەشتان.

دێهاتی سێیەم: بە هەموو ئەقڵی.. زەوی عەبدی خان دابەش دەکات..

دێهاتی چوارەم: لای وایە میراتی باوکیەتی..

دێهاتی یەکەم: وەک سەگ لەبەر دەرگەی عەبدی خان گەورە بووبوو..

دێهاتی دووەم: هەتیوی برایمی گۆڕ بەگۆڕ..

مچە: کوڕە ئێوە پیاو نین.. شەرم ناکەن.

دێهاتی سێیەم: (لەگەڵ برادەرەکان دوور دەکەونەوە) ڕۆژی تۆش دێت.

مچە: دە ڕاوەستن هەتا ڕۆژ نەهاتووە..

حەسۆ: مچە ڕاوەستە (تەنیا عەلە و خدە، دەمێنن)

خدە: ئەرێ عەل.. عەلەشیش..

عەلە: ها خدە..

خدە: مادامەکی خۆت لە من ئاقڵتر دەزانی.. با ئەم پرسیارەت لێ بکەم.. ئەوە بۆ ئەمانە.. هەر دەمێ، لەسەر ئاوازێ.. لووشکە داوێن؟

عەلە: قەت تێ ناگەی خدە، هەرگیز.. ڕۆڵە بنیادەم کە زەلیل بوو.. ڕەوشت و هێز و

بڕیاری لەدەست دەردەچێ. کێ بەهێزە.. پەنای دەباتە بەر.. جا ئەم کەسە هەر کێ بێ. خدە.. ئەمانەش زەلیل..

خدە: کوڕە ئاخر.. شەرمێ حەیایێ.. دەوەڵا من.. من شەرم دای گرتم..

عەلە: (پێکەنین) هەی لەدووڕ قووڕێت نێم درۆزن.. چۆن کەر شەرم دەکەن؟

عاسم: گەورەکانم.. مانگێکی رەبەق وەلییەشەل ئەملا و ئەولای پێ کردین. لە گیانی خۆمان بێزار بووین.. سەرماوسۆڵ رەنگی رەش کردبووین.. ڕۆژێک.. جەندرمەیەک بەڕێکەوت حەمەدی دیبوو.. خێرا بەرەو پیرم هات و مژدەی دامێ.. یەکسەر ملی ڕێمان گرتە بەر.. دەمەوئێوارە.. زارکی ئەشکەوتەکەمان دۆزییەوە.. لەم بەرە و حەمەدیش ژیانی لێ تاڵ بووبوو.. نەک لەبەر ئێمە. نەخێر.. حەمەد هەموو کات چارەی ئێمەی دەکرد، بەڵام خەجیج بووەتە خەم و کەسەر.. لەم کاتە ناهەموارەدا.. لەسەر مانگ و رۆژی خۆیەتی.. سەرما و برسیەتی و ماندووبوون، شەل و شەکەتیان کردبوو.. هێزیان لەبەر بڕیبوو.. ژان لەدوو ژان دەیگرێ.. کەچی هەر رزگاری نەبوو..

دیمەنی بیست و پێنج

(زارکی ئەشکەوتێک. حەمەد بەکڵۆڵی وەستاوە، جەبار جگەرە دەکێشێ) جەبار..

جەبار: وەرە.. ڕەشاتییەکم بەرچاو کەوت..

خەجیج: ئای دایە گیان مردم.. کوڕە حەمەد.. فریام کەوە..

حەمەد: جەبار چاوت بکە چوار چاو.. بزانم چییەتی؟ (دەڕوا).

جەبار: حەمەد مەڕۆ.. ئەوە هاتن.. دانیشە..

عاسم: (دەستڕێژێک دەکات) هۆ حەمەد هۆ.. کوڕە رادەستم بە.. چارەت نەما.. لە هەرچوار لاوە گەمارۆ دراون.. هۆ حەمەد هۆ.. لەم زووانە لێبووردنی گشتی دەردەچێ.. وەرە بیکە پیاوەتی تەسلیم بە.. نامەوێ بکوژرێن..

(حەمەد دەستڕێژێک دەکا) هۆ حەمەد.. هۆ.. زۆر زۆر.. حەفتەیەک.. مانگێک.. خۆتان دەگرن.. هەر تفاقتان لێ دەبڕدرێت. ئێمە تازە لێرە نابزوێین.

حەمەد: دەزانم ئەفەندی دەزانم.. ئەنجامەکەی هەر وا دەبێ، بەڵام هەتا هەنگی

کەسی زیندووتان ناهێڵم.. ئەفەندی.. من تەسلیم نابم.. بە مردوویش.

عاسم: مخابن بۆ پیاوێکی وەک تۆ.. رۆڵە.. ئەگەر هەمووشمان بکوژی هەر سوودی نییە، چونکە ئیدیمان دێتە جێ. حەمەدۆک لەم کارە قازانج ناکەن.. لەم زووانە لێبووردنی گشتی..

حەمەد: بزانە ئەفەندی.. هەتا ئەمڕۆ دەتکوژم.. جا..

خەجیج: (دەنگی دەستڕێژ و ناڵەی خەجیج تێکەڵ دەبن) وەی دایە.. خوایە بگە فریام.. دایە گیان.. بریا منت نەبووایە.. ئای..

حەمەد: ئای.. کوژرام.. جەبار ئاگەدار بە..

خەجیح: (بە خشین دەیگاتێ) حەمەد گیان.. بریندار بووی.. ئەمن خۆم دەکوژم..

حەمەد: مەترسە گیانەکەم.. هیچ نییە.. دوورکەوە.. دەی خێرا (خەجیج دوور دەکەوێتەوە، دەزریکێنێ) گیانەکەم.. تێنێ بدە خۆت.. خۆت بگوشە.. دەمت داخە.. جەبار.. ئەم لایە بگرە.. تا لای خەجیج دەڕۆم..

جەبار: باشە برام..

حەمەد: (دەگاتە خەجیج) خۆ سەلامەتی..

خەجیج: حەمەد.. کوڕێکمان بوو..

جەبار: حەمەد مژدە..

حەمەد: (هەڵدەستێتەوە) دەستڕێکی سپی بەرز دەکاتەوە.. تەسلیم..

جەبار: حەمەد شێت بووی؟!

حەمەد: جەبار راکە.. من.. تەواو.. کارم ترازا.. تەسلیم.. راوەست

عاسم: (دێتە سەر شانۆ) کەس تەقە نەکا... لە سەنگەر نەبزوێن دەچمە لای.. نەبادە.. فێڵ بێ.. (بە وریایی بەرەو حەمەد دەچێت) حەمەدۆک ئەوە چ خێرتە؟ چۆنی؟

حەمەد: خۆش بی..(دەستەکانی بەرز دەکاتەوە)

عاسم: ئێستاش باوەڕ ناکەم تەسلیم بووی (حەمەدی کەلەبچە دەکات)

خەجیج: (بەگریان و تووڕەیی) عاسم ئەفەندی وا تێ نەگەی ئێوە حەمەدۆکتان گرتووە.. (مەلۆتکەکە بەرز دەکاتەوە) ئەمە حەمەدۆکی ناچار کرد جا نەکەی لای کەس بڵێی من حەمەدۆکم یەخسیر کرد..

عاسم: (دادەمێنێ. پاشان کەلەبچەکە لە دەستی حەمەد دەکاتەوە چەک و تفاقی خۆشی لەسەر زەوی دادەنێ) کە دابەزی.. تەقەم بەدوو بکە.. (دەبێتە تەقە) ئەم ڕێوییە فێڵێکی وای لێ کردم.. خوا دەزانێ چۆن ڕزگارم بوو (تریشقە و برووسکە شانۆ گەمارۆ دەدەن)

عاسم: گەورەکانم. کە حەمەدۆکم بەو جۆرە دی.. بڕیارم دا بەیەکجاری دەست لەم پیشەیە بەردەم.. گەڕامەوە.. وام بڵاو کردەوە کە حەمەدۆک ناوچەی بەجێ هێشتووە.. ئەوسا حەمەد و خەجیج تۆزێ بووژانەوە منداڵەکەشیان تازە فێری خەندە دەبوو، پاش ماوەیەک ئەرکی ڕاوکردنی حەمەدۆک درایە زەلامێکی تر.. چەند جارێک بەرەنگاری یەکتر بوون.. هەموو کات جێگرەکە دەشکا و دەهات داوای پلان و ئامۆژگاری لێ دەکردم.. لە دوا هێرشدا خەجیج جوانەمەرگ دەبێت. حەمەدۆک کۆرپەکەی دەداتە جەرگ سووتاو.. هەر نەبێ منداڵەکە دەربازبێ و بەئاسایی پەروەردە بێ، حەمەدۆک بە نامرازی.. بەتاقی تەنیا مایەوە.. نامراز و نیگەران بووبوو.. تا ئەو ڕادەیە کە جەباری هاوڕێی هات و مژدەی دایێ.. (لە سووچێکدا بەدڵگیری دانیشتووە.. جەبار بەتاو دێت)

جەبار: حەمەد.. حەمەد مژدە..

حەمەد: ها جەبار

جەبار: مژدە لێبووردن دەرچوو..

حەمەد: (بە ساردی) توخوا

جەبار: (دادەنیشێ و بێدەنگی) حەمەد.. وا دەچم.. تەسلیم دەبم (حەمەد هەڵدەستێ، جەباریش، یەکتر لە باوەش دەکەن) ئەدی تۆ؟

حەمەد: نازانم. (جەبار دەڕوا حەمەد تەماشای بۆشایی دەکات)

عاسم: گەورەکانم.. ئێوارەیەکیان گەڕایەوە کەنگرە.. نێوچەوانی تاڵ وەک بەردێکی سەخت.. جگە لە دژواری و تاریکی ڕووناکی تێدا نەبوو.. یەکەم جار بوو بەڕۆژی ڕووناک بێتەوە گوندی.. خۆشی نەیدەزانی بۆ هاتووە.. وەک سەرخۆشان بەلادا دەهات، خەڵکەکە.. بە سەرسامی و جۆرە ترسێکەوە سەرنجیان دەدایێ.. لە هاتنەکەی نەدەگەیشتن.. تا زەینەب بەقسە نەهات.. چرپە بێ لە ئاوایی نەبوو..

## دیمەنی بیست و شەشەم

(دەیزانی دێ. حەمەد دێت بێدەنگی)

زەینەب: (بە تەوسەوە) ها حەمەدۆک.. خەجیجت بەوان بە کوشت دا و ئێستاش هاتووی رادەست ببیەوە؟ دەتەوێ دیسان عەبدی بێتەوە.. وەک ئاغایان بژی؟

حەسۆ: حەمەدۆک دڵی تۆ دڵی پیاوان نییە، دڵی ژنانە.. تەنیا ئەم ساڵ کەنگرە لە خۆشی دابوو.. برسیەتی نەدیبوو.. نان زۆر بوو.. دێهاتی پێ دەکەنین..

زەینەب: ها حەمەدۆکە ژنانی.. بۆ کوێ دەچی.. بۆ کوێ؟ هۆی ژنیلە.. ژنیلە..

حەسۆ: ئەها ئەم دێهاتییانە ئەم هەموو خەڵکە چاویان لە چاوی تۆ بوو.. دەتەوێ دیسان عەبدییان تێ بەردەیەوە؟

زەینەب: حەمەدۆک.. رۆڵەکەم.. ئێستا ئێسکەکانی ڕەعنای بێ چارە لەنێو گڵکۆدا ئاگر دەگرن هێشتا کفنی خەجیجی دەسگیرانت نەرزیوە..

حەسۆ: نا رۆڵە برۆ لێبووردن هەیە پیرۆزت بێت.

زەینەب: ئینجا خێرا وەرەوە گوندی خان پێویستی بە زەلامێکە..

حەمەد: (لەپڕ هەڵدەستێ. چاو دەگێڕێ. وەلی دەبینێ) عەبدی ئێستاش هەر لە شاردایە؟

وەلی: بەڵێ کاک حەمەد

حەمەد: ناونیشانی خانووەکەم پێ بڵێ.

عاسم: گەورەکانم حەمەدۆک.. بڕیاری کۆتایی دا چووە شار.. باڵەخانەکەی عەبدی دۆزییەوە.. بە وەستایی دەرگەی کردەوە، گورج چووە ئەو ژوورەی عەبدی لێ بوو چووە سەری.

عەبدی: (پاڵی داوەتەوە. هەست دەکات یەکێک هاتووە) تۆ کێی؟

حەمەد: حەمەدۆک.. چاوت بکەوە.. (لەگەڵ تاریکی دا.. سێ تەقە دەبیستن)

عاسم: سێ گوللەی لە سنگی عەبدی دا.. بەدەنگی گوللەکان چرای ژوورەکە کوژایەوە.. دەمودەست گەڕایەوە کەنگرە.. تازە رۆژ هەڵاتبوو.. خەڵک بەرەو کارو کاسبی دەڕۆیشتن. حەمەدۆکیان بینی دەوریان دا..

حەمەد: پلە زەینەب.. پلە.. (دەستی زەینەب ماچ دەکات) گەلی برادەران.. گەردنم ئازاد کەن.. (بەتوندی دەڕوات)

زەینەب: کوڕە. لاوە ناکامەکەم.. پاڵەوانە بێ کەسەکە..

عاسم: ئیدی خەبەرێک لەبارەی حەمەدۆکەوە نەبیسترا.. ناونیشانی ون بوو.. ئیدی لەو ڕۆژەوە تا ئێستاش گوندییەکانی ئەم ناوچەیە هەموو ساڵێک کۆ دەبنەوە پێش ئەوەی زەوی بکێڵن ئاهەنگ دەگێڕن چەند دڕک و داڵی ناوچەکە هەیە دەسووتێنن ئاگر سێ شەو و سێ ڕۆژ لە سەرانسەری ناوچەکەدا وەک شێتان زەوی دەڵێتەوە.. لە دڕک و دارە سووتاوەکە هاوارێک هەڵدەستێت لە هەمان کاتدا لەسەر لووتکەی کەنگرەدا تیشکێک دەتەقێتەوە سەرتاپا ناوچەکە وەک نیوەڕۆ ڕووناک دەبێ.. (دەهۆڵ و زوڕنا. ڕووناکی شانۆ دادەگرێ گوندییەکان بەگۆرانی شایی دەکەن هەتا زەینەب و حەسۆ و وەلیش پێکەنین بەسەرلێوی هەمووانەوەیە..)

مچە: بەئای ئای ئای

خزمینە دەستم بگرن      پڕ بەدڵان هەڵپەڕن
لە پێناو یادی حەمەد      قین و دەغەز لابەرن

وەلی: ئای ئای ئای

کوڕە لاو و کیژۆڵان      پێکەنن پڕ بەدڵان
هەتاکو حەمەد مابێ      زەوی پڕ کەن لە گوڵان

حەسۆ: ئای ئای ئای

هاوار کەن بەدڵ و زار      چ زۆرە کانی و ڕووبار
دار و بەردیش بکێڵن      بۆ خۆمانە زەویوزار

زەینەب: ئای ئای ئای

هەڵپەڕن تا بەیانی      بە ئاواز و گۆرانی
خەم و ئازاری حەمەد      سەربەرزی بۆمان هانی

کۆتایی، ١٩٨٧/٣/١٦

# سێدارە

کارەکتەرەکان

- رزگار رۆستەمی میدیایی: رووناکبیر
- بەهار: خێزانی رزگار
- کامۆ: شاعیرێکی توندڕەو
- بایز: باوکی بەهار
- کابرای ١و ٢و ٣و ٤
- نادر ساڵح: رووناکبیرێکی بوودەڵە
- نەرمین: سۆزانی
- مەمۆ، خدر، خەلیل (کەساتی شۆڕشگێڕن)
- سمکۆ
- پاشا
- هیوا
- باوکی هیوا
- چەندان ئەفسەر و جەندرمە و هاووڵاتیی تر...

## دیمەنی یەکەم

(بەر لە رووناککردنی شـانۆ گـوێمـان لە هـەرایەک دەبێت پتـر لە ئاهەنگ دەچێت، پێشـەوەی شـانۆ رووناک دەکرێت، چەند کەسـانێک بە دڵشـادی هاتوچۆ دەکەن، ساردفرۆش، گوڵفرۆش، بەزمیانە، لەلایەک قاقا.. لەلایەک گـۆرانی.. دواتر رووناکی دەچێتـە سـەرەوەی شـانۆ، چەند جـەندرمـەیەک وەسـتـاون، لە ناوەڕاسـتی سـەرەوەی شـانۆ چوار کابرایەکە وەک ئەوەی لە دادگە دانیشتوون، ئاوها رەفتار دەکەن..)

کـابرای ١: تاوانبـار بێت. (دوو جـەندرمـە زەلامـێکی چاو و دەست بەسـتـراو دێنن بەرەو سـەرەوەی شـانـۆی دەبەن، لـە ناوەڕاسـتی سـەرەوە سـێـدارە هەڵواسراوە. زەلامـەکە لە تەنیشت سـێدارەکە دەوەستێنن شانۆ کپ دەبێت و سەرجەمی رووناک دەکرێت.)

جەندەرمـەی ١: (بە پەلە دێتە سەر شانۆ نووسراوێک بە کابرایەکە دەدات) فـەرموو گەورەم.

کابرای ١: (دەیخوێنێتـەوە و نیشـانی سێیـەکەی تری دەدات) ئیمزای دەکات و بە هێمـا ئەفسـەرێک بانگ دەکات مـشـتـومـڕی لەگەڵ دەکەن، پاشـان خێرا بڕیارەکە دەخوێنێتەوە.

ئەفسـەر: (ووسـراوەکە وەردەگرێ و روو لە بینەران دەکات و دەیخـوێنێتـەوە، بەڵام ئێمـە تەنیا گوتەی یەکەمی دەبیستین، چونکە دەنگی جـەماوەر، هەلهەلە، چەپڵە هتد.. دەنگی ئەفسەر دەشارنەوە). بڕیار..

بینەر ١: دڵنیام سیخوڕە.

بینەر ٢: نەخێر چەتەیە..

بینەر٣: کاکە من دەیناسم خۆم دەزانم چ خوێنمژێکە!

بینەر٤: قسەی قۆڕ

بینەر ١: دە وەڵڵا و بیللا و تیللا

فرۆشیار: گوڵەبەڕۆژە... گوڵەبەڕۆژەی...

بینەر ٢: راستییەکەی با من پێتانی بڵێم..

فرۆشیار: پیپسی ئێرانی
بینەر ٣: برایان خۆزیا... خۆزیا هەر ڕۆژەی یەکێکی وایان لەسێدارە دەدا، ئێوە نازانن ئەو کافر باوکە چ زەندیقێک بوو.
فرۆشیار: قەزوانی تورکی...
بینەر٤: پاشامان خوا بیپارێزێت خۆی دەزانێ چی دەکات.
بینەر ١: بەهەرحاڵ میهرەبانی و دیموکراسی داد نادا.. دەبێ یاسا بەرقەرار بێت.
ئەفسەر: جا بۆ ئەوەی تاوانبار ببێتە پەند بۆ ئەوانە و سەرجەم ئەوانەی لە ڕێی نیشتمان و پاشا لادەدەن.. "چەپڵەڕێزان و ئافەرین)
بینەر ١: بژی سوڵتان، بژی سەرۆک، بژی پاشا، با...
هەموو: بژی
بینەر٢: بژی یاسا با...
هەموو: بژی.
ئەفسەر: (دیارە نووسراوەکەی خوێندووەتەوە) کابرا.. بەر لەوەی بتنێرنە لای دۆستەکانت ئەگەر شەکرێکت هەیە بیشکێنە.. چونکە ئێمە دیموکراسین و ڕێ لە ڕای ئازاد و قسەی نەیاران ناگرین.. (شانۆ کپ دەبێتەوە).
تاوانبار: ئەی گەلە خۆشەویستەکەم.. خوشکان، برایان... مخابن ئەوەیە، کە هیچ کامێکتان نازانن من لە سێدارە دەدرێم، ئەگەر هەر وا هەست بە ئازار و ئەشکەنجەی کەسانی وەک ئێمە نەکەن... ئەگەر...
کابرا ١: خێرا دەفنی کەن. (هەڵڵا و چەپڵەڕێزان...) دوو جەندرمە تاوانبار بەرەو گوریسەکە دەبەن، (لە ملی دەخەن.)
تاوانبار: (بەر لەوەی ستولەکەی ژێر پێی لابەرن) دڵنیا بن لەسەر هەقم.. هەق هەقی من هەقی ئێوەیە..
ئەفسەر: دە مادامەکی بیخۆ. (یەکسەر لە تەک ستولەکە دەدات و لەشی تاوانبار لە بۆشاییدا جوولەی مردن دەکات، ئیدی جەماوەر بە بژی پاشا و سەرۆک و بژی نۆکەر و چەپڵە و (گۆرانی و دەهۆڵ و... هتد شانۆ گڕ دەدەن. پاشان "هێدی هێدی دەنگەکان کپ دەبنەوە و تەنیا (لەسێدارە دراوەکە لەسەر شانۆ دەمێنێت.)

کامۆ: (بەترسەوە دێتە سەر شانۆ. دەڕوانێتە دەوروبەری، شێتانە پێ دەکەنێت) ئەمەشمان فت... ئەمەشیان کوشت.. (بوتلێک) دەڕوانێ" لەسەر شەرەفی دراوسێیەتی و هاومێژوویی و نەتەوەیەکگرتووەکان و شەرەفی ئەم مرۆڤە بەسەزمانە. (مژێک لە بوتڵەکە دەدا.)

رزگار: (لەلایەکی ترەوە بە خەمباری دێت، بە سەرزەنشتانە) کامۆ

هیوا: "مێرد منداڵێکە، بە ڕاکردن بەرەو سێدارەکە دێت) باوکە.. باوکە گیان..

کامۆ: (بەمیهرەبانی) هیوا، گیانەکەم، دەنگت نەیێ..

رزگار: (بە پەلە دەچێتە لایان.) ئەمە کوڕی..

کامۆ: بەڵێ کوڕی ئەوە..

رزگار: کەواتا وس، نقەتان نەیێ..

جەندرمەی ١: (دوو جەندرمە دێن) دەهۆڵ دڕا تەقەی بڕا..

جەندرمەی ٢: دەبێ ئێوەش ئێرە چۆل بکەن.. خێرا..

جەندرمەی ١: ئەم منداڵە کوڕی کامتانە..؟

رزگار: کوڕی منە.

جەندەرمەی ٢: ئافەرین مامۆستا.. با تەماشات کات لە ئێستاوە ئەم جۆرە دیمەنانە ببینێ هەتا لە گەورەیی رەفتاری چەوت "نەهاوێژێ" نەکات..

جەندرمەی ١: تەواو دەهۆڵ دڕا تەقەی بڕا.. خێرا.. خێرا.. خێرا..(رزگار و کامۆ و منداڵەکە بە خورتی لە سێدارەکە دوور دەکەنەوە. هەرسێکیان دێنە ناو هۆڵ. (دەنگی گریانی منداڵەکەو رووناکییەکی کز)

## دیمەنی دووەم

(لە هەمان شوێنی سێدارەکە کورسییەک دانراوە و (پاشا لە سەری دانیشتووە. چوار کابراکە و جەندرمە، ژنێک لەسەر ئاوازی (هذه لیلتي- ئوم کەلسوم) سەمایەکی سێکسییانە دەکات، هەموو سەرخۆش. چوار کابراکە وەک بۆی خزمەتی پاشا دەکەن).

***

## دیمەنی سێیەم

(ماڵی رزگار– ئایەتێکی گونجاو لە قورئانی پیرۆز بە دەنگی عەبدولباست لێ دەدرێ. رزگار و کامۆ و هیوا بە (خەمباری دانیشتوون. بەهار دۆڵکەیەک ئاوی هێناوە و یەکەیەکە بەسەریاندا بەشی دەکات)

رزگار: (بە بەهار) ناخۆمەوە، سوپاس. کامۆ.. ئینجا لەمەولا دەبێ پتر ئاگات لە خۆت بێ.. ئەوە دەبینی چاوەکانی پاشا لە هەموو سووچ و بەرێکدا پەرش و بڵاو بوونەتەوە، دار و دیواریش بوونەتە گوێی جەندرمە و نۆکەرانی پاشا.

کامۆ: ڕاستە چاو و گوێیان بڵاو بوونەتەوە، بەڵام کلیلیان وا لە دەستی منە (دەیداتە قاقا و پاشان خۆی بێدەنگ دەبێ).

رزگار: (بە گلەیی) کامۆ!

کامۆ: (هیوا لە باوەش دەگرێ) هیوا گیان وا مەزانە پێ دەکەنم.. ئەوە پێکەنین نییە.. بگرە جۆرێکە لە دەربڕین..
من بەو جۆرە ئاوازە ژان و ناخۆشییەکانم دەردەبڕم..

بەهار: (میهرەبانانە هیوا لە باوەش دەگرێ و پاشان دەستی دەگرێ) بە قوربان تاخمێک نوێنی نوێ قەرەوێڵەیەکی خنجیلانەم بۆت داناوە.. جا ئەگەر حەز دەکەی با بچین بخەوە.

رزگار: (پاش ئەوە بەهار و هیوا دەڕۆن) بزانە کاک کامەران ئێستا بارودۆخەکە بە تەواوی شڵەژاوە.. هەر کاتێک قڵێشایەوە...

بەهار: من وای بۆ ناچم.. ئەوانە ڕاستە دوژمنی مێژوویی یەکترن، بەڵام کە مەسەلە دەبێتە ئێمە، دۆستن بۆ مژینی خوێنی ئێمە.

کامۆ: کەواتە من لەمەولا بە قسەت ناکەم.

رزگار: ئەی بە قسەی کێ دەکەی؟

کامۆ: کتێبەکانت، بە قسەی کتێبەکانت دەکەم.

رزگار: کامۆ من زمان و دڵم وەک یەکە.

کامۆ: نەخێر کاک رزگار.. ترس خەریکە زمانت لاڵ دەکات و گڕکانی ویژدانت خاو دەکاتەوە.

رزگار: دیسان سەرچیخ چوویتەوە.. بزانە کامۆ گیان.. من کە دەڵێم ئاگەداری خۆت بە، مەبەستم ئەوە نییە خۆت کەڕ و لاڵ بکەیت.. نەخێر مەبەستی من ئەوەیە بە ئاژاوە و گێرەشێوێنی نیشانەکانمان ناپێکین.. پاشان.. ئەوی لێرە نیازمانە وا لەنێو کتێبەکاندا دەدرەوشێتەوە، ئاخۆ پێویستیمان بە هاتوهاوار و گەڕەلاوژە هەیە؟

کامۆ: زۆر پێویستیمان پێیەتی.. ئەو جەماوەرەی ئێمە سەدان ساڵە سەرکوت دەکرێ، چاو و گوێ و هەستەکانیان زیندەبەچاڵ دەکرێ.. جەماوەرێک ئاوا بێ، ئەمە حاڵی بێ، پێویستە بهەژێندرێت، بلەقندرێت، لە رەگوڕیشەوە بە ئاگایان کەینەوە، چونکە ئەوانە وەک بەنگکێش و سەرخۆشانە، وەک یارانی ئەشکەوت خەوتوون، ئەم هێزە کاریگەرەش ئەگەر لە خەو هەڵنەستێت، شیعر و مۆسیقا و شانۆ، بگرە تفەنگیش بەرامبەر ئەو هێزەی دوژمنان سوودی نابێ.

رزگار: کامۆ دەڵێی ئەلف و بێی سیاسەتم فێر دەکەی.

کامۆ: نەخێر ئەلف و بێی هەقیقەتت فێر دەکەم، ئێوەی رۆشنبیران، هەرکەسەو تەلارێکی ئەفسووناوی لە کاغەز و ڕەنگ و شتی تر دروست کردووە. جا ئەگەر نەیەنە ناو خەڵکی، زانستییانە رەفتار لەگەڵ رۆژگار نەکەن، بە فوویەکی ئەم دێوە دڕندانە خۆتان و تەلارەکانتان نغرۆ دەبن.. باوکی ئەم هیوایە بەستەزمانەش چاکترین بەڵگەیە.. قسەکانم راستە یا؟

رزگار: راستە؟

کامۆ: کەواتە؟

رزگار: من دەنووسم..

کامۆ: منیش بە هاوار دەیانخوێنمەوە..

رزگار: مەڕ بە پێی خۆی..

کامۆ: بزنیش بە پێی خۆی. (وەک بزن رەفتار دەکات)

رزگار: گرینگ ئەوەیە ئێمە هەردووکمان هەمان نیازمان هەیە.. با رێبازیشمان جیا بێت..

کامۆ: برا برایە و کیسەی جیایە، بەلآم بەو مەرجەی هەوڵ دەدەن بۆ ئاوەدانی ماڵی

باوکیان.. بای..

رزگار: بۆ کوێ؟

کامۆ: شەیتانی خۆم رادەکێشێ..

رزگار: دە ئەمشەو لای ئێمە بخەوە..؟

کامۆ: نەخێر رزگار گیان.. لەوەتەی بوومەتە دێوانەی هەقیقەت.. بە رۆژ لەنێو زیندووان بیر لە مردن دەکەمەوە و بە شەویش لەگەڵ مردووان بیر لە ژیان دەکەمەوە..

رزگار: دیسان دەچیتەوە گۆڕستان.

کامۆ: ئۆتێل بەلاش.. بۆ یەکێکی وەک منی قەلاش.. (رزگار کامۆ لە باوەش دەگرێ، کامۆ بە رێزگرتنێکی زۆرەوە دەکشێتەوە. رزگار بە زەردەخەنەیەکی دڵسۆزانە دەڕوانێتە کامۆ تا بزر دەبێ.)

## دیمەنی چوارەم

(شوێنێکی گومان لێکراو. چوار کابراکە، کتێبێکیان لە دەستە لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی دەکەن، بە گومانەوە دەڕواننە بایزە فەندی کە دوور لەوان بە تەنیا دانیشتووە)

کابرا ١: (بایز) گیانە وتارەکانم نووسی، رزگار رۆستەمی میدیایی.. کاک بایز ئەم کتێبە زاراوەکەت خوێندووەتەوە؟

بایز: (بە نیگەرانی) بەڵێ..

کابرا ٢: بۆمانی شی ناکەیتەوە؟ ناوەڕۆکەکەی زۆر تێکەڵ و پێکەڵە، پیاو بە خوێندنەوەیەک و دووان لێی حاڵی نابێ..

بایز: هەڵبەتە.. ئەم جۆرە نووسینانە بوونەتە مۆدێل.

کابرا ٣: سەرەتا وا تێ دەگەی، لەبارەی شیعر و عیشق و خەیاڵاتە..

کابرا٤: بەڵام کە قووڵ دەبیتەوە، هەست دەکەی، باسی خۆر و ئەستێرە و ئاسمان و رێسمان دەکات..

کابرا١: ئەگەر تۆزێک قووڵتریش بیتەوە، دەبینی ئەوانە هیچیان بە مەبەست نییە.. بگرە مەبەست سیاسەتە و باسی گەل و مرۆڤی چەوساوە و رەشوڕووت و.

پاشا و ئەوجا ئیدی... خۆتان تێ بگەن..!
کابرا ٢: بەڵام ئەگەر پتر بچیتە خوارێ.. دەبینیت مەسەلەی خوا و مرۆڤ و ئاین و کیمیا و بایەلۆجیا و گەردیلە و کرۆم و ئۆتۆم و شتی تر..
کابرا ٣: بەڕاستی کتێبێکی سەیروسەمەرەیە.. پیاو زۆر درەنگ، ئەویش ئەگەر.. بتوانێ مەبەستەکەی بپێکێ..
کابرا٤: بەشێواز و ناوەڕۆکی کاک رزگار بە هی کەس ناچێ..
کابرا ١: (بە قینەوە) نووسەرێکی بلیمەتە و داهاتوویەکی باشی لێ چاوەڕوان دەکرێ.
بایز: سوپاستان دەکەم.. دڵنیام دەگەشێتەوە..
کابرا ٢: دەڵێ کاک بایز پیاوە، ئەگەر پیاوە، نییە کێشی لەگەڵدا بکرێ؟
بایز: فەرموو.. ئەوەی ئێوە دەیڵێن لای من فەرمانە..
کابرا ٣: کاک بایز خۆت دەزانی ئێمە هەر چوارمان هەواداری ئەم جۆرە رۆشنبیرانەین، بۆیە زۆر حەز دەکەین لە نێزیکەوە ئاشنای کاک رزگار بین..
بایز: سوپاستان دەکەم.. ئەمە بۆ من گەورەییە، ئینجا بۆ رزگار..
کابرا ٤: خۆت دەزانی ئێمە هەر چوارمان، لە کۆنەوە پاڵپشتی بلیمەت و زانا و دانا و فەیلەسووفانین.
کابرا ١: پاشاکانمان خوا بیانپارێزێ، ئاوایان فێر کردووین وڵاتی بێ زانا و دانا، دارستانی ئاژەڵانە، بۆیە لەسەر کارگێڕانی میری پێویستە جۆرە زەوینەیەکی گونجاو بۆ رۆشنبیران دابین بکەن.
کابرا ٢: لەبەر رۆشناییی ئەم فەرموودە پیرۆزەی پاشای خاوەن شکۆی مرۆڤ و نیشتمانپەروەر، داوا دەکەین، بگرە تکا دەکەین بە زووترین کات بە خزمەتی کاک زاوات بگەین..
بایز: (شاگەشکە بووە) شانازی، سەربەرزین، من گەورەکانم، ئەگەر بمبوورن، رەزامەندی بفەرموون، من لەسەر شەرەفی ئێوەی بەڕێز.. دانیشتنێک ئامادە دەکەم و رزگار دەهێنمە خزمەت جەنابتان.
کابرا ٣: (هەر چوار دڵشاد دەبن) دەڵێم بایزە فەندی ئێمە، ئەسڵەن، زۆر

سوپاستان دەکەین، بەڵام دەترسین، ئەزیەت بێ و..

بایز: نەخێر، نەخێر قوربان، بۆ من گەورەیییە.. من مەمنوونم.. گەورەم دەکەن.. سوپاستان دەکەم.

***

## دیمەنی پێنجەم

(بازاڕ. کامۆ وەستاوە و خەڵک دەوریان داوە)

کامۆ: ئاخ.. حەیفە بۆ مرۆڤایەتی.. لەو ڕۆژەی پێشکەوتووە.. تا سەردەمی دایکایەتی.. ئاغایەتی، میریەتی تا سەردەمی پاشایەتی، سەردەمی سەرۆکایەتی.. نان بۆ وانە سواڵ بۆ ئێمە. دین بۆ وان دۆزەخ بۆ ئێمە. شەڕ بۆ وانە مردن بۆ ئێمە. ڕاستی بۆ وان درۆ بۆ ئێمە.. درۆ، درۆ، درۆ، تەنیا ئەو کات ڕاستی دەڵێن، کە ناتوانن درۆ بکەن تەنیا ئەو کات گەلپەرستن، کە ئاوارە و پەڕاگەندەن، ئەو کات لە چەوساندنەوە دەدوێن، کەمێک برسین. ئەو کاتە هونەردۆستن، گەل بێ دەهۆڵ سەما دەکە، بەڵام کە چوونە سەر کورسی، چوونە سەر مێزی دۆلار و خۆپەرستی. پەیڤی ڕاستی هەڵدەواسن، دەرگەی درۆ دەکەنەوە، لە باتی دەرمان، لە باتی ئەوین.. لە باتی ڕاستی درۆ، درۆ... درۆمان پێشکێش دەکەن.

یەکەم: هەڵلا هەڵلا لەم شیعرە مەزنە..

دووەم: کامۆ ئەم شیعرە خۆشە هی کێیە؟

کامۆ: شیعری رزگارە.. رزگار ڕۆستەمی میدیایی..

سێیەم: جا توخوا، ئەمە شیعرە! شیعر شیعری نادر ساڵح.

کامۆ: دە مادامەکی جەنابت وەکی نادری ناساڵحمان بۆ بڕشێوە؟ (قومێک لە ئارەقەکەی دەخواتەوە)

چوارەم: هەتیو نازانی ئەمە کێیە؟

کامۆ: یا جەندرمەیە، یا دزە، یا ناپاکە..

یەکەم: (بە ئامۆژگاری) کامۆ دیسان خۆت شێت کرد.

کامۆ: (بەهاوار) دووپاتی دەکەمەوە. هەر کەسێک ڕقی لە ڕزگار بێتەوە، لە هونەری

رزگار.. یا دزە، یا جەندرمەیە، یا ناپاکە..
دووەم: بۆ لەبەر چی؟ من تێ ناگەم.
کامۆ: هەڵبەتە تۆ تێ ناگەی.. چونکی مێشکی تۆ کای تێدایە.. مخابن.. مخابن بۆ ئەوانەی تا ئەم قۆناخەش مێشکیان هەر جامی کردووە. بابە گوریسی لێ دەکەم بە تەشی.
چوارەم: خوێڕی تۆ ئێمە بە چی تێ دەگەی!؟
کامۆ: مەڕ، چونکە ئێوەی نابەڕێز.. تەنیا ئەگەر سەری خۆتان ببڕێ، دەنا قەت ناڵێن باع.. بابە مەڵێن نەء، گوتەی نەء بەکار مەهێنە، نەبادا تۆقێنەرە، ترسێنەرە.. بڵێین باع..
سێیەم: بێ قیمەت ئێستا بیدەمە بەر شاپان..؟
کامۆ: (دەیداتە قاقا) ئەو برادەرە وا تێ دەگا من تۆپم.. (بەلاساییکردنەوە) بیدە بەر شاپان؟ (بە تووڕەیی) دوورکەرەوە دەی.. هەتا تووڕە نەبووم.. خێرا.. (دەبێتە شەڕ، خەڵک ئاپۆرای دەکەن. جەندرمە دێن)
جەندمەی ١: ئەم هەرایە چییە؟ پەرتەی کەن.. دەی، بێدەنگ، وس، دەنگت نەیێ؟
جەندەرمەی ٢: ئێرە نە بازاڕە و نە حەمامی ژنانە..
جەندرمە ٣: ئەدی چی؟
کامۆ: مەیدانی ئاژەڵانە، (پێکەنین)
جەندرمەی ٢: (زللەیەک لە کامۆ دەدات) سەرسەری ئاژاوەش بەرپا دەکەی و گاڵتەش بە خەڵک دەکەی؟
کامۆ: بۆ کوێ؟ (قومێک لە ئارەقەکەی دەخواتەوە)
جەندرمەی ١: بەندیخانە.
کامۆ: وام زانی لە مەیخانە داوەتم دەکات. (پێکەنین)
جەندرمەی ٢: هەیتە هەر وا دێ تاوانەکانت پتر دەکەی..
کامۆ: من تاوانم پتر دەکەم! تاوانی چی؟
جەندرمەی ١: یەکەم، شێواندن و شڵەژاندنی یاسا.
جەندرمەی ٢: دووەم، تەشقەڵەکردن بە خەڵکی..
جەندمەی ١: لە ئیشکردنی هەژاران و کاسبکاران...

جەندرمەی ۲: بڵاوکردنەوەی بیر و قسەی ژەهراوی لەنێو جەماوەری خۆشەویست.
جەندرمەی ۱: سووکایەتیکردن بە جەندرمە و شەخسی پاشای وڵاتپارێز.
کامۆ: (قومێک لە ئارەقەکەی دەخواتەوە) بە زاتی خوا مەسەلەکەیان گەورە کرد. (دووبارە دەخواتەوە)
جەندرمەی ۲: شەشەم، بێ ئەوەی حورمەت و ڕێزی شوێنە گشتییەکان بگری و لە بەرچاوی خەڵکی بە ئاشکرا ئارەق دەخواتەوە..
کامۆ: قابیلە خۆ لە بەرچاوی خەڵکی ترم نەکردووە، وەک هەندێ کەس.. (پێکەنین)
جەندرمەی ۱: (دەیداتە بەر شاپان) سەگی پیس گاڵتەشمان پێ دەکەی.
کامۆ: (بەخەڵکەکە) کاکە گەردنم ئازا کە.
یەکەم: بۆ؟
کامۆ: چونکە هەریەک لەم شەش تاوانە بە حسێبی قەرەقوش پاشا شایانی لەسێدارەدانی شازدە بێ تاوانە.. بای.. دوعای خێرم بۆ بکەن..
سێیەم: ئۆخەی خۆ لەمەولا دەحەسێینەوە..
کامۆ: ئاخ.. ئاخ بریا ئەوەندە مەڕانی نەبووان.. ئێوە مەڕن مەڕ..
دووەم: (مەبەستم جەندرمەکانە) ئەی ئەوانە..
کامۆ: (بە چرپە) ئەوانە کەرن کەر..
یەکەم: کامۆ ئەی تۆ..
کامۆ: من؟ من.. من.. ئەگەر بێ دینم گەر بێ ئیمانم. ئەگەر سەرخۆشی مەیخانەکانم.. هەر کەس بە جۆرێ لێم تێ دەگا.. منیش ئەو کەسەم کە خۆم دەیزانم.

***

## دیمەنی شەشەم

(یانەی رۆشنبیران. چوار کابراکە و بایز ئەفەندی)
کابرا: (دەخوێنێتەوە) وا دیارە رزگار نایەت.!
بایز: نا قوربان هەر دێت. بەڵام دەشێ هەندێ دوا بکەوێ.
کابرا ۲: بۆ دوا دەکەوێ؟ نازانی ئێمە..

بایز: قوربان وەک پێشتر گوتم.. چەند مێوانێکی لە دەرەوە هاتووە.
کابرا ٣: بێگانەن؟
بایز: نەوەڵڵا هەر کوردن، بەڵام خەڵکی دیوەکانی ترن.
کابرا ٤: واتە بێگانەن.. ئێمە دان بە دیوەکانی تر نانێین.. بە بێگانەیان دەزانین؟
کابرا ١: دیارە پێوەندییەکانی کاک رزگار فراوانترە لەوەی ئێمە دەیزانین.
بایز: گەورەم پیاوی رۆشنبیر حەز دەکات زانیاری لە هەموو دنیا وەربگرێ. (رزگار و سێ کەس دێن لەلایەکەی تری شانۆ دادەنیشن.. رزگار هەست بە بایز و چوار کابراکەی تر ناکات بۆی دێت و داواکانیان دەنووسێ).
کابرا ١: ئەوانەن!
بایز: بەڵێ.. (چوار کابراکە بە گومانەوە دەڕواننە یەکتر.)
کابرا ٢: (پاش سەرنجدان) ئەوانە دەناسین.. ئەوەی دەستەڕاست خەلیل بلاغی شاعیرە.
کابرا ٣: ئەوانە لەم ناوچەیەدا ناسراون، ئەرێ ئەمەی ئەولا سترانبێژە هەکارییەکە نییە؟.
کابرا ٤: خۆیەتی.. مەمۆی هەکارییە..
کابرا ١: کە وای لێ هات، من دڵنیام ئەوەی بەرامبەر رزگاریش کوردێکی قامشلۆییە.
کابرا ٢: دەمخۆش.. ئەو سەلیم خوریی.. چیرۆکنووسە...
کابرا ٣: وا بزانم بە عەرەبی دەنووسێ؟
بایز: بەڵام هەست و بیری کوردانەیە..
کابرا ٤: تاخم تەواو بوو، پێڕەکە کەموکورتی نییە.. بە حسێبی داخ لە دڵانی دەوڵەت گوایە نوێنەری هەرچوار پارچەکە دانیشتوون..(بە تەوسەوە پێ دەکەنن)
رزگار: برایان.. من پێم وایە کێشەی ئێمە، جگە لە سنوورە دەستکردەکان و پارتە لەیەک نەگەیشتووەکان، کێشەی زمانە.. (سێیەکەی تر هەر بە شێوازی دیوی خۆیان دەدوێن)
خەلیل: زۆر، راستە، دەبێ هەوڵی پتر بدرێت بۆ پەرەسەندنی زمانی یەکگرتوو.

خدر: لەم رووەوە، ئێمە پێویستیمان بە کۆڕی زانیاری هەیە، بەڵام نەک چەشنی ئەم کۆڕە زانیارییانەی کە لە شارێکدا یان ناوچەیەکدا دامەزراون کە هۆکاری پتر لێکترازانی زمانی شیرینی کوردییە.

مەمۆ: لە راستیدا هەڤالان، من وەکو هەموو کات دووپاتی دەکەمەوە، ئەم هەوڵانە تەنیا هەوڵە و بەس، چونکە ئەگەر قەوارەی سیاسیت نەبوو، پارچە زەوییەکت نەبوو بناخەی داهاتووت لەسەر دابڕێژی هەوڵەکان نەزۆک دەبن.. بمبوورن، ئەوە رای خۆمە.. بۆیە، من پێم وایە دەبێ هۆش و بازوو، گشت ریباز و کەرستەکانمان بە گەڕ خەین لە پێناو بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.. ئەوسا تەنیا ئەوسا کێشەکان، سەرجەم کێشەکان چارەسەر دەبن، هێدی هێدی دەتوێتەوە. شتەکان رێگەی راستیی خۆیان دەگرن.

رزگار: دەمخۆش.. چۆن دەڵێی وایە.. بەڵام ئێستا ئێمە چیمان پێ بکرێ؟ ئەوە بکەین، چونکە قسە شتێکە و واقیع شتێکی تر.

مەمۆ: زۆر زۆر ڕاستە.. واقیع تاڵە و تۆقێنەرە، چەوساندنەوەیە، پێشێلکەری ماف و کەرامەت و هەموو شتێکمانە.. بۆیە دەبێ بیگۆڕین،

خەلیل: ئازیزان با ئێمە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین، لە رۆشنبیرانەوە. من پێشنیاز دەکەم دەزگایەکی کوردستانی دابمەزرێنین، جاش قەڵەم بازرگانانی وشەی تێدا وەرنەگرێت.

خدر: هەنگاوێکی چاکە.

رزگار: بێگومان.. بەڵام بەو مەرجەی بارەگای ئەم دەزگایە لە کوردستان بێ نەک لە هەندەران.

مەمۆ: ئەمە راستە.. من لەگەڵ ڕێزم ئەوانەی لە هەندەرانن بە فاکس و تەلەفۆن کوردایەتی دەکەن، ڕێزم بۆیان هەیە... خەباتیان دەبێ تەواوکەری خەباتی ئێمە بێ.. هەموو بنکە و دەزگا بنەڕەتییەکان لەسەر خاکی سووتاوی کوردستان بێ.. لەنێو دڵی هەڵقرچاوی ئەم گەلە خۆڕاگرە بێ.

خدر: بەڵێ ئاخۆ لێمان دەگەڕێن، ئێمە کارێکی فراوانی وا ئەنجام بدەین؟

رزگار: کاک خدر گیان، ئێمە حسێبی ئەوە بکەین ئاخۆ لێمان دەگەڕێن یان نەء.. من دڵنیام کاری وا ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ نیازی کارێکی هەبێ دەیکات.

خەلیل: من دڵم بەوە خۆشە ئێمە لە بنەڕەتدا، هەر چوارمان هیچ ناکۆکییەکی ئەوتۆمان لە نێواندا نییە.

مەمۆ: بێگومان، چونکە رۆشنبیر پتر لە یەکتری نێزیکترن لە سیاسییان.

رزگار: ئێمە بە چاوی گەشی کوردایەتی دەڕوانینە کێشەکان، نەک بە چاوی تەسکی حزبایەتی.

مەمۆ: ئافەرین. بریا حزبییەکانیش لە پێناو کێشە سەرەکییەکەدا کە ئەمنی ستراتیجی کوردستانە تەبا دەبوون.. کاکە با جیاوازی هەبێ لە بۆچوونەکان، بەڵام پێویستە مەشخەڵێکی سوور پەیدا کەین سەرجەم لایەنەکان لە دەوریدا رەشبەڵەک بۆ کوردستان ساز بکەن.

رزگار: (بە دڵشادی...) هەڤالان، ئەم شەو لە ژیانی من شەوێکە مێژووییە.. بەڕاستی دڵشادم، زۆر دڵشادم... جا باخێرا کەین.. با ئێمەی رۆشنبیران ڕابەر بین، ئێمە لە دەوری ئەم مەشخەڵە پیرۆزەدا کۆ بینەوە با ئەو ئەزموونە لە دەست نەچێ...

کابرا: هەڵبەتە لە دەست دەچێ.. بوونی ئێمە لە پێناو دژایەتی ئەم جۆرە ئەزموونانەیە.. ئێمە دەبێ بەهەموو هێز و توانامان، یاسا بپارێزین.. نەهێڵین گێرەشێوێن و چەتە و یاخیبووان وڵات وێران و پارچە پارچە بکەن.. ئەو قسانە سەرەتای ئەم تاوانانەیە.. چاک لە نیازی گڵاویان دەگەین.. هەر کەسێک، تاقمێک لەژێر هەر پەردەیەک دابێ ئەگەر نیاز، تەنیا نیازی ئەو تاوانە بکا بە فەرمانی پیرۆزی پاشامان بەهەموو جۆرە چەکێک تەفر و تونای دەکەین.

کابرا ٢: (کە لە چەپڵە دەبنەوە) ئەو کاک رزگار دەڕوا!

کابرا ٣: بایز ئەفەندی.. دەبڕۆ.. پێی بڵێ هەندێ لای ئێمەی هەژاریش دانیشێ..

بایز: سەرچاو قوربان ها ئەها ..(دەچێتە سەر مێزی رزگار) (رزگار پارەی قاوەکە دەدات، هەڵدەستێ بایز دێت، رزگار بەبرادەرەکانی دەناسێنێ بایز دۆقەیان لەگەڵدا دەکات. رزگار داوای لێبوورنیان لێ دەکات، چونکە دەبێ نەختێ لای چوار کابراکە دانیشێ. سێ برادەرەکە دەڕۆن. رزگار و بایز دێنە لای چوار کابراکە.. ئەوانیش لەبەری هەڵدەستنەوە)

کابرا ١: ئەڵڵا.. ئەڵڵا.. ڕۆژمان هەڵات.

کابرا ٢: رزگار رۆستەمی میدیایی لەسەر مێزی ئێمەیە!

کابرا ٣: ئێمەی هونەر دۆست و ئەدەبدۆست و مرۆڤ..

کابرا ٤: ئێمەی عاشقی شیعر و پەند و چیرۆک و زانست و فەلسەفەی رزگاری رۆستەمی میدیایی..

کابرا ١: رزگار رۆستەمی میدیایی کە سەدانی وەک نادر ساڵح و ئەحمەد قاقا و کەریم شۆفەل و حەبیب دڵتەڕ، دەبێ خاکی بەرپێی بماڵین.. دانیشە قوربان، لای من..

کابرا ٢: گەورەم.. ئێرە.. ئێرە خۆشترە.

کابرا ٣: نا گیانە نە، ئێرە شاعیرییترە..

کابرا ٤: ئەگەر لای من دانەنیشی خۆم دەکوژم..

رزگار: سوپاسی لوتفتان دەکەم. (لای بایز دادەنیشێ)

کابرا ١: ئاخ کاک بایز ئاخ.. من چەند دەمێکە پێت دەڵێم با لەگەڵ ئەو کەڵەهونەرمەندە دانیشێ..

کابرا ٢: چونکە سەردەمێکە مژدەی خۆشیمان بۆ داناوە..

کابرا ٣: چەند ساڵە نیازمانە ژیانێکی پاشایانەیان بۆ دابین بکەین.

کابرا ٤: ئەمە فەرموودەی کۆنی پاشای زانست پەروەرمانە.

هەموو: خوا خۆی سەگ و تاژییەکانی بپارێزێ..

کابرا ١: تۆ فەرمان بدە و هەقت نەبێ "بەبۆنەی" بوتڵی وێسکی

کابرا ٢: پاشا فەرمووی "بە بۆنەی" بوتڵی براندی..

کابرا ٣: هونەری سەما، "بە بۆنەی" بوتڵی شەمپانیا..

کابرا ٤: سەما و سێکس."بەبۆنەی" گشت بارەکە بێنە..

کابرا ١: نەک ئێمە، ئەویش، پاشاش حەز دەکات، پاشاش حەز دەکات بتبینێ..

کابرا ٢: چونکە هەوادارانی هونەری تۆیە..

کابرا ٣: پاشاش حەز دەکات سوود لە ئامۆژگاری پەند و..

کابرا ٤: ئەم جانتایە بگرە.. نا، بەسەری پاشاش.. ئەمە سەرەتایە.. سەری گڵۆڵەکەیە ئیدی تەواو.. مادامەکی دۆزیتەوە تەواو دوایی نایەت.. سەرێکی

لەدەست تۆ دەبێ سەرەکەی تری لەنێو گەنجینەی پاشا.. هەر راکێشە و دۆلار دەردێ.. فرەنک، ین.. هتد..

کابرا ١: مادامەکی سەری گلۆلەت دۆزییەوە ئیدی.. ئەم جانتایە خەلاتی سەرەتایی خاوەن شکۆیە، تۆی فەیلەسووف.

کابرا ٢: کە ئەم کتێبەی دابێتی خوێندەوە، داوای سەرجەم بەرهەمەکانتی کرد.

کابرا ٣: جانتاکە وەرگرە شوکری پاشا.. شوکری خوا.. شوکری.. شوکری.. پاشا بکە.

کابرا٤: جا ئەگەر حەز دەکەی پاشا خۆی ببینێ، هەستە هەر ئێستا..

کابرا ١: بەڵام وا چاکە بەدەست والایی نەچێ..

کابرا ٢: پارچە شیعرێکی جوانە..

کابرا ٣: چیرۆکێکی خنجیلانەیە.

کابرا ٤: پەخشانێکە ئەفسووناوی.. لەگەڵ خۆتدا بەرە

کابرا ١: بۆ ئەوەی لە بەردەمی حەزرەتی شکۆداریدا..

کابرا ٢: ئەو کات دەبینە زەلامێکی تر.

کابرا ٣: دوور نییە لەنێو زێڕ و زیودا نوقمی کات.

کابرا ٤: دەگونجێ چەندان دۆنم زەوی و ئۆتۆمۆبێل و کۆشک و.. ئیدی پاشایە و بڕایەوە.

کابرا ١: دوور نییە هەر بتکات بە شاعیری تایبەتیی خۆی.

کابرا ٢: پاشایە و بڕایەوە.. فەرموو جانتاکە..

رزگار: من.. لە ڕاستیدا.. بەهەرحاڵ زۆر سوپاستان دەکەم.. من شایانی ئەو هەموو ڕێزلێنانەی جەنابتان نیم.

کابرا ٣: جانتاکە وەرگرە

بایز: بیدەوە من.. من بۆی هەڵدەگرم.

رزگار: (جانتاکە لە بایز وەردەگرێ.. تەماشا دەکات.. توند لەسەر مێزەکەی دادەنێ) ببوورن..

بایز: (بە چرپە بۆ رزگار) رزگار خوا داویەتی لەقە لە بەختی خۆت مەدە..

رزگار: تۆ لات وایە ئەوانە راست دەکەن.. رۆشنبیرانیان خۆش دەوێ..

بایز: بێگومان.. دەنا...

رزگار: دەنا گەر وایە بۆ باوکی هیوایان لەسێدارە دا؟

بایز: دیارە ناماقوڵییەکی کردبوو..

رزگار: نەخێر.. قەڵەمەکەی نەفرۆشتبوو (دەڕوا) (بایز بەتەنیا دەوەستێ، چوار کابراکەش بە قینەوە تەماشای ئەو لایە دەکەن کە رزگاری لێ دەرچوو)

***

دیمەنی حەوتەم

(ماڵی رزگار: بەهار گۆرەوی دەچنێ. هیوا کتێبێک دەخوێنێتەوە. رزگار دێت. بەهار و هیوا دەگەشێنەوە)

رزگار: دەبێ بمبوورن.

بەهار: دەبووایە خەبەرێ، تەلەفۆنێ.. بەخۆت دەزانی لەم شەوە کشوماتەدا چەند کارەسات قەوماون..

رزگار: ئەوەی خوا نەیکات نابێ.. هیوا گیان ئەوەی بۆ نەلوا

هیوا: تا نەتبینم خەوم نایێ..

رزگار: نا جەرگم ئەم رەوشتە لابە.. گرینگ نییە.. ئێی کتێبەکەت خوێندەوە..

هیوا: بەڵێ دوو جار..

رزگار: دوو جار! نا هیوا گیان کار وا نابێ.. یەکەم جار وانەکانی قوتابخانە.. پاشان لەنێو منداڵاندا نەختێ یاری.. ئەوجا ئەگەر زەوقت ما، شتێکی لابەلایش بخوێنەوە.. باشە گیانەکەم

هیوا: باشە مامە رزگار..

رزگار: ئافەرین کوڕی خۆم.. ئەوجا هەستە بۆ ناو جێیە خۆشەکەت هەتا بەیانی زوو هەستی. (هیوا دەڕوا، رزگار بەرەو بەهار دەچێت.) ئەی تۆ.

بەهار: من چی!

رزگار: خەوت نایە؟

(رزگار بە هەوەسەوە دەستی دەگرێ) من.. ئەمشەو نووسینم هەیە.. بیرۆکەکە نووسینێکی ترم بۆ هاتووە..

بەهار: کەواتا برۆ.. با لە نووسینت نەکەم.

رزگار: مرۆڤ و پاشا و خوا..

بەهار تۆ ئەم ئەدرێسە سەیرانە لە کوێ دێنی !؟ دەی.. با برۆم بای..

رزگار: "بە قورسی دەستی بەردەدا" دەمێکی تر دێم.. (دەچێ لەسەر کورسییەکەی سێدارەکە هەڵگیراو. مۆسیقا و رووناکی بوارێکی گونجاو دروست دەکەن) خوا هەیە.. مرۆڤ هەیە.. شەیتان هەیە.. من خوا دەناسم.. لە قووڵاییی هەموو رواڵەتێک و کردارێکی جواندا دەیدۆزمەوە.. من مرۆڤ بەجوانترین و گرینگترین داهێنانی ئەم خوایە دەڵێم، بەڵام.. شەیتانی ناناسم.. شەیتان چییە! ئێ خۆ هەیە؟ یانەکا خەیاڵە..؟ بوونەوەرێکی سەربەخۆیە، یانە نەکا لکاوە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدایە؟ یان لە ناخی ئەوانەیە کە دژی خوا و دەسکردی خوا رەفتار دەکەن؟ دەبێ پاشامان شەیتانی نەبن؟! مرۆڤ نهێنی زۆربەیانی سەرپۆش کرد.. چەندان دوورگەی ونبووی دۆزییەوە، لە نهێنی چەندان ئەستێرە و مانگ گەیشت.. کەچی تا ئێستا لەم هێزە وێرانکەرە نەگەیشت کە بەشەیتان ناو دەبرێ.. شەیتان شەڕی خوای پێ ناکرێ.. شەڕی مرۆڤی پێ دەکرێ..

***

دیمەنی هەشتەم

(دائیرە.. بایز بە نیگەرانی هاتوچۆ دەکات.)

بایز: زۆر سەیرە، خەریکە دەوامەکەش دەکاتە فشە.. (بە هاوار) سمکۆ.. سمکۆ..

سمکۆ: (دێتە ژوورەوە) فەرموو قوربان..

بایز: رزگار ئەفەندی نەهات..

سمکۆ: نەخێر هێشتا نەهاتووە.

بایز: برادەرە چێشتەخەو دەکا.! (بە سمکۆ) برۆ دەرێ..

سمکۆ: باشە قوربان (بەتاو دەڕوا)

بایز: لەوە ناخۆشتر نییە پیاو خزمی خۆی لا فەرمانبەر بێ.. ئاخۆ کوڕی خۆم.. ئەمە دائیرەیە، خەڵکی گلەییمان لێ دەکەن.. باشە بە من چی، جەنابت

بایز: کوڕم رزگار.. بە تۆ چی! گرینگ ئەوەیە تۆ دەسحەقی خۆت وەردەگری..
رزگار: هەرگیز نابێ پارووی درۆ و خیانەت بچێتە قوڕگم.
بایز: ئەگەر بەزەییت بەخۆت نایەتەوە بەزەییت بە بەهار بێتەوە.. لەوەتەی هاتووەتە ئەم ماڵە نەگبەتەت تێر نان نەبووە.
رزگار: دەتوانی.. بایز.. با مەسەلەکە لێرە بوەستێ..
بایز: ئەگەر چاودێرێکی پاشا ئەم قسانەی لێ دەبیستێ، دە وەڵڵا سەرتان پەل دەدا. کوڕی خۆم.. بە قسەی مامی خۆت بکە.. لە کەلی شەیتان وەرە خوارێ، ئەم جۆرە توڕوهاتانە لای منیش مەدرکێنە.. نامەوێ کیژە تاقانەکەم بێوەژن بێ.
رزگار: (کتێبەکە دەکاتەوە) فەرموو بزانە پاشا فەیلەسووفەکەت چ دەفەرمووێ؟ لە لاپەڕەی ٣١ بەندی ٣١ دێری ٣١ دەفەرمووێ (بە لاساییکردنەوە) هۆی هەموو شەڕێک بیروباوەڕە.
بایز: قسەیەکی زانایانەی پڕ لە فەلسەفەیە..
رزگار: وەک سەگ درۆ دەکات. ئەم دڕندانە کەی بیروباوەڕیان هەیە هەتا شەڕی لەسەر بکەن! ئەم ساختەچییانە بیروباوەڕ و ئاین و رەوشت و یاسا و یەک پارچەیی وڵات دەکەنە پەردە و خیانەت درۆ و سامانیان لە پەنایدا دەشارنەوە..
بایز: (واقی وڕما) ئای قوڕم بەسەر.. کیژێ خۆم داوەتەوە چ دەبەنگێک.. رزگار، باوکەکەم.. تۆ هێشتا لە حیکمەتی بێدەنگی نەگەیشتووی.
رزگار: بێدەنگی لە حاڵەتی وا واتای ترسنۆکییە.
بایز: کوڕم کوتکی پاشات پێ نەکەوتووە.. شمشێرت بۆیە ئاوا تیژە.. زمانت...
رزگار: هێز نییە لەم دنیایە سەرم پێ شۆڕ کا.
بایز: هەندێ جار بەرژەوەندیی تایبەتی..
رزگار: (بەتووڕەیی) نەفرەت لە پارەی پاشا و بەرژەوەندیی تایبەت..

***

## دیمەنی نۆیەم

(مێزێکی درێژ لە ناوەڕاستی شانۆ دانراوە... نادر ساڵح و چوار کابراکە لە کۆڕ دەگەڕێن.. چەپڵە و ئافەرینی جەماوەر دەبیستن.. فلاش و وێنەگر و هاتوچۆی رۆژنامەنووسان جۆرە ئاژاوەیەکی گونجاو دروست دەکەن)

نادر: (بە فیزێکی دەستکرد و بە دەنگێکی نەشاز) بەڵام لەبارەی ئەم نووسەرانەی کە گوایە نوێخواز و پێشکەوتنخواز و هاوچەرخ و چەرخ و فەلەک.. فەلەک چییە؟ پێویستە ئەو پرسیارە پیرێژنە کوێر و شەکەت و ئەستێرەناس. چونکە هەتا ئێستا کەس نەیتوانیوە لە نهێنی سیر لێدەر و زۆرناژەن تێ بگا.. مەبەستم، سیر بخۆ زوڕنا بشکێنە، چونکە یەک بە خۆم هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە نهێنی سیر و زوڕنا تێ نەگەیشتووم، زاناکان بە تایبەتی ئەوانەی لە چێشتخانەی پاشاکان سەریان هەڵداوە دەڵێن گۆشت قابیلی بازە. بەتایبەتی خاوەن شکۆ پاشای زەمان، خوا خۆی ماڵ و منداڵ و گەنجینەکەی بپارێزێ وەکو بنێشت، کەمترە چونکە شێلم، بەپێچەوانەی باینجان لەسەر مانگ لە ئاسمان.. خواردنێکە ناخورێ بەسە قوربان
پاشا خۆشی بێ، وڵات خۆشە، زانست بە زگ تێری خۆشە، من حەزم لە مریشکە لەم کەوە لەو پۆڕە.. غەیری ئەوانە گۆشت قۆڕە..
لە بۆ یاسا و لە بۆ پاشا..
ملم کەچە، یاخی نابم حاشا..
(چەپڵە) (بە تووڕەیی و نەشازتر) لە کۆتاییدا، گەورەکانم من وەک نادر ساڵح.. لێرەوە لەسەر ئەم مێزەی کە دەڵێی مێزە.. بە دەنگێکی پڕ لە ئازایی و نارەزایی و دڵسۆزی بیروباوەڕەوە دەتەرێنم، دەقیژێنم، هاوار دەکەم.. بژی پاشا.. بژی پاشا.. بژی سوپا.. والسلام علی من اتبع الهدی ورحمة الله وبرکاته.. (هەڵدەستێ) اللهم احفظ ملکنا

چوار کابراکە: ئامین..(ئیدی بۆی دەگێڕنەوە)

نادر: واحفظ مولانا.. واحفظ امواله واموالنا. . وشرفه وشرفنا.. بالاخص علی روح المرحوم الفاتحة.. (روو لە چوار کابراکە چرپەیەک دەکا) پێویستە بڕۆم، تا بە بەر پرسیاران نەکەوتووم..(دەیەوێ بڕوا)

کامۆ: (لەناو هۆڵ) کاک نادر پرسیارمان هەیە..

کابرا ١: (بەنادر) خۆت دەرباز کە، ئەوە کامۆیە.. (نادر بە پرە پڕ هەڵدێ) ببوورن مامۆستا نادر ساڵح کاتی نەما، چونکە سەعات دوازدەی شەو لە جنێف سیمینارێکی فەلەکیی هەیە.

کامۆ: سیمیناری فەلەکی یا کەلەکی (پێکەنین)

دەنگ ١: باشە ئەمە چۆن کورێک بوو..!؟

کابرا ٢: دەزانین کاکە، بەڵام بە داخەوە کاک نادر ناچار بوو بچێتە خزمەت پاشا بۆ ئەوەی خەڵاتی یەکەمی شیعر وەرگرێ.

کامۆ: (دێتە سەر شانۆ) شیعر یا میعر، ئەمەیە کێشەکە.. (کامۆ دەشەلێ سەر و دەستی بە لەفاف پێچراوە) ئێوە؟ گوایە لێپرسراوی رۆشنبیری و راگەیاندنی ئەم وڵاتەن.

کابرا ٣: (کاکە مۆسارۆ دەکاتەوە) فەرموو کاک کامەران وەرە دانیشە.. ئەوەتا مایکرۆفۆن..

کامۆ: دەنگی ئێمە پێویستی بە مایکرۆفۆن نییە...

کابرا ٤: باشە کاک کامەران چۆنی بە چاک دەزانی وا بکە.

کامۆ: قسەم زۆر پێ بوو، بەڵام مادامەکی نادر بەزی.. مادامەکی زمانی حاڵی پاشا و شاعیری دەوڵەت نادر ساڵحی فەیلەسووف کۆچی کرد، من حەز ناکەم لە پاشملە قسان بکەم. بۆیە پرسیارێکە و ئاراستەی ئێوەی دەکەم.

هەر چوار: فەرموو کاک کامەران... فەرموو..

کامۆ: ئێوە کە ناتوانن کوڕێک بۆ رۆشنبیرێکی راستەقینە بگێڕن بۆ وەختی خەڵکی بە قەشمەرێکی وەک نادر ساڵح دەکوژن؟

کابرا ١: (بە هەڕەشەوە) کابرا ئاگەدار بە.. نادر ساڵح زمان حاڵی پاشایە، رێزی پاشا بگرە.

کامۆ: من ناتوانم رێزی پاشایەک بگرم نادر ساڵح شاعیری بێ.

کابرا ٢: بێ ئەدەب مەبە.

کامۆ: خۆ لەوە خراپترم لێ ناکەن..

کابرا ١: (بە چرپە) ئاقڵ نەبی دەتکوژین..

کامۆ: (بە بینەران) ئەوە هەڕەشەم لێ دەکەن.. دەڵێن ئەگەر ئاقڵ نەبی دەتکوژین.. توخوا ئێوە بڵێن.. من قسەیەکی ناماقووڵم کردووە؟ من سەرپشکتان دەکەم.. توخوا وڵاتێک دانەیەکی وەک رزگار رۆستەمی میدیاییی هەبێ شوورەیی نییە رزگار ڕۆستەمی دەمڕاستی بێ؟! من قسە ناکەم، ئێوە خۆتان بڵێن.. ها ئەوەتا نادر ساڵح. نانی محەمەدی نییە بیخوا، کەچی نادر ساڵح لە جنێف کوڕی کەڵەکبازی دەگێڕێت!؟ مخابن سەد مخابن بۆ ئەو گەل و وڵاتەی کە ناتوانێ رۆڵەیەکی وەک رزگار رۆستەمی میدیایی بپارێزێ..

کابرا ٤: رزگار میدیایی لێرە نییە؟

کابرا ١: بەڕاستی مژدەیەکی خۆشە.. (هەڵدەستێ) من بەناوی ئێوەی بەڕێز داوا لە مامۆستا رزگار دەکەم بێتە سەر شانۆ.. مامۆستا رزگار بێتە سەر شانۆ.. رزگار..(هەرچوار) مامۆستا رزگار.. (بینەران) رزگار.. رزگار (رزگار لە نێو هۆڵەکە هەڵدەستێ و دەڕوانێتە دەوروبەر.. بە لەش قورسییەوە بەرەو شانۆ دێت، چەپڵە، دەچێ لە تەنیشت کامۆ دەوەستێ، کابرای یەکەم دەچێتە لای رزگار بە چرپە) بەو سمێڵە، بە شەرەفم، بە تەڵاقم تەنیا قسە بکە بەیانی دەتکەینە وەزیر..

کابرا ٢: بەیانی پاسەپۆرت و پێداویستییەکانی تر ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی لە جیاتی نادرۆک بچێتە جنێف.

کابرا ٣: هەموو کتێبەکانت بە جوانترین شێوە لە چاپ دەدەین و ژیانێکی پاشایانەت بۆ دابین دەکەین.

کابرا ١: ئێمە پێویستیمان بە تۆیە..

رزگار: من پێویستیم بە ئێوە نییە.(روو لە هۆڵ دەکا) خوشکان.. برایان.. ئەگەر لەم وڵاتەدا مامۆستا هەبێت. بێگومان ئێوەن مامۆستا.. بۆیە من ئێوە سەرپشک دەکەم لە وەڵامی پرسیارەکان. چونکە ئێوە هەر خۆتان مەسەلەن و پرسیارەکان.. بنچینەی شتەکانی ئێوەن، بۆیە پێویستە ئێوە خۆتان جۆری وەڵامدانەوە و وەڵام نەدانەوە هەڵبژێرن. گرینگ ئەوەیە هەست بە تەنیایی نەکەن. ئەگەر وەڵامدانەوەی راستتان پێ بێ سەرجەم مرۆڤایەتی لەگەڵ ئێوە دەبن، دنیاتان لەگەڵ دەبێ.

## دیمەنی دەیەم

(بازاڕ. کامۆ لەناو جەماوەر شیعر دەخوێنێتەوە)

کامـۆ: برایان.. با دوو شـیـعری رزگـار رۆسـتـەمی مـیـدیاییـتـان بۆ بخـوێنمـەوە.. فەلسەفەم خۆشەویستییە.. مانەوەم شکۆمەندیم.. چەکی من مرۆڤایەتیمە.. وا راهاتووم زەمانێکە.. زەمانێکە وا راهاتووم.. وای ئەگەر تێ دەگەیشتن نە دەرکردن چارەم دەکا، نە برسیەتی، نە دیلەتی، نە کوشتن، من فریزم بە چۆرێ ئاو گەشە دەکەم.. وەک فریشتە لە درزی دەرزی ڕەو دەکەم. پۆلاینم و گوللە نامبرێ لافاو نیم و بەربەست نامگرێ.. من مرۆڤێکی ساویلکەم.. بەسەزمان.. بە گاگۆڵە بەرەو ئاسۆی مرۆڤایەتیم هەنگاو دەنێم. نەک چوار سوپا، هەزار سوپا ناتوانێ رێگەم لێ بگرێ.. (خەڵکی دەیانەوێ چەپڵە لێ بدەن، بەڵام کـە چاویان بە جـەندرمـە دەکـەوێ بـەرەو کـامـۆ دێن پـەرتەی دەکەن) بۆ کوێ؟! وەرن شتی ترم پێیە رزگار دەڵێ.. وای ئەوەندە ترسنۆک نەبووان.

جەندرمەی ۱: (لەپڕ هەریەک و پیلێکی کامۆ دەگرێ) هەتیو تۆ کەی ئاقڵ دەبێ؟

کامۆ: (تەماشای دەکا) کە گیروگرفتی نان و ئازادی نەما..

جەندرمەی ۲: کەی بێدەنگ دەبی؟

کامۆ: کە چڕوچاوی وەک ئێوە لە وڵاتمدا نەمان..

جەندرمەی ۱: من دڵنیام تۆ شێتی بەڵام خۆت ئاقڵ نیشان دەدەی.

جەندرمەی ۲: من دڵنیام تۆ ئاقڵی خۆت شێت نیشان دەدەی.

جەندرمەی ۱: قسە بکە، تۆ چیی! شێتی یا ئاقلی؟

جەندرمەی ۲: بێگانەی، هاونیشتمانی، دۆستی، دوژمنی؟

کـامـۆ: مـن چیم؟ مـن.. ئەگـەر بێ دینم، گـەر بێ ئـیـمـانم.. ئەگـەر سـەرخـۆشی مـەیخانـەکانم.. هەرکەس بە جۆرێ لە من تێ دەگا. منیش ئەو کەسەم کە خۆم دەیزانم..

***

## دیمەنی یازدەهەم

(ماڵی نادرساڵح.. چوار کابرا کە سێکس لەگەڵ ژنی نادر دەکەن، سەرخۆشن ژنەکەش بە ئارەزووی وانە)

کابرا ١: لێدە کاک نادر جنێفیشت بینی..

کابرا ٢: ئەوە چۆن دڵی دێ ئەم فریشتەیە جێ بهێڵێ.

نەرمین: چی تێدایە، من خۆم هانم دا.. خۆ گورگ نامخوا..

کابرا ٣: جا ئێمە چۆن دەهێڵین.. تا ئێمەت هەبین گورگ حەدی نییە توخونی ئەم بەژن و باڵایە بکەوێ.

کابرا ٤: ئەگەر گورگ هەبێ ئێمە شێرین. (پێکەنین)

نەرمین: دە وامەکە دەترسێم. (چوارەم دەنەڕێنێ بۆ نەرمین دەچێ)

کابرا ١: (بە چوارەم) کە لە نەڕین نازانی بۆ وەک.. (پێکەنین) نەڕین ئاوا دەبێ (دەنەڕێنێ) وەرە لای خۆم نەرمین خان.. با یەک دوو قسە پێکەوە بکەین..

نەرمین: (بە عیشوە) دێم.. بەڵام وەک قسەکانی پێشووت بێ دەرپێ نەبن..

کابرا ١: نەخێر.. گەمە و ڕابواردن تەواو.. گوێ بگرە نەرمین خان. بەیانی دەچیتە لای ڕۆستەمی میدیایی..

نەرمین: من! بۆ؟

کابرا ١: بۆ کارێکی هونەری.. (پێکەنین)

***

## دیمەنی دوازدەم

(دایەرە.. رزگار بە نووسین خەریکە، فەڕاش دێ)

فەڕاش: مامۆستا رزگار...

رزگار: (سەر هەڵدەبڕێ) فەرموو..

فەڕاش: ببوورە لە نووسینم کردی.. مامۆستا بایز دەتیەوێ..

رزگار: هەر ئێستا.. دوو دێرێکم ماوە..

فەڕاش: چ ئەمرت نییە..؟

رزگـار: نەخـێـر.. سـوپاس. (فـەڕاش دەڕوا.) رزگـار دووبارە (دەست بە نـووسـین دەکاتەوە. فەڕاشەکە دێتەوە)

فەڕاش: مامۆستا، ببوورە. ژنێک دەیەوێ..

رزگار: ژن!؟

فەڕاش: چەندی گۆتم تۆزێ چاوەنوارِ کا، سوودی نەبوو..

رزگار: (بە نادڵی) با بێت.. (فەڕاش دەڕوا)

نەرمین: (دێت.. سێکسییانە) مامۆستا رزگار بەیانیت باش.

رزگار: بەیانی باش خوشکم.. فەرموو..

نەرمین: (لە رزگار نێزیک دەبێتەوە) مامۆستا رزگار من یەکێکم لەوانەی شێتانە هەوادارای بەرهەمەکانی جەنابتم.. و..

رزگار: لوتفی خۆتانە، سوپاستان دەکەم.

نەرمین: گشت بەرهەمـەکانتم خوێندووەتەوە.. بـەتایبـەتی ئەوانەی ژن و دڵداری و زاووزێ و..(پتر لێی نزیک دەبێ)

رزگار: خوشکی بەڕێز من شایانی..

نـەرمین: کــاک رزگــار.. وا مــەڵێ، مـن وەک ژنێک لە ئـاست وزەیـەکی وەک تـۆدا دەتوێمـەوە.. من خـۆم لەنێو وشـە و بیر و سـۆزی تـۆدا دەدۆزمـەوە، چونکە وەک ژنێکی ڕۆشنبیر هەموو کات حەز دەکەم، نەک تەنیا لەگەڵ کتێبت، بگرە ئەگەر کرا لەگەڵ خۆت، بەشێوەیەکی راستەوخۆ رەفتار بکەم، چونکە نێزیکبوونەوە لە نووسەر..

رزگار: دانیشە خانم.. ئەزیەت مەخۆ...

نەرمـین: (بە نـەرمی دەسـتی بەسـەر رزگـار دادێنێ) رزگـار گـیـان.. من وەک هەوادارێک.. پڕ بـە دڵ ئارەزوو دەکــەم بـەر لە خــەڵکی بەرهـەمــەکـانت بخوێنمـەوە.. وێنەی تۆ.. بە شـەو و رۆژ لە بەرچاوم بزر نابێ.. من خـۆم بە پەرۆش و دڵسـۆزترین خوێنەری زادەی بیری رزگـار رۆسـتـەمی مـیـدیایی دادەنێم، گـیانەکەم من ئامـادەم بۆ هـەر کـارێک هەسانەوەی تۆی تیـابێ.. چونکە من...

رزگار: (شەرم دای گرتووە) خانم سوپاست دەکەم فەرموو لە جێگەی من دانیشە..

(دەیەوێ رابکا) خانم..

نەرمین: ناوم نەرمینە. (ناهێڵێ بڕوا) دێمە ماڵت. وەک کارەکەر لەژێر پێتدا خزمەت دەکەم.. بیرم، هۆشم، هەموو بوونی خۆم رادەستی ئارەزووی تۆ دەکەم.. لە ماڵەوە، بە تەنیای؟

رزگار: نەخێر.

نەرمین: من بەتەنیام، کۆشکێکی سێ قاتی. لەسەر ئاخر مۆدێل.

رزگار: خوشکم تۆ..

نەرمین: ناوم نەرمینە (دەیەوێ لە باوەشی بگرێ.) گیانەکەم رزگار..

رزگار: نەرمین خان راوەست. دەتەوێ چ بکەی؟

نەرمین: خزمەتت بکەم. تۆ فەرمان بدە نەرمینی کارەکەرت ئەنجامی دەدا.

رزگار: خوشکێ گەورەی منی.. فەرمان لە تۆوە..

نەرمین: من بێم تا تۆ؟

رزگار: بۆ کوێ؟

نەرمین: کەیفی خۆتە، بۆ ماڵ، بۆ دەرەوە تەنیا بڵێ من ئامادەم.

رزگار: (بە نیمچە توندییەک) راست و رەوان نیازت چییە؟

نەرمین: کتێبەکانت..

رزگار: زۆر چاکە گشتیانت پێشکێش دەکەم.

نەرمین: ئەی خۆت!؟ چۆن تۆ ببینم.!

رزگار: ئەوەیان زەحمەتە. خۆت دەزانی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و بەتایبەتی بۆ کەسانی وەک من..

نەرمین: لە نووسیندا پێشکەوتنخوازی.. لە کرداریشدا وا بە..

رزگار: هەوڵ دەدەم وابم.. (لێی دوور دەکەوێتەوە)

نەرمین: (دەچێ هەردوو دەستی رزگار دەگرێ) دەی قوربان قسە بکە..

بایز: (بەتاو دێ بە تووڕەیی) ئەرێ رزگار..(کە دیمەنەکە دەبینێ ڕەپ ڕادەوەستێ) بمبوورن..

رزگار: (پاش رۆیشتنی بایز) چ فەرمان و خزمەتێکت ماوە؟

نەرمین: کەی بێمەماڵەوە؟

رزگار: هیچ کاتێ.

نەرمین: باشە تۆ وەرە ماڵی ئێمە.

رزگار: ناتوانم

نەرمین: کەواتە من..

رزگار: خوا حافیز. (نەرمین ناچار دەڕوا. رزگاریش هەناسەی بێزاری)

***

دیمەنی سێزدەم

(دائیرە. چوار کابراکە بە نیگەرانی و بایەخێکی زۆر ڕاپۆرت دەخوێننەوە)

کابرا ١: ئەوە هەرچوار ڕاپۆرتی دەزگا تایبەتمەندەکانی دەوڵەت هەرچوار ڕاپۆرتیش بە توندی رزگار تاوانبار دەکەن. ئەمەش کورتەی ڕاپۆرتەکانە..

کابرا ٢: دەبەنگە و قازانجی خۆی نازانێ.

کابرا ٣: کەرەو لووشکەش لە ناخی خۆی دەدا.

کابرا ٤: ئەگەر بە قسەی ئێمەی بکردایە ئاوای بەسەر نەدەهات.

کابرا ١: بەهەرحاڵ، بڕیار لە دەست ئێمەیە. فتی کەین، یاخۆ هەلێکی تری بدەینێ؟

کابرا ٢: فتی کەین.

کابرا ٣: نەخێر هەلێکی تری بدەینێ.

کابرا ٤: قوزەڵقورتی بدەینێ، چما ئەو حسێبێک بۆ ئێمە دەکات.

کابرا ٤: راستییەکەی ئەو کابرایە زۆر ماندووی کردووین.

کابرا ٢: جۆرەها ڕێگەمان بەکار هێنا، کەللەڕەقە و بەهیچ شێوەیەک نایەتە سەر ڕێ.. هەر کەسیش ئاوا بێ.. لەگەڵ ئێمە نەبێ دوژمنمانە و دەبێ قورستر سزای بدرێتێ..

کابرا ٣: سزای ژمارە چەند؟

کابرا ٤: ژمارە سەت.

کابرا ١: واتە سێدارە!

کابرا ٢: تاکە ڕێگەچارەیە. بۆ ئەوەی هێواش هێواش گێرەشێوێن و ئاژاوەچی و نەیارەکانمان بنبڕ کەین.

کابرا ٣: من لەگەڵ ئەو بڕیارە نیم.

کابرا ٤: یان ئەوان یان ئێمە، گرفتێکە دەبێ یەکلا بکرێتەوە ژیانی ئەوان مردنی ئێمەیە.. سەرکەوتنی ئەوان نشوستی ئێمەیە. جا مادامەکی یاسا بەدەست ئێمەیە با بەکاری بێنین؟

کابرا ٣: من بڕیاری پەلە نادەم؟

کابرا ٤: ئێمەش ئەندامی ترسنۆکی وەک تۆمان ناوێ.

کابرا ٣: (بە گژیدا دەچێ) چەپەڵ من ترسنۆکم یان تۆ!

کابرا ١: هێواش مەیکەنە هەڵلا.

کابرا ١: ئێمە کەسانێکمان بە ناوی پێڕەوی راستەخۆ و پەناوپێچی ئامۆژگارییەکانی پاشا ناکات.

کابرا ٤: ڕاپۆرت هاتووە بە ئاشکرا رزگار رۆستەم گوناهبارە.

کابرا ٢: جا نەک رزگارێکی دەبەنگ، بگرە ئەگەر چرای چاومان بێ دەبێ فتی کەین. چونکە بەرژەوەندیی پاشاکان مانەوەیانی لەسەر کورسی پابەندە لە نەهێشتنی رزگار و ئەمسالی رزگار.

کابرا ١: برایان لەسەرەخۆ، هێواش. دڵنیام ئێمە گشتمان لەسەر هەمان پێڕەو و پرۆگرام دەڕۆین کە پاشا بەڕێزەکان دایانڕشتووە، جا لەسەر گرفتێکی وا بچووک سەری خۆمان بیەشێنین. ئێمە کە مەرجمان لەوانە بردووەتەوە لەبەر دوو هۆیە. یەکەم زەمانێکە دەسەلات لەدەست ئێمە، دووەم ئێمە لە گرفتە سەرەکییەکان یەکگرتوو بین. بەپێچەوانەی نەیارەکانمان کە جگە لەوەی بێ هێز و بێ دەسەڵاتن، تەنیان.. کەسیان ئاگای لەوەی تر نییە.. ئەوان یەکگرتوو نین.

کابرا ٣: من لەگەڵ تۆدام.. ئێمە دەبێ...

کابرا ١: دەبێ ئاقڵتر بین.. دەبێ حسێبی هەموو هەنگاوێک بکەین. دەبێ حسێب

بۆ ئەو مێگەلە بکەین کە ناویان لەخۆ ناوە گەل و میللەت و قسەی قۆڕ.. نابێ بۆ هەر قسەیەک یا رەفتارێک، سێدارەیەک قیت کەینەوە..

کابرا٣: من وای بۆ ناچم.. دەبێ کاریگەرترین چەک..

کابرا ١: کاریگەرترین چەک ئەقلە.. کابرایەکی وەک رزگار، لەنێو خەڵکیدا خۆشەویستە و خەڵکی گوێی لێ دەگرن. جا ئەگەر توانیمان بیخەینە سەر لیستی خۆمان قازانج دەکەین یا زیان؟

هەموو: قازانج.

کابرا ١: کێ زیان دەکا؟

هەموو: کەواتە با ڕزگاری رۆستەمی میدیای بگرین...

کابرا ٢: ئاخر نە، ناکرێ، چەندەها هەوڵمان دا.؟

کابرا ٣: ماڵ خەراپەی لە کەلی شەیتان دانابەزێ..

کابرا ٤: هەموو جۆرە پلانێکمان بەکار هێنا.

کابرا ٤: وەک رێوی گەرمیان لە تەڵە دەرباز دەبێ و بەرامبەرمان دەوەستێ قۆچپەکانمان دەژمێرێ.

کابرا ١: ئاسانە، چارەی دەکەم. کوڕینە من پلانێکم هەیە.

هەموو: دەی خێرا.

کابرا ١: بیکەین بە وەزیر.

هەموو: وەزیر؟

***

## دیمەنی چواردە

ڕزگار. بایز و بەهار بە کامەرانی دەدوێن. ڕزگار لە شوێنی خۆی بە نووسین خەریکە. بایز نامەیەک نیشانی بەهار دەدات. ڕزگار هەڵدەستێ بە دڵخۆشانە بەرەو بەهار:

رزگار: بەهار گیان بەهار گیان تەواو.. تەواوم کرد..

بەهار: تەواو! چ تەواو ڕزگار؟

ڕزگار: ئەو کتێبەی کە لێی دەترسام..

بایز: (دڵسۆزانە) پیرۆزە.
بەهار: بابە گیان، هەتا کتێبێک تەواو دەکات ئێمەش تەواو دەکات.
بایز: دەزانم کیژی خۆم.. پێویستە لە کاتی نووسیندا هەموو بوارێکی گونجاوی بۆ دابین کەین.
بەهار: جا توخوا ڕزگار تۆ بڵێی.. قسووریمان هەیە..
ڕزگار: من زۆر سوپاسی خوا دەکەم کە ژنێکی وەک تۆی بە نسیب کردووم.
بایز: جارێ واز لەو قسانە بێنن. با بەبۆنەی تەواوکردنی کتێبەکە مژدەیەکی خۆشتان بدەمێ.. با جەژنتان ببێتە دوو جەژن..
ڕزگار: فەرموو مامە بایز.
ڕزگار: ئاخر با پەلە نەکەم.. نەبادا لە خۆشییان پەڕ و باڵ بگریت وەک هەڵۆ بەرەو ئاسمان بفڕیت.
بەهار: (بە مەکرۆیی) دەی باوکە گیان دڵمان خۆش کە.
بایز: بێ هەلهەلە.. با خەڵکمان لێ خڕ نەبنەوە..
بەهار: ئەگەر خۆم پێ نەگیرا؟
ڕزگار: مامە بایز، ڕاست و ڕەوان، مەسەلە چییە؟
بایز: ڕاست و ڕەوان. (بە بەهار) هەلهەلە نیست.
بەهار: ئیدی بابە.
ڕزگار: خێرا تکایە.
بایز: کرایتەوە وەزیر.
ڕزگار: (بەهار دەیەوێ هەلهەلە لێ دات، ڕزگار دەمی دەگرێ) وەزیر!؟
بایز: ئەوەتا فەرمانەکە. (نامەکە دەخوێنێتەوە) بڕیارمان دا پۆستی وەزارەتی شارەوانی بە بەڕێز ڕزگار ڕۆستەمی میدیایی بسپێرین. ئیمزا..
ڕزگار: (نامەکە لە بایز وەردەگرێ) سەیرە...!
بەهار: چ سەیرە؟
ڕزگار: من بکەنە وەزیر! ئاخر منێکی..
بایز: کوڕی خۆم چی تۆ کەمی...

رزگار: مەسەلە کەمی و زۆری نییە.. دەترسم مەسەلە..

بەهار: بەهەرحاڵ بازەکە ئەم جارە لەسەر ئێمە نیشت..

بایز: بازیش هەر جارێ لە سەرماندا دەنیشێ..

ڕزگار: (نامەکە دەخاتە باخەڵی) ئەو ماستە موویەکی تێدایە.

بایز: کوڕی خۆم گوریسی تێدایە، مووی تێدایە گرینگ نییە.. بیتاقەیە دەرچووە.

ڕزگار: ئاخر هەر بەلای کەمی ڕای منیان وەرگرتایە..

بەهار: (بەبایز) باوکە ئەوجا کەی دەستبەکار دەبێ؟

بایز: هەر ئێستا.. هەستە خۆت بگۆڕە..

ڕزگار: خۆم بگۆڕم؟

بایز: مەبەستم جلوبەرگت لەبەرکە و.. دەی خێرا..

ڕزگار: (بۆ خۆی) مەسەلەکە گەورە بوو.. ئەوان گەیشتنە بڕیاری خۆیان.. ماوەتەوە من بڕیار بدەم..

***

دیمەنی پازدەم

(دائیرە، چوار کابراکە بە نیگەرانی دەڕواننە کتێبێک)

کابرا: ژمارەی ڕەخنەکان گەیشتە چەند؟

کابرا ٢: نەوەت و پێنج.

کابرا ٣: ئیدی من قسەم نەما. مەسەلە گەیشتە ڕادەیەک مەترسی دروست دەکات.

کابرا ٤: گڵۆپی سوور داگیرسا.. جا ئەگەر نەیسووتێنن، ئەو دەمانسووتێنێ..

کابرا ١: سەگ باوکەی بە وەزیریش هەڵناخەڵەتێ..(لە دەرگە دەدرێ.. بایز دێت) شوێن نەما تەلەفۆن نەکەین..

بایز: قوربان بمبوورن. وەڵڵا هەر ئێستا خەبەریان داومەتێ..

کابرا١: فەرموو کتێبەکەی جەنابی زاوات بخوێنەوە.

بایز: (بە شەرمەوە) خوێندوومەتەوە..

کابرا ٢: کەواتە، لەمەولا با کەس گلەییمان لێ نەکات..

کابرا ٣: هەلی باشمان بۆ ڕەخساند، کەچی پیاو نابێ..

کابرا ٤: ئیدی یا ئەو یا ئێمە..

بایز: قوربان مەبەستتان چییە؟

کابرا ١: کوتەک.

بایز: لە ڕاهی خوا.. لێم گەڕێن بەڵکو ئەم جارە.. چارەیەک.

کابرا ٢: گوێ بگرە بایز ئەفەندی، بزانە زاوا خۆشەویستەکەت چ بە جەنابی پاشا و ئێمە دەڵێ..

بایز: قوربان هەرزەکارە.. لێی مەگرن.. هێشتا..

کابرا ٣: دام و دەزگای پاشا بۆگەن بووە.. مێشکی سەرکردە و فەرمانبەرەکان کەوتوونەتە سکیان..

کابرا ٤: مێشکی ڕزگار وا لەناو ئەم کتێبەیە..

کابرا ١: ئەو کتێبەش ئاوا دەخەمە ژێر پێم. ئاوا.. ئاوا..

بایز: قوربان، گەورەم.. دەستت ماچ دەکەم.

کابرا ٢: مەسەلەکە گەورە بوو..

کابرا ٣: کار لەکار ترازا..

کابرا ٤: گڵۆپی سوور داگیرسا.

کابرا ١: بزانە کاک بایز.. تۆ فەرمانبەرێکی دڵسۆزی، ئێمە تۆمان خۆش دەوێ.. بەڵام لەم حاڵەتانەدا ئێمە دەبێ واز لە هەست و نەست بێنین. نابێ کلاسیکییانە ڕەفتار لەگەڵ دوژمنەکانمان بکەین.

کابرا ٢: نەبادا بکرێنە پاڵەوان و شەهید و قسەی قۆڕ..

کابرا ٣: بەشێوەیەک لەناویان دەبەین خەڵکی شاباش و ئافەرینمان لێ بکەن..

کابرا ٤: ڕزگار گشت هەوڵە نەرمەکانی ئێمەی ڕەت کردەوە.

کابرا ١: ئێمەش ناچارین گشت شێوازە ڕەقەکانی لە دژیدا بەکار بێنین.

بایز: گەورەکانم.. لەبەر خاتری ئەو نمەکەی، ئەو دۆستایەتییە دێرینەمان.. دوا هەل..

کابرا ١: (هێمنی) قایلم..

کابرا ٢: ئەوە چ دەڵێی؟!

بایز: بێنە دەستت ماچ کەم.

کابرا: لەو ئەقڵ لە ئێمە بەخشیش. لەو کەللەڕەقی لە ئێمە کوتەک.

***

## دیمەنی شازدەم

(دائیرە، رزگار دەنووسێ. بایز بە گورجی دێت)

بایز: هەر بنووسە ها.!

رزگار: (هەڵدەستێ) فەرموو مامە گیان.. وەرە ئێرە..

بایز: (لە شوێنی رزگار دادەنیشێ) گوێ بگرە کوڕی خۆم هاتووم بۆ کارێ.. پێوەندی راستەوخۆی بە ژیان و..

رزگار: دیارە ئەم جارە چەکی هەڕەشە بەکار دێنن

بایز: لە هەڕەشە و گوڕەشەی ڕەت کردووە.. یان بەڵێ یان نەخێر.. تەواو جامەکە لای ئەوان پڕ بووە.

رزگار: دەمێکە چاوەڕوانی ئەم حاڵەتە دەکەم.

بایز: خۆ لەو مەترسییە دەگەیت کە دەوری گرتوویت؟

رزگار: زۆر چاک.

بایز: کەواتە کوڕی خۆم.. بە قسەی مامی خۆت بکە. من بەر لەوەی بوویتە کوڕم خۆشم دەویستی کە بوویتە زاواشم..

رزگار: دڵنیام مامە گیان.. من تا ژیان ماوە قەرزاری تۆم.. من هەموو کات وەک باوکم تەماشات دەکەم.

بایز: زۆر چاکە.. کوڕی خۆم.. من ئاگەداری سەرجەم رەفتارە چەوتەکانی تۆم.. بگرە لەگەڵ پێوەندییە گومان لێکراوەکانت لەگەڵ ژنان..

رزگار: مەبەستت ئەو رۆژەیە کە نەرمینی نادرۆک..

بایز: گرینگ نییە.. بەڵێ پیلان بوو، دەزانم..

رزگار: من هیچ گومان لە خۆم ناکەم چی ناڕەوام نەکردووە..

بایز: تۆ وای تێ دەگەی ڕۆڵە.. گرینگ ئەوان چۆن تێ دەگەن.. تۆ ئێستا لە قۆناخی هەرزەکاریی نووسین تێپەڕ بووی.. ناوبانگت بە هەموو لایەک بڵاو

بووەتەوە.. خەڵک لە ناوەوە و هەندەران نووسینەکانت دەقۆزنەوە..

رزگار: سوپاست دەکەم..

بایز: رزگار ئەمە لایە خۆشەکەی مەسەلەکەیە، بەڵام گرفت، کارەسات لەلایەکی ترە.. چونکە دەزگاکانی دەوڵەت دەڕواننە لایە ناخۆشەکە.

رزگار: من سەربەستم لە نووسین، ئەوانیش سەربەستن لە خوێندنەوە.. با نەیخوێننەوە..

بایز: کوڕم خۆت گێل مەکە.. مەبەست لێرە جەماوەرە ئەوان حسێبی جەماوەر دەکەن.. جەماوەر چ دەخوێننەوە، بیر لە چ دەکاتەوە، بە قسەی کام نووسەر دادەمرکێت، بە قسەی کامەیان دادەگیرسێ.. خۆشت دەزانی داگیرسان و ڕاپەڕینی جەماوەر چ مانایەک دەدا ئەوان ئەم وێنە تۆقێنەرە لە نووسینەکانت دەبینن.

رزگار: من کە دەنووسم بەلامەوە گرینگ نییە کێ دەتۆقێ و کێ ناتۆقێ.. گرینگ ئەوەیە ڕاستی بنووسم..

بایز: کارەسات لێرەیە، ئەوان نووسییەکانی تۆ بە سێدارە لە قەڵەم دەدەن دژی مەرگی خۆیانن.

رزگار: سوپاس. کەواتە سەرئەنجام نیشانەم پێکا..

بایز: رۆڵەکەم دڵشاد مەبە. هێشتا هێزی قەڵەم لە ئاست هێزی پاشا پووشکەیەکە..

رزگار: شەڕێکی پیرۆزە، مێژووییە، گرەو هەر بۆ ئێمەیە..

بایز: ڕاستی سەر دەباتە ژێر پەت.. درۆش سەرت دەباتە سەر تەخت..

رزگار: گرینگ ئەوەیە ڕاستی بڵێم جا بۆ کێم دەبا با بمبا..

بایز: ئاخر خۆت بە فەتارەت دەدەی..

رزگار: لە لۆرکا و عەبدولخالق مەعرووف و مووسا عەنتەر زیاتر نیم.

بایز: هەق وایە دەرسێکت لەوانە وەرگرتبێ... ژیان خۆشە.

رزگار: حەللاج و دوکتۆر فوئاد و قاسملۆش حەزیان دەکرد پتر بژین..

بایز: (بە تووڕەیی) تۆ بۆ چاو لەوان دەکەی بۆ چاو لە نادر سالّح و ئەمسالّی نادر ناکەی؟ بۆ؟ چارەکی بەهرەی تۆیان نییە کەچی پاشایانە دەژین.

رزگار: نەفرەت لە نادر ساڵح و سەرجەم خۆفرۆش و قەڵەمفرۆشان..
بایز: ئەوان ئاقڵن دەزانن چۆن دەژین.
رزگار: نەخێر ئەوان گورگ و کەمتیارن دەزانن چۆن مرۆڤایەتی بخۆن..
بایز: (هێمن) گرینگ ئەوەیە چارەیەک بدۆزینەوە.
رزگار: چارەسەر لای من نییە.. تۆ ڕای من دەزانی..
بایز: کاک رزگار تا ئێستا چەند نووسراوت لەبارەی گەورەیی خوا و نهێنییەکانی گەردوون و ئادەمیزاد و نیشانە و هونەر و جیهان نووسیوە..
رزگار: بۆ ئەوەی بگەمە هەقیقەت هێشتا ڕێگەیەکی دوور و درێژم لە پێشە..
بایز: هەڵبەتە.. جا ئەگەر دەتەوێ بگەیتە مراز و هەقیقەت بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بگەیتە ئەنجام پێویستە زیرەک بیت.
رزگار: وا بزانم نەختێ زیرەکم.. مەبەستت چییە!
بایز: کتێبێک، نامیلکەیەک لەبارەی پاشا و..
رزگار: بایز ئەفەندی..
بایز: بۆ ئەوەی پاشکۆ.. لە چەقەڵ و گورگ و کەمتیاران بتپارێزێ..
رزگار: درۆ بکەم بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بگەمە هەقیقەت.
بایز: درۆی سپی لە پێناو سەرت..
رزگار: بایزە ئەفەندی. درۆ سپی نابێ، درۆ رەشە.. (لە داخان پێ دەکەنێ) درۆ بکەم بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بگەمە هەقیقەت.. وای لەم یاسایە سەیروسەمەرەیە.. مخابن بۆ مامۆستایەکی وەکو تۆ.
بایز: رزگار..
رزگار: مخابن.. بە داخەوە.. ترس بەری چاوی گرتووی.
بایز: کابرا شێت بووی.
رزگار: تکا دەکەم وازم لێ بێنە.. با لێرەدا بوەستین.. بڕۆ بایزە ئەفەندی.. نەبادا بەشێوەیەکی تر قسەت بەرامبەر بکەم. بڕۆ..(بایز ناچار دەڕوا) دەیانەوێ بە دەستی خۆم ئاواتی ئەم گەلە ژێردەستە بخەمە نێو گۆڕ. بە ڕشانەوەی درۆ مەشخەڵی گەشی راستی بکوژێنمەوە.. لە پێناو چی؟ لە پێناو ژیان.. تف لەو ژیانەی کە مرۆڤ دەکەنە کوندەپەپۆ، بووکەبارانە... تف.

دیمەنی حەڤدەم

(بازاڕ. کامۆ مژێ لە بوتڵەکە دەدات و بە هەوەس لەنێو خەڵکیدا هاتوچۆ دەکات، پاش قاقایەکی زۆر.)

کامۆ: هۆ خەڵکینە.. وەرن، وەرن گوێ بگرن، گوێ بگرن لە دوا وتارەکانی رزگار رۆستەمی.

یەکەم: دەی کامۆ بزانین مەسەلە چییە؟

دووەم: نوکتەیە، یا رووڕەشکردنی جەندرمەکانە..؟

سێیەم: گۆرانییە، خۆشەویستییە، یا لاواندنەوەی شەهیدانە؟.

چوارەم: لەبارەی ئەنفالەکانە.

کامۆ: هێواش با نەمانگرن..

یەکەم: لەبارەی کیمابارانە.

کامۆ: هێواش با نەمانکوژن.

دووەم: توخوا ئەگەر بیکەیتە مەتەڵ بڵێ مەسەلە چییە؟

کامۆ: ماتماتیک..

هەموو: ماتماتیک !؟

کامۆ: بەڵێ (بەیەکەم) تۆ لاکەوە دارلاستیک برایان رزگار رۆستەمی میدیایی دەڵێ، بە ئێمە دەڵێ بە خەڵکی برسی و بێ دەرەتان و لاواز و ئاوارە دەڵێ.. هۆ خەڵکینە هۆ نەکەن ببنە سفر.. سفر پێش ژمارەی دەسەڵاتداران.. (بە یەکەم) تێ گەیشتی؟

یەکەم: نەخێر.

کامۆ: دەمزانی دارلاستیک، ڕەنگت پێ ناچێ لە ماتماتیک بگەی.(بە دووەم) دەم خوار ئەی تۆ؟

دووەم: مات.. ماتا.. (بە شێوەیەک قسە دەکات) تەواو؟

کامۆ: تەواو.. چاک تێگەییوە! ئۆکەی..(پێدەکەنێ) بەس گوێ بگرن. لەم دنیایەدا ئادەمیزاد هەموو ژمارەن.. هەرکەسەو بە پێی پلەوپایە و دارایی خۆی.. بۆ نموونە پاشا ژمارە نۆیە.. وەزیر هەشتە.. جەنراڵ حەوتە.. ئیدی هەتا

دەگاتە ژمارە یەک کە ئەویش بە بەر فەڕاش دەکەوێ.

سێیەم: ئەی ژمارەی من؟

کامۆ: تۆ سفری. (پێکەنین. کامۆ دەخواتەوە) بەس ئێمە هەموو سفرین.. جا، گوێ بگرن.. جا دارلاستیک کڕوکپ. جا ئەگەر سفرە بێ قیمەتەکەی ئێمە دەچێتە بەردەم نۆیەکەی جەنابی پاشا و کڕنۆشی بۆ نەبا.. ئەو نۆیە قەت نابێتە نەوەد.. برایان ژمارەی پاشا بێ سفری ئێمە بێ بایەخە کەواتە پاشا بێ میللەت بێ بایەخە.. کامۆ.. (دەخواتەوە) کامۆ دەڵێ.. بێ بایەخە، بێ بایەخە، بێ بایەخە پاشای بێ میللەت بێ دۆشەگ و ڕایەخە.. ئەی ناپاکانە، ئەی مافیا، ئەی تابوور بەناو پێنجەم لە سەردەمی پاشایی ئێوە لێم دەترسان.. دەتانگۆت کامۆ بەهێزە چیای هەیە، بەڵام کە ئێستا پاشای من لە مەیدانە.. من تۆقیوم، چونکە ئێوە نەک رابواردنتان دزیوم.. بگرە هەق و پلە و پایەشتان دزیوم، مخابن بۆ ئەو کەسانە.. لە پێناو کرینی دەنگێ لە پێناو ناپاکیی رەنگێ.. چ دەنگێ بێ، ڕەنگێ بی، چ دەبەنگێ بێ.. لە بەرچاوی وڵاتپارێز.. لەسەر گۆڕی شەهیدانیش.. دەستی چەپەڵی مافیا دەخەنە دەستی پێشمەرگە.. (جەندرمە دێن) با بخەوین شەو درەنگە.. (هێمن لەگەڵ رۆیشتن) بێ بایەخە.. بێ بایەخە.. بێ بایەخە.. پاشای بێ میللەت بێ دۆشەگ و رایەخە (جەندرمەکان بە دووی رادەکەن) پخە.. پخە..

***

## دیمەنی هەژدە

(دائیرە. بایز خەریکی تۆمارێکە پەڕ پەڕ واژۆیان دەکات)

فەڕاش: (دێتە ژووری) مامۆستا، کاک ڕزگار هاتووە..

بایز: (بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ) با بێ..

رزگار: (فەڕاش دەڕوا رزگار دێت) مامە بەیانی باش.

بایز: گیان باش.

رزگار: هاتووم داوای لێبووردن دەکەم.. ئەو رۆژە..

بایز: شایەنی نییە..

رزگار: ئەو رۆژەش کە لەگەڵ ژنەکەی نادر ساڵحت بینیم.. دەمەوێ دڵنیات بکەم، لە منەوە هیچ مەبەستێک نەبوو.. جەنابی هاتووە هەڵم خەڵەتێنێ بۆ ئەوەی لەسەر خەت بمگرن و ئابڕووم ببەن..

بایز: (سەری هەڵدەبڕێ) ئافەرین رزگار لە تۆ دڵنیام، بۆیە بایەخم بە مەسەلەکە نەدا..

ڕزگار: سوپاست دەکەم مامە.. (دەیەوێ دەستی ماچ بکا)

بایز: (بە سۆزەوە رزگار لە باوەش دەکات) رۆڵە، من زۆر ئامۆژگاریم کردووی.. زۆر داکۆکیم لێ کردووی، بەڵام ئەو کافر باوکانە..

رزگار: دانووی من لە تەک دانووی ئەوانە ناکوڵێ.. بەڕاستی ئازارم دەدەن. ئەوانە کە گوایە منیان دەوێ، لەبەر خۆم و قەڵەمەکەم نییە.. بگرە دەیانەوێ بمکەنە پەردەیەک و لە پشتمڕا تیر و ڕمی ژەهراوییان لە هونەری رەسەن و رۆشنبیرە خۆڕاگرەکان بگرن. بۆیە مامە دەمەوێ ئیجازەی ساڵێکم بدەیتێ.. بۆ ئەوەی لە بەرچاوان بزر بم.. بۆ ئەو ماوەیەش دەگونجێ بارەکە بگۆڕێ.. با هەر بەلای کەمی کێشەکەم خاو بێتەوە.

بایز: (کاغەزێکی دەداتێ) ئەوە سەرەتای ژەهرەکەیە.

رزگار: (کاغەزەکە دەخوێنێتەوە) ئاسانە، بەو فەسڵکردنە شادمانم.. ئیدی تەواو مەیدانی شەڕەکە ئاشکرا کرا.. یا من.. یا ئەوان..

بایز: رۆڵە ئەوان.. ئەوان.. تۆ بۆ قەڵەمێک چۆن دەتوانی بەرەنگاری ئەم سوپایە لەبن نەهاتووەی ناپاک و نۆکەر و جەندرمانە بکەیت.

رزگار: دەتوانم مامە.. تەنیا سەر دانەنەوێنم..

بایز: ئاخر خۆ بە فەسڵکردن وازت لێ ناهێنن.

رزگار: دوور نییە بمگرن.. نەفیم بکەن.. بمکوژن..

بایز: ئەوانە هەموو دەزانی؟

رزگار: لەوە زیاتر مامە.. لەوەش زیاتر..

بایز: جا داکۆکی چییە؟

رزگار: نووسین..

بایز: (دادەمێنێ. گورج لە باوەشی دەگرێ) ڕۆڵە ئازاکەم.. ڕۆڵە لەخۆ بووردەکەم.
ڕزگار: لەوان پلان.. لە من نووسین.. تا دوا هەناسەم.

***

## دیمەنی نۆزدەم

(بازاڕ، کامۆ. بە تووڕەیی هاوار دەکات)

کامۆ: لەم وڵاتە.. لەم وڵاتەی بێ وڵاتە. ئەوەی ڕاستی بپەرستێ.. لە مەیدان بە تەنیایە.. خەڵکی لەو بێ ئاگایە.. لەم وڵاتە بۆ کەسی وا چی خەڵاتە؟ برسیکردن، بێدەنگکردن، یاخۆ مردن ،هۆ خەڵکینە!. گەلۆ وەرن ئەوانەی گەل و وڵات پەروەرن کێشە هەر بۆ ڕزگار نییە.. بۆ ئێوەشە.. ئەمڕۆ ڕزگار.. بەیانی تۆ.. یانە کە تۆ.. بۆ ئێوەشە.. گەلۆ وەرن تەماشاکەن قەڵەمفرۆش و نۆکەران چۆن یەک دەگرن؟ چۆن لە سەرجەم داوودەزگا و مەیخانەکان یەکتری دەگرن.. دە ئێوەش ئەی نەبەردەکان بە چەشنی وان جارێکی وان یەکتری بگرن دەنگ هەڵبڕن.. لەم شەڕەدا یەکتر بگرن.. دەنگ هەڵبڕن.. یەکتر بگرن.

***

## دیمەنی بیستەم

(ژووری ئازاردان و لێکۆڵینەوە. ڕووناکییەکی کز. چوار کابراکە دڕندانە لە ڕزگار دەدەن. وا چاکە تا ڕادەیەک کاراکتەرەکان نەناسرێن...)

کابرا ١: تا ئێستا چەند قەڵەمت بەکار هێناوە. سەت، هەزار.. گشتی لە زمان و چاوت دەچەقێنم.
کابرا ٢: تا ئێستا چەند کتێبت نووسیوە؟ گشتی ژەهراو دەکەم و دەرخواردتی دەدەم.
کابرا٣: تا ئێستا چەند چوێن و پلارو تیروتوانجت تێ گرتووین؟ گشتی دەکەمە کوتەک و لە شتی پێ هەنجن هەنجن دەکەم.

کابرا ٤: تا ئێستا چەند سروودت بۆ گەل و مرۆڤایەتی گوتووە؟ گشتی دەخەمە نێو خوێ و تیزاب برینەکانتی پێ سواق دەدەم.

کابرا ١: بەسە.(رووناکی گەش دەبێت. کاراکتەرەکان تەواو دەناسرێت. چوارکابراکە، رزگار لەسەر کورسیەکدا دادەنێن، خوێن سیمای رزگاری گۆڕیوە.) ها رزگار ئەفەندی! پیاو دەبی یانەکە هێشتا..

کابرا ٢: ئەوەتا راپۆرتەکان.. هەرچوار راپۆرت.. ئەگەرچی لە زۆربەی خاڵەکاندا ناکۆکی کوشندەیان لەنێودا هەیە، بەڵام لەبارەی تۆ، تەبان، رێککەوتوون.. بڕیاریان داوە.. سەگباب ئەو چوارە بڕیار بدەن تەواو جا بۆ خۆت بەکوشت دەدەی، تۆ؟.

کابرا ٣: وای ئەگەر دەزانی چیت لەسەر نووسراوە! ئەگەر دەزانی نەخشەیەکی دۆزەخییانەیان بۆ کێشاوی، چ پلانێکیان بۆ داناوی..؟

کابرا ٤: جا بۆ ئاشکرای ناکەن باکەر بایدی تێی بگا.. ئەگەر..

کابرا ١: تاوانی یەکەم.. بە کورتی.. زۆر بە کورتی.. ئێمە ئەندامانی لێژنە چوار قۆڵییەکەی دنیا و قیامەت لەو کاتەیدا دان بە زمانی کوردی نانێین، ئەو بە زمانی کوردی دەنووسێ..

کابرا ٢: لەو کاتەیدا ئێمە کورد بە هاونیشتمانی دانانێین، ئەو دژی پاشا و سوڵتان و سەرکردەکان دەنووسێ..؟

کابرا ٣: لەو کاتەیدا ئێمە کوردستان بە وڵات و یەک پارچەیی نازانین، ئەو پێوەندی دەکات بە ئەم و ئەو لەمدیو و ئەودیو؟

کابرا ٤: لەو کاتەیدا ئێمە کورد بە میللەت نازانین ئەو لەبارەی مێژووی کورد و کوردستان دەنووسێ؟

کابرا ١: ئەم چوار تاوانە چەندانی تر، لێرە و لەوێ بە زەقی بەرچاو دەکەون.

کابرا ٢: (زللەیەک لە رزگار دەدات) خوێڕی قسە بکە..

کابرا ٣: (تفێک لە رزگار دەکات) دەبەنگ دان بە تاوانەکانت بنێ.

کابرا ٤: (شاپێک لە رزگار دەدات) سەگباب ئەگەر تۆ جارێک کەللەرەقی، ئێمە، سەد هەزار ملیۆن.. دەستەکانی شکا یا نا؟ (دوو دەستی رزگار بەرز دەکاتەوە پاشان دەستی خۆی لادەبا، رزگار ناتوانێ دەستەکانی رابگرێت

شکاون) زۆر چاکە.. لەمەو لا بنووسە...

کابرا ٤: چاوەکانی ساغن یا کوێری بکەین..

کابرا ١: (دووەم دوور دەخاتەوە) پەشیمان بەوە باشترە.. بۆ خۆت و بۆ ئێمەش.. کوشتنی تۆ ئاو خواردنەوەیە لای ئێمە وەک یەکە.. ئێوە تا ئێستا لای ئێمە و لای ئەوروپا و ئەمەریکا هیچ نین.. بایەختان نییە.. لە پووشیش کەمترن.. جا ئاقڵ بە و پەشیمان بەوە.. دڵنیا بە لە سفریش کەمترن.. پەشیمان بەوە..

***

دیمەنی بیست و یەک

(کامۆ و برادەرەکانی بە خەمباری پاڵ کەوتوون.. رزگار بە دامرکاوی و دارزاوی دێت، کامۆ هەستی پێ دەکات)

کامۆ: (بە زەوقەوە هەڵدەستێ، بەڵام کە رزگار بەم شێوەیە دەبینێ، دەحەپەسێ، دادەمێنێ، دەروانێتە برادەرەکانی..)
مامۆستا رزگار.. کاک رزگار.. رزگار..(بە توندی) رزگار.. (رزگار بەملکەچی دەروا. کامۆ دەیوەستێنێ)
رزگار.. سوپاس بۆ خوا رزگار بووی.. ئێمە.. دڵسۆزەکانت رزگار.. قسە بکە.. خۆ خوانەخواستە.. رزگار تۆ و بێدەنگی و ملکەچییان نەگوتووە.

رزگار: (بە دارمان و بەدبینییەوە) کامۆ.. ئێوە.. لە ئازاری گیان نەگەیشتوون.. زەبری کوشندەیی.. شاپتان نەخواردووە.. ئێوە نازانن ئەو کافربابانە چ شێوازێک بەکار دێنن دژ بە سەرفرازی و شکۆمەندیی مرۆڤ.. ئەوانە درندەن.. دەبێ چەکیان بە گژ نێین.. هەمان چەک.. نەک.. نەک..

کامۆ: واتە بەزەییت!؟ دەنگی خۆت کپ کرد، زمانی خۆت بری.. ئێمەت شەرمەزار کرد.. بەزەییت..

رزگار: درندەن.. دەبێ هێزی جەماوەر.. جەماوەرێکی چەکداریان بەگژ وەنێین، نەک تەنیا هونەر.. نەک من.. (ئیدی بە هەمان شێوەی پێشوو بزر دەبێت.)

کامۆ: ئەوانە درندەن.. دەزانن..

ئەوانە دوژمنن.. دەزانین..
بەڵام خۆمان، چ دەکەین چەکمان چییە؟
هیچ نازانین، هیچ نازانین..

***

دیمەنی بیست و دوو

(ماڵی رزگار.. بەهار و بایز و هیوا بە خەبەرن دانیشتوون)
(رزگاریش، بە تەنیا لە سووچێک دانیشتووە.)

بەهار: باوکە هەر چاک بوو هاتی..

بایز: مەسەلە چییە؟

بەهار: تەماشاکە.. لەوەتەی هاتووەتەوە.. بەو جۆرەیە..

بایز: وازی لێ بێنە جەرگم.. من لە بارودۆخی ئەو تێ دەگەم..

بەهار: ئاخر باوکە ئۆقرەی نەما.. ماڵەکەی لێ کردوومە دۆزەخ.. (هەڵدەستێ) رزگار..

رزگار: (بەراچەنین) بەڵێ.. بەڵێ..

بەهار: (بە تەوژمێکی میهرەبانییەوە بۆی دەچێ) گیانەکەم.. بە قوربان.. حەز دەکەم لە مەسەلەکە بگەم..

رزگار: "بێدەنگی هەڵدەسێ بەهار لە باوەشی دەکات) بەهار.. من ئێستا لە هەموو کاتێ زیاتر.. پێویستم بە تۆیە... من ئێستا، لە هەموو کاتێ پتر هەست بە تەنیایی دەکەم.. من لە هۆشم دابڕاوم، لە گیانم ترازاوم..

بەهار: رزگار گیان.. مێردە خۆشەویستەکەم.. من لەگەڵ تۆم.. بەڵام، بەڵام پێویستە بزانم، لە ئازارەکانت بگەم.. من ژنی تۆم.. دەبێ بەشداری خەمەکانم بکەیت.. بۆ ئەوەی.. بۆ ئەوەی...

رزگار: بەهار گیان، من، من رزگارەکەی جاران نەماوم.. من ئێستا کابرایەکی دۆڕاو و رووخاو و داتەپیوم..

بەهار: رزگار بەسە.. ئۆقرەم نەما..(بایز و هیوا بەرەو بەهار رادەکەن).. (رزگار دەستی بۆ دەبات، کەچی بەهار توند دوور دەکەوێتەوە).

رزگار: بەهار گیان.. من، سەرفرازیی خۆم دۆڕاند..

بەهار: لەبەر چی، لە پێناوی چی؟

رزگار: لە نووسینەکانم پەشیمان بوومەوە...

بەهار: ئاخر بۆ..؟ لەبەر چی؟

رزگار: لەبەر گیانم.. لەژێر زەبری..

بەهار: (هەڵدەستێ) لەو هەموو فەلسەفەیە و داهێنانە پەشیمان بوویتەوە؟ ئەم گەنجینەیە..

رزگار: گیانی مرۆڤ لە هەموو گەنجینەکانی دنیا بە نرختره، مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە..

بەهار: هەڵبەتە.. بۆیە دەبێ گەورەترین دەسحەقی بدرێتێ..

رزگار: هەموو گەنجینەی دنیا دڵۆپێک خوێنی پێ ناکڕێ...

بەهار: کەواتە پاشگەز بوویتەوە، کڕنوشت برد..

رزگار: بەهارـ چارەم نەبوو.. دەنا دەیانکوشتم.

بەهار: بەڵام تۆ، گیانی تۆ، مێشکی تۆ، بوونی تۆ، موڵکی خۆت نیت.. تۆ موڵکی میللەتی..

رزگار: وا نییە بەهار وا نییە، ئەوە هەر بە قسەیانە و هەر بە نێو وا دەڵێن، کوا جەماوەر، هەوادارانمانم کوان..

بەهار: کوژرانی ئەم رزگارە هەزاران رزگاری تری دەخوڵقاند.. کپکردنی دەنگی رزگارێک هەزاران دەنگی تووڕەیی و ئازاری تری بەرز دەکردەوە.

رزگار: ئەو کاتەی من لەژێر پێلەقە و تف و جوێنی ئەم دڕندانەدا بووم.. کێ لە منی دەپرسی، لە تۆی دەپرسی؟

بەهار: مخابن.. هەزار حەیف و مخابن..

رزگار: ئیدی تەواو.. من بەزەییم.. هەر ئەوەندە پێ کرا.. با خەڵکی تر شتێ بکەن..

بەهار: جارەکەی لێت زویر بووم.. ماڵم جێ هێشت، لە ماڵی باوکم شەوان بیرم دەکردەوە.. دەگریام.. دەسووتام لە دڵی خۆم دەمگوت.. تۆیەکی بە ناو ژیر... چۆن ئەوەندە دڵڕەق دەبی، چۆن ئەوەندە کەمتەرخەم دەبی.. ئاخر رۆشنبیرێکی خۆڕاگری وەک رزگار دەبێ نازی بگیرێ.. هەموو شەوێ

دەگریام.. دەموت بەهار تۆ بۆ ئەوەندە دڵڕەقی، چۆن دڵت دێ، رۆشنبیر و هەست ناسک و بیرتیژێکی وەک رزگار رۆستەمی میدیایی بە تەنیا جێ بهێڵی.. دەگریام و چاوەڕوانی هەلێکم دەکرد بۆ ئەوەی بێمەوە، ئاشت بینەوە.. بێمەوە ماڵ و لەبەر قاچت دانیشم و داوای لێبووردنت لێ بکەم، بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوت من لەسەر هەق بووم..! تووڕەبوون و هەڵچوون و زویربوونیشم لە خۆڕایی نەبوون، چونکە تۆ بەم رەفتارەت بەڵگەت دایە دەست کە نەک ڕۆشنبیرێکی ڕەسەنی خۆڕاگر نیت، بگرە وەک پیاوێکیش جێگەی گومانی.. شایەنی ئەوە نی، داوێنپیسێکی ژنانەیت.

رزگار: بەسە بەهار بەسە..

بەهار: بێگومان بەسە..(دەڕوا بایزیش بە دوایەوە)

بەهار: مەڕۆ.. من تەنیا پێویستم بە تۆیە بەهار.. بەهار.. بەهار.. (رزگار بە چۆک دادێ"

هیوا: (بە هێمنی.. دێ، سەری رزگار ماچ دەکات.) مامە رزگار باوکم.. پێش ئەوەی لەسێدارە بدرێ، گەڕایەوە ماڵ.. وەک تۆ.. ئاوا.. لەگەڵ دایکم بەشەڕ هاتن.. بەڵام باوکم تووڕە بوو.. زۆر تووڕە بوو لە داخا کورسییەکەی لە سەری دایکم دا.. دایکم مرد.. ئینجا جەندرمەکان هاتن.. ئینجا باوکمیان برد.. پاشان بە تاوانی کوشتنی دایکم.. باوکمیان لەسێدارە دا.. مامە رزگار.. زۆر باش بوو تووڕە نەبوویت. بەهار خانت نەکوشت.. بەهارخان ژنێکی چاکە، وەک دایکم ئەویش منی خۆش دەوێ.. جا مادامەکی.. تووڕە نەبووی خەمیش مەخۆ..

رزگار: (هەڵدەستێ، هیوا لە باوەش دەگرێ ماچی دەکا) هیوا گیان.. منیش تۆم خۆش دەوێ.. ئێمە هەردووکمان خۆشمان دەوێی.. تۆ ئێستا کوڕی ئێمەی.

هیوا: ئەگەر وایە.. ئەگەر من کوڕی ئێوەم.. ئەگەر منت خۆش دەوێ.. من.. حەز دەکەم.. پێکەوەتان ببینم.. بە دڵشادی بژین.. نەک وەک دایکم و باوکم هەر لە شەڕ و هاتوهاوار..

رزگار: باشە جەرگی خۆم.. بەیانی.. ئێستا شەوە درەنگە.. بڕۆ بخەوە.. خۆ

بەرگەی ئەو هەموو کارەساتانە ناگری..

هیوا: ئەی تۆ..!؟ تۆش دەخەوی؟

رزگار: هەڵبەتە دەخەوم.. شەو درەنگە..

هیوا: باشە مامە.. باشە مامە رزگار.. شەو باش..(دەڕوا)

رزگار: رووناکی کز دەبێ، رزگار بە لەش قورسی پاڵ دەداتەوە، رووناکی و مۆسیقایەکی (خەوناوی، دەنگی قاقایەک دێ، رزگار ڕادەچەنێ) تۆ کێیت؟

دەنگ: کابرایەک لە شێوەی رزگار، بەڵام ڕەشپۆشە.. (من تۆم خودی تۆم، لایەکەی تری تۆ، لایە هۆشمەندەکە ئەو لای بەرژەوەندیی تۆی دەوێ.. ئەو لایەی حەز دەکات بە کامەرانی بژی.. خاوەنی چەندەها ژن و کۆشک و ئۆتۆمۆبێل و پلە و پایەی ملیۆنەها دۆلار بیت.)

رزگار: کابرا تۆ کێیت، قسە بکە.؟

دەنگ من تۆم، خودی تۆم.. ئەو لایەی حەز دەکات لە هەزارانی وەک نادر ساڵح رەت کەیت.. من دەمەوێ بتکەمە ئەستێرەی گەشی رۆژنامە و کۆوار و تەلەفزیۆنەکانی جیهان. من لاکەی تری تۆم.. لایەکەی ئەشقی خواردن و رابواردن و دەسەڵات.. (ئەم وشەیە دووبارە دەبێتەوە، رزگار بۆ خاوەن دەنگەکە دەچێت ئەم بزر دەبێ.. رزگار بە سەرسرماوی دەگەڕێتەوە، بە هێمنی.. دەخەوێ.. دەنگی پێی چوار کابراکە.. هەریەکەو لەلایەکی شانۆوە دێت لەسەر مۆسیقای ئاوازێکی گونجاو چوار کابراکە سەمایەکی شەیتانی دەکەن، وا چاکە هەریەکەو ماسکێکی لەسەر نابێ، ماسکی درندە بێ یا کەللە سەری هەڵقرچاوی مرۆڤ، رزگار وەک ئەوەی جادووی لێ کرابێ هەڵدەستێ لە نێوانیان سەما دەکات، ئەمانیش هانی دەدەن)

کابراکان: هەستە رزگار سەما بکە.. دەی خێراکە دەی خێراتر سەما بکە.. سەما بکە، سەما بکە..

(رزگار ماندوو دەبێ. دەکەوێ. دەکەوێ، هەڵدەستێ، خەنجەرێکی لە دەستە، یەکە یەکە هەر چواریان دەکوژێ)

رزگار: (بەخۆ دێتەوە، رووناکی گەش دەکرێ) نا.. نا..(دەزانێ خەونە دەگەشێتەوە) خوایە زۆر سوپاس.. خۆ ئەمە خەون بوو.. ئەی خوای گەورە و میهرەبان

بمبووره.. پەشیمانم من نامەوێ کەس بکوژم، لە خەونیشدا.. نامەوێ هەتا ئەم دڕاندانەش بکوژم.. لە خەونیشدا نامەوێ دەستم سوور بێ..(گورج دەوەستێ) هۆ خەڵکینە هۆ (لە هەرچوار لای شانۆ دەگەڕێ، پاشان روو لە بینەران دەکا، دەچێتە ناویان.) هۆ گەلی برادەران هۆ.. هۆ کامۆ هۆ.. بەهار.. هیوا هۆ گەلی ئاشقانی بیر و هەستی مرۆڤایەتی.. من پاشگەز نابمەوە.. من لە پەشیمانی پەشیمان بوومەوە.. من دڵسۆزەکەی جارانی ئێوەم.. من رزگاری رۆستەمی میدیاییم.. من هەرگیزاو هەرگیز ئاوات و داهاتووی ئێوە بە نرخترین دەستکەوتی ژیان ناگۆڕمەوە.. دەی پێ بکەنن، سەر هەڵبڕن.. دەنگتان بخەنە پاڵ دەنگم.. با بە یەک دەنگ هاوار بکەین.. بە یەک بازوو رەفتار بکەین.. بۆ یەک ئامانج خەبات بکەین..

ئەمشەو شەوی بەراتە.. شەوی خۆشی و خێراتە.. وا منداڵان دەگەڕێن.. بەو هیوایە دەگەڕێن.. ئازاد بێ ئەم وڵاتە.

***

دیمەنی بیست و سێ

(هەمان شوێن و هەمان کاراکتەری دیمەنی یەکەم، هەمان دەنگ بزووتنەوە)

ئەفسەر: کابرا. بەر لەوەی بتنێرینە لای دۆستەکانت ئەگەر شەکرێکت هەیە بیشکێنە، چونکە ئێمە دیموکراسین.. رێ لە رای سەربەست و قسەی نەیاران ناگرین..(دەچێ جۆرکەکەی لەسەری تاوانبار لا دەبات، تاوانبار رزگارە وا دیارە هەردوو چاوی کوێر کراوە)

کابرا: (بەچرپە) بە ئەفسەرەکە دەڵێ) کێ چاوی کوێر کردووە؟

ئەفسەر: (بەچرپە) گەورەم.. پاشا.. بە دەستی خۆی..

بەهار: خەڵکینە ئەمە رزگارە...

کامۆ: رزگاری رۆستەمی میدیایی لەسێدارە دەدرێ..

هیوا: مامە.. مامە رزگار..(دەبێتە ئاژاوە و هەڵلا، جەندرمەکان چەک بەرامبەر بینەران سوار دەکەن)

رزگـار: (بێـدەنگی).. تکایە.. بۆ دواجـار گـوێم بۆ ڕاگـرن.. ئەگـەر.. لەبەر من، فەرتەنـەیەک بەرپا بکەن، بە بیانووی ئەوەی کە گوایە تۆڵەم دەکەنەوە، ئەوە من ناڕازیم.. دەترسم هەوڵەکەتان بە ئەنجام نەگات ئەم خـوێنە گەشـەی ئێوەی خۆشـەویست بە فیـڕۆ بڕوا، چونکە خوشکان.. برایان.. ئەو سوپا گەورانەی ئەوانە.. ئەو هەمـوو چەک و جبەخـانەی ئەوانە.. ئەم هەموو توانا و دەســـەڵاتەی ئەوانە بە گــوتاری دڵســـۆزانـەی ڕۆشنبـیـــران بـەرپەرچ نادرێتەوە. ئێوە، خۆشەویستان.. دەبێ بەر لە هەموو شتێک یەکگرتوو بن.. بە هەمـوو چین و توێژەکـانتـانەوە.. بە هەمـوو لایەن و گرووپەکانتـانەوە.. یەکـتـر بگرن.. ئەوانە یەکگرتوون، گـەورە دەبـێ ئێـمــەش یەکگرتوو بین، یەگکرتوو بین، بەهێـز بین، گەورە بین بەقـەد مەرگەسـاتەکەمـان گەورە بین.. دەنا ڕەنج بە خـەسـار دەبـین.. دووبارە مـێـژووە تاڵ و ناوازەکـەمـان خـۆی دووبارە دەکاتەوە.. دڵسۆزانە، با لە پێناو دڵۆپە خوێنێ دەریایەک خوێنمان لێ نەڕژێ.. (مشتومڕ) تکایە بێدەنگی.. کاتێ هەردوو دەستیـان شکاندم وایان زانی ئیدی تەواو، کەس نابێ قەڵەمەکـەم هەڵگرێتـەوە و هەقیـقـەت بنووسێ، ئەوانە بڕوایان بە نەمریی مێشکی میللەت نییـە.. کاتێ هەردوو چاویان کوێر کردم وایان زانی ئیدی تەواو چاو نابێ وەک چاوی من کارە چەوت و ناڕەواکانیـان ببینێ.. ئەوان بڕوایان بە چاوتیـژیی میللەت نییـە.. نازانن ئـەم هەمـوو دەسـتـە پۆڵاینەی ئێـوە دەبنە دەسـتی من.. نـازانن ئەم هەمـوو چاوە گـەشـەی ئێوە دەبنـە چاوی من... ئەمـانە گـەوج و دەبەنگن... نازانن بە لەســێــدارەدانی من گـرفــتـەکــان نەک کـۆتـایی نـایەتن بگرە داگیرسـاوتر، بە گوڕتر دەبێ، (مشـتومڕ دەبێتـە ئاژاوە) تکایە بێدەنگی.. یەکـتـر بگرن..(ئیـدی دەنگی رزگـار لەنێـو هـاتوهاواری جـەمــاوەردا بزر دەبێ.. چوار کـابراکان و جـەندرمـەکان دەشـڵـەژێن... کـامۆ بـە ئاڵایەکی سپییـەوە دێتـە سەر شـانۆ، بەهاریش بە چەپڵـە زەیتوونێک.. بە فـەرمـانی ئەفسـەر جـەندرمـەکان ڕوو لە رزگار دەکەن و دەیدەنە بەر ڕێژنەی گولله.. رزگـار سـەری لە نێـو پەتەکـە شـۆڕ دەبێـتـەوە.. ئیـدی جـەمـاوەر بە دار و خـاکەنـاس خـەنجـەر و تفـەنگ و... هـتـد هێرش دەبەن و بە دەنگی گولله و شـەقەی دار هـاوار و ناڵە سـەر شانۆ هەراسـان دەکەن..)

دەنگ: بەرەو کۆشک.. بەرەو مۆڵگاکانی خوێنمژان.

دەنگی رزگار: (بە ئێوە) ئێوە، خۆشەویستانم دەبێ بەر لە هەموو شتێک یەکگرتوو بن بە هەموو چین و توێژەکانتانەوە بە هەموو گرووپەکانتانەوە.. دەبێ بە قەد مەرگەساتەکە گەورە بن.. گەورە بن..(شانۆ و رووناکی هێمن دەبن)

(کامۆ و هیوا و بەهار لە سێدارەکەوە بە شکۆمەندی وەستاون. چوار کابراکەو جەندرمەکان لێرەو لەوێ لەبن پێیان کەوتوون.. جەماوەریش بە شێوەیەکی دراماتیکییانە و تابلۆ ئاسا وەستاون..).

(سروودێکی گونجاو، یانەکە مۆسیقایەکی شۆڕشگێڕانە" تێکەڵ بە دیالۆگەکەی دواینی رزگار دەبێ، رووناکی شانۆ و هۆڵ دادەگیرسێ.. بەڵام مۆسیقاکە هەتا بکرێت بەردەوام دەبێت)

## کۆتایی

١٩٩٥/٨/٣١

پێڕست


قەڵای دمدم ..... 5
شاری ئەوین ..... 65
حەمەدۆک ..... 103
سێدارە ..... 181